

# شی

گۆڤاری ئەدەبی،هونەری
سالی دووهەم
ژمارەی ٥
گولانی ۲۷۱۸
۱۲۰۰۰ تمەن


صاحب امتیاز و مدیر مسئول
شب بو محمدیانی
سردبیر
فریا یونسی

هیئت تحریریه
ریبوار کریمی: فایل ویژه وریا مظهر
عبدالقادر نیازی: شعر
بابک صحرانورد: ادبیات فارسی
ارسلان چلبی: ادبیات غربی
ماریه پاکنهاد: ترجمه


با آثاری از

آلن گینزبرگ
هارولد پینتر، جان دوست
محمد رمضانی، بروژ آکرهای، دلاور قرەداغی
آسو جبار، سامال احمدی، بیان کریمی
طیب جبار، پرویز ذبیح غلامی، ایاز سیاوشان
د. پیمان وهاب زاده، علی نگهبان، حسین
مارتین فاضلی (نانام)، بابک سلیمی زاده
عادل قادری، صلاح الدین خضرنژاد
سوران محمدی، هرمان وتمانی، جلال
پورحسن، کاوان نهایی، گلاله درودیان
مانا آقایی، پگاه احمدی، رضا آمن
آرام فتحی، ریبین خدر، سلیمان صوفی
صالحی، محمد آشور، مظاهر شهامت
زینب صابر، بهار قهرمانی، آکام کوثری
شرمین صالحی، امجد غلامی، وید اقادری
سرو مجیدی، ویدا رهبر، سمیه کاظمی
حسن وند، ناصر فتحی، هیوا بیرامی، عباس
فنایی، بیژن رحمانی، محسن سبحانی
جیگر بختیار


دیزاین: فریا یونسی


## به پاس آن همه حمایت قاطع

**حرف‌اول**: چه دیر توانستیم برگردیم. چه دیر آن همه دست و دیده عاشق را دریافتیم و توانستیم حلاوت آن همه اُنسی را که با مجله‌ای به کم سن‌وسالی "شی"، به وجود آمده بود، دوباره بازگردانیم و مبنای ساده این زندگی مغلوب هنری را، در چارچوب سرزمینی دردگرفته از این خاورمیانه‌ی مفلوک، دوباره بازیابی کنیم و به آن همه سردی و شقاوتی که هر روز با هویت‌مان، می‌شود، تازیانه زده و به همراهی‌شان بر گرده‌های زخمگین‌مان، "نه" بگوییم. بیش از ۷ ماه از چاپ آخرین شماره "شی" گذشته و در این مدت همیشه در حیرت بوده‌ام که این چند ورق کاغذ و این تعداد کلمه بی‌خانمان، چه کار کرده‌اند که هر روز به تعداد دوستداران‌اش افزوده و حلقه وسیع‌تری از نویسندگان و منتقدان ادبی-هنری را به دور خود شکل داده‌است؟ آیا همان "شدن"-ی که از سطور اولیه "شی"، وعده‌اش به جویندگان حقیقت راستین ادبیات و هنر، داده شد، روی داده بود؟ کجای این تاریخ دردگرفته را بیدار کرده‌ایم که هر روز بیش از پیش، نخبگان زاویه‌گزین این دیار با حضورشان به زیر این چتر ملون ملول، حمایت قاطعشان را از مجله نه، که از حکمت هوشیار خِرَد و انگیزه بسیار کلمه اعلام می‌کنند؟ قاطعیتی که بایست اعتراف کرد اگر پدیدار َنشده بود و پیرامونمان نمی‌ماند، هرگز به شمارگان بالا نخواهیم رسید و اکنون که اینگونه حضور این حمایت قاطع، متعهدمان می‌کند به بودن در کنار دوستداران ادبیات و هنر، مسئولیت‌مان دوچندان شده و باید بیش‌ازپیش هوشیار باشیم که بی‌گدار به آب نزنیم و پی‌ریزی ادبیات آوانگاردی را -که ادعایش را کرده‌ایم- بیش از این به تأخیر و تعلیق نیاندازیم. و این میسّر نیست مگر با حمایت‌های مادی و معنوی یکایک کسانی که دلسوختگان فرهنگ این سرزمین هستند و با هر گامی که برمی‌دارند، سعی در جهت‌یابی درست و ریشه‌درا در طول مسیر حرکت‌شان دارند. به راستی که باید در این برهه زمانی، از همه شما دوستداران فرهنگ، هنر و ادبیات تقاضای کمک کرد، اگرچه این تقاضا بار مسئولیت‌مان را سنگین‌تر از بیش می‌کند، اما شانه‌هایمان آماده پذیرش این سنگینی تحمل‌پذیر هستند و در این زمان، هیچ چیزی جز این نمی‌تواند خوشحالمان کند. بدون شک ادامه "شی: ممکن نیست مگر با ادامه این حمایات قاطع از شما و این مسئولیت‌پذیری از ما؛ پس آنچه تنها تقاضای ما در جهت دریافت حمایت‌هاي مادی و معنوی شماست، همین است: با ما بمانید و ماندنتان را پشتوانه عمر "شی" کنید.


صفحه ۲ تا ۳۷

وتەی سەرنووسەر: مانیفێستی ووست: (ل۲)

بەرەو خوار -تەوسێک بە پێنووسی شێخ‌شیکار: (ل٦)
شیکەرانی کەلیمە (ل۹): سەرهەلدانی پرسیار لە شاری هەنار و دلی سێودا (ل۱۰)، شێعرناسی (ل۱۲)، رەسالەتی تەنز لە شێعری مەلا مارف کۆکەییدا (ل۲۲)، سێحر گێرانەوە (ل۲٤)، فۆتۆریسم و مایاکۆفسکی (ل۲٦)، شێعری شار (ل۳٤)

صفحه ۳۸ تا ۸۵

شێعر: (ل۳۸ تا ٦٦)
سەرهەلدانی غەزەلی مودێرن لە کوردستان: (ل۵۸)
چیرۆک: (ل٦۷ تا ۸٤)
پیربالی ئەدەب -فایلی کارگەی چیرۆکی بێسنوور، بۆ فەرهاد پیربال- (ل:۸۲)

صفحه ۸۷ تا ۹٦

هەڤپەیڤین:
ئەمەنێک خزمەتی پەنامەکی بە گێرانەوەی کوردی
وتوویژی سامال ئەحمەدی لە گەل ئوستاد محەمەد رەمەزانی
نووسەر و وەرگێری بلیمەتی کورد (ل۸۷)

نووسەری ژانەکانی کۆبانی، دۆستی دیرۆکی مەهاباد
وتوویژی د. بەیار کەریمی لە گەل ژار دۆست
رۆمان‌نووسی بلیمەتی خەلکی رۆژئاوا (ل:۹۱)

صفحه ۹۷ تا ۱۳٦

هاوار مەکە، کەس لەم ئاوێنەدا نییە
دۆسیەی تایبەتی گۆڤاری شی
لە سەر نووسەر و شاعیری ناسراو
و. م. ئایرۆ (وریا مەزهەر)




## لەدرێژەی پێکهێنانی ئاکادیمیای موازی دا:

### (١)

جاری وایە پێم خۆشە -پڕبەدڵ- ڕوو بکەمە ئەو هونەرمەندانەی کە یەگجار خۆیان لێ بووەتە ئاسمان و چی کەسایەتی لە دەور و بەریانە و تەنانەت تاقبەتاقی کۆمەڵگاش، بە گا دەزانن و پێیان وایە ئەگەر لە سەر هەر شتێکی ئەم دنیایە ڕوانگەیەکی ئەوانی پیوە نەبێت و بە فەرمایشتەکانیان، خەڵکی بێهزر و خامۆش، ڕوون نەکەنەوە؛ شوێنێکی ئەم جیهانە شتێکی کەمە و نابێ لەوە زیاتر و بەو چەشنە سەقەتەی کە وا ئیستا هەیە و هەمووومان دەیبینین، چیتر درێژە بدەین؛ بنەڕێنم: **وسط!**

وا دیارە کاکم شاعیرە و سوور دەزانێ لە دنیای مەنتقخوازی ئیمڕۆ و -تەنانەت دوێکەش-دا، تەکلیفی شاعیران دیار و ئاشکرا بووە و کەس حسێبی بۆ هیچ قسەیەکیان نەکردووەتەوە؛ لە نێو کوردا نەبێت! لای ئێمە، ئەو بابەتە پێچەوانەیە و لێرە، شاعیران تەنیا شتێک تێیدا زانستیان نییە و لێی بەرپرس نین، شێعرە و جگە لە شێعر لە هەموو باسوخواستێکی ئەم دنیا، وەکوو سیاسەت، وەرزش، دەروونناسی، کۆمەڵناسی و... بەرپرس و سەرپرسن. هەڵبەت لێرەدا بە پیویستی دەزانم بۆ ئەوەی هیچ دردۆنگییەک لە تێگەیشن‌دا بۆ کەس، ساز نەبێ، ئەم خاڵە ڕاست بکەمەوە کە لە دنیای زانستخوازی ئیمڕۆدا، ئەدەبیاتیش وەکوو هەموو دەسکەوتێکی دێرین و بەهەندی مرۆڤ، گەورەترین و گرانترین هەنگاوەکانی خۆی هەڵگرتووە کە بڕوا بەرەو بە زانستیبوون و ئاستێکی وەها ستاتیکخوازانە بگرێتە بەر کە چیدی خۆی تێکەڵ بە دووپاتبوونەوەی سامناک و تاقەتبەزێن نەکات. بۆ ئەم مەبەستەش چەن خاڵی جددی لە زانکۆ گەورەکانی دنیادا، ڕەچاو کراوە کە بێگومان هەموو هەوڵییان، گەیشتن و گەیاندنە بە زانستێکی ئەوتۆ لە نێو شاعیران و چیرۆک-ڕۆماننووسانی لاودا. لە سەر ئەم خاڵە گرینگەش، هەموو جۆرە ڕەوتێک لە بوارەکانی کۆمەڵناسی، دەروونناسی، سیاسی و تەنانەت بیۆلۆژیش‌دا، فەراهەم کراوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبەوە، خەریکی پاڵنانی بەگوڕتری شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانن بەرەو بە دەستهێنانی زانستە بەهەندەکان لە ڕێگەی میدیا و سیمینار و کارگە فێرکارییەکانەوە. بۆیە لە چکام لە دەقەکانی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانییان‌دا، باسێکی نازانستییانە نابینین و لە ڕاستیدا نووسەر، یان هەر هونەرمەندێکی ئەوان لە هیچ شوێنێک‌دا قسەیەک ناکات کە دوایی بە جۆرێک نالەبار لە سەری بکەوێت و ببێتە مۆرێکی ناحەز بە نێوچەوانی مێژووی چالاکییە هونەرییەکانییەوە. وتوویژەکانیان تەژییە لە باسی زانستی لە سەر فەلسەفەی جوانیناسی لە هونەر و ئەدەبیات‌دا و وتارەکانییان لێوانلێوە لە هەموو ئەو زانستە مەعریفییانەی کە مرۆڤ دەبەن بەرەو کرانەوە بە ڕووی دنیای ڕووناکی مرۆڤانەی خۆی‌دا و لە یەکەم خوێندنەوەیان‌دا، بە ئاشکرا فێری تەکنیکە بەهەندەکانی هێرمنۆتیک دەبین کە لای ئەوان وەکوو بنەمای هونەر و داهێنان، پێناسە کراوە و هەرگیز بە نێوی ماناخوازی و ڕەچاوکردنی پەیامێک بۆ دەق یان کارێکی هونەری، بەرهەم ناکووژن. کەم نووسەر یان هونەرمەندییان هەیە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دێڕێکی بێ ئاماژە و ئامانجی نووسیبێت و تەنیا بە مەبەستی خۆنواندن -خۆبەزلنواندن- باسێک بکاتەوە کە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی لە سەری نەبێت و جگە لەوەش بەو باسە یارمەتی بە پێکهێنانێک، بە داهێنانێکی دیکە لە دوای دەق یان هەر کارێکی دیکەی هونەریی خۆی، بە دەست بەرەی دوای خۆیەوە، نەدابێت. ئەوان هەستیارانەتر لەوە لە گەڵ مانا، مامەڵە دەکەن کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە.

ڕەنگە ئیستا زۆرێک لەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە کەوتوونە بەر پلاری ئەم دەقە -یان بەم زووانە دەکەون- دەیان پاساویان پێ بێ بۆ دەرچوون لە ژێر باری ئەم باسە و حەتمەنە یەکیان ئەوەیە کە ئەوان پێشینەیان هەیە و ئەوان زمانەکەیان -زمانەکانییان- زمانی دەسەڵاتە و خەریکن سیاسەت و دیپلۆماسی و زانست و سەنعەت و شتی وای پێوە دەکەن و ئەوان هەزاران زانکۆ و کۆمەڵگەی زانستییان لە سەر هەر باس و خواستێک کردووەتەوە و ئەوان هتد... ئەم پاساوانە لە سەر زۆرێک لە دەنگەکانی جددی ڕەخنەگران و شیکاران گران دەکەوێت و پێدەچێ بە ورد بوونەوە لە هەر یەک لەو پاساوانە، وردە وردە پێمل بین بە خواستەکانییان کە بێدەنگ کردنی بێبەزەییانەی ئێمە وەکوو چینی داهێنەر و پێکهاتەخوازە. بەڵام لە ڕاستی‌دا مەبەستی ئەم دەقە هەر لە سەرەتاوە زۆر بە حاسانی خۆی بە دەستەوە دەدات و دەتوانین بە شێنەیی، ڕووی هەڵماڵدراوی یەکە بە یەکەی ئەو وشانە ببینین کە لەم دەقەدا لە پاڵ یەک، لەنگەریان گرتووە و وشیارانە لە دووی دۆزینەوەی خاڵێکن بۆ چارەسەری ئەم کێشە ڕیشەدارەی نێو کۆمەڵگەی نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئێمە.

جێگەی دەمەقاڵە و مقۆمقۆی چکام لە ئێمە نییە لە سەر کردنەوەی ئەم باسە و هەرگیزیش نامانەوێ بەو ڕەوشتە بگەین کە لە زۆرێک لە دەستەوشەکانی دیکەی ژیانی ڕۆژانەمان‌دا، دابینمان کردووە. واتە چۆن لە سیاسەت و شارستانێتی و خەباتمان‌دا، جگە لە بەرەنگار بوونەوە و شەڕەنگێزی

و دواجاریش کوشتوبڕی یەکترین، هیچ ڕێگەیەکی دیکە لە بەر دەم خۆمان‌دا نابینین، لە کلتوور و ڕۆشنبیریش‌دا، هەمان ڕەوشت و شێوەمان گرتبێتە بەر. بۆیە لێرەش —لەم ڕەوتە ناسکەی ڕۆشنبیریش-دا هەمان ئەنجامی ناحەز چاوەڕێمان دەکات. بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەش کە چیتر لە ئاست ئەو جۆرە نووسەر و هونەرمەندانەدا کە لە سەر هەر باسێک -بێ ئەوەی زانستێکیان لە سەری هەبێت- قسەیەکیان بۆ وتن پێیە؛ بێدەنگ، یا نە، بێڕەنگ بین. کا نووسەر، کا هونەرمەند، یان کا ڕۆشنبیری ئێمە، وەها بە لایکێکی ناچیزەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەسخەڕۆ بووە کە پێی وایە ئەو هەموو لایک و کامێنتەی لە سەر فەرمایشتێکی نابەرپرسانەی ئەو، قەتارەیان کردووە و جێی دەرزی هەڵخستن نییە لە قوتیلە مەجازییەکەی‌دا، دەلیلێکی گونجاوە بۆ پێمل‌بوونی گشتیی جەماوەر بە هەر تورەهاتێکی. پێی وایە ئەمە چییە چیرۆکنووسە، شاعیرە، یان هەر کارەیەکی دیکەیە، ئیتر هەموو کۆمەڵگای گا -لە چاوی ئەوەوە- ناچارن سەری ڕێزی بۆ دانەوێنن و "بەڵێ-قوربان"ـی بۆ بکەن و ئەوەندە هەر خوزەعبەلاتێکی ١٥٠٠ لایک و ٦٥٠ کامێنت و ٧٠ شەیری خواردووە، وا دەزانێ ڕاستە، کەوا خۆی دەباتە ئاستی بولگاگۆڤ و فۆئنتیس و کۆندرا و پێی وایە ئەوەی دەریپەڕاندووە، ئایەتێکی نەبیندراوی خودایە و دەبێ بە دەستنوێژەوە، هەڵگیردرێ. هەفتەیەک نابێ بە وەرگێڕانی شێعری ڕەلا بەراهەنی و یەدەی ڕۆئیایی فێری لاسایی کردنەوەی کایەکانی ئەوان بە هەمان ڕێنووس و ڕێزمانی ئەوان لە ڕێنووس و ڕێزمانی خۆیدا بووە، دائەنیشێ ڕەوت و شتی وا دروست ئەکات، بۆ ئەوەی کە دوای خۆی —ڕەنگە دوای ئەوەی کە نەخوازە، خۆی کوشت- چەندین بەرەی پانی شاعیری بە جێ هێشتبێت و هەر بەو هەفتە، هەفت چینی شێعریی دروست کردووە، کە کەس ناڵێ یەک دانەشییان چینییە و هەمووی پێیان وایە ئەسڵە. دوانزە ڕۆژ لە هەفتەنامەیەک‌دا، سێ‌چوار هەواڵی نووسیوە، پێی وایە دەبێ لە سەر هەموو گۆڤارەکانی دنیا نەزەر بدات و بدات بە تۆقە سەریان‌دا و گێچەڵیان بۆ ساز بکات و لە سەر ئەوەی کە سەرنووسەری فلانە گۆڤار نەدەبوو وا بکات و بێ دڵی ئەو بنووسێ، ئیتر ئەو کارەی دوور بووە لە پرەنسیبی ڕۆژنامەوانی و پرۆڤێشناڵ نەبووە و وتار بە وتار دەڵێ جێم بکەوە، نۆبەی منە. پانزە ڕۆژ لە ماڵەوە نەهاتووەتە دەر و تماشای زنجیرە دراماکانی جێم و فارسی‌وان و کەناڵە ئێرانییەکانی کردووە، لە سەر تارکۆڤسکی و بێرگمەن فەرمایشت دەکات و حەڤدە ڕۆژ بەردەستی نەققاشێکی ساختمان بووە، لە شەڕی گوگێن و وان‌گۆگ‌دا، حەق بە هیچیان نادات و بەو پەڕی ڕاشەکاوییەوە دەڵێ: هەر چەن من دەو حەددەدا نیم ئەو باسە بورووژێنم -یانی هەم، ها، جوان گوێی بۆ بگرن- بەڵام پێم وابێ هەمووی لە ژێر سەری پیکاسۆدا بووە و هەر بە ئەنقەست، شەڕی ئەو جووتەی خۆش‌تر کردووە کە خۆی... کە پێشی دەڵێی بابە پیکاسۆ زۆر دوای ئەوان بووە، بێ ئەوەی بشەمزێ، خۆی تووڕە دەکات و دەڵێ یانی من نازانم؟ بۆچی ڕشتەی باسەکەم لێ دەپچڕێنی؟ من باسی ژیانی مووازییان دەکەم و... بیست و سێ ڕۆژیش حەزی لە ژنێکی مێرددار کردووە و دائەنیشێ لە سەر ئانا کارنینا قسە دەکات و لە باری سایکۆلۆژییەوە دەست دەکا بە شی‌کردنەوە و هەڵسەنگاندنی سایکۆلۆژیکی دەقی ڕۆمانەکە کە پوختەیەکی بیست و سێ‌چوار دێڕیی لە گۆشەی ڕۆژنامەیەکدا لێ خوێندووەتەوە و هەزار و یەک داستانی قەڵب و بێ‌بنەما، دەداتە پاڵ نووسەرێکی وەک تۆلستۆی. تومەز کەس نییە ڕوو بکاتە ئەم دەستە لە نووسەران، شاعیران، ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی ناسراو و بەڕێزی نەتەوە و بنەڕێنێ: ئەرێ دە وستبە، بۆ پێت وایە ئەگەر قسە نەکەی دەمری؟ دە فڵتەفڵت! کەمبڵێ! بە خودانی عەرشی مەزن، بێدەنگ بی. گەلێک ماقووڵ‌تری...
**دە وسط!**

**(٢)**

سەرەڕای ئەو باسە وردە نادیارانەی لەم ژاوەژاوی ڕۆشنبیرییەی کوردا هەیە، کێشەی بنەڕەتی‌تر ئەوەیە کە بە پێی ڕێژەیەک کە زۆر بە حاسانی هەرکام لە ئێمە دەتوانین پێی بگەین، ئەو باسە دێتە گۆڕێ کە ئێمە تەنانەت نووسەرەکانیشمان خوێندەوار نین و کا نووسەری کا هەزار و یەک سەر دەناسم باسی یازدە نووسەرم لە لای کردووە بێ ئەوەی خۆی بشەمزێنێ وتوویەتی: نایناسم! کەچی باوکی شێعر و چیرۆک و شتی‌وای کوردییە. ئەم نابەرپرسیارێتییە تەنها لە نێو گەلانی لە زەمان بەجێماوی ڕۆژهەڵاتی ناوین‌دا دەبیندرێت و هەر وا کە وتم، پاساویان بۆ ئەو هەموو نابەرپرسیارێتییەیان ئەوەیە کە دەستێکی زەبەلاحی فاشیستی، لە پشت هەموو ئاڵۆزییە کلتوورییەکانی گەلێکی وەکوو کوردەوە هەیە و ئەگەر بە باشی سەرنجی قسەکانیان بدەین و بمانەوێ لە گەڵ ڕەوتێکی بیست، سی ساڵەی بوونیان لە دنیای هونەر و ئەدەبدا، ڕێکیان بخەین و هاوتەریبییان بکەین، تێدەگەین بۆچی نووسەر یان هونەرمەندی کورد، لە هەر شوێنێکدا باسی زانست و فۆڕم یان پێکهاتەخوازی هاتووەتە ئاراوە، خێرا بەرەنگاری باسەکان دەبێتەوە و بە پاساوی نیشتمان‌پەروەری و وڵاتپارێزی و شوناسی پڕ لە هەڵپەڕکێ و کەواوپانتۆڵ و بەزم و ڕەزمی کوردەوارییانە، دەکاتە لەمپەرێک بۆ نەچوونە ژوورەوەی باس و خواسی گۆڕان و پێکهاتەخوازی و پێکهاتەهەڵوەشاندنەوەی مێژووی ئەدەبیات و هونەری. ئەمە باسێکی گرینگە و ڕەنگە تەنیا بە وتارێکی لەم چەشنە، نەتوانین خەسارناسیی بکەین و ڕێگەیەک بۆ چاکسازی و تەرمیمی ئەم ڕووخاوییە قووڵە لە بنەمای کلتووریمان‌دا، بدۆزینەوە و ڕەوتێکی نوێی بۆ بگرینە بەر. بەڵام بە دڵنیاییەوە لە سەر هەر خاڵێکی نەگبەت کە بووەتە لەمپەری گەشە و پێگەیشتنی ئێمەی کورد، وەها پێداگری دەکەین کە نەهێڵین چیتر لەمەودوا ئەو جۆرە مامۆستایانە کە ئەوەندەیان نەماوە شکڵ و تەرحی مامۆستایانی ئایینی لە خۆ بگرن، -ئەویش لە کاتی چوونە پشت تریبوونەکانییان کە کتومت مینبەری مزگەوتە و خۆیان، یان نازانن، یان دەزانن و خۆی لێ نەبان دەکەن کە نەهێڵن ڕەوتی کار لە سەر کراوی پێشوویان، هەر وا بە حاسانی برووخێت- چیتر کاریگەری و دەسەڵاتییان بە سەر هزر و ڕەوتی نڤیساری و داهێنانی بەرەی دوای خۆیانەوە نەمێنێت؛ ئەگەر تەنانەت یازدە کەس بین لە نێو ئەم کۆمەڵگە بەرینە یازدەهەزار کەسییەی ئەدەب و هونەردا —کە بە شەرمەوە پێیان سەلماندووین، تەنانەت خۆشیان کتێب و بلاڤۆکی خۆیان ناکڕن، دەنا تیراژی هیچ کتێب و بلاڤۆکێکمان لە پێنج‌هەزار کەمتر نەدەبوو- ئەم ئاکادیمییایە پێکدێنین و عاقبەت لە خاڵێکەوە دەست پێدەکەین کە دامەزرێنەری ڕەوتێکی نوێ و جددی لە داهێنان و ئافراندنی ئەدەبی-هونەری کورد بێت.

## پێناسەی کەسایەتییە پانەکان:

چەن ساڵ لەمەوبەر و پێش دەسەڵات گرتنی یەکسەریی دنیای دیجیتاڵ و سەراسەر هۆشمەند، ئەدەبیات و هونەر، لە نێو ئێمەدا، لایەنێکی چێژبەخشی هەبوو کە زۆرێک لە کەسایەتییە پانە گەڕاوە سەربزێوەکانی دوێنێی شاخ و دانیشتووانی سەربەزێری ئیمڕۆی شار، بە ڕۆنانی زمانێکی پەتیی ژێرخاکییانە —کە هەرگیز ئیجازەیان بە کەس نەدەدا و نادەن، لە بری ئەو هەموو وشە ڕەسەنە کوردییەی دووهەزار ساڵیشە کەس بەکاری نەهێناوە، وشەتاشیی بکردرێت، یان وشەی نوێی فارسی و ئینگلیزی و... دابندرێت- نڤیسارێک هاتە ئاراوە کە زیاتر لە هەر شتێک خەمی لە شۆڕشێک دەخوارد کە لە هیچ شوێنێکدا، هیچ داهێنانێکی ئەدیبانە یا خود هونەرییانەی بۆ نەکردبوو و تەنها دەیوسیت بۆ خوتکردنەوەی دەروونی خۆی لەو گرێ و گوالانەی کە ببونە هۆی دۆڕانی هەڵوێستەکانی، هەڵبەست‌سازی بکات و چەپڵە کۆ بکاتەوە. ئەم ڕەوتە وەها لە شەوە شێعر و چیرۆکەکان‌دا، جێکەوتبوو کە سەداسەدی کۆمەڵگا، چێژی لێ وەردەگرت و تەنانەت ئێستاش هەروا ماوە و ئەو چێژە، ئەگەرچی بە هۆی دنیای دیجیتاڵی و شەیر و لایک و

کامێنتە هاکەزاییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، یەکسەر دابەزیوە؛ بەڵام هەر ماوە و لە نێودڵی زۆرینەی شارەکانی ئێمە، هەناسە دەکێشێت و لە سەر ژیانی خۆی بەو جۆرە ڕوانگەیەوە، بەردەوامە. تا ئێرە کێشەیەکی ئەوتۆمان نییە و بە پێی یاسای باوی دیموکراسییانەی ئیمرۆی مرۆڤ، هەر چینێک و فکرەیەک و بەرەیەک، دەتوانێ بەردەوام بێ لە سەر چۆنیەتی و چەندایەتی خۆی. بەڵام مەترسیی گەورە لەوێدایە کە ئەو لەمپەر دروست کردنە لە ئاست زمان و ڕێنووس و شوناسە هونەری و ئەدەبییەکان، لە ڕاستیدا دوو شێوازی ڕووخێنەری دروست کردووە کە لەم دووشێوازە بەدەر، هیچ جۆرە هزر و ستایلێکی نوێ، ناتوانێ بێ ئیزنی گەورە پیاوان و مامۆستایانی ئەم ڕەوشتانە، هەناسە بکێشێت و سەر هەڵبهێنێت. یەکەم شێواز، شێوازێکی ئایینیی پەتییە کە بە حاسانی ڕەوتی ڕۆشنبیریی گرتووەتە خۆ و تەنها بە کاوێژ کردنەوەی هەنێک ڕستە و دەستەوشەی ئاوەکی و ئەزموون‌نەکراو کە تێکەڵەیەکن لە عیرفانی ڕۆژهەڵاتی و فەلسەفەی ڕۆژئاوا، بە شانازییەکی حەکیمانەوە، لە ڕوانگەی دین و ئایینەوە، هەم بنەمای ناسیۆنالیزمێکی نوێ دادەڕێژێتەوە و هەمیش هەوڵ دەدات تەنها لە سۆنگەی دین و مەزهەبەکەی خۆیەوە —کە گەڵکوو گەیشتنی بە بواری خۆی، ڕەحەت خۆی دەنوێنێت و ڕەش یان سپی بوونی قوونی بۆ هەموو کەسێک دەردەکەوێت- جوانیناسییەکی مرۆڤانەی مودێرن بخاتە بەر دەست و دیدەی بەردەنگەکانی. مەترسیی ئەم شێوازە لەوەدایە کە جگە لە خۆی هیچ کەسێکی دیکەی قەبووڵ نییە و هیچ ڕەوت و ستایلێکی نوێ، بەهەند وەرناگرێت و بەرێوبەرانی ئەم ڕەوتە، وەکوو مامۆستا ئایینییەکان، لە ڕوانگەی فرەزانی و هەرەفرەزانییەوە سەیری لاوەکان و بەرەکانی دوای خۆیان دەکەن و لە کۆبوونەوەکاندا، یان دیان بە کەسی ڕەوتە نوێیەکاندا ناهێنن، یان زۆر بە فیز و دەماخ بەرزییەوە، ڕایدەگەیەنن: خراپ نییە، هەر ئەوەی کە کار دەکا، خۆی خاڵێکی گەورەیە! پێکەنینم دێ بەم ڕستە بێ بنەمایانە. واتە ئەگەر فلان نووسەر یان هونەرمەندی پێشەنگ، تۆ دیان بە کار کردنیدا نەنێی، ئیتر پەکی کەوتووە و چیتر داهێنانی بۆ ناکرێ؟ بۆیە دەڵێم دەبێ تا زووە ئەو کەسە پانانە -پانی دینی و پانی نەتەوایەتی- تا زووە وەلابنرێن لە لاپەڕەی بەرەو نوێبوونەوەی ڕەوتی هونەری و ئەدەبیمان. بۆیە بە دڵنیاییەوە ڕایدەگەیەنم: دیسانەوە وشەی «وەستا»ـە کە دەتوانێ نەقشێکی ئەوتۆی هەبێت لە دروست کردنی ڕەوتێکی نوێ و بەرەیەکی تازەدا.

شێوازی دووهەم، شێوازێکی چەپی ڕادیکاڵن کە ئەوانیش هەر بە باری پانیدا، وەدیهاتوون: پان لە بیروڕای چەپی مارکسیستیدا و لە بیر و باوەڕی ناسیۆنالیستیشدا. هەڵبەت ئەمان نەک تەنیا شێوازی یەکەمیان قەبووڵ نییە، بەڵکوو داروودەستەکانی ئەو شێوازە بە تەنیا هۆکارەکانی دواکەوتنی گەل، لە هەموو بوارە سیاسی، فکری، ڕۆشنبیری و هونەرییەکان دەزانن و بە دڵنیاییەوە، چاوەڕوانی بە دەست گرتنەوەی دەسەڵاتێکن کە قەت بە دەستییانەوە نەبووە و تەنیا بە پێی وەهمێکی قورمساغ، وەدەزانن ستوونێکی گەورە و بنەڕەتی دەسەڵاتی نەداشتەی کورد لە دەیە پێشووەکاندا، ئەوان بوون و گەڵکوو وەرگرتنەوەی ئەو دەسەڵاتە، یەکەم ئەرکییان، سڕینەوەی کۆمەڵگەی کلتووری نەتەوەکەمانە لە شێوازی یەکەم. دیاردەکانی ئەم شێوازەش هەمان دیاردەکانی شێوازی پێشوون؛ واتە ئەستەمە بتوانین لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی ناوخۆی وەڵاتدا —کە شێوازی دووهەم کەمییان لە نێو وەڵاتدان- لێکیان جیا بکەینەوە و بە حاسانی بیانناسینەوە: هەمان عەقڵییەتی ناسیۆنالیستی، یەکەم خاڵی جێی پێداگری ئەوانیشە لە سەر گەیشتن بە ئامانجە گەورەکانی نەتەوە. بەو جیاوازییەوە کە بەرەی دووهەم، بێ پێمل بوون بە خواستەکانی کۆمەڵگا، هەمووهەوڵی ئەوەیە کە کۆمەڵگا بخاتە نێو دەستی خۆی و چی خۆی پێی خۆشە لێی دەربهێنێت. بەڵام بەرەی یەکەم، هەموو هەوڵی ئەوەیە کە هاوتەریبی کۆمەڵگا بچێتە پێش و لە هیچ شوێنێکدا سەنگەری

پێشینییانی خۆی —چ لە بواری ئایینی و چ لە بواری ناسیۆنالیستی و چ لە بوارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا- چۆڵ نەکات و وێڕای پاراستنی دابونەریتی باو و باپیرانی خۆی، کلتووروانی بکات. کە ئەم جیاوازییە لەوێدا کە ڕوانگەی پۆپۆلیستی کۆیان دەکاتەوە، تەواو کەمڕەنگ دەبێتەوە و لە ڕاستیدا هەروەک ئاماژەمان پێکرد، زۆر ئەستەمە ئەم دوو شێوازە لە یەک هەڵوەژێر بکەین، مەگین لەوێدا کە شێوازێکیان، زۆرینەیان لە ژوورەوەن و ئەوی دیکە، زۆرینەیان لە دەرێن. هیچ زەمانەتێکیش نییە کە ئەگەر جێگۆڕکێیان پێبکەین، واتە شێوازی ناوەوە ناچار بکەین بچنە دەر و شێوازی دەرەوە، بە ڕێکەوت بگەڕێنەوە، ڕەوتی یەکتر، نەگرنە بەر و هەمان بیر و باوەڕی یەکتر پەرە پێنەدەن. لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ باش‌تر پێناسەکردنی خەسارە گەورەکەی ئەم دوو شێوازە کە بە تەواوەتی لێکمان نەدایەوە و خاڵە خەسارهێنەکانیمان بەرچاو نەخست: هەروا کە باسمان لێکرد گرینگترین خاڵێکی کە خەساری گەورە و جوبران نەکراوەی دروست کردووە، باسی زمانەوانییە کە بێ ئەوەی چکام لە لایەنگرانی ئەو دووشێوازە هیچ پسپۆڕایەتییەکیان لە سەر زمان و خاڵە پیوەندیدارەکانی بە کلتوور و کۆمەڵگە و سایکۆلۆژی و دێمۆگرافی و زۆر پیویستەی دیکە هەبێت، بە حاسانی بڕیار لە سەر داڕشتن و دانەڕشتنی زمان دەدەن و یەکەم هەوڵ و ئاخر هەوڵییان پاراستنی زمانێکە کە بۆ نموونە لە مام هەژارەوە بۆمان پێناسە کراوە و بە پێی هەنبانە بۆرینە یان فەرهەنگی خاڵ و لە زۆر جێگەی دیکەش‌دا بە پێی زمانی پێشینییانی وەک پیرەمێرد و قانع و ئەو تاقمە لە شاعیران و نووسەران کە زیاتر هەوڵی زیندوو کردنەوەی ڕووەکی ژێرخاکی زمان و نەریتی کوردییان هەبووە؛ دەنووسن و لەوە مەترسی‌دارتر ئەوەیە، کە تاقمێک لەو نووسەرانە کە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵات بوون و بە پێی زەرووڕەت لە باشوور یان هەندەران ژیاون، زمانی کوردی وەکوو زمانێک پێناسە دەکەن کە لە باشوور یان لە نێو باشوورییەکانی هەندەران قسەی پێدەکەن و بە هیچ جۆرێک مل نادەن کە بەو شتەی وا لە ئاشپەزخانەی ماڵان، شتومەکی خواردن سارد ڕادەگرێت، بڵێین یەخچاڵ و دەبێ حەتمەنە پێی بڵێین سەلاجە. تەنانەت ئیستا ئەم دەقە لای ئەوان جۆرێک گاڵتەجارییە کە تێیدا بە مەتبەخ وتراوە ئاشپەزخانە و یەکسەر نقیساری ئەو جۆرە دەقانە لای ئەوان مەحکوومە بە ناشارەزایی لە زمانی زگماکی خۆی. هەر لەم وردبینییەوە دەتوانین ڕێگەیەک لێبدەین بۆ بازنەیەکی گەورەتر لە سەر پێناسە کردنی گشتی ئەم دوو بەرە پانە و مەترسییە گەورەکەیان بگوێزینەوە سەر زۆرێک لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی هونەر و ئەدەبی کوردی. بۆ نموونە هەر دوو بەرەکە، ئەگەرچی چاوی بینینی یەکتریان نییە و هەریەک ئەوەی دیکە بە خائین و دۆڕاو و... دەزانێ، بەڵام لە هەموو ڕوانگەیەکدا پێکەوە کۆکن و مەترسییە گەورەکەش ڕێک لێرەوە دروست دەبێت و خۆ دەخزێنێتە بازنە گەورەترەکانەوە. واتە چکام لەو دووبەرە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووبەڕووی یەکتر نەبوونەوە لە سەر ئەوەی کە بۆ نموونە لایەکیان یەڵماز گۆنەی بە کورد نەزانێت و لایەکی دیکە ئیبراهیم یوونسی بە فارس بزانێت. هەر دوولا لە سەر ئەم خاڵانە کۆن، یان باشترە بڵێم کۆک بوون. چونکە ئیستا بە هۆی پێوەندی خێرا و دەنگدانەوەی بیر و ڕاکان، کەمێک بە بڤەی زیاترەوە لەو ئەتک کردنی ئەو جۆرە کەسایەتییانە خۆ نزیک دەکەنەوە. ئەویش بە هۆی ئەوەیە کە ئەو کەسایەتییە مەزنانەی کە بە زمانی بێگانە، دەرد و کێشەکانی کوردییان بەرباس داوەتەوە، لە لایەن کۆمەڵگەیەکی پسپۆڕی جیهانییەوە، بەرێزێکی زانستییانەوە لایان لێکراوەتەوە و هەر ئەم ڕووداوە گرینگە بووەتە هۆی بێدەنگی زیاتری هەر دوو لا، لە سەر ئەم تەوەرە. بەڵام بە کردەوە و لە کۆڕە بچووکە خۆمانەکانییاندا، هێشتاش پێداگرن لە سەر ئەو خاڵانەی کە کەسایەتییە گەورەکانی هونەر و ئەدەبی کوردی بە خائین و شتی‌دیکەی لەو چەشنە، پێناسە بکەن. ئەوەی وەکوو نوکتەیەک بە باڵای هەردوولایاندا خۆ دەنوێنێت، ئەوەیە کە هەر دوو شێوازەکە، سەرەڕای پان بوون لە بیر و باوەڕ و کردەوەدا، لە باڵا و جەستەی مرۆڤانەشیاندا، پانن!!!





## چۆنییەتی عبوور لە هەر دووبەرەک:

یەکەم ڕێگە بۆ دەرپەڕین لە بازنەی تەنگی ئەو دووبەرە یازدەهەزار کەسییە، ئەوەیە کە ئەگەر تەنانەت یازدە کەسیش بین، پێکەوە ڕووبەڕوویان ببینەوە و پر بە خۆمان نا، بەڵکوو پڕ بەوان، بنەڕێنین: **وسط!** و چیتر بواری ڕادەربڕینتان نەبێ و تەنیا لە سەر ئەو شتەی کە شارەزایەتییان هەیە، بتوانن قسە بکەن، ئەویش هیچە. ئەگینا چکەس بواری ئەوەیان پێ نەدات کە هەموو فورمووڵەکانی هونەر و ئەدەبیات، بە باری دڵخوازی خۆیاندا، بشێوێنن و جوابگۆی هیچ نەبن. ڕێگای دیکەی دوای ئەو نەڕاندنە ئەوەیە کە لە هیچ شیکاری و خوێندنەوەیەکدا، ئاماژە تەنانەت بە کارە باشەکانی ئەو دوو بەرەیەش -کە بە دڵنیاییەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە پلەیان تسیوە- نەکەین. چونکوو هەر ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە خێرا کەسایەتی ئاماژەپێکراو، خۆیمان لێ نزیک بخاتەوە و بەوپەڕی ڕووداربیەوە، رایگەیەنێت: منیش لەوانم. واتە لە ئێمە، بەرەی بێ بەری یازدە و بەڕێوبەرانی ئاکادیمیبای موازی. دەشزانین کە ئەم بڕیارانە، دەتوانێ کێشەی قورسمان بۆ ساز بکات و بەو پەڕی دوژمن‌سازییەوە، یەکەمڕا، ئەوکی خۆمان دەگرێتەوە و ڕەنگە چی ناونوتکەی نابەجێ و قسەی بێ بنەمایە، پارسەنگمان بنێن و بە حاسانی لە بەر چاوی خەواڵووی کۆمەڵگادا، ترۆمان بکەن. بۆ نموونە چەندین خاڵی ئەم دەقە زل بکەنەوە و بڵێن: "ئەها! لە خۆوە نییە بەرەنگاری بووینەتەوە..." بەڵام هەرگیز ئەم کردەوە پڕ لە خشوونەتە نابێ ببێتە هۆی ساردبوونەوەی ئێمە لە خۆنەبان‌کردنمان لە مێژووی داگیرکەر وخۆسەپێنی ئەوان بە سەر چوارچێوەی کلتووری ئێمەوە. دەبێ بە زانستێکی قووڵ و بەهەند، کە بە دڵنیاییەوە لە چکام لە زانکۆکانماندا، دەست ناکەوێ، هەنگاو بنێینە نێو مەیدانی هزرمەندانەی ئەدەبیات و هونەری کوردییەوە و نەهێڵین هەرگیز وشەی فریودەری "ڕۆشنبیری" بەرمان بگرێت. لەم وتارەدا، تەنیا ئاماژە بە یازدە خاڵی سەرەکی بۆ عوبوور لە دووشێوازی پانی ڕەوتی ڕۆشنبیری کوردی دەکەین و لە وتارەکانی دیکەدا، ئەو خاڵانە -و خاڵی زیادکراوی دیکە بەم مانفێستە- شی دکەینەوە و پێناسەی دەکەین بۆ پێکهێنانی ئاکادیمیبای مووازیمان؛ کە "شی" کرانی هزرمەندان دەپێکێت، بە هەر دەقێکی دوژمن‌ساز و نامۆی لە پانتایی ئەدەبیات و هونەردا:

١- گەڕانەوەمان بۆ هـــزری سـەراورد: ئەو سەردەمەی کە وجوود، تەنیا هۆرە بوو، هۆرەش خوداوەند بوو.

٢- پێداگری لە سەر زەمان بە تەوەری ڕیشتەر: تەنیا زەمان دەیتوانی نەهێڵێ ببین، ئێستا کە بووین، کە هەین، زەمان بە دەست ئێمەیە و چیتر. ئەمەش بەسە بۆ داڕووخانی بنەڕەتی بەرە پانەکان.

٣- هەمیشە خۆ بە قوتابی زانین؛ بەڵام قوتابی چی؟ قوتابی کێ؟ مامۆستای ئێمە زەمانە و وانەی گەورەبوونمان لە نێو بچووکیماندا، هزرە. باقییەکەی هەمووی تووڕەهاتە و ئێمە بەرپەرچی دەبینەوە.

٤- "ڕوانگـە" تاقە شتێکە کە هەرگیـز فـەخری پێـوە ناکەیـن و تەنـانەت ناشیدرکێنین. چونکە بێ گومان لە گەڵ ویرووسـی ئیدز، هیچ جیاوازییەکـی نییە و پەیتاپەیتا، خەریکە خۆیمان لـێ دەگۆڕێت و تووشمان دەکات. ڕوانگە، یەکەم شتێکە کە قوربانیی دەکەین بۆ سەربەستیی ئەدەبیات و هونەر.

٥- نووسینەوەی بنەماکانی بایەخدانانێکی نوێ: تا نووسەران و هــونەرمەندان، بێ "پێ" پێناسە بکرێن و بێ "دەست" دەسەڵاتییان هەبێت. دەکـرێ مرۆڤ کۆنترۆڵی زەمین بداتە دەست هونەرمەندان و شاعیران، بەڵام یەک هونەرمەند و شاعیر پەیدا نابێت کە ئەو دەسەڵاتە بگرێتە دەست و بهێڵێت حکوومەت کردن بە سەر گوڵ و کەناردا، دەسخەڕۆی بکەن و ببنە لەمپەری "وشە". بنەماکانی بایەخە نوێیەکانی مرۆڤ: ژیاندنەوەی وشە بێ دەخاڵەتی ئادەمیزاد...

٦- توێژینەوە و شیکاری بە پێی پێوەرە نوێیەکانی جیهان و لە سەر خاڵە بنەڕەتییەکانی هزر و عەقڵییەتی ئینسانی کورد: دەبێ لە کورت‌ترین کاتدا، هەموو ئەو بایەخانە بگەڕێنینەوە بۆ ئینسانی کورد کە بە هەزاران ساڵ، بە دۆڕان دراوە و دەستێکی پەنامەگی، نەیهێشتووە جگە لە ڕق و شەڕەنگێزی، هیچ بایەخێکی دیکە لە دەروونی ئینسانی کورددا، پەروەردە ببێت. شیکاری. تەنیا هۆی بەردەوامبوون و درێژەدانە بە ڕێگەی فرە ڕێبواری هونەر و ئەدەبیات. کە ڕەچەڵەکی ڕاستەقینە، دەربکەوێت و بـێ هیچ داوەرییەکی کوشندە، دەق، یاخود بەرهەمی هونەری بدرێتە بەر شیرینی شیکاری. کە شی، شیکەرانی کەلیمە بات...

٧- پێشێل کردنی داوەری و هەموو ئەو "ئەنگ"ـــە دڵتەزێنانەی دەبنە هـۆی داڕووخانی دەقێکی داهێنەرانە و بەرهەمێکی مەزنی هونەرمەندانە.

٨- پێداگرییەکی ڕەها لە سەر "ئافراندن" و تەدوینی "کۆ"ترین فورمولەکانـــی پێکهاتەخوازی و ماناوەشێنی پەنـامـەگی بۆ بەرەکانی داهاتووی ئاکـادیمیبای مووازی، لە زووترین کاتدا و پێکهاتەهەڵوەشاندنەوەیەکـی بوێـرانە لە لایەن هـەر پێکهاتـەخـوازێکی پێکهاتەهەڵوەشێنەوە. ئاوا هیچکەس پەیدا نابێ کە ئیددعای بەرزەفڕی و بەرزنشینی بکات. بەڵکوو ئەوە بەرهەمە کە ئانوسات لە خۆی و لە زەماندا، خەریکی پێکهاتەهەڵوەشێنی دەبێت و بێ هیچ پێکهاتەسازییەک، پێکهاتە مانا دەکاتەوە بۆ هۆگرانی.

٩- وردبوونەوەیەکی زانستییانە لە سەر زانستە نوێیەکانی نێو مرۆڤ. وەکوو: کیمیبای مودێرن، بیۆلۆژی، فیزیۆلۆژی، سایکۆلۆژی و هەرچی "ژی"ـیەک کە دببێتە هۆی قووڵ‌تر بوونی زەریاکانی داهێنان و داهێنان و پتر داهێنانمان. بە دەست هێنانی زانست لە سەر هەرچی شتە، حەتتا زانست... چونکە تەنیا زانستە کە دەتوانێ فریای منداڵانی پاشەڕۆژی کورد بکەوێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ خەسارە ڕووخێنەرەکانی سەدەکانی کۆتایی زەمین و ساتەکانی دەسپێکی هەسێرەیەکی دیکە لەم کاکەشانەدا بە نێوی مرۆڤ.

١٠- تەمرینی تێڕامان لە خۆمان و جیهانی دەوروبەرمان. ئەمە جگە لە خوێندنەوە و زانست، پێویستی بە جۆرێک مێدیتەیشێنی جیاواز هەیە کە لە هەندێک لە تیرەکانی مرۆڤدا، بیندراوە و دەکرێ وەک ئەوان و بە شێوەیەکی کوردێندراو، جۆرێک "ونبینی" -بە مانای موراقبە- داڕێژین لە نێو کردەوەی لایەنگرانی ئاکادیمیبیادا، تەنها لە بەر تێڕامانی زیاتر لە خۆمان و جیهانی دەور و بەرمان.

١١- ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە زمان و داڕشتنەوەی هەموو بنەما سەرەکییەکانی ئەو ئامرازە جددییەی ئافراندن. دەتوانین بێ ئەوەی بەگژ ڕابردووی بێ‌دەسەڵاتیماندا بچینەوە، هەموو خاڵە پۆزێتیڤەکانی ئەوان -پێشینییان- بەهەند وەربگرین و بیرێژینە نێو خانووی ئەزموونێکی مودێڕنەوە لە دنیای زمانەوانیدا. ئەم خاڵە، هەرگیز پێویستی بە زمان‌ساز نییە و دەتوانێ بە یارمەتی زمان‌بازەکانی زمانی کوردی، بکەوێتە گەڕێکی جددی‌تر لە هەمیشەی خۆی. بۆیە دەبێ لە ڕەچاو کردنی زمانەوانەکانماندا، وشیار بین و نەهێڵین هەر کەس و ناکەسێک ئامبازی زمانەکەمان بێت.

لێرەدا لە گەڵ ئەم یـانـزە خـاڵە سەرەکییە دوژمـن‌سـازە، بەجێتان دەهێڵم و بە جێتان ناهێڵم، چونکە دەزانم **درێژەی** دەبێت...



# بەرەی چوار

## کۆمەڵناسیی سیاسی لە شیعری بەرەی ئەواندا

شێخ شیکار

دەلاقەی ئەدەبی گەلانی جیهان یەکجار خزمدۆستە، سنووری گشت گۆی زەوی دەبەزێنێت و سەر بە هەموو کتێبخانەکانی وڵاتانی جیهان‌دا دەکا. مێژووی پڕ تەنگ و چەڵەمەی ئەدەبی جیهان نیشانی داوە کە بزاڤە ئەدەبی و هونەرییەکان پێشەنگی ئاڵ و گۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بوون. لە هەر کونجێکی ئەو جیهانە داوەشاوە نووسەرێک یان هونەرمەندێک، ترێک یان تسێکی بەردابێ؛ دەنگ و بۆنی گەیشتووەتە سەر مێزی هەموو نووسەرانی دونیا. لەو بارەوە، دەرهێنەری بە ناوبانگی جیهانی "بێرناردۆ بێرتۆلۆچی" لە کتێبی "چیم بینی و چیم نەبینی"دا، دەڵێ:

"زۆر بە لامەوە سەیر بوو کاتێک بیستم فیلمی "دوایین تانگۆ لە پاریس"ی من لە گوندی نییەری سەر بە شاری مەریوان ئێکران کراوە و تەنانەت لە کافە کتێبی "کێڵانە"ی ناوچەی ژاوەرۆی سنە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیەکی یەکجار جددی، لە دەستدرێژی "مارڵۆن براندۆ" ئەکتەری ناو فیلمەکە، کراوە و لە ئاکامدا بڕیاریان داوە ئەوە پلانێکی تۆکمە و حیرفەیی و لەوەپێش‌داڕێژراو بووە بۆ باشتر کایە کردنی ئەکتەرەکە، کە واتە ناچێتە خانەی دەستدرێژییەوە.

هەروەها بێرتۆلۆچی لە درێژەدا دەڵێ: زانستی ترین ڕەخنەیەک کە لە سەر مەوجی نوێی سینەمای فەڕانسە هاتۆتە ئاراوە، کۆڕی ڕەخنەی دووکانی "عەینەدینی مام بایز" بوو لە گوندی کەرجۆی ناوچەی سنە.

لێرەدا لەنگەر لە سەر وتەکەی سەرتریێ دەگرمەوە هەتاکوو بە ئێمە و بە هەموو خوێنەران بسەلمێ کە بەرهەمی هونەری دەتوانێ لە یەک سەدومی سانیە دا بگاتە هەموو کون و کەلێنێکی جیهان. هیچ سەیر نییە ئەگەر ئێستا لە کافە "بودلێر"ی پاریس، یان کافە "بڕێشتی" بێرلین، یانەکوو کافە "کالوینۆی" ڕۆمی ئیتالیا و هتد، "بەرەی چوار"ی شاعیرانی ڕۆژهەڵات نەچووبێتە ژێر تیغی ڕەخنەی ئەجنەبییەکان.

"بەرەی چوار" شۆڕشێکی مەزنی شێعری بوو کە زیاتر لە شێست و شێش مانیفێستی بۆ نووسراو و هەر مانیفێستێک چیها سرووترێ شاراوەی مێژووی شێعری بەرەی چواری بە وێنەی کەلانە چەور کرد و وەکوو قاوڵتوون لە سەر سفرەی ئەدەبیاتی کۆڵنەدەری کوردی دانا!

هەڵبەت پێویستە لێرەدا لە بیر خۆمانی نەبەینەوە کە جیهانبینی فەلسەفی و مێتافیزیکی "بەرەی چوار" بەردی بناغەی بەرەیەکی چەورتری دانا بە ناوی "بەرەی خوار"، کە پێویستە لێژنەیەکی زانستی و فەلسەفی و هونەری لە هەر چوار قوڕنی جیهان پێک بێ هەتا جیهانبینی "بەرەی چوار" تاوتوێ بکەن، بەشکەم کۆمەڵێک بەرەی دیکەی تێدا کەشف بکەن و ببێتە هۆی دەوڵەمەند بوونی زمان و ئەدەب و کلتووری گەلی کورد، لەو پەیوەندییە دا موزیسیەنی ناوداری ئامریکایی "مادۆنا لوویس" لە کتێبی " سەمای ڕێوییەکانی شەختان" دا لە لاپەڕەی ٨٣٢ی ئەو کتێبە نووسیویەتی:

"ڕیچارد واگنر" ڕێبەری ئۆرکێستێر و مووزیسیەنی ناوداری ئاڵمانی کاتی خۆی لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی‌دا، ئاماژەی بە خاڵێکی گرینگ کردووە کە "بتهۆڤێن" موزیسیەنی ناوداری ئاڵمانی کە لە سەدەی حەڤدەی

زایینی دا ژیاوە، لە شاری بێرلین لە قاوەخانەیەک بە دەم خواردنەوەی ئێسپرێسۆ و کوولەکەوە گوتوویەتی: لە پاش من "ریچارد واگنێر" دێتە گۆڕەپانی موزیکەوە و ئەویش دەبێتە هۆی ئەوەی فەیلەسووفێک ساڵانێکی دواتر بە ناوی ئەندێشەی "بەرزە پیاو"ی نیچەی لێ لە دایک بێ".
لەو بەشە لە کتێبی مادۆنا بۆمان دەردەکەوێ کە "بەرەی چوار" ڕێک بە جۆرێک دەتوانێ نەقشی بێتهۆڤینی ئەو کات بگێڕێ و "بەرەی خوار"یش هەمان ڕیچارد واگنێرە و ڕەنگە لە داهاتوو دا واتە ساڵانێکی تر بەرەیەکی تری لێ شین بێ بە ناوی "بەرەی سواو" کە دەلالەت دەکا بە هەمان نیچەکەی خۆمان!
یەکێک لە پتانسیەلە هەرە گرینگەکانی "بەرەی خوار" شین بوونی چەکەرەی بیری ئازادیخوازی و شۆڕشگێڕی بووە. ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ئەو بزاڤە بدەینەوە دەبینین کە چینی کرێکار و هەژار و زگبرسی و گون برسی کۆمەڵگای کوردستان وەشوێن ئەو بزاڤە کەوتوون و ئێستا لە زۆرینەی دیواری کۆڵانی شارەکانی کوردستان بە ئیسپری ڕەنگی زەرد نووسراوە: "بەرەی خوار" کە واتە ئێمە دەتوانین بە ڕاشکاوییەوە بڵێین بەرەی "خوار" ئاوسە بە "شۆڕشی زەردوویی".
"فیدێل کاسترۆ" شۆڕشگێڕی ناوداری کووبایی لە کتێبی "نسکۆ و یەکگرتنەوە دا" لە لاپەڕەی ٩٨٦ی ئەو کتێبە نووسیویەتی:
" بە هەر ڕەنگێک لە سەر دیواری ماڵەکانتان دروشمی شۆڕشگێڕی نووسرا، ئەو ڕەنگە دەبێتە هەوێنی ڕزگاری و سەرکەوتن، کە واتە بەربینگی ئەو ڕەنگە بگرن و بەری نەدەن تا بەربینگتان بەردەدا و بەو جۆرە مافی ڕەوای گەلی بندەست و چەوساوەتان دێتە دی".
مێژوونووسان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەدەبیاتی بەر لە مێژووی فەرهەنگی گەلان تەنیا "سروودە مەزهەبییەکان و وتە جادووییەکان" بوون کە بە شێوە و فۆڕمی نەگۆڕ ماونەتەوە، چونکە لەو باوەڕە دابوون ئەوانە وەکوو وەحی لە ئاسمانەوە هاتوون و پیرۆزن و نابێ دەسکاری بکرێن و لایان وابوو ئەگەر ئاڵ و گۆڕی بە سەردا بێنن هێزی جادوویی خۆیان لە دەست دەدەن. ڕەخنەگران و بیرمەندان لەو باوەڕەدا بوون لەبەر ئەوەی یوونانییەکان بڕوایان بە پیرۆزبوونی دەق نەبووە، بەردەوام گۆڕیویانە و جوانکارییتریان تێدا بەدی هێناوە، بەو هۆکارە ئەدەبیاتی یوونان بە دوو بەرهەمی ناوازەی هومێر دەست پێدەکا. لێکۆڵەران لەو باوەڕە دان کە ئەدەبیاتی یوونان هیچ کات پرۆسەی پەرەسەندنی فیکر و ژیانەوەی ئەدەبیاتەکەیان نەوەستاوە و بەردەوام نۆژەن بۆتەوە. دەست بە دەست و سینگ بە سینگ دەهات و تەکمیل دەبوو و هەتا ئەوەی کە وەکوو ماسییەکی گەورە هاتە ناو ئۆقیانووسی ڕێنێسانسەوە.
ئێمە ڕێک دەتوانین ئیدعای ئەوە بکەین کە "بەرەی چوار" دەچێتە خانەی ئەدەبیاتی بەر لە مێژووی فەرهەنگی گەلی کورد، واتە سەردەمی ئەشکەوت نشینی و...، "بەرەی خوار"یش ڕێک دەچێتە خانەی ئەدەبیاتی زیندوو و ڕوو لە گەشەی یوونانەوە کە بەرهەمە ناوازەکانی "بەرەی خوار" وەکوو بەرهەمەکەی هومێر وایە و بوو بە جڵەودار و بەو زووانە بەرهەمەکانیان دەبنە نەقەیەکی گەورە و دەگەنە کەنارەکانی ئۆقیانووسی ڕێنێسانسی گەلی کوردان.
"بەرەی خوار" خاوەنی پاشخانێکی گەورەی فیکری و فەلسەفییە و جێگای هەموو نووسەرانی شەیدای ئەو بەرەیە دەبێتەوە و هەر کەسە و بە ئاسانی تەشتێکی لەو فیکر و فەلسەفەیە بەر دەکەوێ و دەتوانێ مێشکی خۆی تێدا غوسڵی تەعمید بدا و بێتە تازە برواداری "بەرەی خوارەوە".
نووسەری ناوداری پۆرتەقاڵی "کریستییەن ڕۆناڵدۆ" لە کتێبی "دەروازە بێ دەروازەبانەکان" دا لە لاپەڕەی ٧٣٨دا نووسیویەتی:
"سیستمی چوار، چوار، دوو، یەک، هیچ کات نەیتوانیوە خاوەنی فۆڕمی نوێ و دەربڕینی جیاواز بێ لە ناو کێبەرکێی نووسەران دا بەڵام سیستمەکانی تریش تا ئێستا پووڵە سووتاوێکیان نەهێناوە و سیستمی ناوبراو، لەوانی دی باشتر بووە. کەواتە ئەگەر سیستمی چوار، چووار، دوو، یەک، بریک بە لاڕێدا بەرین، واتە تۆزقاڵێک خواری کەینەوە، بە دڵنیاییەوە سوودی دەبێ و دەتوانێ لە داهاتوو دا نۆبێلی ساڵی ٢٠١٧ی زایینی بەرێتەوە".
لەو بەشە لە کتێبی "کریستییەن ڕۆناڵدۆ" کە سەدەیک پێش ئێستا ژیاوە پێشبینییەکی زۆر ورد و ژیرانە کراوە و دڵنیام پەیوەندی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی بە "بەرەی خوار" هەیە. کەواتە "بەرەی خوار" هەمان سیستمەکەی چوار، چووار، دوو، یەک،ی ڕۆناڵدۆیە وا لە کتێبەکەی باسی کردووە.
هەرچەند بۆچوونی جیاوازیش لە سەر بۆچوونەکەی "کریستییەن ڕۆناڵدۆ" هەیە، هەر لەو سەردەمە دا نووسەری ناوداری ئارژانتینی "لیونێل مێسی" براوەی خەڵاتی نۆبێلی ساڵی ٢٠٢٥ی زایینی، لە کتێبێکدا بە ناوی "دەروازەبانە بێ دەروازەکان"، نووسیویەتی:
"بۆچوونی کۆمەڵێک نووسەری سەگباب کە خەڵاتیان نەبردۆتەوە و هاتوون باسی سیستمی چوار، چوار، دوو، یەک، دەکەن، باشتر وایە بچن گونی فیلسووفی ناوداری جیهان "مارادۆنا" بگرن و زوڕنای پێ لێدەن. یانەکوو سمتی "مادۆنا لوویس" بگرن و دەهۆڵی پێ بژەنن".
دیارە ئاماژەکان و ڕوانینەکان لێک جیاوازن و بەو پێیە ئێمە ناتوانین لەنگەر لە سەر هیچ کامیان بگرین، بەڵکوو تەنیا دەرەتانمان ئەوەیە هەموو بۆچوونەکان هەڵسەنگێنین و بە پێی عەقڵ و مەنتقی خۆمان بڕیاری چارەنووس‌ساز لە سەر داهاتووی ئەدەبیاتی گەلی خۆمان بدەین.
لە کۆتاییدا ڕەنگە ئەو پرسیارە هەموو مێشکتانی وەخورو خستبێ کە بۆ هیچ چەشنە دەقێک لە "بەرەی خوار" بڵاو نەبۆتەوە و نەهاتۆتە بەر دیدی خوێنەرانی چاونەترس و قارەمانی گەلی کوردەوە. پرسیارێکی زۆر بەجێیە و وەڵامەکە ئەوەیە: "بەرەی خوار" ڕۆژانە دوو تەغار و نیو شێعر دەنووسێ، بەڵام تا هەنووکە بڵاویان نەدەکردۆتەوە هەتا ئەوەی کە لەمڕۆژانەدا لە کۆنگرەی یەکەمی ئەو بەرەیە، بڕیار درا بەو زووانە لە ناو ئەو چەند ملوێن تەغارە شێعرەدا، کۆمەڵێک شێعر بە کۆدەنگی هەموو لایەک بڵاو بکاتە. کەواتە بەو زووانە چاوەڕوانی شێعرە جیاڕۆکانی شاعیرانی "بەرەی خوار" بن.
ئەدەبیات، جیهانێکی یەکجار پان و بەرینە. بە باری پانایی بیپێوی سەر و بنی دیار نییە. جا ئەدەبیاتی کوردی بەشێکی هەرە زۆری ئەو جیهانەی لەبۆ خۆی داگیر کردووە. دەڵێن یەک تێخە و لێخەیەکە نووسەر دەقی خۆی ناناسێتەوە. شاعیر بە شاعیر دەڵێ جێم کە و شێعر بە شێعر دەڵێ برۆ یەکێک لە خۆت هەڵدە. جا لێرەدا، ئەوەی جێگای ئاماژە و تێڕامانە شاعیرانی "بەرەی پۆستمۆتێرنی چوارە" کە گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و بەرەی دوای ئەو، واتە "شاعیرانی بەرەی خوار" جێی پێ تەنگ کردوون و بۆتە ڕۆژەڤی هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی نووسەران و بیرمەندانی جیهان.
لەو پەیوەندییە دا لە دوایین وتوێژێک کە بەندەی حەقیری سەراپا تەقسیر واتە شێخ لارمارتین لە گەڵ فیلسووف و بیرمەندی ناسراوی جیهانی، "ئیسلاڤۆی ژیژەک" کردوومە، ناوبراو ئاوەها باسی بەرەی خوار دەکا:
"ئەوەی ڕاست بێ پەڕژینێکی قایم بێ دوڵەڕووی ئەو مەجلیسەی هەرچی دەیهێنم و دەیبەم، هەرچی لەو جیهانە توڕەهاتە خورد دەبمەوە، دەبینم بەغەوس هەمووی فشەیە و چی وای بۆ مرۆڤی سەردەم لێ شین نابێ مەگەر ئەوەی کە بەرەی خوار بەردێک لە سەر بەردێک دانێ. حەوتووی پێشوو لە کافە کتێبی بێرتۆن لە پاریس دانیشتبووم، لە پڕ نوام چامسکی وژوور کەوت و گوتی: ئیسلاڤۆی! بیستوومە بەرەی چواری شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆمی ئەدەبی جیهانیان شڵەقاندووە،

ئەرێ تۆ هیچی وات لێ خویندوونەتەوە؟ منیش گوتم نوام گیان وەرە دانیشە، لە کۆڵ بەرەی چوار بەوە، هەتیم بەرەیەک لە دوای ئەوان هاتوون بە ناوی بەرەی خوار، ئەوان موهیمن. بەڵێن وایە بەو زووانە شێعرەکانیان بدەنە دەرەوە و ئەوە منیش بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانم بیانخوێنمەوە. وەکی باسی دەکەن بەرەی خوار دوا بە دوای بەرەی چوار خۆی خزاندۆتەوە ناو ڕۆژەڤی ئەدەبیاتی جیهانەو. بەڵام من هەست دەکەم سێنتێزی ئەو دوو بەرەیە لەوانەیە وەرچەرخانێک بێ لە مێژووی ئەدەبی گەلانی جیهان دا، وەکی باسی دەکەن لەوانەیە ناوی "بەرەی سواو" لە خۆیان بنێ.

هەر وەکی ئاماژەم پێ کردبوو، بەڵێن وابوو لەو چەند ملوێن تەغارە شێعرەی شاعیرانی بەرەی خوار نووسیویانە، بە کۆ دەنگی چەند نموونەیەکیان لێ بڵاو کەینەوە. لە یەکەم پلۆنۆمی یەکەم کۆنگرەیان لە بریارەکەمان پاشگەز بووینەوە و لە سەر ئەوە ساغ بووینەوە مەگەر دەبێ بەر لەوەی مانیفێست بنووسین شێعرەکان بڵاو کەینەوە؟! هەر بۆیە دوای لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و تێترینەوە و تێتسینەوەیەکی زۆر و هەروەها تاوتوێ کردنی هەموو مژارەکانی کۆمەڵگای کوردستان، مانیفێستی بەرەی خواریان لە پێنج بەند دا نووسی و ئەوە لێرە دا دەتوانن بیخوێنەوە:

مانیفێستی بەرەی خوار:
"لە کالبود شیکافی ڕۆحی تسکەناوی شاعیرەوە بۆ جیهانی فرە ڕەهەندی هێرمۆنۆتیکی هەرمێ"!

١- شێعری بەرەی خوار شێعری خێچ و خواری بەرەی چوار ڕاست دەکاتەوە و بە بێ ئەوەی خێسە لە بەردەنگی خۆی بکات، زۆر بە جوانی دەچێتە کوولەکەی مێشکییەوە. بەرەی خوار شەوانە وەکوو شەرڤانی ئەفسانەیی، کاک "زۆرۆ"، لە پرتاو دێتە ناو کافەکان و ئەنجومەنەکان و کۆڕ و کۆبوونەوەکان، بە شمشێری ڕخنەی خۆی پاک و پیس و چاک و خراپی شاعیرانی بەرەی چوار تەممێ دەکا و پێیان دەڵێ: "یەکجاری دیکە هەڕەشە لە بەردەنگی قوربەسەری کورد بکەن و مانیتسکەنێکیتر بنووسن، خودا شاهیدە، خودا یەکە و نابێ بە دوو، سوێند بە سەری گۆرانیبێژی تایبەتی بەرەی خوار جەنابی "جێنیفێر جووتسمت" هەر هەمووتان بە پەڕۆیەکی پیس توور دەدەمە تالاری پذیرایی سەدەڤی تەنیشت ترمینالی فەیزاوای سنە، ها!



٢- شێعری بەرەی خوار شۆڕشێکی مەعرەفەت ناسانەیە و فەردینی زەمانی خۆیەتی. بڕوا بکەن لووتی و داش‌مەشدی وەکی ئەوان لە هەموو کوردستان‌دا، بەدی‌ناکەن. لەوەتا شێعری بەرەی خوار هاتۆتە ئەم گۆڕەپانەوە، دۆخی ئابووری کوردستان ڕوو لە گەشەیە و بەزازی ناسراوی کورد "وەستا بورخێسی مشارزادە" ڕایگەیاندووە بازاڕی "فۆتە و لۆنگ و دەسماڵ یەزدی" بە تەواوی بووژاوەتەوە و ئێستا کوردستان بۆخۆی، بەوپەڕی سەربەخۆیی، دەسماڵ یەزدی و فۆتە و لۆنگ هەنارده دەکا بۆ هەموو جیهان و تەنانەت نوێنەرایەتییەکی لە کتێبخانەی میللی پاریس کردۆتەوە. شاعیرانی بەرەی خوار هێندە با مەرام و با مەعرەفەتن کە هەموو کات لە کافە کتێبەکان، شەڕیانە لە سەر ئەوەی پووڵی چایی و سیگاری یەک حیساب بکەن.

٣- شێعری بەرەی خوار لەڕووی فکرییەوە جووڵانەوەیەکی "سۆسیال‌کولێرەچەوەرەیە"، بە تەواوی هێزی خۆیەوە چەپە و مەگەر قودرەتی خودا، ڕاستی کاتەوە، دەنا کاری هیچ بەنی بەشەرێکی سەر گۆی زەوی نییە، ئەوان هێندە چەپن خوداش وازی لێ هێناون و بێتو بڕیار بێ وەحییەکی دیکە بۆ بەشەر بنێرێتەوە، ئەوە بۆ بەرەی خواری هەنارده دەکات و تێیدا دەفەرمێ: "تازە کارم پێو نییە هەتا بۆخۆتان لە ترێ سەی دەچن". بەرەی خوار بە تەواوی بڕوای بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە و سیستمێکی دژە بورژوازییە و بەڵێنی داوە هەر شاعیرێک کە کتێبی خۆی چاپ کرد، وێڕای کتێبەکەی دەدوازدە کولێرە چەورەش بە ڕۆنی خۆماڵی دەسکردی سەیزادە بەسێی کانی‌گوێز، زەمیمەی کتێبەکەی بکا هەتا چینی کریکار و هەژاری گەلی کورد لە گەڵ خوێندنەوەی شێعرەکان کولێرە چەورەش بخون.

٤- جیاوازی و جیاڕۆیی بنەڕەتی شێعری بەرەی خوار لە گەڵ بەرەی چوار یەکجار مەلمووس و مەلووسە. گەورەترین کێشەی پەیوەندی دەق و بەردەنگی چارەسەر کردووە. کورە میللەت شێعری بەرەی خوار هەر یەکجار خزم‌دۆست و دڵفراوانە. بەردەنگ لە شێعری بەرەی خوار دا لە حەوت دەوڵەت ئازادە و خۆی دەتوانێ شێعرەکان دەسکاری بکا و بە کەیفی خۆی جێگۆرکێ بە وشەکان بکا، یان وشە و دەستەواژەی تری پێ زێدە بکا بۆ ئەوەی بتوانێ بە باشترین شێوە پەیوەندی لە گەڵ بگرێت و چێژی لێ وەرگرێ، ئەو پرۆسەیەش ئۆتۆماتیک لە لایەن شاعیری شێعرەکەوە پەسەند دەکرێ و هەر وەکی ئەوەی وایە خۆی نووسیبێتی.

٥- بەرەی خوار لە ساڵی داهاتوو دا بڕیار وایە ناوەندی "خەڵاتی خەیار و ترۆزی" دابمەزرێنێ. بەو پێیە هەموو ساڵێک باشترین کۆمەڵە شێعری ساڵ دیاری دەکا تا لە ڕێوڕەسمێکی خوار و خێچدا، لەوحی زێوینی خەیار و ترۆزی بێستانەکەی سۆفی خدری نێلاسێی پێشکەش بکا.

بەو پێیەی کە بەرەی چوار بەرەیەکە بە بەردەوامی لە ڕووی فکرییەوە ئابدەیت دەبێتەوە، بۆی هەیە ئەو مانیفێستەی ئێمەش ئاڵ و گۆڕی بەسەردابێ. واتە ئایەی قورئان نییە و لەوانەشە بگۆردرێ و هەندێک فەرمایشت لە جێێ خۆی کەینەوە و شتی تری پێ زێدە بێ.

.

# شیکارانی کەلیمە

سەرهەڵدانی پرسیار لە شاری هەنار و دڵی سێو دا / عادڵ قادری|١٠
شێعرناسی / سەلاحەددین خزرنژاد|١٢
”تێئۆری ئاژاوە“ پاراڕادایمێکی نوێی شیعری نوێترخواز
خوێندنەوەی شێعری ”بە عینجە و فینجەوە... چ شار“ی ساڵح سووزەنی|١٦
سۆران محەممەدی
ڕەساڵەتی تەنز لە شێعری مەلا مارف کۆکەیی‌دا/ هەرمان وەتمانی|٢٢
سێحری گێڕانەوە/ جەلال پوورحەسەن|٢٦
فۆتۆریسم و مایاکۆڤسکی/ بابەک سەحرانەوەرد|٢٨
شێعری شار: ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە گەڵ
ئۆتیسمی دیالێکتیک و ئۆستوورەپەرەستی ئێپیدیمیک|٣٤
عەبدولقادر نیازی

# سەرهەڵدانی پرسیار لە شاری هەنار و دڵی سێو دا

عادل قادری

## خوێندنەوەی ڕەهەندە سایکۆلۆژییەکانی چیرۆکی: "سێو بوو یان هەنار؟"

## لەنووسینی ڤیدا قادری

کلیل وشەکان: خۆشاردنەوە، خۆحەشاردان، کۆنەچەشن(Archetype)، ناوشیاریی (the consciousness)، ئارەزوو(desire)، گەڕانەوە.

پوختە: لەم نووسینە دا هەوڵ دەدرێت ڕەهەندەکانی سایکۆلۆژی و میکانیزمە ناوشیارییەکانی وەگێڕی(راوی) چیرۆک بە نموونەی چیرۆکێکی خانمانە شی بکرێتەوە و بەستێنێکی تیۆریک بۆ گەڵاڵەکردنی باسی شوێن و ناشوێن لە جیهانی گێڕانەوەیی وەگێڕانی ژنی کوردی لە قەوارەی دوو کلیل وشەی "خۆشاردنەوە" و "خۆحەشاردان" دا بخرێتە ڕوو. و دواتر هۆکاری دەرکەوتنی وەگێڕێک کە ئەوەندەی لە ناو "ناسیستەم" و تاریکی و سەردابێک بە ناوی "ناوشیاریی" دەژێت ئەوەندە لە دەرەوەی ژوور و ناو کۆمەڵگا و ڕووبەری "وشیاری" ناژێت، بە وردی باس دەکرێت.

بۆ زیگمۆند فرۆید
لەناو سەوەتەکە، مۆزێک دەڵێی: سوڵتانە
بە تەنیشت سێوە لاسوورەکانەوە
فەرهاد پیربال(کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە)
----
هەناری وەی هەناری، هەناری دنکە دنکە..(دێڕێکی فۆلکلۆر)

حاشاهەڵنەگرە گێڕانەوەی چیرۆکیی کوردی لەچاوەی شیعر دا پێشینەی کەمترە و بەهەمان ڕێژەش دەقی بەردەستی چیرۆکانەی کەمترە، بەم حاڵەش بە بەراورد لەگەڵ جیهانی چیرۆک شاعیران بە پیاوانەیی و ژنانەییانەوە خۆیان دەرخستووە و کەمتر خۆیان شاردۆتەوە!لە کۆمەڵگایەکی نەریتی و تا سەر ئێسقان ئایینی دا "خۆنەشاردنەوە" لە قەوارەی زمانی پڕڕاز و میتافۆڕیکی شیعر دا لانیکەم و بە خەستی لە دوو دەیەی ڕابردوو دا هەڵگری توخمی "خۆحەشاردان" بووە! واتە لە هاوکێشەی ناو کۆمەڵگایەکی نەریتی دا ئەگەر دەربڕین و مانیفێستێکی ڕادیکاڵ و ڕاستەوخۆ دژی نۆرم و فۆرمە باوەکانی نەریت نەگەشاوەتەوە ئەوا لە ڕێگەی "خۆمەڵاس دان" و " خۆشاردنەوە" و پەناگرتنێکی زمانی دا خۆیان دەرخستووە و لە پوتانسییەلی زمانی سڕۆک و ڕازاوی شیعر بۆ دەرخستنی شاردراوەکان کەڵکیان وەرگرتووە واتە بە وتەی جۆرج ئاگامبێن سیاسەتێکی دەقیانەیان لەبەرچاو گرتووە ئەگەرچی دیارە زۆرتر هۆکارێکی ناوشیار لە پشت ڕەچاو کردنی ئەم سیاسەتە بووە. ئەم تایبەتمەندییە دژواز و پارادۆکس (paradox)یە لەپێوەندی لەگەڵ سووچ و کەلێنە نادیار و بزۆزەکانی شیعردا یەک دێتەوە، واتە لە شیعر دا بە هۆی سەنعەتگەل و تەکنیکانی جۆراوجۆر، "خۆشاردنەوە" بە شێوەیەک خۆی "حەشار دەدا" کە لەنیگای یەکەم و بەرواڵەت ئەوەندە لە خۆشاردنەوە و هەڵاتن دەچوو لە دەرکەوتن نەدەچوو، بەڵکوو فۆرمیتر لە دەرکەوتن و خۆ مانیفێست کردن بوو. بێگومان ئەم حاڵەتە دژواز و مانادارە بۆ شاعیرانی ژن و جیهانی تایبەت بە خەون و خولیا و ناوشیاریی (the consciousness)ان، ئەگەرچی ئەستەمتر بەڵام جیاوازتر و لە هەمان کاتیش دا سەرنجڕاکێشتر بوو. هەڵبەت بەو مەرجەی لە ناو کۆمەڵێک دەق کە لە ڕێگەی ژنانەوە بەرهەم هاتوون، تێمی زاڵی دیسکۆرس(Discourse) ی دونیای پیاویان بەرهەم نەهێنابێتەوە و جورئەتی مانیفێستی "خود" (self)یان لە پشت دێڕە شیعرییە پەڵەپەڵە و فرەدەلالەتەکان کردبێت. ئەم کەش و هەوایە لەبارەی چیرۆکی کوردییەوە هاوکێشەیەکیتری هەیە و ئەویش ئەوەیە کە بەهۆی ئەو ڕچە گوندیی و حەکایەت تەوەرەی چیرۆکی کوردیی کە لە پێکەنینی گەدای حەسەنی قزڵجییەوە دەست پێدەکات و تا ئێستەش لە فۆرمی جوداواز و تازە لە هەندێ دەق دا بەرهەم دێتەوە، فەزایەکی ناشاری و کۆتکراو بە هەندێ نۆرمی خێڵەکی و حەکایەتی پەندئامێز لە چیرۆک دا بەرهەم هاتۆتەوە. چیرۆک بەگشتی و چیرۆکی کوردیی بەتایبەتی بەهۆی پێبەست بوونی بەو هاوکێشەیە کەمتر دەرفەت و هەلی "خۆشاردنەوە"(بەو شکڵەی کە بۆ شیعر باسمان کرد)ی هەبووە بۆیە بە زۆری لەناو نۆرمێکی ئەخلاقیی نەریتی و پێکهاتێکی ئایینی کۆمەڵگا دا خانمان بە کەمترین حاڵەت توانیویانە لە ڕووبەری چیرۆک دا دەربکەون، ڕەوتی چیرۆکی کوردی تا بەر لە دەرکەوتنی هەندێ دەق١ کە نۆرمە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانیان شکاند، ڕووبەرێک بوو کەمتر فۆرمی وای تێدا دەرکەوتبوو کە "خود" و جیهانە کەشف نەکراو و سەرکوتکراوەکەی تێیدا دەربکەوێت و تەنانەت نەشیدەتوانی وەکوو ئەو شتەی لە شیعر دا ڕوو دەدات خۆی "بشارێتەوە". وەها حاڵەتێکیش بێگومان تایبەتمەندیی جەوهەری چیرۆک نییە بەڵکوو فەزای زاڵی نۆرمە ئەخلاقی و ئایینی و فۆبیا کۆمەڵایەتییەکان ئەم تەنگژە و هەناسەسوارییەیان بۆ جیهانی گێڕانەوەیی چیرۆکی کوردیی درووست دەکرد. ڕەنگە پێویست بوو چەندین شۆڕشی داسەپێنراوی تەکنۆلۆژیایی لە قەوارەی نەمانی سنوورەکان بە هۆی ئینتەرنێت، هەر لە یاهوو مەسینجێرەوە تاکوو فەیسبووک و تیلیگرام و...ڕوو بدەن تاکوو هەندێک لەو نۆرمە ئایینی و فۆبیا کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەی کە پێوەندییەکانی مرۆڤی ئێمەی قەتیس کرد بوو، بشکێت و گۆڕانی بەسەر دا بێت و دەنگێکیتر کە دەنگی پەراوێزکەوتە و دونیای

تەراکەوتەی "بوون"ی ئێمە بوو دەربکەون و لە مانیفێست کردنی"خود" لە رووبەری گێڕانەوەی چیرۆکیی دا سڵ نەکەنەوە...ئەگەرچی ئەم رەتەش بێ هەزینە و تێچو نەبووە بەڵام هەر دەنگانێک وەدەرکەوتن کە جیهانێک بگێڕنەوە بۆ منی پیاو، دەنگانێک کە "ناپیاوانەیە" و تایبەتە بە ناسکی و سرۆکیی و ئاڵۆزیی ژنانە...میهرەبانی...قووڵیی تایبەتی خەون و سیحری پێناسەی وشە و ژیان...پێم وابێ شکڵگرتنی هەندێ گێڕانەوەی چیرۆکیی کە لە هاوکێشەیەکی دەستەملانێبوونی شیعر- چیرۆک دا (لێرەدا چیرۆکی سێو بوو یان هەنار؟) دەژین، تایبەتمەندی دۆخێکی لەم چەشنە و دەرهاوێشتەی دانوستانێکی دیالیکتیکی نێوان نۆرم و فۆبیا و فەتوا نەریتییەکان لەگەڵ ئارەزوو(desire) و خواستە ژنانەییەکان بۆ رزگاریی و گێڕانەوە لە رووبەێکی فۆرمی و پێکهاتەیی شیعرئامێز دا بوو. هەرچەند دەستنیشانکردن و شیکاریی دەقگەلێک کە هەڵگری ئەم تایبەتمەندییە بن کات و دەرفەتی زۆری دەوێت و ناکرێت لەئاستی ناویش دا لێرە ئاماژەیان پێ بدەم، بەدەر لەم باسانە کورتیلە چیرۆک بە هۆی پێکهاتی کورت و وشەبژێریانەیەوە خۆی لە خۆی دا و بە پێی ماهییەتی تەکنیک و فۆرمەکانی دەتوانێت فیگۆر (figure)و بیچمێکی شیعریانە و میتافۆریک وەربگرێت و لەم چیرۆکە دا لەپەرەگرافی حەفت دا دەبینین: من دەمنووسی ئورشەلیم لە ناو گڕ و هەڵمدا نوقم ببوو. مووەکانی سنگت نووسابوون بە پێستی پشتمەوە. گوتبووت بنووسە ئورشەلیم لە ناو ئاگر و خوێندا گەوزابوو. نووسیبووم باران باریوە، کانیاوەکان تەقیونەتەوە، باقاریا بە خۆی و گرد و دۆڵیەوە تێرئاو بووە. گوتبووت: هەی شەیتان! ئەگەر سەرنج بدەینە دوو رستەی دیالۆگ ئاسای٢..."بنووسە ئورشەلیم لە ناو....نووسیبووم: باران باریوە" بدەین باشتر لە ئاوێزانبوونی فەزایەکی شیعریی _ چیرۆکی کە تیشکم خستە سەری دەگەین.

پێم وایە ئەم فەزایەش ئەوەندە لە ژێر کاریگەری زەینی ناوشیار بووە، لەرێگەی وشیارییەوە نەهاتۆتە کایەوە، ئەم حاڵەتە بۆ زۆرینەی چیرۆکگەلی لەم چەشنە راست دێنەوە، بۆیە بە گشتی دەڵێم ئەو هۆکارە ئایینی و کۆمەلایەتی و نەریتییەی کە باسم کرد فەزایەکی لە ناو چیرۆک دا هێنایە کایەوە کە من پیی دەڵێم فەزای "ئازادکردنی پەنامەکی ناوشیار". ئەم پێکهاتە نەریتی و فۆبیا کۆمەلایەتی و فۆرمە ئایینی و ئەخلاقییە لە لایەک و رووکەش بوون و خێڵەکی بوونی رەوتی چیرۆک و پێکهاتی چیرۆکی کوردیی لەلایەکیتر وای کرد کە ئەو دەنگە نەفرەتکراو و قودسی! و "نەبێت"انە٣، بگەڕێنەوە بۆ زمانێکی رەوایی و گێڕانەوەیی کە ئەوەندەی لە خەون و ورێنە دەچێت ئەوەندە لە چیرۆک ناچێت!ئەوەندە لە ژوور و ژێرزەمین و سەردابەکانی "نیوەوشیاریی!" و ناوشیارییەوە سەرچاوەی گرتووە ئەوەندە لە هەستێکی ئۆرژیناڵ و یەکەمینی ئازادیخوازیی کە دەرهاوێشتەی خواستێکی وشیارانە بێت، هەڵنەقولاوە! جیهانی چیرۆکیی خانمان لە فەزایەکی سایکۆلۆژی تایبەت دا بەرەوە زمانێکی هێماییی و سەمبوولیک و لە هەندێ حاڵەت دا فۆرمێکی شاعیرانە لە دەربرین رۆشتووە، لە کەلتوور و ئایینەکانی رۆژهەلات دا ئەوەندە ژن سەرچاوەی ئیلهام بووە ئەوەندە سەرچاوەی بەهاپێدان نەبووە واتە پێگەیەکی ئامێرییانە و ئۆبژەکتیڤی میتافیزیکی و ئاسمانیی بەردەوام بۆ دابین کراوە...بەڵام عێکایەتەکە لەسەر زەمین بەرەو ئاقاریتر رۆیشتووە! ئۆبژەیەکی موقەدەس کە بەشێک لە شەرەکان بە هۆی سووری دامەنەکەی٤ ئەوەوە لە لایەن پیاوانی لەشکرشکێنەوە روویان داوە...سوورێکی قودسی و بڤەیەکی ستایشکراو بەڵام تەراکەوتە بووگ و بێدەنگ کراو...ئەم حاڵەتەی بەئۆبژەکردن و دابەزاندن بۆ ئاستی ئامێر(ئەگەرچی لە هەندێ قۆناغ و سەردەمیش دا ئامێرێکی قودسی و ئاسمانی) هەموو لایەنی کارەساتەکە ناگێرێتەوە...بەڵکوو کارەساتەکە لەم لاوەیە...لە ناو دڵ و ناوکی داخستوو و وشیارییەکی سەرکووتکراوی ژنانە کە هەموو برینەکانی تووڕ داوەتە جیهانی خەون و خولیا و حەز و ئارەزووە وانوێنراوەکانی ناو جیهانی ناوشیاریی (the unconscious)...لە کەلتووری ئێمە دا و لە هەناوی ژنانی ئەم کەلتوورەمان وەگێڕێک شکڵی گرتووە بە ناوی"ناوشیار"...ناوشیارێک کە خوازیە بۆ ئەو هەموو سەرکوتکردنەی کە لەئاستی جیهانی وشیار و بەرهەست و ژینەکی ژن دا رووی داوە...من باسی زوڵم و دەست درێژیی و پێشێلکردنی مافی ژیانی پێکەوەیی ژن و...ناکەم، باسی من لە رووبەریتر و ئاستیترە، باسی من لە بوونێکە کە بواری دەرکەوتنی وشیارانەی پێ نەدراوە و وای لێهاتووە ببێ و بکرێت بە ئۆبژەیەکی سەرکوتکراو، کە وشیاری خۆی لەبەرژەوەندی ناوشیاریی بدۆڕێنێت...ئەو جیهانە دەوڵەمەند و نەناسراو و پڕرەمز و زمانوێران و هێماتەوەرەی کە بە کەمترین حاڵەت خۆی لەژێر تەفسیر و تەئویلەکان دا دەبینێتەوە...ناوشیار....نەست... نەستەوەری....خزۆک و نەگیراو وەک بۆنی عەتری ژنێکی جوانی نەناسراو لە کاتژمێرێک بەر لە نیوەشەو٥...(هەڵبەت ئەمە دەنگی پیاوێکە بە ناوی من!پیاوێتییەک کە نازانم چەندەی هی خۆمە و چەندەی هی دایکم!)... بۆیەش ئەو جیهانە شەقڵ نەشکاو و لەگۆخراوە لە قەوارەی چیرۆک دا و بەکۆمەڵێک رەمزی ژنانە و هێمای مێینانەی خۆی دەردەکەوێت...بەحەشار دان و خوازەوە...بە ئاشکرایەکی نهێنییەوە و بە چەمکێکی هایدگرییانەوە بیڵێین لە رێگەی ئەلسێئیاوە...نادیارییەکی دیار...حەشاردراوێکی بینراو...٦



کورتیلە چیرۆکی سێو بوو یان هەنار؟ سەرەڕای ئەوەی کە فەزای گێڕانەوەییەکەی لە نێوان چەند شوێن لە هاتووچۆیە لە راستی دا لە شوێنێک بە ناوی "ناوشیار" دا روو دەدات...لە "ناشوێنێک بە ناوی نەستەوەری"...ئەگەرچی پەرەگرافی یەکەم هەندێ جار بەرەو ئەو گومانەمان دەبەن کە جیهانی وەگێڕ و راوی جیهانێکی نیوەوشیارییە و لەنێوان بێداری و خەو دایە بەڵام کۆی گێڕانەوەکە بەگشتی لە ژێر تێمی زاڵی خەونێکی سەرکووتکراو و ئارەزوویەکی ناکام و دەستپێڕا نەگەیشتوو و حەزێکی ئیرزانەکراو دایە...خەونێکی ئاڵۆز و سەرکووتکراو و ناکام کە بۆتە مۆتەکە و کابووسێکی عاشقانە...ئەم چیرۆکە ئەوەندەی گێڕانەوەیەکی عاشقانەیە ئەوەندە رەوایەتێکی ئیرۆتیکی نییە کە لە حیکایەتی حەزێکی پەنامەکیانەی سیکسی دا خۆی بەیان کردبێت..."خەون" کاتێک سەرهەڵدەدات کە ئارەزووەکانی وەگێڕ یان پاڵەوان(لەم چیرۆکە دا قوربانی)٧ رووبەرووی ناکامی دەبنەوە و کاتێک لەو رووبەڕووبوونەوەیە دا بەرەو تاریکایی و قووڵایی ناوشیار توورِ دەدرێن و دواتر لە دەور و سووڕانێکی دەروونی دا دێنەوە و دەبن بە سەمبوول(سێو یان هەنار؟) دەبن بە مۆتەکە...کابووس... لەناو دڵی ژووری خەوتنی "خود" یان "ئەویدی" یان "خود-ئەویدی"٨ و یانتر لە ژوورەکانی ناشوێن... ژووری وەگێڕ و ژووری تۆ... لە رووی دەروونناسییەوە ئێمە هیچ کات بە تەواوی خەونەکانمان لە بیر نییە و بە بیرمان دا نایەتەوە مەگەر لەرێگەی خەوی دەسکرد یان هیپنۆتیزمەوە. بۆیە ئێمە وەکوو بوونەوەرێکی سایکۆلۆژیک قەت سەرەتای خەونەکانمان بە بیر نایەتەوە و هەمیشە لە ناوەڕاست و چەقی رووداوی خەونەکان داین، وەکوو وتم ئەگەر ئەم چیرۆکە لە دەلاقەی خەونێکی ناکام واتە مۆتەکەیەکەوە خۆی کردبێت بە ژوور دا ئەوا دەسپێکەکەی لە ناوەڕاستی خەونێکەوە دەست پێدەکات.لە ژوورێک و بە کۆمەڵێک وشە و سیمبولی تایبەت کە چیرۆکەکەی پاراو کردووە. کەڵک وەرگرتن لە دوو هێما و ئارکی تایپ٩ بە ناوی سێو یان هەنار کە لە زۆربەی کەلتوور و ئایین و ئەفسانە جۆراوجۆرەکان دا باسی هاتووە رەهەندی ناوشیارییانە و لایەنی مۆتەکەئامێزی چیرۆکەکەی زەق کردۆتەوە...سێو و هەنار لە زۆربەی کەلتوورەکان دا مانای جیاواز و جۆراوجۆری پێدراوە...سێو هەر وەکوو زۆر بەناوبانگە میوەی گوناه و مەعریفەت و داکەوتن و داهێنان و ئەندێشە و توغیان و ئیبلیس و....هەروەها هەموو ئەو چەمک و وتەزایانەیە کە لە بن گێڕانەوەکانی ڤەداهاتنەوە(آفرینش) وەدیار دەکەون، هەناریش وەکوو نیشانە و هێمای دازایین و فراوانی و قودسییەت و بێگوناهی و...هەروەها زۆرێک لەو دەلالەت و مانایانەیە کە لێرەدا بەخێراییش ناکرێت باس بکرێت...سێو لەچاوەی هەنار دا هێمایەکی جیهانیتر و گشتگیرتری پەیدا کردووە و هەر لە ئەفسانەکانی یۆنان و ئینجیل و عەهدی عەتیقەوە هاتووە و بە ناوی کەشفی جازبە و فیکری نیوتۆنی دا تێپەڕیوە تاکوو گەیشتۆتە کۆمپانی ئەپڵ یان هەر هەمان سێو...بەڵام هەنار هێمایەکی خۆماڵیتر و ئێرەیترە و لە کەلتوور و یادەوەری مرۆڤی کورد دا پێگەی تایبەتی خۆی هەیە...لای من وایە کاتێک دەڵێن: بارە سێو باری کردووە لە شارەکەی هەڵەبجە...ئەوە مەیدانی بۆ میوەیەکی رەسەنتر و لەمێژینەتر و ئوستوورەیتری تایبەت بە شوێنێکی دیاری سەر بە شوناسێکی تایبەت، چۆڵ کردووە...واتە هەنار... بۆیە "ناسێو" دەبێتە هەنار...بۆیەتریش لە گێڕانەوەکانی ئایینی یارسان و ریچواڵ و رێوڕەسمە رازاوییەکانیان هەنار زۆر جێگایەکی تایبەتی هەیە...لە گێڕانەوەی دەفتەرەکانی یارسان دا وا هاتووە کە: جارێک پیر و موریدانی ئایینی هەموویان لە شوێنێک دا گرد و کۆ دەبنەوە پاش رۆشتنیان هەنارێک بە جێ دەمێنێت و کچێک لەو ناوە دا تێدەپەڕێت و دەیدۆزێتەوە و "هەنارە" دەخوات...ئان و ساتی خواردنی هەستێکی سەیر لە ئێسک سووکی و نازەمینی بوون دایدەگرێت، هێندە نازەمینی کە تیشکی خۆرەتاو بە تەواوی هەست پێدەکات و هەست دەکات ئەو تیشکە بە گەرووی دا و بە شێوەیەکی سەیر دەچێتە خوارەوە تا دەڕواتە ناو زگی...و کچەی باکیرە بە نوور ئاوس دەبێت. واتە پاش ماوەیەک کچی هەنار دووگیان دەبێت و بنەماڵەی دەڕۆن تاکوو کچەی باکیرە بکوژن و لەکاتی کوشتن دا منداڵ لە زگی دایک دا و لە زاری ئەوەوە دێتە گۆ و بێگوناهی دایک رادەگەیێنێت و هەر لەو ساتەش دا حەجمێکی ئاسمانی دادەبەزێت و منداڵەکە تێیدا وەدەردەکەوێت و زگی کچەش بەتاڵ دەبێت. وەکوو دیارە چەند توخمێکی تێدایە کە زەینمان بەرەو شێوازی لە دایک بوونی عیسای مەسیح دەبەن و ئەمەش شتێکی سەیر نییە. ئوستوورەکان بێ سەرزەمین و نیشتمانن و لە کۆنەست و ناوشیاری جەمعی مرۆڤەکان‌دا وەکوو یوونگ دەڵێت: توخمی هاوبەشیان زۆرە، ئەگەرچی بۆ هەر کەلتوورێک دەشێت مانا و دەلالەتی خۆی هەبێ. بەهەرحاڵ ناوی ئەم مەسیحئاسا و لەدایک بووەی کچەی هەنار شاخۆشینە...وەکوو دیارە گێڕانەوەکان لەسەر ئەم هێما و کۆنەچەشنانە زۆر و زەبەندن بەڵام لێرە دا و لە کەلتووری میتافیزیکیی کورد دا هەنار ئەوەندە هێمای پاکی و قودسییەت و بێگەردییە هەر ئەوەندەش هێمای تۆمەتباربوون و بەرەو سەردابی مەرگچوون و کەوتنەژێر مەترسی نەمانە. هەنار لێرە و لەم چیرۆکەدا دەلالەتی شەهوەت نییە. هێند دەلالەتە بۆ بەرگریی لە خۆشەویستییەکی تازە و دژبەری نۆرمە نەریتییەکان. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش و تازەی ئەم چیرۆکە نە لە هێنانەوەی دوو هێمای سێو و هەنار کە بە فۆرمگەلی جیاجیا هاوتای مەجازی و گرتاریی(مشتق-برگرفته) بۆ دێنێتەوە. ئورشەلیم و....سەلاحەدین و هیتلەر و...بەڵکوو لەو قەیرانەیە کە لە نێوان ململانێ و کێشمەکێشی سێو و هەنار...سەلاحەدین و هیتلەر و...دێتە پێشێ و ئەم قەیرانەش وەکوو پرسیار خۆی دەخاتە روو...سێو بوو یان هەنار"؟" کەواتە ئەگەر ئەو نیشانە پرسیارەی سەردێڕی چیرۆکەکە لابەین هەموو چیرۆکەکە هەڵدەوەشێتەوە و پتەوی و تەکووزیی پێکهاتی چیرۆکەکەش هەر لێرە دایە...بۆیە نیشانەی پرسیاری ئەم چیرۆکە کە لە بەردەم دوو هێمای کەونینە و کۆنەچەشن دانیشتووە قەیرانێکە...قەیرانی شوناس...کە لە قەوارەی مۆتەکەیەک دا دێتە ئاراوە و لە رەوتێکی شوناسمەندانەی زمانیی دا دەبێت بەم چیرۆکە. ئەم کورتیلە چیرۆکە گەڕانەوەی زایەڵەیەکی پێشینییە لە ناوشیار و فیگۆر و فۆرمەکانی بۆ جیهانی وشیار و وشە و داڕشتن...ئەگەر وەکوو دریدا١٠ دەڵێت: هەمیشە گەڕانەوە و بوونێک ئامادە دەبێتەوە، ئەوا ناوشیار و هێماکانی لە پێکهاتی ئەم کورتیلە چیرۆکە دا هاتوونەتەوە. کۆی ئەم فەزایە کە ناشێت لەمە زیاتر لەسەری بڕۆم لە دوو پەرەگرافی ئاخری چیرۆکیش دا بە فۆرمێکی وشیار یان نیوەوشیار دەرکەوتووە: بە ئاگا هاتبوومەوە. وا دیارە بۆ چەند ساتێک وازت لێ هێنابووم و

ئوستوورەکان بێ سەرزەمین و نیشتمانن و لە کۆنەست و ناوشیاری جەمعی مرۆڤەکان‌دا وەکوو یوونگ دەڵێت: توخمی هاوبەشیان زۆرە، ئەگەرچی بۆ هەر کەلتوورێک دەشێت مانا و دەلالەتی خۆی هەبێ. بەهەرحاڵ ناوی ئەم مەسیحئاسا و لەدایک بووەی کچەی هەنار شاخۆشینە. وەکوو دیارە گێڕانەوەکان لەسەر ئەم هێما و کۆنەچەشنانە زۆر و زەبەندن بەڵام لێرە دا و لە کەلتووری میتافیزیکیی کورد دا هەنار ئەوەندە هێمای پاکی و قودسییەت و بێگەردییە هەر ئەوەندەش هێمای تۆمەتباربوون و بەرەو سەردابی مەرگچوون و کەوتنەژێر مەترسی نەمانە. هەنار لێرە و لەم چیرۆکەدا دەلالەتی شەهوەت نییە. هێند دەلالەتە بۆ بەرگریی لە خۆشەویستییەکی تازە و دژبەری نۆرمە نەریتییەکان.

وازت لێ نەهێنابووم. تێر تێر خەوتبووم و نەخەوتبووم. شەلاڵی عارەقە ببووم. لە باوەشتدا بووم و لە باوەشتدا نەبووم. هی کەسێکی دی بووم و نەبووم. شار کەوتبووە چنگ لەشکرەکەت و نەکەوتبوو. دوژمن بە خۆی و کالانە بەتاڵەکەیەوە خەوتبوو و پرخەی دەهات. باسی هەنارت دەکرد یان سێو؟ سەلاحەالدین یان هیتلەر؟ تێ نەگەیشتم تەنیا لە هێزی سووتێنەری لەشکرەکەت تێ گەیشتم...... ئەتۆ باخی هەنارت دەستنیشان کردبوو یان سێو؟ ئۆرشەلیم یان؟....... بەهەرحاڵ باشترین فام و تێگەیشتن بە سەفەرکردن بە ناوی خودی دەق دا دێتە ئاراوە و ئەمەش بۆ خوێنەری چالاک و یاخی روو دەدات.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١_من بۆ خۆ بواردن لە کردنەوەی هەر باسێکی نیوەچڵ و هەڵپەسێردراو لێرەدا ناوی هیچ دەق و نووسەرێک لەو گۆشەنیگایەی باسم کردووە ناهێنم و لە دەرفەتێتر و بەشێوەی جیادە پەرژێمە سەری. مەبەست لە گێڕانەوەی چیرۆکیی لە کۆی ئەم نووسینە دا ڕەوت و فەزای چیرۆکانەی ڕۆژهەلاتی کوردستانە.
٢_بۆیە دەڵێم دیالۆگ"ئاسا" و ناڵێم دیالۆگ، چوون بەپێی ئەو میکانیزمەی لە پشت گێڕانەوەکە دایە جیاوازیی نێوان ئەو دوو کەسە (کە لە فەزای زاڵی چیرۆکەکە دا هێمایی بوونیان لە قەوارەی "هەنار" و "سێو" دەردەکەوێت)ئەوەندە زەق نییە و هەر دەڵێی مۆنۆلۆگێکە و یەک کەس لە گەڵ بەشێکیتری خۆی دەیکات....دەریایەک کە ئاسمانی گرتۆتە باوەش و نازانێ ئەم ئەوە یان ئەو ئەمە....نووساوە بە پێستی زگیبیەوە...دیار نییە لێی بۆتەوە یان نا...ئەم فۆرمەش بە هۆی میکانیزمی دەروونناسانەی مۆتەکە یان کابووسە کە ئاوەها دەردەکەوێت...
٣_دەبێتانە و نەبێتانە دوو چەمکی ناو جیهانی فەلسەفەی ئەخلاقن و کە لەگەڵ "کردن" و ئەنجامدانی دا مانا وەردەگرن، لێرەدا ئاماژەم بەو پێکهاتە ئایینی و ئوستوورەییە کۆنانەیە کە سڕینەوە و "نەبێت"یان بە ڕەوایەتێکی ئەخلاقی نۆرمەکانی خۆیان پاساو داوەتەوە. چاو لە کتێبی"فلسفەی کامۆ" نویسندە ریچارد کمبر، ترجمە خشایار دیهیمی، فصل کاموی اخلاق پرداز بکەن. شایانی باسە هەموو ئەم کتێبە لەلایەن نووسەری ئەم دەقە کراوە بە کوردی و لەژێر چاپ دایە.
٤_مەجازێکە لە فرەرەهەند و فرەلایەن بوونی سووریی و خوێنئامێزیی جیهانی مێینە کە هەر لە کۆنەوە و لە قەوارەی جیاجیا دا قودسییەت و "نەبێت"ی و "دەبێت"ی بە خوێن و سوورئاڵ بوون پاساو دراوە و گێڕدراوەتەوە. فریدریک کاپلستۆن لە بەرگی یەکەمی مێژووی فەلسەفەکەی دا ئاماژەیەکی نیوەچڵ و تێپەڕی دەبێ بەم شتە و پێم وا نییە خۆیشی باش ئاگای لێبێت کە پرسەکە ناشێت لە گێڕانەوەیەکی مێژوویی_فەلسەفی دا کپ بکرێتەوە، پێشەکی بەرگی یەکەم، یونان و روم، لەو شوێنەی کە باسی دامەنەکەی مەلەکە ئێلیزابت و کاریگەری لە سەر سەرهەڵدان و وەستانی شەڕەکان دەکات. فریدریک کاپلستون، تاریخ فلسفە یونان و رم ترجمە سید جلال الدین مجبوی، سال ١٣٨٠
٥_ناوی فیلمێکی سەرنجڕاکێشی ڕۆمانتیک بە دەرهێنەری -Richard Linklaterریچارد لینکلاتۆر کە ساڵی ٢٠١٣دروست کراوە.
٦_"ئەلێسێئیا(aletheia)" کە وشەیەکی یۆنانی کۆنە هاوواتای حەقیقەت بەکار دێت بەو واتایانەی کە ئەم وشە دەیپرشێنێتەوە و لێیدەوەشێتەوە، فەزا و زمانێکی شیعریمان بۆ مسۆگەر دەکات. ئەلێسێئیا، بێجگە لە حەقیقەت بە واتای "ناپۆشراوەیی" ش دێت. کەواتە دەردەکەوێت یۆنانێکانی جیهانی کەونارا کاتێک بیریان لە حەقیقەت دەکردەوە، هاوکات و هاوتەریبیش لەبارەی "لەسەر دامالَین، پەردەهەڵماڵین، دەرخستن و یان دۆزینەوە" بیریان دەکردەوە. هایدیگەر بە زۆر و زەبەندی لەم زاراوە فەلسەفییە دا و لە ئۆنتۆلۆژییەکەی خۆی دا کەڵکی وەرگرتووە و بەگشتی ئەلێسێئیا واتای دیاری نادیار...ئاشکرای شاراوە ...دێت. چاو لە کتێبی هایدگر- جف کالینز، هاوارد سلینا- ترجمە صالح نجفی بکەن.
٧_چوون من تەنها قایل بەوە نییم چیرۆک یان پاڵەوانی هەبێت یان دژە پاڵەوان بەڵکوو هەندێ جار کارێکتەرێکی تێدایە کە نە پاڵەوانە و نە دژی پاڵەوانیش بەڵکوو قوربانییە و ئەو دەبێتە پاڵەوانی تراژیک و دژەباوی گێڕانەوەکە.
٨_ identityکە بە واتای شوناس یان هویەت هاتووە و دێت وەکوو وشە و پێکهاتی وشە لە I واتە "من" و dentityواتە "ئەو" درووست کراوە و بە باشی لەم چیرۆکە دا "من-ئەوێتی" یان هەمان شوناس و ئایدێنتیتی دەبینینەوە، وەگێڕ ڕاستە لە زمانی یەکەم کەسی "من" و دووهەم کەسیش(کە لە چیرۆکی جیهانی دا پێشینەی زۆری هەیە و لە چیرۆکی کوردی دا کەمە) واتە "تۆ" کەڵک وەردەگرێت، بەلام ئەوەندە لە ناو هاوکێشەیەکی "من-تۆیی"گێڕانەوە دا دەژیت ئەوەندە جیاکاری و ناتێکەڵبوون لە نێوان ئەو دوو وەگێڕە بەدی ناکرێت.
٩_ئارکی تایپ یان کۆنەچەشن ئەو هێما کۆیی و دەستەجەمعییەیە کە لە زەینی ناوشیاری هەر کۆمەڵگە یان کەلتوورێک دا و لە ماوەی سەدان ساڵ دا جێدەگرن و دەبن بە سیستەمێکی زمانیی جیهانیی لە هەموو کەلتوورەکان دا کە نوێنەرایەتی جیهانی خەون و ترس و مۆتەکە و ئارەزوو و....دەکەن، بۆ زانیاری زیاتر چاو لە کارل گوستاو یونگ، انسان و سمبولهایش، ترجمە دکتر محمود سلطانیە، سال نشر ١٣٩٠
١٠_بۆ زانیاری زیاتر چاو لە کتێبی ژاک دریدا، فروید و صحنەی نوشتار(مواجهات)، ترجمە مهدی پارسا. سال نشر ١٣٩٣ بکەن.



# شیعرناسی

## سەلاحەددین خزرنژاد

**چ شتێک (وجوودێک) هۆکاری ئەدەبی یان هونەری بوونی بەرهەمێکە؟**

لە پێناو وەڵامی ئەم پرسیارە فۆرمالیستە، ڕووسەکان لە سەرەتایی سەدەی بیستی زایین‌دا بە چەندێک چەمک و عیبارەتی تایبەتی ئەدەبی کە هەرکامە و خاوەن پاڵپشتێکی ڕیشەداری نەزەرییە بنچینەیەکیان دارشت کە تا ئێستاش خاوەن‌هزرانی بواری ئەدەبیات بە تایبەت و هونەر بە گشتی قەرزداریانن.

«ئاشنایی‌سرینەوە» دیارترین و سەرەکیترین چەمکی فۆرمالیستە ڕووسەکانە؛ کە وەکی پەیوەندێکی خوێنی لە تەک فۆرمالیستەکاندا بێ ئاوێتەیانە بەڵام ئەم چەمکە بە تەنیا نییە کە فۆرمالیسم دەکاتە فۆنداسیۆنی ئەدەبیاتی سەدەی بیستی زایین، بەڵکە ئەم چەمکە لەپاڵ چەند دەستەواژەی دیکەیە گرینگی ئێستای هەڵدەتۆقێ و لەوانەش ب تایبەت چەمک گەلێکی وەک«لایەنی بەرچاو»، «جەمسەرەکانی ئیستیعارە و مەجاز» و «شێعرشناسی» دەکرێ ناوبەرین. لێرەدا خۆ پاراستن لە سیلسیلەی سەرهەڵدانی ئەم باسانە و بەسەرهاتی مێژوویی هەرکام لە ئەو چەمکانە هەرچەندە خۆی لە خۆیدا بەدەر لە دەسەڵات و تاقەتی ئەم نوسراوەیە، لە لایەکی دیکەوە هەر مەبەستی ئەم وتارە نییە بەڵکە مەبەست لە ئم وتارە لە لایەکەوە بە دەستەوەدانی تاریفێک دەنا هیچ نەبێ چوارچێوەیەکە لە چەمکی «شێعرشناسی» وەک زانستێکی ئەدەبی و لە لایەکی دیکەوە ئاماژە بە ئەو جیاوازیانەیە کە شێعرشناسی لە بواری مانایی و کارکردی و ئامانج و...دا لە تەک چەمکەکانی وەک تەئویل، تەفسیر، تەشریح و تەحلیل و...دا هەیەتی.

بۆ پێکانی ئەم مەبەستانە نەک پێویستە بەڵکە باشترە شێوەیەکی سیلبی ڕەچاو بگیرێ، واتە لە ڕێی تاریفی هەرکام لە چەمکەکانی هاوسەنگی تەئویل، بە مانای «شێعرناسی» بگەین.

جێی ئاماژەیە هەرچەند جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان تەئویل، تەفسیر، تەشریح و تەحلیل‌دا هەیە بەڵام بە گشتی ئاکامی هەرهەموویان گەیشتن بە مانا یان ماناکانی دەقە و هەر بۆیەش بە گشتی تۆدۆرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕەیە دەکرێ هەموویان بە هاوسەنگی یەکتری بزانین و لە هەمان کات‌دا لە بەرامبەر «شێعرناسی»دا جێ بگرن.

بۆ سەلماندنی ئەم وتەی تۆدۆرۆڤ تاریفی هەرکام لەو چەمکانە پێویست دەنوێنێ:

**تحلیل**(Analysis): شی کردنەوە و هەڵوەشاندنی شتێک بە سەر ئەو تاکانەی پێکی هێناوە لەڕێی موتاڵا، بۆ تێگەیشتن لە هەرکام لە تاکەکان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان بە مەبەستی حەل کردن یان دۆزینەوەی مانا یا ماناکانی ئەو شتە.(داد، ١٣٩٢: ١١٥)

تەفسیر(Exegesis): بە مانایی هەڵێنجانی مانایەک یان چەند مانای شتێک یان چەمکێک لەسەر بنەما عیلمیەکان، واتە هەڵێنجانی مانا بە پێی تیئۆریە نەزەریەکانی عیلمێک. بە گشتی تەفسیر لە ئەدەبیات‌دا بە مانای فامی زمان بۆ فامی مانای دەقێک جا چ لە ڕێی ئانالیز یان هەر ڕێیەکی دیکەوە.(مکاریک، ١٣٩٣: ٩٧)

تەشریح(Commentary): واتە شەرح و شرۆڤەی چەمکێک چ لە ڕێی تەفسیر یان هەر ڕێیەکی دیکەوە بە مەبەستی گەیشتن بە مانا یان ماناکانی ئەو شتە. تەشریح دەتوانێ بە یارمەتی «تەوزیح» بە مانای ڕوون کردنەوە و پەردە لادان لە شتێک(ئەو جۆرەی لە ڕیشەی عەرەبیەکەی‌ڕا دەکرێ تێیبگەین) و هەر وەها لە ڕێی «تەوسیف» واتە وەسف و بە بەژن و بالادا هەڵکوتنی شتێک ئەنجام بدرێ.

تەئویل(Interpretation): بە مانای گەڕانەوە بۆ سەرەتای شتێک(چ لە بواری مێژوویی، مانایی و زمانەوانی و...) بە مەبەستی گەیشتن بە ڕیشەی مانا یان ماناکانی شتێک.

لە تاریفی هەرکام لە ئەو چەمکانەدا خەسلەتێک بەدی دەکری کە لە هەموویان‌دا هەیە وهەر ئەو خەسلەتەش لە واتای«شێعرشناسی» دووریان دەخاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەرکام لە ئەو چەمکانە وەک مێتۆد یان ڕەوشتێک دەنوێنن بۆ گەیشتن بە مانا. هەر بۆیە و لە ئەو جێیەی‌ڕا ئەو وشانە وەک چەمکێک بۆ فامی مانا خاوەن زاتی گەڕانەوەن بۆ ناوخۆ یان بە واتایەکی دیکە ڕێی گەڕانەوە بۆ ناوخۆ دەگرنە بەر بۆ بەدەستەوەدانی فامی هەر شتێک تۆدۆرۆڤ هەر هەموویان (لە بواری ئامانجەوە) بە یەکسان و هاومانایی تەئویل دەبینێ و دەڵێ: «ئەو چەمکانە بە هورمی ئامانجیان دێنە تاریف و ئامانجیان بە گشتی دیاریکردنی مانای ئەو دەقەیە کەوتۆتە بەر لێکۆڵینەوە»(تۆدۆرۆڤ، ١٣٩٢: ١٦) لە حاڵێک‌دا «شێعرشناسی» هەر بە وتەی تۆدۆرۆڤ وێڵی دۆزینەوەی یاساگەلێکی گشتییە کە بەرهەمی ئەدەبی حاسڵی ئەو بێ.(سوسور و...، ١٣٩٤: ١٦٣)

دوا سەرەنجامی تەئویل بە ڕای تۆدۆرۆڤ نەک گەیشتنە بە هەرهەموو یان تەواوی مانای دەق بەڵکە گەیشتنە بە ئەو بەشە لە مانای دەق کە ڕازێری ئەگەرە و ئیحتیمالە مێژووییەکانە و هەر ئەوەش سەرەکی‌ترین و بنەڕەت‌ترین جیاوازی تەئویل وەک نوێنەری هەموو هاوسەنگەکانی و «شێعرشناسی»یە.

هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا «شێعرشناسی» وێڵی دیاریکردنی مانا نییە بەڵکە وەک زانستێک هەوڵی گەیشتنە بە کۆمەڵێک یاسای گشتی کە زاڵن بەسەر هەر بەرهەمێک‌دا و بۆ ئەو مەبەستەش «شێعرشناسی» نەک دەستی تکا بۆ باقی عیلمەکانی سەردەم درێژ بکا بەڵکە سەربەخۆ و بەس لە جیهانی ئەدەبیات‌دا ئەم هەوڵە دەدا. جێی ئاماژەیە بەرهەم یان دەقی ئەدەبی بابەتی «شێعرشناسی» نییە بەڵکە «شێعرشناسی» ئەو تایبەتمەندیانە تاوتوێ دەکا کە نەک هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەڵکە دیسکۆرسێکی ئەدەبی پێک دێنێ و ئەوە یانی وەڵامێک بۆ پرسیاری سەرەکی فۆرمالیستەکان و سەرەتای ئەم وتارە، واتە: ئەدەبییەتی دەقێک لە چی دایە؟ یان بە واتایەکی باشتر، چ وجوودێکی

تایبەت بەرهەمێک ئەدەبی دەکا؟

لە درێژەی ئەم باسەدا و بۆ سەڵماندنی ئەم دیعایەیە وتەی یاکوبسێن بەڵگەیە وا دەڵێ: «شێعرشناسی هەوڵێکی تایبەتە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە کە چ شتێک پەیامێکی کەلامی دەکا بە بەرهەمێکی هونەری؟»(پایەندە، ١٣٩٠: ٧١)

وەلحاسڵ؛ ئامانجی «شێعرشناسی» شرۆڤەی بەرهەمە ئەدەبیەکان یان گوڵبژێرێک لە وەسفی ماناکانی ئەوان نییە بەڵکە لە ئەم بوارە لە زانستدا دارشتنی بنیانێک مەبەستە کە روونی بکاتەوە چلۆن دەکرێ پێرستێک لە ئەو ئامرازە ئەدەبیانە پێک بێنین بۆ ناسین و سازکردنی پێکهاتە و دیسکۆرسێکی ئەدەبی.

لە کۆتایی ئەم وتارەدا (وەکوو بیدعەتێک بە پێچەوانەی باوی رۆژ کە زەروورەتی نووسینی وتارێک لە سەرەتارا باس دەکا) ئەوەی وەک زەروورەتێک سەر هەڵدەدا جیاوازی قایل بوونە لە نێوان چەمکی «رەخنە»، «تەئویل»، «تەفسیر» و...، واتە هیچ کامێک لە ئەو چەمکانە نامانگەیەننە مەبەستی «شێعرشناسی» و هەر ئەوەش «شێعرشناسی» وەک بنەمایەکی نەزەری فۆرمالیستەکان دەکاتە خاوەن خانەیەکی سەربەخۆ کە تا ئێرە ئەدەبیاتی کوردی کەمترین ئاوڕی لێداوەتەوە.

سەرچاوەکان:


١. تودوروف، تزوتان (١٣٩٢). بوطیقای ساختگرا، محمد نبوی، چاپ سوم، تهران، نشر آگه

٢. فاولر، راجر و دیگران (١٣٩٠). زبانشناسی و نقد ادبی، مریم خوزان و حسین پاینده، چاپ چهارم، تهران، نشر نی

٣. داد، سیما (١٣٩٢). فرهنگ اصطلاحات ادبی، چاپ ششم، تهران، نشر مروارید

٤. سوسور، فردینان و دیگران (١٣٩٤). ساختگرایی، پساساختگرایی و مطالعات ادبی، فرزان سجودی، چاپ سوم، تهران، نشر سورەی مهر

٥. مکاریک، ایرنا ریما (١٣٩٣). دانش‌نامەی نظریه‌های ادبی معاصر، مهران مهاجر و محمد نبوی، چاپ پنجم، تهران، نشر آگه




# تیئۆری ئاژاوه

## پارادایمێکی نوێی شیعری نوێترخواز

## خوێندنەوەی "بە عینجە و فینجەوە... چ شار"ی ساڵح سووزەنی

سۆران محەممەدی، سەقز

هێزیۆد شاعیری یوونانی سەدەی هەشتەم (پ.ز)، "ڕەچەڵەکناسی خودایان"ی لە شیعرێکدا کە لە مەڕ فەلسەفەی دامەزراندنی جیهان بوو هۆنیەوە و گوتی: لە سەرەتا دا ئاژاوه ساز کرا و دوایی جیهان وەدی هات و هەموو شتێک بنیات نرا. هەندێ لە بیرمەندان سەدەی نوێ بە سەردەمی ئاژاوه (Chaos) ناو دەبەن، هەڵبەت "ئاژاوه" لەم بیرۆکە نوێیەدا جیاواز لەو شتەی لە وێنای جەماوەردا هەیە جگە لە بشێوی و ئاڵوزی، هەڵگری تەکووزیی و دامەزراویی حەشاردراو لە دەروونی خۆیدایە، شێوازی پۆزیتیۆیسمی نەریتخواز تا ئاستێکی زۆر ڕێگەی پێشکەوتنی زانستی خۆشکرد، ئەم شێوازە بە پاڵپشتی سەرچەشنی نیۆتۆنی، چوار ماکی بنەڕەتیی وەکوو تەکووزی، دابەزاندن، پێشبینی و قەدەری لە خۆیدا هەڵگرتبوو. ماکی یەکەم کە تەکووزیی بوو بەو واتایە بوو کە هەموو شتێک لەسەر تەکووزی لە پێش دامەزراو بنیات نراوە و ئەنجامی هەموو شتێک لە پێش دا مسۆگەرە و پێوەندی هۆ و بەرهۆ ئاشکرا و ساکار، وەک زەنجیرێک بە شوێن یەکدان. دابەزاندن بەو واتایەی کە دەتوانین کردەوەی سیستەمەکان بە ناسینی چۆنییەتی کردەوەی کۆمەڵەیەک لە ئامرازەکانی ئەو سیستەمە پێناسە بکەین. پێشبینی مانای ئەوەیە بە ڕچاو کردنی ڕووداوەکان لە ڕووکارێکی گشتی دا دەتوانین پێشبینی داهاتوو بکەین. لە دواییدا قەدەر واتە ڕەوتێک کە لە بوارێکی ڕێک و چاوەڕوانکراودا درێژەی دەبێ و بە شێوەیێکی لۆژیکی و ئاشکرا دوایی دێت. تیئۆری ئاژاوه بە تێپەڕاندنی ئەم سەرچەشنە نیۆتۆنی و پاڵپشتی فیزیکی کوانتۆم، باس لەو بنەمایە دەکات کە لە سیستەمی ئاڵۆزدا ناکرێ بە ڕاشکاوانە بڵێین ڕووداوێک دیسان دووپات دەبێتەوە، بەڵکوو درووست ئەوەیە بڵێین لەم سیستەمانەدا تەکووزیی و ئاڵۆزی تەواوکەری یەکدین. وشەی ئاژاوه (Chaos) بە شێوەی نەرێتی بە مانای بشێوی و ئاڵۆزی و نەبوونی هەر چەشنە پێکهاتە یان تەکووزیی‌یێکە. هیلز لە١٩٩٠ ئاژاوه یان بشێوی ئاوا پێناسە دەکات: بشێوی و ئاژاوه چەشنێ تەکووزیی ناو ئاڵۆزییە. ئاڵۆزی لەبەر ئەوەی ئەنجامی ئەو ئاڵۆزییەدامەزراوە پێشبینی ناکرێت و تەکووزیی‌یەکەی بەو هۆیەوە کە لە چەشنێ مسۆگەری بەهرەمەندە. ئادامز ئاژاوه ئاوا مانا دەکاتەوە: لە ئاژاوەدا ژیان لە دایک دەبێ و لە تەکووزیی عادەت سەرهەڵدێنێ. گریمانە سەرەکیەکانی تیئۆری ئاژاوه کە مژاری ئەم وتارە دەبەستن بە خۆیەوە ئەم چوار بەشەی خوارەوەن:

### ١- کاریگەریی پەپوولەیی(butterfly effect):

هەر چەشنە گۆڕانێکی بچووک لە سەرەتادا، دەبێتە شڵەژانێکی گەورە لە کۆتایی دا. بۆ نموونە ئەگەر پەپوولەیێک لە چین بفڕێ، لە ئەمریکا گەردەلوولێک ساز دەبێ. یان خۆسووتاندنی دەستفرۆشێک لە توونێس بووە هۆی دارمانێ سێ دیکتاتۆڕ لە وڵاتە عەرەبییەکان و سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی.

### ٢- سەروشوێنی هۆلۆگرامی، یا فرکتاڵ (self similarity):

بەو واتایەی وێکچوویی‌یێەک لە نێوان پاژ و گشت دا دەردەکەوێ، دیارە هەرکات هەرچەشنە ماکی هۆلۆگرامی کە بەردەوام نارێک و ئاڵۆزن، بیکەین بە چەند کەرتەوە هەر کەرتێک بۆخۆی وەک بەشێکی سەربەخۆ نموونەیێک لە ئۆرجیناڵە و وەک ئاوێنەیێک تا دوایین کەرت هەر ئاوێنە دەمێنێتەوە.



### ۳-هەڵکردنی دینامیکی(dinamyc adabtaion):

سیستەمە ئاڵۆزەکان لە پێوەندی لەگەڵ دەورووبەری خۆیاندا وەکوو بوونەوەر کار دەکەن و چەشنێ هەڵکردنی بزۆز و دینامیک لە نێوان خۆیان و دونیای دەور و بەریاندا هەیە.

### ۴- راکێشانی نامۆ(streng attractors):

هەموو ئەو شتانەی لە ڕوانگەی یەکەمدا پرئاژاوڵە دەیبینین، لە درێژەدا سەرچەشنێکی دامەزراو بەخۆیەوە دەبینێت. بە کورتی پرئاژاوە بوونی ئەم ڕەوتە هەواڵی تەکووزیی‌یەکی حەشاردراو و کەشف نەکراو ئەدات. یەکێ لە گرینگ‌ترین چەمکەکانی پێکهاتەهەڵوەشێنی، ناوەندسڕینەوە (دێکانستراکشن)ە، بەڵام وێنای خەڵکی زێدەتر لەسەر ئەوەیە کە ناوەندسڕینەوە واتە لە ناوبردنی ناوەندەکان، لەحاڵێکدا مەبەستی دریدا لە ناوەندسڕینەوە لە ناوبردنی ناوەندەکان نییە، بەڵکوو گۆڕینی ناوەندەکانە، دریدا بەم ڕاستییەی دەزانی کە ناوەندەکان دیسانەوە سەرهەڵدەدەنەوە کەوایە دەبێ ناوندی زۆرینەمان(متکثر) بێ (خبازی۱۳۹۵) لە پێکهاتە سڕینەوەدا جیاوازی و دواکەوت لە زنجیرەی دالەکاندا ڕوودەدات و دەگونجێ چەندین ناوەندی واتایی لە دەقدا بوونی هەبێ، ئەمە و ئەو هەموو ئاڵۆزی و بشێوییە لە دەقی شیعری (بەعینجە و فینجەوە... چ شار)ی ساڵح سووزەنی دێتە بەرچاو هەلی خوێندنەوی بە پێی "تیئۆری ئاژاوە" زەق دەکاتەوە و بۆمان دەردەکەوێ هەموو بزۆزییەکان لە خزمەتی تەکووزیی گشتی دەق دان و وەک چۆن شار لە دوورەوە بە هێمنی و ڕێک و پێکی دیارە بەڵام کە دەچینە نێو شارەکەوە جەنجاڵی و قەرەباڵغییەکەی هەست دەکرێ، ئەم شیعرە بە پێچەوانەوە لە پێشدا ئاڵۆزی شار دەردەخات پاشان دەتوانین تەکووزیی‌یەکەی هەست پێ بکەین. بە واتایێکی دیکە دەتوانین بڵێین ئەم بشێویە لە کەشی شارەوە هاتووتە ناو دەقی شیعرەوە و شار و شیعری شێواندووە و بووەتە هۆی ئاڵۆزی زمان و وشەکان و ڕێساکان و ڕستەکان. دەکرێ بڵێین وەک چۆن شارۆمەندان بەناو یەکدا دێن و دوواییش سەقامگیر دەبن، لەم شیعرەیشدا هەموو ئاڵۆزی‌یەکان بە پێی "تێۆری ئاژاوە" لە پشت واتاکانەوە ڕێک و پێک دەبن. لێرەدا مەبەستی سەرەکی دەق، زۆرینە کردنی ناوەندەکانە. بۆ چوونە ناو باسەکە ئەو تایبەتمەندیانەی لە شیعری (بەعینجە و فینجەوە... چ شار) دا کە دەمانباتەوە سەر "بیرۆکەی ئاژاوە" بە وردی دەیهێنمەوە:

### یەک: کەڵک وەرگرتن لە تێکنیکی زمانئاڵۆزی:

-سالادی وشەکان (word salad): لە تێکەڵ کردنی بێ سەرووبنی وشە و ڕستە و دەستەوشەکان پێک دێت. بۆ نموونە:

هەر با دەڕۆم و شارئەخۆمەوە.. نا تینوو

سەربە هیچ و مل بە تەریقەتی ئاوێنە تا جیوە

.....

چ هەرا هەرایەکە بە قۆیماخ

ئەی بەرد؟

.....

تۆ بای بدەیتەوە بە پشتا و من بکۆکم لەتۆدا بە بارانەوە

تا چۆڵەکانی پشت ئاوێنە و سینگ و جیوە

### -فڕکەی بیر(flight of ideas):

بەکارهێنانی خێرای وشە یان گەمە بە وشەکان کە دەبێتە هۆی لادانی لەپەستای لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە، هزر و بیر بە شەپۆلی خێرای تەداعییەکان دیاری دەکرێن. بۆ نموونە: بە چاوان چی دەڵێن دەتانکەم دە وێڵم کەن "لە کەن و فستیواڵتان بم م م

.....

سەری شاخمان دەبردە شاخ و شوماخێر هەموو ساڵێ دەبوو بە

یەک دوو سێ چوارنا ۵ و سێکس نا ۶ و دوایی ۴ تا پایان

........

قۆبچەی ش ینەکەم خراپە ببوورن نایس بە توون و تەتەری ڕێ

بین کوڕێ باسە

مێژوویەکی کەڕینە کەرەنا و یان کەر ئەترسم م م با بێ و بمبا یان

نەم باااا ببم بەگا وەک تۆ و شوما ترخێن.. باوکم دەیگوت

ترخێنە و کایلۆژ ناخۆشترین بوو

### - دەنگدانەوەی ئاخاوتە(echolalia):

چەندپات بوونەوەی وشە یان ئاخاوتەی کەسایەتی، ڕەنگە پچڕپچڕبێت. بۆنموونە:

هەتا هەتاو... هەتاو هەتا هەتا هەتا.. هەهە..هەهە

.....

! ئەی نایکەی نایەڵێ ڵێ ڵێ ڵێ ڵێ ئاوم دێ ت

.....

ئێمە چی بکەین لە کوێریتان"تان تان تانە مەدەن و شا نە لە زوڵفتان

### -تێهەڵکێشان(condensation):

تێکەڵکردن و کردنەیەکی چەند واتای جیاواز بە فۆرمێکی یەکگرتوو، بۆ نموونە:



تۆیش برسێتی خەلاتێکی ئەبەدی بووناین.. و ئیستە برسێتنائازا  دیت دێ بە گشتمانەوە

.....

کەرێکبە دەوری سەریەوە .. دەفڕێ (...) و منیش شیتترترینتر لە تر ساعیر(ش)

ئەترسای بتگرنبۆمنکەپێشترگیرابوومبۆتۆ

.....

دەجاران بەڵێننا مەمواژۆومۆڕکردوەو بە چاوان چی دەڵێن دهتانکەم دە وێڵم کەن

## -تەداعی دەنگیی(clang association):

تەداعی و بانگهێشتنی ئەو وشانەی دەنگیان وەکوو یەکە و مانایان جیاوازە، وشەکان هیچ پێوەندی لۆژیکییان بە یەکەوە نییە، وەکوو ئەوەی بە بیستنی وشەی خیابان قسە لەسەر بیابان بکەین. بۆ نموونە:

چەند هارە   بەهارە   هارەکەی بکە بە شێت   شێتانە هارمکە هاڕە هاڕ...

......

سەرهەنگ هەنگەکانی فڕاند؛

.....

- باسی کەڵت دەکرد و تیکەڵبوویت

.....

- بە شێعرەساتەوە دەتر سام یان زاڵ و ڕۆستەمی چی فەحە!...
رووحمان دەدا تا بینووسە  سەرهەنگ هەنگی چی؟

**دوو: هەبوونی سێ دەنگی جیاواز بە شێوەیێکی ئاژاوەگێڕانە!**

ئەو چەشنە پۆلیفۆنییەی لەم شیعرەدا ڕچاو دەکرێ بە تەعبیرە باختینیەکەیەتی؛ کە تێیدا هاوکات چەند دەنگ دەبیسترێ، بە شوێن ئەوەدا دەنگەکان پێکەوە قسە دەکەن، وڵامی یەک دەدەنەوە و هیچکامیان بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ نین، هەر کام لە ڕێی پاشخانی فکری خۆیەوە دێتە ئاخافتن، بەبێ ئەوەی هەڵوێستی نووسەری بەرهەم دیاری بکرێت. ئەوەی بووتە مەبەستی بیرۆکەی ئاژاوە، ئەوەیە کە دەنگەکان لە زۆر شوێن دا تێکەڵی یەکدی بوون و جودا کردنەوەیان ئەستەمە، ئەمانەش هیچ کارێ ناکەن مەگەر لە بەرژەوەندی بشێویدا نەبێ:

تۆ بە نا ئەژیت و بە تینوو
من بای ئەدەممەوە بە لەرزانەیی جیوەتەوە خەون ئەتۆرم
ئەو ... بە شارانە و بارانە ئەکۆکێ بێ هوتێل نووستن لە تۆدا

ئەم سێ دەنگە لەم شیعرەدا هەرکامیان بە ئایدۆلۆژی خۆیانەوە بەردەوام بوونیان هەیە، هەنێ جار چەت دەکەن و بە لاتین دەنووسن و هەنێ جار زمانی حەیران دەگۆڕن بە جێی کچە حەیران، بۆ کورە حەیران گۆرانی دەچڕن، لە ئیرۆتیکی زمانی خۆ ناپارێزن و چی بەزاریاندا دێ دەیڵێن. خوێنەر نەک لە ڕووی ڕێسای خاڵبەندی ڕستەکانەوە بەڵکوو دەبێ بە بیستنی دەنگی دەروونی دەق پەی بە جیاوازی دەنگەکان ببات:

دەنگی من: من نا خۆت و تینوو و جیوەترین سینگ و ئەم ئاسنە ناخەوێ
دەنگی تۆ: بە ئاسنی خەوتووتەوە.. بە بەردەوە کە بۆتە خیززز      نابێ بە زیخ نە بەردە با بەردە  تۆخوا بەرۆکم بەردە... سەدجارم گۆت ئاوێنە!
دەنگی ئەو: ئەوە چی دەڵێن ئەو دوانە دوانەدوان دوانیان کرد بە جارێ ...

زۆر جار "دەنگی "من" کە تووشی شڵەژان و پەشۆکان دەبێ، زمانی قورس ئەبێ و پیتی "ش"یی بۆ نایێ، واتە چەشنێ خودسانسۆڕی تێدا دەردەکەوێ کە دەبێتە هێمای ناسینەوەی دەنگی "من"، بۆ نموونە:

چ ماکەرێکە ئاوس س س  ە و سبەینێ (جا..) یێکی دەبێ
دەزێ          دەبێزی دە
شەقامی شارمشارئەکەم بە سین دەبێتە سارمسار سەقامی سار
بە سار سەرم سڕینی دێ سەڕین بەماکەر و سڕین لەبەر ئاوێنەکەت
تۆ ڕووومەتیت بە گوڵ دەگۆت؟

یان هەر کات تووشی وشەی ورووژێنەر دەبێ هەروەتر، بۆ نموونە:
خۆسە گانێن س نا ش و ێن نا ان بە سەد شوکر و سەککەر و (بەستێن)
قۆپچەی ش ینەکەم خراپە ببوورن
....

یانی شارررررررڕڕڕڕ بە سینی ناسازززژێن (مست ئاوێن) یان (ش) لە بەشی پەنجۆم و شەشەمی (بە عینجە و فینجەوە... چ شار دا) دیسان شێوەی ئاخافتنی دەنگەکان بە تەواوەتی دەگۆڕدرێ و جۆرێکی دیکە دەدوێن، دەنگی "من" کە پیتی "ش"یێ بۆ نەدەهات ئێستا زۆر پاراو بۆی دێت، چ قەوماوە؟ جگە لەوەی بەو بشێوییە ڕاهاتووە و دەیەوێ تەکووزیی جێی ئاژاوە بگرێتەوە:

منیش ش ش شینە شین کچێ لەدەوری قەدتەوە کەڵەشێر دەهات و شیری دەشکان
ـــ چ شەکان شەکانێکتە بڵحەگیان مەکە ر کەرە ئیتر چی بڵێم

ئەگەر چاو لە بەشی یەکەمی شیعر بکەین:

هەر با دەرۆم و شارئەخۆمەوە.. نا  تینوو
سەربە هیچ و مل بە تەریقەتی ئاوێنە تا جیوە
تۆ بە نا ئەژیت و بە تینوو
من بای ئەدەممەوە بە لەرزانەیی جیوەتەوە خەون ئەتۆرم
ئەو ... بە شارانە و بارانە ئەکۆکێ بێ هوتێل نووستن لە تۆدا
تۆ کە بە شارەشارەوە... ئەچیتە بانەبانی ئەو
ئەوە بەم شەوە ترشەوە... کەر دەوەڕێ بە هەرچی شار و ئاسنە.. هوتێل ئەنێ بە خەوتەوە

دەنگی "تۆ" کە بە "نا" ئەژیا و "نا تینوو بوو" لە بەشی پەنجومدا دەبینین ئاڵۆزی شار بووتە هۆی گۆڕانی چەمکەکان و واتای دەنگەکان بە پێی "تیئۆری ئاژاوە" گۆڕاوە، ئەمجار دەنگی "من" بە تینوو دەژی و "تۆ" بای ئەداتەوە و بە جێگەی وەڕینی کەر!، شار دەوەڕێ و کورانی دار ئێعدام دەکا..{بیر لەم ڕەستەیەی پەشێو بکەنەوە: لەگەڵمابە گەر پەتی سێدارە گوتی:کڕنۆش بەرە ناتخنکێنم، قیژاندم: نا!}. دەبینین چۆن واتای چەمکە پیرۆزەکان سەرەوبن کراون: (باشتر لە "ئُستدلال و پێی چێوین و.. قسەی قۆڕی سەرسەماوەر و هەڵەم کرد؛ یانی شێعر بە مێعری ئێوە تاڵتر و مۆسیقاااایە)

هەر با دەخۆم و شار ئەڵێمەوە تا سەرما
سەر بە هیچ و ئاوێنە تا تەریقەتی جیوە نا مل
من بە تینوو ئەژیم و تۆ ئاوییت
تا مەزرۆ بە هوتێلەوە یەک شەو
تۆ بای بدەیتەوە بە پشتا و من بکۆکم لەتۆدا بە بارانەوە
تۆ کە بە بانەبانەوە دەچیتە شارە شاری ئەو
بە هەرچی لەرزە لەرزی سێوتەوە ومم
شار دەوەڕێ و هات و هووت بە زمان دەکا
کورانی دارئێعدام دەکا. کچانی شار ئەدا بە هەرچی ئاسنە و هوتێل و با ا ا

دەبینین وشەی "با" لە گەمەیێکی زمانی دا بەرانبەری وشەی "نا" بە مانای بەڵێ هاتووە و دەنگی "من" کە لە سەرەتادا (هەر با دەرۆم و شارئەخۆمەوە.. نا تینوو) بوو و (لە خەونیشدا ئەتۆرا) لە بەشە کۆتاییەکاندا وشەی پەسەند کردنی "با" دەخوات (هەر با دەخۆم و شار ئەڵێمەوە) و (کچانی شار ئەدا بە هەرچی ئاسنە و هوتێل و با ا ا) ئەمجار شانازی شوێنی خۆی بەخشیوە بە چێژ (هێمای هۆتێل و ئاسن)، پاشان ناکاو لەم بشێویەدا دەنگی خودی شاعیر تێکەڵ بە دیکەی دەنگەکان دەبێ و دیسانەوە کەشەکە ئاڵۆز دەبێتەوە!!

کەرەکەر کەرە کەرەی چی با بای بێ و نەیێ هەر دەتکەم بە شیر و شیربرینجی ماشی سەرمەوە

.....

-تێکەتێکە گەمەیەک بوو بۆ تێهەڵدانی هەموومان بە دەست خۆمانخوارد ئیتر تا کەی؟

وەک بڵێی ئەم سێ دەنگە شەڕی نێوان سێ بەشی وشیار و نیوە وشیار و ناوشیارە یان خەونێکی ئاڵۆزە و جار جارە ناوشیار دزە دەکاتە دەرەوەی مێشک. دیارە یەکێ لە هێما سەرەکیەکانی بەشی ناوشیاری زەین سانسۆر نەکردنە، بەوەی کە زۆر لە وشە ناحەزەکان سانسۆڕ نەکراون ڕەنگە وابێت، وەکوو: کوڕەحەیران میزم دێ. _ کایە کایە بە گوو مەکەن لە هەردووسەرەوە دارە. _ خۆسە گانێن س نا ش و ێن نا ان. _ باوکم بزانێ ئەت...ێ جاشێکت دەبێ بە کێشی مایین. _ من بە شەرتەوە شار ئەگێم م م هاها ئەڵێم مەستییەو کێدەڵێ ڕاستی ی؟ _ دنیاتان خوارد و چی ماوە بیدەین جوێن نەبێ جیهانتان (..) و چی ماوە بیدەن ڤوون نەبێ (بە ق)

## سێ: کەڵک وەرگرتن لە تایبەتمەندی (تەداعی یان بانگێشتنی دەنگیی و واتایی):

لە تێکنیکەکانی شەپۆلی لێشاوی زەین: بەڕێز موراد ئەعزەمی لە وتاری "دەقی سەرەڕۆ بووتیقای سەرەڕۆ" زۆر بە وردی باسی بانگهێشتن و ئۆتووماتیک نووسی لەم شیعرەدا کردووە و من نامهەوێ دووپاتی بکەمەوە، بەس ئەوەی پێ زیاد دەکەم کە فرۆید پێی وابوو دەتوانین بە تێکنیکی تەداعی ئازاد لە ناوشیاری مرۆڤەکان تێبگەین، شێوەی تەداعی ئازاد بەم چەشنە بوو کە کەسەکە ڕادەکشا و ئەوەی بە زەینیدا دەهات بە بێ سانسۆڕ و قرتاندن لای دەروونناس هەڵیدەڕشت، ئەمانە دەروازێێک بوون بۆ گەییشتن بە ناوشیار، لەم شیعرەدا کە لە تێکنیکی ئۆتووماتیک نووسی و تەداعی ئازاد کەڵک وەرگیراوە، لە چەن شوێندا ناوشیاری شاعیر دزەی کردووە و بووەتە هۆی ئاڵۆزی و ئافراندنی زمانی "تیئۆری ئاژاوە":

دایکەکەم! "ئاسۆ"ی زۆڵ ئەیگوت وابێژە.. کە دیت گرتی.. بیکە بە ئەوەی خۆت..

بیکە و ئا

حەمەرەسوول ئەڵێ لێرە کە سارێکی شوئیدە ئەڵێین موبیل... خۆت گەوجی تەل بە موبایل نا ڵێم

باوکم دەیگوت ترخێنە و کایلۆژ ناخۆشترین بوو کەشکئاوی دەکولاند و ئەیدایێ..

## چوار: تێپەڕاندنی شیعری مودێرن:

بەڕێز ئەحمەد چاک لە وتاری "عینجە و فینجە و پێوەرەکانی پۆست مۆدێرنیزم"بە چەند پێوەری پۆست مودێرن دەستی دایە خوێندنەوەی ئەم شیعرە، جیا لەو چەمکانەی لەو وتارە هاتبوون ئەوەی لێرەدا دەمەوێ باسی بکەم چەمکی "گەمەی زمانی"یە کە لە خوارەوە دێتە بەر باس و خواس:

یەکەم: چەن نموونە گەمەی زمانی لە شیعرەسات:

شێت بووم ئەم نیچان....

لە پەستا سووپەرمەن مان بۆ ئەتاشن سووپەر ژن...

وەک زستان کە برینج ئەباری/ ئێمە نەمانبوو

شەوانە تاڵ ڕۆژانە تیژ/ بیبار ناحەزترین ڕەنگە/

بە قژتا چەن سپی وەک برینج / نەمانبوو/ ئەم قژمە ڕەشی ڕەش وەک جاران

من — نە سەوز و نە تاڵ و نە ڕەشم نە برینج/ نەمانبوو/ من — بە کوڕێ کە بەفری سپی بوو

وەک برینج وەک میوە / نەمانبوو/

چەن نموونە گەمەی زمانی لە شیعری ١٦:

Photoshop ئەتوانێ چەندین چاو لە سەر یەک هەڵچنێ

Photoshop سەدان دڵ دەگۆڕێ/ بە هەر ڕەنگ بتهەوێ

لە کۆشکی خەیاڵی قەڵەمم ناترازێ... نافڕێ فڕفڕفڕ فڕفڕە تۆ ئەتگوت(:)

فڕفڕەی دەنگێکم لێت ئەوێ کەس نەیبێ تۆ لەگەڵ فڕفڕەی ساختی من وەرسوڕایت.

دوو: جیاوازی گەمە زمانیەکانی بەشی یەکەم لەگەڵ ئەم چەشنەی خوارەوە چییە؟

بەردە "وامم" و بۆم نادرێتەوە گوڵێ قەرزار بەردەوان و بەردانە بە شیر و شوور و شەڕئاو تا شەراب و یاقووتی

.....

بە ئاسنی خەوتووتەوە.. بە بەردەوە کە بۆتە خیززز نابێ بە زیخ نە بەردە با بەردە

تۆخوا بەرۆکم بەردە... سەدجارم گۆت ئاوێنە!

....

تۆ رووومەتیت بە گوڵ دەگۆت؟ ئاوێنەیی بە مەرمەرت مەڕێ لە دوورەوە فڕی بە کەو دەڵێی؟ نا ئەمە شێعرە هەر مەڕم کردە بەکەر بووورە کەوم دێ..

....

بەم تێکەڵ پێکەڵەت زمانمان لێدەکەیتە ئاو و ئەترسم بمانبێ زۆڵە مەکە!

دەکە بە میم و یین جیاوازن وەک شار و سار نا باسی تێکەڵت دەکرد و بووی بەکەڵ

.....

بمانگرن هیچ و نەمانگرین هەر هیچ و هیچ هیچێن هەچە لە باوکت گە گەوودان و گەوودێن و گوودین یش هێچ نین با هیچن چ جیاوازە هەزار سف ریش هەر دەبنە هیچ و ئەمە مەنتەقی شارە شۆڕەبێ

....

-تۆ دەترسای وەک شێر و شیری چی بە مەمتەوە دەڕژا.

-من قاڵ بووم بە سەرمەوە شێعر و بە شێعرەساتەوە دەتر سام یان زاڵ و رۆستەمی چی فحە!

دەبینین ئەوانەی بەشی یەکەم بەڕوونی گەمەی زمانی (language game) بە تەعبیر و دەربڕینی ویتگێنشتاینە، جا لە لای ویتگێنشتاین چ تایبەتمەندیێکی هەیە؟ گەمە زمانیەکنی ویتگێنشتاین، شێوازمەند و ڕێسامەندن، گەمەکان لە ئامێزی زمان و کرداره زمانییەکاندان، گەمە زمانییەکان چەشنێ لە چالاکی یان شێوەیێک لە ژیانن. گەمە، پرسیاری چۆنیەتی بەکارهێنانی یەک وشە

جێنشینی پرسیار لە واتاکەی دەکات. تایبەتمەندییەکی دیکەی گەمەی ویتگێنشتاینی ئەمەیە کە هەر گەمەیێک پێش گریمانەیێکی هەیە کە پەسەند دەکرێ بەڵام ناسەلمێندرێ، بەو واتایەی کە هەر شتێ گەمەی زمانی خۆی هەیە کە داناسەپێندرێت بۆ شتێک و واتاییکی دیکە، کە وایە کەس ناتوانێ پێش گریمانەی گەمەیێک رەت یان پەسەند بکات، بەڵکوو تەنیا دەتوانێ بە قەبووڵ نەکردنی لەو گەمەدا بەشدار نەبێت. بەڵام لە گەمە زمانیەکانی بەشی دووهەمدا کە لە شیعری "بە عینجە و فینجەوە... چ شار"وە هێناومەتەوە، لەگەڵ تەعبیری گەمەی زمانی (-lan guage play) گادامێری ڕووبەڕوو دەبینەوە، کە بۆ یەکەم جارە لە شیعری کوردی دا کەڵکی لێوەرگیراوە، جیاوازی نێوان play و game چین؟ هەر وا کە لەو چەن نموونەدا هێناومە زۆر بەرچاوە کە ئەم چەشنە گەمەی زمانییە، ڕۆڵێکی هێرمۆنێتیکی بوون ناسانەی پێوە دیارە، کە پێویستی بە راڤە و خوێندنەوەی چەند ناوەندییە، (بەردەوامم _ بەردە _ وامم _ بۆم نادرێتەوە _ گولێ قەرزار _ بەردەوان و بەردانە _ بەردە _ تۆ خوا بەرۆکم بەردە...) یان بڕوانە جیاوازی گەمەی زمانی فرفرە: (تۆ لەگەڵ فرفرەی ساختی من وەرسوڕایت. شیعری ١٦ و مەرێ لە دوورەوە فرێ... بە کەو دەڵێی؟ بە عینجە و فینجەوە...چ شار)گادامێر لە کتێبی (حەقیقەت و شێوە) بە ئەزموونی "سەرسام"ی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دەق ئاماژە دەکات. ئێمە لە ناکاو لەگەڵ واتای دەق نامۆ دەبین لە بەر ئەوەی چاوەڕوانی شتێکی دیکەین، گادامێر پێی وابوو دەتوانین هاروهاجترین (بازیگوشانەترین playful) ڕەهەندی زمان لە شیعردا بیدۆزینەوە، ئەو پێی وابوو کە بزۆزی و گەمە یەک شت نین، بەتایبەت کاتێ بەرهەمەکانی ویتگێنێشتاین و گادامێر بەراورد دەکەین بۆمان دەردەکەوێ کە گەمە لە چالاکیێکی ڕێسامەند زیاتر نییە و لە لایێکی دیکەوە هاروهاجی یان بزۆزی لە حاندی ڕێک خستن و کۆکردنەوەدا ڕادەوەستێ، تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەوەی کە بە شتێک ئاوەڵناوی بزۆزی دەدات بەرەنگاری کردنە لە ئاستی ڕێکخستن و کۆکردنەوەدا(کریس لادن. ١٣٩١). گادامێر لە گەمەی play دا باس لە "تێکەڵبوونی ئاسۆکان" دەکات، دڵەراوکێکان، بەشداربووەکان بە وت و وێژ ڕادەکێشی و لەم دانیشتنەدا، هەم زمان دەگۆڕدرێ و هەم ئاسۆکان، هەروەها "تێکەڵبوونی ئاسۆکان" کاتێک ڕوودەدات کە تاک نەزانراو و ناچار تووشی گەمەی زمانی ڕابردووی دەبێ، بە وتەی گادامێر، گەمەی زمانی ڕابردوو کارتێکردنیان بۆ سەر هەنووکە ڕاگرتووە، بە نەبوونی مانای ڕابردوو، ڕۆنانی مانای ئێستا ئەستەمە(کریس لان. ١٣٩١). هەر وەک دەبینین لە چەن شوێن دا دەقی شیعری ڕابردووی شاعیر لە (بە عینجە و فینجەوە... چ شار)دا کەڵکی لێوەرگیراوە: گرینگ ئەوە بوو بانمان دەبردەتاران و گرمان دەنارد بۆ شار بە باڵی پەپوولەوە ئاگر هانێ باڵەکانم پێی هەڵفرە..." شێعر بەوەرەقی پێشوو...

. . . . . .

شێعرەسات دەیگوت مێژووچ جیرەجیری لە شار بە عینجەوە ترە لە فینجەی تۆ نازێ

....

"بێ ئەوەی خەبەرم بێتەوە لە خەو هەڵسام"

لە شێعری سالانی پێشوو...

....

ئەمە منم و چۆن بڵێم ئیتر فەحە

"کام راستیمان نەدەنایە چاڵی مستتان ...

دە چاو بکەنەوە و ببینن!

یان ئاماژە بە شاعەباس، شاسمایل، قاوەی تاڵ، هالەیێک بە دەور سەرەوە، ماموورەکان تاهەتایە کەم بوون یان نەبوون کێشەکە ئەوەیە! و...

کە جودا کە باسی نێوانێدەقیەتی (کە خۆی کاتیکی تایبەتی دەوێ)، جەخت لە سەر ئاگاهی دیرۆکی، نەریت و گەمەیplay دەکەن، ئەم فاکتانە پێشان دەدەن کە مەودایەکی مێژوویی پڕنەکراوە لە نێوان گەمەی زمانی ڕابردوو و هەنووکە دا هەیە، گەمە زمانیەکانی هەنووکە بەشێک لە گشتێیەتی بەردەوام ڕوو لە زیادبوون یان بە واتایەیی دیکە هەر ئەو نەریتەن. ڕابردوو درێژەی دەبێ هەتاکوو لە هەنووکەدا بڵاو بێتەوە. گەمە زمانییەکانی ڕابردوو کە لە دەروونی دەقی دیرۆکی ڕابردووەوە دێن و هەر لەو شوێنەشەوە پارێزراون، ئاسۆی خۆیان هەیە و دەکرێ لە هەنووکەدا بە شێوەیێکی داهێنەرانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. ئەگەر بمانەوێ جیاوازیێیە سەرەکیەکانی نێوان گەمەی زمانی ویتگێنێشتاین (language game) و گەمە زمانیەکانی گادامێر (language play) کورت بکەینەوە، لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەتوانین ریزیان بکەین(جهرمی١٣٩١):

| تایبەتمەندی گەمەی زمانی ویتگێنێشتاین (language game) | تایبەتمەندی گەمە زمانیەکانی گادامێر (language play) |
|---|---|
| شێوازمەندیی | ڕەهابوون |
| ڕێسامەندیی | پەسەند کردنی هێرمۆنێتیک و جوانی ناسی |
| نەگۆڕیی | جووڵان و سرکیێیەتی |
| خاوەن پلان بوون | بوونی گاڵتە و بزۆزی |
| نەچەمین و نەرمی نەنواندن | هاوتەبایی و خۆرێکخەری |
| توانایی پێشبینی | پێشبینی نەکردن |

ئەوەی کە بووەتە هۆی ئاژاوەگێری لە تیئۆری ئاژاوەدا، ڕچاو کردنی ئەو تایبەتمەندیانەی گەمەزمانییەکانی گادامێرێیە، کەوایە ئەمە گەمەیە کە لە ڕاستیدا یاری دەکات نە خۆدی یاریچی، ئەوەی کە کایەکە دەگەرێنێ خودی یارییەکەیە و گەمە بەسەر یاریچییەکاندا زاڵە، لەدواییدا گادامێر پێمان دەڵێ کە لە شێکردنەوە دا تووشی گەمە بووین. گەمەیێک کە لە نێویدا دەق لەگەڵ ئێمە قسە دەکات. گادامێر یەک چەشنە لێکدانەوە و تەفسیر ڕەت دەکاتەوە و ڕاڤەگەلی جیاواز بەرهەمی گەمەی تێگەیشتن دەزانێ.

**دوایین وتە:**

{گڤەی زمان بە تۆوە خۆشترە ناحاڵی}

لە دەقی بە عینجە و فینجەوە...چ شار

هەر وا کە لە دەسپێکی وتارەکەوە باسمان کرد تئۆری ئاژاوە پێی وایە لە هەر ئاڵۆزیێکدا تەکووزێک هەیە و چوار گریمانەی سەرەکی بۆ ئەم بشێوییە داناوە کە لە سەرەتادا قسەمان لەسەری کرد، بە شوێن ئەوەدا ئەو باروودۆخەی دەبووە هۆی ئاڵۆزی وڵاتی ئاژاوە بە پێی دەقی شێعریی هێنرایەوە، ئێستا و لە کۆتاییدا چوار گریمانەی تئۆری ئاژاوە بە خوێندنەوەی

شیعری (بە عینجە و فینجەوە... چ شار) دەبەستینەوە و دریژە بە وتارکە نادەم:

### -ڕاکێشانی نامۆ(streng attractors):

هەر وا کە لە ڕوونکردنەوەی ئەم بەشەدا هاتووە، هەموو ئەو شتانەی لە ڕوانگەی یەکەمدا پرئاژاوڵە دەبینین، لە دریژەدا سەرچەشنێکی دامەزراو بەخۆیەوە دەبینێت، شاعیر بە هێنانی تێکنیکەکانی زمانئاڵۆزی توانی دەری بخات کە گۆڕانی پارادایمەکان ڕەنگە لە ڕواڵەت دا دق شێواو پیشان بدات یان خوێنەر تووشی شڵەژان بکات، بەڵام هەر کام لەم ئاڵۆزییانە بە پێی تێکنیکێک کراوە و ئەجام سەقامگیربوونە.
- کاریگەری پەپوولەیی(butterfly effect): هەر چەشنە گۆڕانێکی بچووک لە سەرەتادا، دەبێتە شڵەژانێکی گەورە لە کۆتایی دا. شاعیر بە هێنانە ئارای نێوان دەقیەتی بەتایبەت باسی "تێکەڵبوونی ئاسۆکان" بەو واتاییەی کە گادامێر دەڵێ: بەشداربووەکان بە وت و ویژ ڕادەکێشی و لەم دانیشتنەدا، هەم زمان دەگۆڕدرێ و هەم ئاسۆکان و پیشانی دەدات کە گۆڕانێکی بچووک بووتە هۆی سەرهەڵدانی بزاڤێکی تازە، بۆ نموونە ئەو ئاماژانەی لەم شیعرەدا بە شیعرەسات دەکرێن نیشاندەری ئەو گۆڕانەیە کە لە بواری شیعردا بە شیعرەساتەوە دەستی پێکرد و لێشاوێکی بەخوڕی بەرەیێکی نوێترخواز بە شوێن ئەودا وەدی هات.

### -سەروشوێنی هۆلۆگرامی یان فرکتال (-self simi larity):

بەو واتایەی وێکچوویی‌یەک لە نێوان پاژ و گشت دا دەردەکەوێ، شاعیر بە بەکارهێنانی گەمەزمانییەکانی گادامێری توانی بە خوێنەر ئەوە بگەیێنێت دەق بە گشتی مانای خۆی هەیە و هەر کەرت و پاژێکیش لە شوێنی خۆیدا دەتوانین خوێندنەوەی جیاوازی خۆمانی پێشکەش بکەین.
- هەڵکردنی دینامیکی(dinamyc adabtation): سیستەمە ئاڵۆزەکان لە پێوەندی لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندا وەکوو بوونەوەر کار دەکەن. بوونی سێ دەنگی جیاوازی تیکەڵ بە یەک بوو بە هۆی ناجێگیری دەق، بەو واتایەی هەر دەنگێ سەربەخۆ لە دەنگەکانی دیکە ڕۆڵی جیاوازی خۆی هەیە و بە گشتی لە دەقیشدا پێوەندی پتەوی لەگەڵ دیکەی کۆمەڵە پاژەکانی تر هەیە.

بەم چەشنە دەبینین دەروازەی خوێندنەوەکان کراوەیە و ئێمە دەتوانین دەقە سەرکەوتووەکان بە چەندین گۆشەنیگاوە بخوێنینەوە، من لەم تارەدا هەوڵمدا بە پێی تیۆری ئاژاوە کە زۆر لەگەڵ کەشی ناو دەقی شیعری (بە عینجە و فینجەوە... چ شار) دەگونجێ بیخوێنمەوە و بۆمان دەرکەوت کە بۆ یەکەم جار لە شیعری کوردیدا گەمەی زمانی گادامێری لەم شیعرەدا بەرجەستە کراوە و چۆنییەتی دەرخستنی مانا لە دەقدا و تەکووزیی و دامەزراوی ئەم هەموو بشێوییە، چلۆن پێکەوە بەستراونەتەوە.

### سەرچاوەکان:


١.آشنایی با آشوب، ایوونا آبرامز، ترجمه ضیاء الدین سردار، انتشارات سرای دانش، چاپ اول، ١٣٨٨
٢.از difference تا Differance ، مهدی خبازی کناری، نشر حکایت نوین قلم، چاپ اول ١٣٩٤
٣.فلسفه زبان قاره ای و فرهنگی، محمدرعایت جهرمـــی، پژوهشگاه فرهنگ و اندیشه اسلامی، ١٣٩١
٤.ویتگنشتاین و گادامر، کریس لان، ترجمه مرتضـــی عابدینی فرد، نشر کتاب پارسه، چاپ اول، ١٣٩١
٥.زیباشناسی در هرمونتیک گادامر، رضا طاهـری، نشـر نگاه معاصر، چاپ اول، سال ١٣٨٩
٦.تفکر و شاعری (نیچە/هولدرلین)، مارتین هایدگـر، ترجمه منوچهر اسدی، نشر پرسش، چاپ اول ١٣٨٦
٧.بە عینجە و فینجەوە... چ شار، حەمەساڵە سووزەنی، گۆڤاری شـی، ساڵی یەکەم، ژمارەی سفر و یەک،١٣٩٥




# ڕەساڵەتی تەنز
## لە شیعری "مەلا مارف کۆکەیی"دا

هەرمان وەتمانی


### کورتە:
تەنز یەکێک لە شێوازە کاریگەرەکانی ئاخاوتنی ئەدەبی و هونەرییە. ئەم شێوازە ئاخاوتنە یەکێک لە لقەکانی ئەدەبیاتی ڕەخنەگرانە و کۆمەڵایەتییانە بە ئەژمار دێت. لە ئەدەبیاتی کوردیدا تەنز خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژە، بە چەشنێک کە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆردا نەک بە ناوی تەنز بەڵکوو بە ناوی جۆراوجۆر خۆ بە دەستەوە دەدا و سنوورێکی زۆر دیاریکراویشی لەگەڵ تەوس و داشۆرین نییە، بەڵام خەندە نوختە خاڵی هاوبەشی هەمووانە، لە تەنزدا ئەم خەندەیە لە رووی بەرپرسایەتییە و هەڵقوڵاوی بیرێکی قووڵە لە ناخەوە. کەوابوو تەنز لە کۆنەوە سرنجی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بە کەڵک وەرگرتن لەم زمانە بەرامبەر بە ناحەزییەکان، گرفتەکان و ناڕاستییەکان دواون. لە کاریکاتێردا چۆن هونەرمەند هەوڵ دەدا بە بەرجەستە کردنەوەی هێندێک لایەن، بیری بینەر بەرەو واتایەکی تایبەت ڕاکێشە بکات لە شێعریشدا ڕۆڵێکی ستراتیژی هەیە و شاعیر بەردەوام لە حەولدا سرنجی بەردەنگ بۆ لای مانا و واتای مەبەستی بگەیەنێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ تاوتوێ کردنی تەنز لە هۆنراوە کوردییەکانی مەلا مارف کۆکەیی و لە کۆتاییشدا دیاریکردنی جێگە و پێگەی ڕاستەقینەی ئەم شاعیرە لە تەنز و ئەدەبیاتی کوردیدا. ئامانج لەم باسە نیشان دانی ئەوەیە کە ڕەساڵەتی تەنز لە شێعرەکانی مەلا مارفدا وەک یەکێک لە باشترین دەرفەتەکانی گونجاو بۆ دەربڕینی ڕوانگەی ڕەخنەگرانە بە پاراستنی شوناسی هونەری و ئەدەبی. شێوازی لێکۆڵینەوە لەم نووسراوەدا بەڵگەیی و کتێبییە کە بۆ شرۆڤە کردن کەڵک لە چەند وتار و کتێبی پێوەندیدار وەرگیراوە. لە دەرئەنجامی ئەم باسەدا دەردەکەوێ کە شاعیر لە باسی گیروگرفتەکانی خەڵکدا بە زەق کردنەوەی دواکەوتوویی، نەخوێندەواری و لاسایی کردنەوە، لە هەمان کاتیشدا بایخ دان بە خوێندەواری، ئازادی، یەکگرتوویی، نیشتمانپەروەری وەک شاعیرێکی "دەروەست" بە ئاراستە کردنی شێعری ڕەخنەگرانە بە چەمکی تەنز، بەرەنگاری چەقبەستوویی دەبێتەوە.



### کلیل واژە:
مەلا مارف کۆکەیی ـ تەنز ـ ئەدەبیاتی کوردی


### پێشەکی:
مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەدەی بیستەمدا زۆرترین تەنزی لە خۆگرتووە، بە تایبەت بەشێکی زۆرتری شێعری دوای جەنگی جیهانی یەکەم و شاعیرانی وەکوو (بێکەس، قانع، ئەخۆڵ و شێخ ڕەزای تاڵەبانی) پڕیەتی لە تەنز و هەجوو، ئەمە بێجگە لەوەی لەو سەردەمەشدا بەدەر لە شێعر بەشێکی تەنز و بەسەرهاتە سەیر و سەمەرەکان وەکوو پەخشان (بۆ وێنە ڕشتەی مرواری عەلائەددین سەججادی) نووسراونەتەوە. ئەم سەدەیە سەدەی گوێزرانەوەی ئەدەبیاتی تەنز لە مێژووی ئێمەدا لە تەنزی زارەکییەوە بۆ تەنزی نووسراوە بە ئەژمار دێت. (ئارام سدیق ـ ٢٠١٧ ـ ٢)
مەلا مارف کۆکەیی لە شاعیرانی بەرەی موکریان، لە هەل و مەرجێکی زۆر ئەستەم و لە نەداری و چەرمە سەریدا ژیاوە و هۆنراوەی هۆنیوەتەوە، تەنانەت ئەو نەدارییە بە ئاشکرا لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە و کاریگەری کردۆتە سەر شێوازی نوسینی. مەلا مارف قسە خۆش و نوکتە باز بووە و مەجلیسی ئەم جۆرە کەسانەشی لا خۆش بووە. لەوەوە کە لە چەندین جێگا ناوی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بردووە و ئاماژەی بە بیروڕای ئەو کردووە و وەک بەڵگە پشتی بە بۆچوونەکانی بەستووە، دیارە لای خۆشەویست و پەسند بووە. (سەمەدی/ دیوانی مەلا مارف ـ ٢٠١٢ ـ ٢٨)
لەم قۆناغەدا لە موکریان سەیفولقوزات و مەلا مارف کۆکەیی وەک دوو پێشەنگ و ئاڵا هەڵگری شێعری قوتابخانەی موکریان سەریان هەڵداوە. ئەمجارەیان شێعر باشتر دەتوانێ لەگەڵ چینە جۆراوجۆرەکانی خەڵک پێوەندی بگرێ، ئەگەرچی زمانی شێعر سادەتر و باشتر خۆ بەدەستەوە دەدا و دەتوانین بڵێین ئەم زمانە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ نووسینی تەنز، بەڵام عەرووز و سەنایعی ئەدەبی ئیزن نادا شێعر لە چوارچێوەی دەسەڵاتی شاعیر بێتە دەر، لەو سەردەمەدا شێعری کوردی پەیڕەوی لە شاعیرانی پێشوو دەکات و شێعر نەکەوتۆتە قۆناغی نوێ بوونەوە، ئەگەرچی لە مانا و مەفهوومدا ئەم نوێ بوونەوەیە بەرچاوە و مەلا مارفیش بە دەکار کردنی وشەگەل و کەرەستەی نوێ لە شێعرەکانیدا دەستێکی باڵای هەیە.
لەم هەلومەرجە پڕ کارەساتەی مەلا مارف تێیدا ژیاوە و ڕووداوگەلێک وەک دوو شەڕی گەورەی جیهانی، شەڕی ناوخۆی ئێران، شۆڕشی مەشرووتە و کوشتاری خەڵکی سابڵاغ شوێن دانانی ئەم ڕووداوانە لە سەر ژیانی خەڵکی هەژار، شاعیر دەئەزموێ و وای لێدەکات زۆر جار لە چوارچێوەی زمانی تەنزدا باس لە برین و زام و ئازارەکانی کۆمەڵگا و نەتەوەکەی بکات. (هەمان ـ ٢٠١٢ ـ ٢٥)
بە گشتی مەلا مارف شاعیرێکی تەنزنووس نییە بەڵام لە زۆربەی شێعرەکانیدا تەنز دەبینرێ و بەم زمانە پێمان دەڵێ ئەم زمانە نوێنگەی نابەرابەرییەکان و دژ بە بێ عەداڵەتییە.
لە دەرئەنجامی ئەم باسەدا بۆمان دەردەکەوێ کە مەلا مارف تەنز وەک یەکێک لە باشترین دەرفەتەکانی گونجاو بۆ دەربڕینی ڕوانگەی ڕەخنەگرانە بە پاراستنی شوناسی هونەری و ئەدەبی هەڵبژاردووە و بۆتە پێشەنگی چاکسازی کومەڵگای سەردەمی خۆی.

### تەنز چییە؟
تەنز کە وشەیەکی عارەبیە، لە فەرهەنگدا بە مانای تانە و تەشەرە و بە یەکێک لە شێوازەکانی دەربڕینی مەبەست دەگوترێ، کە وێژەر بە زمانێکی شیرین و بزاوی، بە مەبەستی چاکسازی، لە پەردەدا بابەتێک دەخاتەبەر ڕەخنە. (قاسمی ـ ٢٠٠٨ ـ ١)
تەنز شێوەیەکی تایبەتە بۆ دەربڕینی ماناگەلی توند و تیژی کۆمەڵایەتی، رامیاری، ڕەخنەگرانە و ئاشکراکردنی حەقیقەتە تاڵەکان و ڕق لە گەندەڵی تاکە کەس و کۆمەڵ کە لێدوان لەوانە بە شێوازێکی ئاسایی و جیدی قەدەغە کراوە، هەڵبەت بە لەحنێکی ناڕاستەوخۆ و لە دەڤری شۆخیدا" (قورەیشی ـ ١٣٩٤ ـ ١)
لە ئینسایکلۆپیدیای زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبیدا تەنز وەک حاڵەتێک لە دەربڕین پێناسە کراوە کە لە شێوە جیاوازەکانی گێڕانەوە و چیرۆکدا

لە دوو توێی خۆیدا مانایەکی جیاواز و تەنانەت هەندێک جار مانایەکی دژ بە مانا ڕواڵەتییەکە لە خۆ دەگرێت. (ئارام سدیق ـ ٢٠١٧ ـ ١) هێندێک لە خاوەن ڕایان ئاماژە بە سێ جۆر تەنز لە سەردمی هاوچەرخدا دەکەن، تەنزی زمانی، نمایشی و بارودۆخی تەنزاوی. هێندێکی دیکەش لە سەر ئەو بڕوایەن تەنز بەسەر چەند دەستەی دیکەدا دابەش دەبێ وەک: تەنزی کۆمەڵایەتی، ژورنالیستی، ڕامیاری، فەلسەفی، ڕەش و هتد.

## مەلا مارف کێیە؟

مەلا مارف کۆکەیی لە دووەمین ڕۆژی بەفرانباری ١٢٥٤ی هەتاوی لە ئاوایی حاجی خۆشی ناوچەی شارویرانی مەهاباد لە دایک بووە. دوو ساڵ و نیو لە خانەقای مەحوی لە باشووری کوردستان دەخوێنێ و پاشان دەگەڕێتەوە موکریان و لای مامۆستایانی بنەماڵەی تورجانی زادە "قزڵجی" لە بۆکان درێژە بە خوێندن دەدات. لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا لەگەڵ ئامینە خانمی کچی مەلا ڕەزای بانەیی زەماوەند دەکات و پاشی ٣٨ ساڵ ژیانی هاوبەش، خێزانی ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی کۆچی دوایی دەکات و مەلا مارف ژن ناهێنێتەوە. مەلا مارف چوار کوڕ و دوو کچی بە ناوەکانی "عەلی، مەعسوومە، عەبدوڵڵا، محەممەد، تووبا و ئەحمەد" بووە. کوژران کوڕە گەورەکەی بە ناوی عەلی دەبێتە سەرەتای دەربەدەری و غەم و پەژارەی شاعیری هەستیار و لە ئاکامدا بە نابینایی سەر دەنێتەوە. مەلا مارف بە چوار زمانی "کوردی، فارسی، عەرەبی و ترکی" شێعری هۆنیوەتەوە، ناسناوی شێعری "مارف/مەعرووف"، "کاکی کۆکی" و "کۆکەیی" بووە. (سەمەدی/ دیوانی مەلا مارف ـ ٢٠١٢ ـ ٢٤) زمانی شێعری مەلا مارف سادە و ڕەوانە بەڵام وەک تیغی بڕندە بێ پەروایانە دەدوێ. شێعرەکانی لە سەر دڵ دەنیشن و بە دەکار کردنی مەفاهیمی نوێ زانیاری دەدات بە خوێنەر ناڕاستەوخۆ بە زمانێکی تەنز ڕەخنە دەگرێ. مەلا مارف بە شاعیرێکی زانا و ئاگادار لە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی ناسراوە، بە چەشنێک کە وەک شرۆڤەکارێک و بە زمانی شێعر لە سەر ڕووداوە جیهانی و ناوچەییەکان دەدوێ و زانیاری دەدات بە خوێنەر. ئەم کەسایەتییە سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممۆ ٦ی خەرمانانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە گەڕەکی مزگەوتی سووری مەهاباد چاوی بۆ هەمیشە لێکنا و لە گۆڕستانی مەلاجامی مەهاباد نێژرا. (هەمان ـ ٢٠١٢ ـ ٣٩)

## شیکاری تەنز لە شێعری مەلا مارف:

### ١- لۆمەی شێخ و خەلیفە:

لە چەند شێعری مەلا مارف کۆکەییدا شاعیر بە توندی ڕەخنە لە شێخ، خەلیفە و کەسایەتی ئایینی ڕیاکار و ناڕاست لەگەڵ خەڵک دەگرێ و بە زمانێکی پاراو و شاعیرانە گاڵتەتان پێدەکا و دەستیان ڕوو دەکات. لە شێعری "جەنابی سەیدی نوورانی"دا بە توندی ڕەخنە لە خەلیفە عوبەیدیللای ئیندرقاش دەگرێ:

**لە حەیفی ئەو خەلیفەی توورەکەی سەر پڕ لە سندانە**
**کە کەس نازانێ غوولە یا لە فیرقەی جیننە یا ئینسی**

***

**لە ژێر کورسی هەتا ڕۆژ ئەحمەقە دەخوات و لێی دەنوێ**
**کە ڕۆژ بۆوە دەڵێ ئەوشۆکە چوومە عەرش و تا کورسی**

مەلا مارف تیری تانەش لە شێخ دەگرێ کە بەرپرسایەتی لە سەرشانی ئەوە:

**جەنابی کاکە نوورانی دەبێ تۆ بۆچی ڕازی بی**
**بە ئەم ئەوزاعە، گەر چاکی ئەگەر پیری ئەگەر شەخسی**
**بڵێ بەو قەومە بێئەقڵە بڵێ بەو ئەهلە نادانە**
**هەتاکەی دەبنە یەخسیر و نەچیری تیری بێ قەوسی**

یان لە شێعری "شاهیدی شەرعی"دا گاڵتە بە شاهیدی مامۆستای تێر و پڕ دەکا:

**تا سمێڵ و لێوی مامۆستا بریقەی بێ بە ڕۆن**
**شافیعی کوانێ قەبووڵە شاهیدی خۆی و وەکیع**

### ٢- ڕەخنە لە کۆنەپەرستی:

مەلا مارف لە پارچە شێعری "بێژن بە ئاغای خەلیفەزادە"دا وڵامی مەلا عەبدولقادری خەلیفە زادە دەداتەوە و هەم شێعرەکەی و هەر بڕیارەکەی لە سەر تاشینی ڕیش بە فشە دەگرێ. مەلا مارف تێنگەیشتوویی و نەخوێندەواری خەڵک، بێ هەڵوێستی شێخی زانا و بێ ئیدراکی عالم لە قاو دەدات و زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوی خوێنەر و بە تەنزێکی تاڵ بەردەنگ ناچار بە بیر کردنەوە و تێفکرین دەکات.

**ئەوجار بەسەر چوو، ئیتر خۆت مەکە**
**بەینولئودەبا، سەخرە و مەزحەکە**
**ئازاد کردنی ڕدێن مەندووبە**
**حوسن و زینەتە، فرە مەحبووبە**
**تۆ ئیشت چییە بە ڕیشی فەقیر**
**تەنقیدی دەکەی بێفکر و تەدبیر**

هەروەها لە شێعری سۆفی وەرە بوێری شاعیر بەرامبەر بە تەزویر و ڕیا و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک لە لایەن سۆفییەوە بەرچاوترە و سەرەڕای ئەوە کە دوژمنایەتی ناکات بەڵام لە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا تیری توانج لە دڵ مردووی و بیری چەقبەستووانە دەگرێ.

**بەم ڕیشە هەتا کەی دەبڕی ڕیشەیی عومرت**
**ئەم ڕیشە مەگەر تیشەیە یا شەققەمشارە**
**تێفکرە تەماشا کە لە کووچە و لە خیابان**
**سۆزی نەیە نەشئەی مەیە ئاوازەیی تارە**
**پۆل پۆل سەفی مەحبووبە لە گوڵزار و چەمەندا**
**تۆ دێوی مەگەر مەنزڵی تۆ هەر لە مەغارە**

مەلا مارف ڕەچەشکێنی دەکات، چوون ئەو زمانەی بەرامبەر بە شێخ و سۆفی، ئاغا، زانا و شاعیر بە کاری دێنێت بوێرانەیە. ئەو ناحەزییەکان بە گاڵتە دەگرێ و بە توندی ڕەخنە لە بێ ئاگایی و لاسایی کردنەوەی کوێرانە بە دوور لە بیر کردنەوە دەگرێ. زمانی تەنزی مەلا مارف پاراوە، ئەوەش بەرهەم هاتووی سەردەمی دیکتاتۆرییەتە. وەک دەڵێن تەنز خاوەن ڕابردوویەکە بە درێژایی تەمەنی زوڵم و زۆرداری و سەرەڕۆیی.

### ٣- وەسفی ئازادیخوازی و بەرنگاربوونەوە لەگەڵ زۆرداری

بۆ وێنە لە شێعری "ئەی بادی سەبا" زوڵم و زورداری خەلیفەی ئیندرقاش بە عوبەید ئیبنی زیاد و شمری زولجوشەن دەشوبهێنێ و بەمجورە سکاڵای خۆی دەباتە لای سوڵتانی نیزامی و دەڵێ ئێوە کە لە پاک و ڕاستیدا وەک ئالی عەبا وان چیتر پشتیوانی لێمەکەن. شێعری تەنزی مەلا مارف ئاوێنەی حەقیقەتە، شاعیری موکریان ئەم زمانە دەکاتە چەکی خەبات و لە هەمبەر ملهوڕانی دەسەڵات و ئەربابانی زوڵم ڕادەوەستێ. لە شێعری "نسحەت و پەند"دا شاعیر وەسفی ئازادی و ڕزگاری خوازی دەکات و ئاماژە بە هێندێک بەسەرهات یان ئاماژە بە چیرۆکەکانی فۆلکلۆر و ئەفسانەیی وەک "غوولی بیابان و "بەیتی بلە" دەکات لە کۆتاییشدا دەڵێ:

**ئەو لەززەتی ئازادی و حوڕڕییەتی نەفسی**
**سەد مەرتەبە شیرینترە لەم شەککەر و قەندە**

کە ئاماژەیەکە بە سەردەمی "کۆمەڵەی ژ.ک" و ڕووداوی شارەبانی کە خەڵک هەوڵیان دەدا بە سجیلی مردووەکانیش قەند و شەکر وەرگرن و مەلا مارف وەبیر خەڵک دێنێتەوە کە ئازادی و تەبع بڵندی، لەم قەند و شەکرەی خۆی بۆ دەکوتن، شیرینترە. هەروەها لە شێعری "ئەی میللەتی مەزلووم" خەڵک هان دەدا کە قۆناغی جەهالەت تەواو بووە و یەک بگرن. هێندێک لەو دەستە واژە و وێنانەی شاعیر لەم شێعرەدا بە کاریان دێنێ جێگای تێڕامانن.

لە تەک بەیتی "قایم مەقامی مێزەر"یشدا کە باس لە یاسای جلوبەرگ گۆڕینی سەردەمی ڕەزا شای پەهلەوی دەکا، بە چەشنێک ناڕاستەوخۆ و بە زمانی تەنز تەشەر بە ڕەزا خان دادەدا:

**ئەم کلاوی پەهلەوی قایم مقامی مێزەرە**
**بۆ هەموو کەس باشە ئەمما بۆ کەچەڵ باسی سەرە**

## ٤- سەرزەنشت کردنی کردەوە و ڕەفتاری نادروستی کۆمەڵگا

لە کۆمەڵگایەکدا کە بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە پلە و پایەی باڵاتر تەنانەت زانایان و بەرەی خوێندەواریش دەست بە داوێنی درۆ و بچووک کردنەوەی یەکتر دەگرن ئەم کۆمەڵگایە نەخۆشە، مەلا مارف باش لەم بارودۆخەی سەردەمی خۆی گەیشتووە و لە هێندێک لە شێعرەکانیدا سەرزەنشتی ئەم ڕەفتارانە دەکات. بۆ وێنە ئەوە لە شێعرێکدا کە بۆ مەلا حوسەینی نووسیوە بەرچاوە:

**خواهیش دەکەم بڵێن بە جەنابی مەلا حوسەین**
**زۆر عەیب و حەیفە لە بۆمە کە بەعزێ قسان بکەین**
**ئەو زەممی من بکات و ئەمن مەدحی ئەو بکەم**
**تێکیش بگەین کە هەر دوو تەرەفمان درۆ دەکەین**

هەروەها لە بەشێک لە شێعری "قەومی‌شەوکەت"دا بەمجۆرە ڕەخنە لە شاعیران دەگرێ:

**عادەتی ئەشخاسی شاعیر مەسلەک و شەخسی ئەدیب**
**یا درۆیە یا ڕیایە یا نە مەکرە یا فەریب**
**یا بە دەس هێنانی دنیایە لەبەر لۆمەی ڕەقیب**
**هەڵدەبەستن شێعری شەرماوەر بە ئەلفازی غەریب**

یان لە شێعری "جەنابی سەیدی نوورانی"دا هۆکاری ڕەفتار و کردەوەی دزێوی خەلیفەی ئیندرقاش دەگەڕێنێتەوە بۆ بێ هەڵوێستی سەیدی نوورانی:

**گوناهی ئەم هەموو مەخلووقە باری گەردنی تۆیە**
**ئەتۆ گورگت بە مەڕ بەم عالەمە سەلماندووە غەوسی**
**ئەگەر بۆخۆت ئەزانی ئەم خەلیفەت ناقیسە هێشتا**
**عەبای بۆ پێدەدەی بۆ ماڵی خەڵکی دادەدەی دەرسی**

## ٥- هەژاری و نەداری

کۆمەڵێک ڕووداوی ناخۆش و تاڵ وەک شەڕە جیهانییەکان، شەڕی ناوخۆی ئێران، سیلاوی مەهاباد، کوشتاری خەڵکی ئەم شارە و قات و قڕی لە ماوەی ژیانی مەلا مارفدا کە لە سەر هەژاری و نەداری خەڵک شوێندانەر بوو لە شێعرکانی ڕەنگدانەوەی جیددیان هەیە، شاعیری نوکتە باز لە سەردەمی دیکتاتۆرییەتدا زۆر جار بە زمانی تەنز لۆمە لەم بارودۆخە دەگرێ. لە بەشێک لە شێعری "عەباییکم هەبوو" بەمشێوەیە گاڵتە بە وەزعی نالەبار و کۆنی عەباکەی دەکات:

**بە چاوی پڕ لە ئەسرین و ئەسەف ئەوڕۆم تەماشا کرد**
**وەکوو نەسجولعەناکیب یانی ئیسمی بێ موسەمما بوو**
**بە نووکی نەشتەری پیری وەکوو من جەرگی کون‌کون بوو**
**قەڵشتی ئاشیانەی عەقرەب و مار و ڕوتەیلا بوو**
**لە هەوری ماتەمی ئەربابی فوقدانی کەرەم دیتم**
**بە بەفری غەم هەموو گیانی بە وێنەی یەددی بەیزا بوو**

یان لە شێعری "بەهرە و قیسمەتم"دا دەڵێ:

**لەشکری فەقر و پەرێشانی هوجوومی کردووە**
**دەوریان داوم بە نێزە و خەنجەر و شیر و قەمە**
**دەردی بێ دەرمان و سەرباری هەموو دەردی گران**
**بێ وەفایی دۆستان و ئینقلابی عالەمە**
**ڕایەڵ و پۆی تێکچووە ماشێنەکەی چەرخی فەلەک**
**هەر وەکوو ئەوزاعی من ئاڵۆز و دەرهەم بەرهەمە**

ئەوەی لە تەنزدا بەرچاوە "ناسازگاری" نێوان عەناسوری جۆراوجۆرە. بە وتەی شۆپێنهاوێر: "هەر بەیانێک کە خاوەنی ناسازگاری بێ. پێکەنیناویە". مەلا مارف خاوەن زمانێکی هونەرمەندانەیە لە ئافراندنی ئەندێشە، هێنانەوەی دەستەواژە، پەندی پێشینیان و بۆ کەلک وەرگرتن لە ئایەتەکانی قورئان دەستێکی باڵای هەیە و ڕوانگەی خۆی ناڕاستەوخۆ بەڵام گیرا و شوێندارانە دەگەیەنێت هەر بۆیە بەردەنگ تووشی تێفکرین دەکات و زانیاری دەبەخشێت. ئەو لە زۆربەی شێعرەکانیدا



ئاماژە بە ڕەوایەتێکی مێژوویی و بەسەرهاتێکی گرینگ یان شێعر و دەستەواژێەکی مەشهوور دەکات و بەم جۆرە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە مانا و مەفهوومێکی تایبەت دەکات و ڕەخنە دەگرێ.

**مەشهوورە دەڵێن "سووره سمێلان بزێوە"**
**دەردت لە کەسانێ کە دەکەن بادەپەرستی**

**

**"ان بعض الظن اثم" گەر کەسێ بێت و بڵێ**
**"کاکی کۆکی" تالبی تەحسیلی پوول و غازییە**

لە زمانی تەنزی مەلا مارفدا قسەی سووک و جنێو جێگە و پێگەیەکی نییە بە چەشنێک کە تەنزی مەلا مارف وێڕای پاراستنی عیفەتی کەلام لە جددیترین مەقولەکان تێپەڕ دەبێ و وەک نەشتەرگەرێک بە ئامرازی تیغی تەنز حەول بۆ چاکسازی دەدات.

**مەقامی تۆ نییە وەعز و نەسیحەت شاعیری سووتاو**
**وەکوو پەروانە بۆ دنیا برۆ لەم خەڵکە خۆت لادە**
**شیعار و مەسلەکی ئەشعاری تۆ تەنقید و تەمجیدە**
**بە کارت نایە ئەم مەیدانە ئەسپی خۆت لەوێ لادە**

**

**ئەگەرچی ئەم قەسیدە توووند و تاڵە زەهری قەتتالە**
**بەیانی واقیعە تێیدا نییە هیچ ئارەزووی نەفسی**

مەلا مارف پێداویستیەکانی کۆمەڵگای سەردەمی خۆی باش ناسیوە، دەرئەنجامەکەشی زمانێکی سادە و ساکار لە هەمان کاتدا دەکارکردنی مەفاهیمی نوێیە. یان لەشێعری "پاکەتێک چایی"دائەگەرچی داواکارییەکی تاکەکەسی هەیە بەڵام بە زمانێکی تەنز ڕەخنە لە خەلافی وەعدە و جێبەجێ نەبوونی بڕیارێک دەدات:

**لە لام واْبوو عەزیزم قەدر و وەزنی پاکەتێک چایی**
**لە میزان و تەرازووی هیممەتی تۆ بۆتە خۆڕایی**
**چ لازم بوو بە تەفرە و وەعدە جانا، بۆچی نەتفەرموو**
**فلانکەس دوو دەنک چایی بەکەس نادەم بە خۆڕایی**

هەروەها ئەمە لە شێعری "وەعدەیێک دا" بەرچاوترە و شاعیر بە کەنایە و تەشەر گاڵتە بە قەول و بەڵێنی بێ عەمەل دەکات:

**وەعدەیێکت دا بە گۆشەی چاو و دوو ئەبرۆتەوە**
**تۆ پەشیمان بوویەوە یا خۆ لە بیرت چۆتەوە**
**من لە لام وابوو کە ئاغای شافیعی، میرزا غەنی**
**بۆ کەرەم جێگا و موقامی بابی خۆی گرتۆتەوە**
**ئەهلی ئەنعامە دەگەڵ هەر کەس، خسووس نیسبەت بە من**
**مەزرەعەی لوتفی بە سێسەد فەعلە نادروێتەوە**

ئامانجی شێعری تەنزی مەلا مارف بزووتنی هەستی خەڵک و گەڕانەوە بۆ شوناسی نەتەوەییە هەر بۆیە شێعرەکانی خاوەن پلە و پایەیەکی بەرزن لە ئەدەبیاتی کوردییدا، شاعیر بەردەوام داکۆکی دەکات لە سەر مافی ڕەوای خەڵک و ئازادییەکانی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتی و وەلاتانی خوڕافات و فیریودانی خەڵک، هەر بۆیە بوێرانە بەرامبەر بە زۆرداران دەوەستێ و کردەوەی ناڕێک و هەڵس و کەوتی بە دوور لە ئەندێشەیان لە قاو دەدات.

## دەرئەنجام:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا شێعرە کوردییەکانی مەلا مارف لە ڕوانگەی تەنزەوە لە چەند بەشی (لۆمەی شێخ و خەلیفە، ڕەخنە لە کۆنەپەرستی، وەسفی ئازادیخوازی و بەرنگاربوونەوە لەگەڵ زۆرداری، سەزەنشت کردنی کردەوە و ڕەفتاری نادروستی کۆمەڵگا، هەژاری و نەداری) تاوتوێ کراون. تەنزی مەلا مارف لەخۆگری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیانەیە. شاعیر بۆ ئەم دژەوەستانە وشەی ناحەز و سووک بە کار ناهێنێ لە هەمان کاتدا بە زمانێکی بڕندە گاڵتە بەم چەقبەستووییەی سەدەمی خۆی دەکات، هەر ئەوەش بۆتە هۆی جیاوازی زمان و شێعری مەلا مارف بە نیسبەت شاعیرانی پێش خۆی. شاعیر لە باسی گیروگرفتەکانی خەڵکدا بە زەق کردنەوەی دواکەوتوویی، نەخوێندەواری و لاسایی کردنەوە بە زمانی تەنز تەپڵی بێداری دەکوتێ و بەرەنگاری ناحەزییەکان دەبێتەوە.



ئەوەی ڕاستی بێ مەلا مارف ڕەخنە لە گشت کەم و کوڕییەکان دەگرێ و بێلایەنانە بە چەکی تەنز کۆشکی ستەمکاران دەلەرزێنێ. لەم شێعرانەدا مەبەستی گاڵتە و گەپ و پێکەنین نییە، بەڵکوو دەرخستنی دیوی نەرێنییەکانی ناو کۆمەڵگایە، شاعیر بەم شێوەیە باس لە خەم و ئێش و ئازارەکانی دەکات لە ڕووی دەمامکی پێکەنیناوی شانۆیەک. بەمجۆرە تا ئەوپەڕی قۆناغی جیدیەت هەنگاو دەنێت و زانیاری دەبەخشێت و کۆمەڵگا تووشی تێفکرین دەکات. شێعرە تەنزەکانی مەلا مارف ئەگەرچی زەردەخە دێننە سەر لێومان، بەڵام لە ناخماندا خەمێک دروست دەکات. شاعیر بایخ دەدات خوێندەواری، ئازادی، یەکگرتوویی، نیشتمانپەروەری، کەواتا تەنزی مەلا مارف "دەرووەست"ە، هەر ئەو زمانە ڕەخنەگرانەیە جێگە و پێگەی شاعیر دیاری دەکات و وەک پێشەنگێک بۆ چاکسازی کۆمەڵگا و باشتر بوونی ژیانی ڕامیاری ـ کۆمەڵایەتی تاکی کورد حەول دەدات.

## سەرچاوەکان:


١. کۆکەیی، مستەفا (١٣٩٥)؛ دیوانی مەلا مارف کۆکەیی، ئامادە کردن و ڕاستکردنەوەی: عەبدوڵڵا سەمەدی، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی هیوا.
٢. قاسمی، سمایل (٢٠٠٨)؛ تەنز و شێوە و ئامرازەکانی، وتاری زانستی، بۆکان، ئینتێرنێت.
٣. قورەیشی، سەید یاسین، (١٣٩٦)؛ تەنز لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری ئەلکترۆنیکی کۆڕی زانیاری ئەدیبانی کورد.
٤. سدیق، ئارام، (٢٠١٧)؛ تەنز لە چیرۆکی نوێدا، ناوەندی ئەندێشە، ئینتێرنێت.
٥.حلبی، علی اصغر، (١٣٧٧)؛ تاریخ طنز و شوخ طبعی. تهران انتشارات بهبهانی.

# سیحری گێڕانەوە لە ئەدەبیاتدا

جەلال پوورحەسەن

ئەدەبیات ئەو چەمکەیە کە تەنیا گوزاریشت لە خۆی دەکات و هەموو ئیرجاعەکانی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، بە شێوەیەک کە ناتوانی لە دەرەوە ئەدەبیات لە شتەکان و ڕاستییەکانی بگەڕێی. هەرچییەک کە هەبێ لە نێو هەناوی خۆی دا بەرهەمی دەهێنێت، ئەگەر ئەو بەرهەمە لە سەر ئاستی ڕووداوێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگاش بێت ناتوانی ڕاستەوخۆ ئیرجاعی بدەیەوە بەو ڕووداوە.

شتەکان تەنیا لە شێوەی وشە دا و بە نیشانە خۆیان دەخەنە بازنەی زمانی ئەدەبی و حەقیقەتەکانیش تەنیا لە نێو ئەو جهانە دا بوونی هەیە و سەر بە واقع و ڕاستەقینە نین. بۆ وێنە نووسەرێک باسی شەقامی شارێک دەکات، لەوانەیە ئەو شارە ڕاستەقینە بێت بەڵام ئەو شەقامە و ئەو خەڵکەی بە سەر ئەو شەقامە دا تێدەپەڕن سەر بە جهانی ئەدەبیاتن.

لەوانەیە لە ڕوانگەی زۆر خوێنەرەوە ئەدەبیات ئیرجاعەکانی بۆ دەرەوەی خۆشی بگەڕێتەوە هەر بۆیە ناتوانن جیاوازی دابنێن لە نێوان ڕاستەقینە و حەقیقەتی بەرهەم هاتووی ئەدەبیات. ئەوانە بەرهەمی ئەدەبی بە ڕووداو و واقعە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانەوە گرێ دەدەنەوە.

بۆ نمونە کەسێک کە شێعری خەوە بەردینەی سوارە دەخوێنێتەوە گرێی دەداتەوە بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی ژیانی سوارە، یا کەسێک کە دواهەمین هەناری دنیای بەختیار عەلی خوێندبێتەوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی پێش شەڕی نێوخۆ و کاتی شەڕی نێوخۆ لە کوردستانی عێراق. ئەو دەستەیە لەو کەسانە پێک دێت کە جیاوازی نێوان حەقیقەتی بەرهەم هاتووی ئەدەب و جهانی ڕاستەقینە ناس ناکەن.

ئەدەبیات چ سێحرێک بە کار دێنێت کە بەردەنگەکانی بەو قەناعەتە دەگەیەنێ لە جێی ڕاستەقینە دادەنیشێ؟ و ئێمە زۆر جار هاوکات لە گەڵ کەسایەتییەکانی نێو چیرۆک و ڕۆمان و گێڕانەوە تووشی ترس، دڵەڕاوکێ و هەرواتر خۆشی دەبین. چ شتێکە کە دەبێتە جێ گرەوەی ڕاستییەکان؟ تا ئێمە کەسایەتی چیرۆک نەک وەک سازکراوی زەینی نووسەر بەڵکە وەک هەبوویەک لە جهانی ڕاستەقینە سەیری بکەین.

ئەدەبیات بە سازکردنەوەی هەموو شتێک لە ڕێگەی مەجاز و خوازەوە بە جۆرێکی دیکە خۆی لە جێی ڕاستییەکان دادەنێتەوە. ئەو ڕاستییانەی لە ڕێگەی ژیانی ڕۆژانە و هەرواتر ڕاگەیەنراوەکان چاو و گوێی ئێمەی پێ ئاشنا کراوە، تەنیا ڕێگە بۆ جیابوونەوە لەو جهانە پەنا بردنە بۆ خەیاڵ و ئەو جهانە خوازەییەی کە ئەدەبیات بەرهەمی دەهێنێت، کەواتا ئەدەبیات ئەو دیوی ڕاستەقینەی ژیانە، ئەو ڕاستەقینەیەی لە گەشتی کاتی هۆشیاریمان دا بەرێی دەکەین و ماوەیەکی زۆری کاتەکانمانی تێدا ڕادەبوێرین.

مرۆڤ لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە جۆرێکی دیکە لە حەقیقەت و ڕاستی بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆی تۆمار کردووە، ئەو حەقیقەتەی کە کات ناتوانێ بیبڕێ و تێپەڕی بکات، ئەو کارەشی لە ڕێگەی گێڕانەوە ئەنجام داوە، گێڕانەوەیەک کە لە ئەساس دا سەر بە ڕابرووە، ئەو گێڕانەوەی ڕابردوویە کە کەتێ هاموبوگێر لە کتێبی مەنتقی بەرهەمی ئەدەبی پێی دەڵێت: تێپەڕی گێڕانەوەیی(ماضی روایتی)( epische prateritum)، تێپەڕ لە بەرهەمی ئەدەبی لە هەر کات و ساتی خوێندنەوە دا خۆی دەکێشێنێتە کاتی ئێستا. بەڵام چۆن؟

لە تێپەڕی گێڕانەوەیی دا ئەگەرچی ڕووداوەکە لە کاتی ڕابردوو دا باس دەکات بەڵام بێبەرییە لە کرداری تێپەڕی، یانی لە گەڵ بەرەوپێش بردنی گێڕانەوە لە هەمان کات دا خوێنەر لە گەڵ کەسایەتیەکان و ڕووداوەکان ئاشنا دەبێ و بەرە بە بەرە و لە گەڵ پێش بردنی ئەویش دەلاقە بۆ وەرگرتنەکانی دەکرێتەوە. با بە چەند نمونە باسەکە زیاتر بکەینەوە:

ئەگەر ئەوانە ڕستەیی نێو ڕۆمانێک بن:

١ - سبەی جێژنی نەورۆز بوو و ئەو جلی نوێی بۆ منداڵەکانی نەکڕیبوو.

لێرەدا "سبەی" ئاوەڵکاری داهاتوویە و "بوو" و "نەکڕیبوو" کاری تێپەڕیو.

بەو شێوەیە دەردەخرێ کە لە تێپەڕی گێڕانەوەیی دا دەکرێ ئاوەڵکاری ئێستا و داهاتوو بێتە پاڵ کاری ڕابردوو.

٢ - بڕیاری دابوو زووتر لە سەر کار بگەڕێتەوە و ئێستا گەڕابوویەوە

ئاوەڵکاری "ئێستا" لە گەڵ کاری ڕابردووی "گەڕابوویەوە" پێکەوە هاتوون.

٣ - لە گەڵ خاوەن کارەکەی دەمەقاڵەی لێ پەیدا ببوو لەوەی کە بە باشی لە بەرابەری دا نەوێستابوو خۆی دەخواتەوە و لێوی دەکرۆژێ.

لێرە دا ئەگەرچی تەواوی ڕووداوەکە لە کاتی ڕابردوو و تێپەڕ دا بووە بەڵام خۆ خواردنەوە و لێوکرۆژتن کاری ئێستان.

لە گێڕانەوە دا بەردەنگ هەمیشە ئەکتیو و ئامادە دەکرێ و ئەو لە بەرابەر فەزا و شوێنێک دا خۆی نابینێتەوە کە بزانێت ڕستەی دوایی چ ڕوودەدات، ئەو حزوور و ئامادەییە لە هەر ساتێک دا ئەوە دەخوازێ کە دایمە ئەکتیو و بەرکار بێت.

گێڕانەوە لە ڕێگەی پێشبینی کردنی خوێنەر و تێکەڵ کردنەوەی ئەو پێشبینیە لە لایەن گێڕانەوە دەڕواتە پێش.

خوێنەر بە پێی چ مکانیزمێک هاوبەشی گێڕانەوە دەکات؟

خوێنەر لە ڕێگەی ئینزمام سازی بەشداری لە گێڕانەوە دا دەکات یانی تۆ تەنیا کاتێک باس لەوە دەکەی لە کتێبخانەیەک دانیشتووی و ئەگەر ئەوە سەرەتای بەشێک لە چیرۆک بێت، خوێنەر بە پێی ئەوە کۆمەڵێک بابەت لە زەینی دا ئامادە دەکات وەک ئەوەی بگێڕەوە لەو کتێبخانەیە دانیشتووە کە پڕە لە کتێب و کەسانێکی دیکە کە خەریکی خوێندنەوەن، میز و سەندەڵی



تایبەت بە دانیشتن و خوێندنەوەی لێیە، ڕووناکی بە ئەندازەی پێویست هەیە و فەزاکە ئارام و بێدەنگە. ئەو ئینزمام سازییە بە بێ ئەوەی بگێڕەوە ئاماژەی پێدابێت بەڵام لە زەینی خوێنەر دا جێ دەبێت، خوێنەر بەو شێوەیە بەشداری دەکات کە ڕەنگە لەوێ دا ڕوو بدەن و یا لەوانەشە لەو پێشبینی و ئینزمام سازییە بەدەر بێت.

بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر سەیری ژانرە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیات بکەین کە لە سەردەمی ئێستا دا وەک ئەدەبیات پێناسەیان دەکەین(چیرۆک، ڕۆمان، شێعر، سەربووردە، نامەنیگاری و نمایشنامە) هەموویان گێڕانەوە لە خۆ دەگرن، یانی بە بێ ئەو هیچکام لەو ژانرانە ناتوانن ڕەساڵەتی خۆیان جێ بە جێ بکەن، لەوانەیە ڕۆڵی گێڕانەوە لە هەرکام لەو ژانرانە دا جیاواز بێت بەڵام بە دڵنیاییەوە  حزوور و بوونی هەیە.

ئەگەر لە جهانی ئۆستوورە و کلاسیک دا گێڕانەوە لە خزمەتی پاڵەوان و قارەمانێک بوو کە لە حەماسە و تراژێدیا و حەکایەتەکان دا هەبوو، زۆر ساکار هەموو ئیمکانەکان لە خزمەت پەروەردە کردن و پێگەیاندنی ئەو قارەمانە دابوو. بۆ ئەوەی نیشان بدات ئەو کەسە دەسهەڵات و تواناییەکانی لە سەرووی مرۆڤی ئاساییە.

بە دەستپێکردنی سەردەمی مۆدێرن تا ڕادەیەک ئەو کارە بە پێچەوانە ئەنجام درا، ئیتر هێز و دەسهەڵاتی قارەمان و کاراکتێری سەرەکی گێڕانەوە لە سەرووی دەسهەڵات و توانستەکانی مرۆڤی ئاسایی نەبوو بەڵکە ڕێک لەو ئاستە و بگرە لە خوارەوەی مرۆڤیش بوو. بۆ نمونە گریگۆر سامسای کافکا کەسێکە هەموو توانستەکانی لە خوارووی مرۆڤی ئاساییش بوو. لە سەردەمی مۆدێرن دا گێڕانەوە بە شێوەیەکی جیاواز لە سەردەمی ئۆستوورە و کلاسیک کاری دەکا. شوالیە(دۆن کیشۆت)ی سێروانتس کەسێکی پاڵەوان لە دەرەوە توانستەکانی مرۆڤ نەبوو بەڵکە کەسێکی گۆچکراو کە پاڵەوانێتیکەی زیاتر خۆناسین و جۆرێک کەشف و شهودی لە خۆ دەگرت بۆ گەشت لە جهانی ناوەوەی خۆی دا.

بە دەستپێکی سەردەمی پۆست مۆدێرن گێڕانەوە لە شێوە و پێکهاتەی باوی خۆی دوور دەکەوێتەوە، ئەو دوور کەوتنەوەیەش لە ڕێگەی تێکەڵ کردن و یا لەیەک نزیک کردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان ئەنجام درا. بۆ نمونە "باریکە ڕێی مەزرایە"ی هایدگێر نە شێعرە و نە چیرۆک و نە بابەتێکی فەلسەفی بەڵکە تێکەڵەیەکە لە هەرسێکیان.

لە سەردەمی پۆستمۆدێرن چیرۆک لە ڕەوەندی سێڵاوی زەین کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەوەی گێڕانەوەی باو یا هێڵی لە بار ببات، لەو شێوەیە دا بە نزیک بوونەوە لە شێعر کە بە باشی لە سێڵاوی زەین بۆ بەرەوپێش بردنی ڕەوتی شێعرکەڵک وەردەگرێ و هەر ئەوەش ڕاگوازی جهانی خۆی دەکات، سێڵاوی زەین لە دۆخی شپرزەیی زەین کە هاوکات دەکرێ چەندین بیر لە ساتێک دا حزووریان ببێت و هاوتەریب یا بەشێوەی یەکدابڕ بڕۆنە پێشێ ساز دەبێت. لە سێڵاوی زەین دا گێڕانەوە گێڕانەوەیەکی ئیسکیزۆفێرنیاییە.

لەو سەردەمە هاوکات گێڕانەوە چەند سووچە نیگاییە و چەند ڕەهەند، ئیتر بگێڕەوە تەنیا کەسێک نییە کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئەرکی ئەوەی لە ئەستۆ بێت بەڵکە دایمە سووچەنیگاکان دەگۆڕیت فلاشبەکەکان لە دەستپێک تا کۆتایی بوونیان هەیە ، بەو شێوەیە گێڕانەوە چەند ڕەهەندییە، یانی دەکرێ لە چیرۆکێک دا هاوکات سێ چیرۆک باس بکرێ یا دەکرێ هەر کام لەو چیرۆکانە ئەوەی تر بڕ بدات، ئیتر گێڕانەوە بە شێوەی هێڵی و خەتی نییە بەڵکە لە هەر ساتێک لە ژیانی ئێمە و زەینی ئێمە دا بەردەوام چەندین جۆری هەیە کە زەین لە نێو ئەو هەموو باس و خواستانە دا یەک یا چەند جۆریان لە ئەوانی تر جیا دەکاتەوە و بە پێی پێویست و حەز بەرجەستەی دەکاتەوە، زەین بە شێوەیەکی تۆکمە لە قاڵ و قیلی ڕۆژانە دەست دەکات بە پاکیزە کردنەوەی گێڕانەوەکان.

جهانی گێڕانەوە لەو سەردەمە دا جهانێک نییە کە ڕووداو لە سەنتەری ئەو مابێت بەڵکە ڕووداویش تا ئاستێکی باش دەکەوێتە پەراوێز و تەنیا کەڵکەڵەی بەیان دوور کەوتنەوەیە لە واتا یەکانگیرەکان و مانەوەیە لە ڕووبەری زمان دا.

گێڕانەوەی پۆستمۆدێرن ڕەوایی بەخشینە بە زمان وەک هەڵکەوتوویی و واقع بوونی مرۆڤ لەو جهانە زمانییە، چیدیکە ئێمە بکەری ناسکار نین بەڵکە هەبوویەکی هەڵکەوتوو و پەرت کراوەی لە ئێرە و ئەوێین، ئێمە دازاینی جهانی نووسینەکانی خۆمان و زمانەکەمانین.

# فۆتۆریسم و مایاکۆڤسکی

بابەک سەحرانەوەرد

## قوتابخانەی فۆتۆریسم و مایاکۆڤسکی:

(ئیمیلیۆ فیلیپۆ مارینێتتی) هونەرمەند و بیرۆکەوانی ئیتالیایی، بیردارێژی ئەم شەپۆلە هونەری و ئەدەبییە بە بەیاننامەیەک کە ساڵی١٩٠٩بڵاوی کردەوە و بە وشەگەلێکی زۆر ئازایانە کۆتایی هونەری رابردووی راگەیاند و مزگێنیی بۆ لە دایکبوون و سەرهەڵدانی هونەری داهاتوویدا. ناوبراو لەو بیر و بروایە بوو کە بۆ قەڵەمڕەوی ویژە و هونەری ئیمڕۆ ئەبێ شێواز و زمانێکی بە پێز و هێز و چڕوپڕ و زۆر کاراتر بێتەئاراوە. قوتابخانەی فۆتۆریسم لە بنەڕەتەوە شۆڕش و ملپێچی بەرامبەر بە شێوازە پەیمانییەکان بوو و بە تەواوی لەچاخی ماشین، شەر، گرژی، خێرایی و هەڵچوویی لایەنگری ئەکرد. پێشکەوتووخوازەکانی فۆتۆریسم ئەیانویست جەخت و هەرا و هوریای ژیانی نوێ و پیشەسازی بە کۆمەڵگە و مرۆڤی هاوچەرخ بنوێنن و بەر لە ئاخاوتن لە بارەی بزاڤ و بزووتنەوەی دەروونی ژیانی نوێ و سووڕاندنی چەرخی ئۆتۆمبیل و گوررەی فرۆکە(ماشینیزم) باس لە چ شتێکی دی نەکەن. ئەندامانی ئەم قوتابخانەیە، تەواوی رەق و دژوار نووسینی شاعیرانی ئەو سەردەمەیان بە گاڵتەجاری دەگرت و خویان لەهەموو جۆر شێعری ئەڤینداری و رۆمانتیکیی دوور ئەخستەوە و شێوازێکی پەخشان ئاسایان بە جێی شێعر دابین ئەکرد. بە تەواوی ئەم شتانە، فۆتۆریسم لەگەڵ ئەمرازەکانی هەست و دەربرینی هەر جۆر وشەیەک کە مرۆڤی تامەزرۆ ئەکرد و هەروا بە گشتی دژ بە پاراستنی هەمە لایەنەی ڕێنووسی زمانەوانی بوون. بەجۆرێ داخوازی سەربەستیی لە کەڵک وەرگرتنی وشەگەلی نائاسایی و دژ بە شێعر بوون و بۆ ئەوەی کە وتەکانی خۆیان بە ئاساییەوە دەربڕن لە دەستەواژەگەلی کورت کورت و بڕشت بڕشت کەڵکیان وەرئەگرت.

ڕۆنراو و نوێنەرە گەورەکەی ئەم قوتابخانە هونەری و ئەدەبییە لە رووسیا تەنیا (ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی) بووە. ناوبراو ئەم قوتابخانەی بە دەربرین و ئەمرازێکی زۆر بەجێ و باش بۆ بانگەشەکردن و ڕاگەیێنیی ئەندێشە شۆڕشگێرییەکان ئەزانی و لەو بروایەدا بوو کە ئەم شێوەیە لە واقیعدا گونجاوترین شێوەی خۆ نزیک خستنەوەی شێعر لە زەوق و پەسەندی عەوامە. مایاکۆڤسکی وەزن، وشە، شێوەزار و بنەواشە و دەستەواژەی نوێی ئاراستەی شێعری رووسی کرد و دەستەواژە هەرڕۆژەییەکانی خستە نێو ئەم گۆڕەپانە بەرینە و شێوازی ئاسایی ئەوچاخەی تێکرا دارماند. لە شێعری رووسی کۆمەڵێک کێشی تازە و وشە و دەستەواژەی نوێی داهێنا. وشە باو و دەستەواژە رۆژنامەییەکانی هێنایە نێو قەڵەمڕەوی شێعر و لەولایشەوە ڕستەڕیسی و ڕێزمانی زمانی ئەدەبیی ئەم سەردەمەی سەرجەم تێشکاند. شایانی باسە ئەم شێوە هونەریی و ئەدەبییە لە ئۆرووپا پێش ساڵی ١٩٢١ بە تەواوەتی لەناوچوو و ئیدی هیچ شوێنەوارێکی لەپاش بەجێ نەما و لە ڕووسیا دوابەدوای مەرگە تاڵەکەی مایاکۆڤسکی لەساڵی ١٩٣٠ بەیەکجاری فەرامۆشکرا.

## ژیانی مناڵێک:

مایاکۆڤسکی، شاعیر، شانۆنامەنووس و هونەرمەندی شێوەکاری ئاژاوەگێر و فۆتۆریست، لە٧ی ژوویەی ساڵی ١٨٩٤ی زایینی لەگوندێک بە ناوی (بەگداد) سەر بە قەفقاز، پارێزگای کووتائیسی لە رووسیا لە دایکبووە. بەڵام دایکی لەو بڕوایەدابوو کە ڤلادیمیر لەساڵی ١٨٩٣ هاتۆتە دوونیا. ڤلادیمیر هێندە کە لە بیرەوەرییەکانی ئاماژەی پێکردووە، هەر زوو لەگەڵ نیگارکێشی، شێعر و بەگشتی لەگەڵ جیهانی هونەر ئاشنا ئەبێت. بەو جۆرە کە تەنانەت باوکی ناچاری ئەکا لەهەموو جەژنەکاندا شێعر بخوێنێتەوە و ڤلادیمیر مەجبوور ئەبێت هەر جار چەن دێڕە شێعر لە بەر کات و بۆ خێزانەکەی بخوێنێتەوە. ڤلادیمیر فێرکاری سەرەتایی لە لای دایک و کچەپوورەکانی فێر بووە. کەواتە هەوەڵین قوتابخانەی ڤلادیمیر، ماڵەکەیان و یەکەم فێرگەی زمانی زگماکی و ئەدەبی رووسیی بە شێوەی زارەکی لە خزم و کەسوکارەکەی فێربووە و ئەوان بوونەتە یەکەم مامۆستایانی ئەم منداڵە سەیروسەمەرەیە. هەوەڵین پەرتووکێک کە زۆری لێ ورد ئەبێتەوە و پێیدادەچێتەوە و بۆ هەمیشە لەبیریدا ئەمێنێتە (کولانەی ئاگات) بە پێنووسی (کلاوێدیا لووکاشێوویچ)، نووسەری منداڵان بووە کە وا لەمایاکۆڤسکی ئەکا کە لەم بەرهەمە بێزار و هیلاک بێ: "ئەگـەر دیسـان لەم جۆر کتێبانە ئەگەیشتە دەستم، بێگوومان بۆ هەمیشە دەسم لەخوێندن ئەشت."

بەڵام دووهەمین کتێبێک کە خوێندویەتی، زۆری خۆشحاڵ ئەکا و دەبێتە هۆی ئەوەی بەلای ئەکتەربوون هانبدرێت و لایەنێکی شیاو بۆ خۆی بگرێتە ڕێ و هۆگرایەتیی بە شانۆ لەم تافەدا ڕیشەی داکوتاوە: "بە بەختەوەرییەوە دووهەمین بەرهەمێک کە خوێندمەوە "دۆنکیخۆتەی سێرڤانتس" بوو. ئا بەمە ئەڵێن بەرهەم. بۆ خۆم بە دار و چیلکە زرێ و شەمشێرم دروسکرد و کەسوکاری خۆمم پێ ئەتۆقاند." ڤلادیمیر لەگەڵ دایکی بۆ پارێزگای کووتائیسی ئەچێ و لەوێدا نیشتەجێ ئەبن.ئیتر لەدایک و کچە پوورەکانی خوێندن فێرنابێت و لە قوتابخانەی ڕەسمی ناوی ئەنووسن. قۆناغی سەرەتایی بە نمرەی باش تێئەپەڕێنێ. بەرهەمەکانی "جول ڤێرن" بە حەزەوە ئەخوێنێت و لە کتێبی فانتازیایی چێژی زۆر وەرئەگرێت. هەر لەم تافەدا بووە کە بابایەک هەست بە تامەزرۆیی مایاکۆفسکیی لە شێوەکاریدا ئەکا و بڕیارەدا هەوەڵین وانەی شێوەکاریی -بەبێ وەرگرتنی پارە- فێری بکات. ساڵی ١٩٠٤ لەگەڵ شەڕدا بە گشتی ئاشنا ئەبێت ، چونکا شەڕ لەگەڵ جاپۆن دەسپێکردووە.خێزان هەموو ڕۆژێک رۆژنامە ئەکرن و ڤلادیمیر بەدەنگی بەرزەوە ئەیانخوێنێ. ئەو ئێستا دە ساڵی تێنەپەڕاندووە کە لەگەڵ ڕاپەڕین و شێعر بە شێوەیەکی جیددی ئاشنا ئەبێ: "دوای ئەم مەسەلە بوو کە چەمکی شێعر و ڕاپەڕین لە زەینم یەکانگیر بوون." مایاکۆفسکی لەخۆپیشاندانەکاندا خۆشحاڵی خۆی دەرئەبرێ و روانگە شۆڕشگێرییەکانی خۆی بە وێنەکێشان نیشان

دەدات. ئانارشیزمەکان "بشێوەخوازەکان" بە ڕەنگی ڕەش دەکێشێ، سۆشیالیزمەکان بە سوور، سۆسیال دیمۆکراتەکان بە شین و فیدراڵەکان بە ڕەنگی تر و دائیمە خەریکی خوێندنەوە و لایەنگری لە سۆشیالیزمە و پەرتووکی(چی بخوێنین؟)ی ڕووباکین بە دەست ئەگرێ و پرسیارەکانی ئەپرسێ و ئەبێ بە یەکێک لە ئەندامانی حیزبی مارکسیزم. ساڵی ١٩٠٦، باوکی کە نزارەوانێکی هەژار بوو بەهۆی برینی کێم کۆچی دوایی ئەکا و ڤلادیمیر لەگەڵ خێزانەکەی بۆ مسکۆ کەلوپەلیان ئەپێچنەوە. بیرەوەرییەکانی ئەم سەفەرە بە تایبەت دیمەنەکانی شاری باکۆ زۆر زوێر و پەشۆکاوی ئەکات. "بەڕای من جوانترین شار باکۆیە. لەگەڵ دەکەڵ و هەمارە نەوتەکانی، بە خۆشترین عەترەوە: بۆنی نەوت. ئەولاتریش سارایە." لە مسکۆ دۆخێکی لەبار و باشیان نییە. ڤلادیمیر لە برسییەتی و بێ نانی و دەسکورتی تووشی ئازار دێت. لەگەڵ دوو خوشکەکەی بۆ قوتابخانە ئەچێ. هەست بە نەداری خێزانەکەی بەردەوام لەبەر چاویەتی. دایکی ناچار ئەبێت بە چەند خوێندکاری گەنج کە سۆشیالیست و هەژارن خانوو کرێ بدا و چێشتیان بۆ ساز کات. مایاکۆفسکی لەگەڵ سۆشیالیستێ بەناوی "ڤاسیاکاند ێلاکی" ئاشنا ئەبێت و حەزی بە خوێندنەوەی ڕۆمان لە دەست دەدا و زۆرتر لەفەلسەفەی (هیگڵ١) و (زانستی سرووشتی داروین)و بەرهەمەکانی (مارکسیزم٢) ئاوڕ ئەداتەوە. دوا ماوەیەک لە لایەن قوتابییان، ناملکە یەکی قەدەغەکراو چاپ و بڵاو ئەبێتەوە. مایاکۆڤسکی وا هەست ئەکا لە زۆر شتدا مەلاسە و لەزۆر ئیشیش گەنجێکی دەسەوەستانە و ئەبێت ئەویش ڕەهەندێکی شیاو و ئەوتۆ بگرێتەبەرێ و میناکی هاوڕێکانی خۆی سەرقاڵی ئیشێکی بایەخدار بکات.



**یەکەم ناملکە شێعر:**

لەساڵی ١٩٠٨دا، ڤلادیمیر، جاحێڵێکی چواردە پازدە ساڵە بۆ یەکەمجار ئەبێ بە ئەندامی حیزب و ئەچێتە نێو پارتی سۆسیال دیموکراتەوە و ئەرکی بانگەشەکردن بەو ڕادەسپێرن. ئەچێ بۆ لای نانەواکان، بۆیاخچییەکان و پیتچنەکان و لەمەڕ سۆسیال دیمۆکراتەوە قسەیان بۆ ئەکا و لەگەڵ کرێکارە هەژارەکان دەکەوێتە ئاخافتن. لەکونفرانسی گشتی حیزبدا، بەئەندامەتی کومیتەی حیزبی مسکۆ دەردێت. بە ڤلادیمیر نازناوی (هاوڕێ کۆنستانتین) ئەدەن. ماوەیەک تێناپەڕێ کە لە(گوروسینی) بە تاوانی ئاگادارنامەنووسین دەسبەسەر ئەکرێت. ئەکەوێتە بەندیخانە و دائیمە لەم جێ بۆ ئەو جێگە دەیگوازنەوە. لەکۆتاییشدا حاکم بەو خەیاڵە کە فریوی ئەدا، ناچاری ئەکا دەقێکی کورت بنووسێ. ڤلادیمیر بە ئەنقەست هەڵەی زۆر بە جێ ئەهێڵێت و لەئەنجامدا بە دەستەبەر دانان لەبەندیخانە قوتار ئەبێت. چەن کەس لە کرێنشینەکانی دایکی مایاکۆڤسکیی بڕیارئەدەن بۆ ڕزگار کردنی ژنە لە بەندکراوەکان خەریکی چاڵ هەڵکەندن بن. ڤلادیمیریش یارمەتیان ئەدات. لەسەرەتا زۆر سەرکەوتووانە ئەڕۆنە پێش، بەڵام پێیان ئەزانن و هەمیسان مایاکۆڤسکی کلۆڵ بۆ دووهەمین جار قۆڵبەست ئەکرێ و ڕەوانەی بەندیخانەی ئەکەن. لە ماڵەکەیاندا، دەمانچەیەک و کەمێک ئەدەبیی قەدەغە پەیدا دەکەن. ڤلادیمیر کە پێشتر تام و چێژی بەندیخانەی جوان چێشتووە، دەس ئە کا بە قیژەوهەرا. نایەوێ بیبەن بۆ بەندیخانە. هێندە هەراوهوریا ئەکا کە لە بەندیخانەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر ئەیبەن. ئەم چاخە لەژیانی ڤلادیمیردا، بایەخێکی زۆری هەیە. لە دوا سێ ساڵ خوێندنەوە و تێکۆشان، دەست ئەکا بەخوێندنەوەی ڕۆمان. لە بەرهەمی سیمبۆلیستەکان وەکوو (باڵمۆن) چێژ ئەبا. جەختی زۆر ئەکا لاسایی ئەوان بکاتەوە و هەر وەک ئەوان بنووسێ، بەڵام دیارە لەم ئیشەدا لێزان نییە و نووسین و شێعرەکانی بە باشی دەرناچن. لە ئەنجامدا ناملکەیەک لە شێعرەکانی کۆئەکاتەوە کە لە کاتی ڕزگاربوون لە بەندیخانە ئێشکچییەکان لێی وەرئەگرن. شاعیری ئەم ناملکە، واتە( ڤلادیمیر)، لەم ڕووداوە شادی خۆی دەرئەبڕێت. وائەزانێ کە شێعرەکانی ئەم کتێبە زۆر بە سۆز و ئادان بووە و باشتر کە هەر زوو فەوتان. مایاکۆڤسکی بە حەزێکی قووڵەوە ئەخوێنێ. بەرهەمگەلی هاوچەرخەکان تەواوئەکا و ئەچێتە سەر کتێبە کلاسیکەکان. دەس ئەکا بە خوێندنی بەرهەمگەلی بایرۆن، شەکسپیەر و تۆلستۆی. خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانی (ئاناکارنینا٣)ی تۆلستۆیە کە پێی ئەڵێن لە بەندیخانە ڕزگار بووە. بەم چەشنە، چ کاتێ نازانێ (ئانا) تووشی چ کارەساتێ ئەبێ. "بە خۆشحاڵییەوە لەزیندان ڕزگاربووم. بەرهەمگەلی نووسەرانێکم خوێندبووەوە کە بەوانیان دەوت نووسەرە مەزنەکان، بەڵام نووسین بە شێوازی ئەوان هێندە سەخڵەت و دژوار نییە." تا ئەم ئاستە، ڤلادیمیر، ڕوانگەیەکی نێونەتەوەیی بۆ خۆی دابین کردووە، بەڵام چ ئەزموونێکی ئەوتۆی لە هونەردا بەدەس نەهێناوە، ئەگەرچی نایەوێت وەک گەنجێکی هۆپیالا و بە بێ ئەزموون تەماشای

کەن، بەڵام تا رادەیەکیش جۆرە کەمایەتییەک لە خۆیدا بە ئاشکرایی هەست ئەکا. لە قوتابخانەکان کە لە کاتی خۆیدا قوتابی ئەو جێگانە بووە، دەرکراوە .لە لایکەوە ئەزانێ کە ئەندام بوون لە پارتدا، پێویستیی بە ژیانێکی نەهێنییە. ناچار ئەبێت قۆل هەڵماڵێ بۆ نووسینی ئاگادارنامە و هەڵبژاردن و پۆلێنکردن و بژارکردنی هەڵوێست و روانگەی کەسایەتییە بە ناوبانگەکان. هەست ئەکا ئەگەر ئەو شتانە کە خوێندوویەتی لێی وەرگرن، چ شتێکی بەر لە رەوشت و مێتۆدی (مارکسیزمی) بۆ نامێنێتەوە. بۆیە بڕیار دەدا لە حیزب و قوتابخانە و زانستگا دەست بشوا و خۆی بە خوێندنەوە و فێرکاریی لە ئاقاری ئەدەب و هونەردا سەرقاڵ بکا. واهەست ئەکا لەبواری نووسین نوشوستی هێناوە و ناتوانێ شێعر بهۆنێتەوە. لە لای هونەرمەندێکی شێوەکار بەناوی(جۆکۆفسکی) فێری شێوەکاری ئەبێت. بەڵام تازە دوا یەک ساڵ بۆی ئاشکرا ئەبێت بە جێگەی وێنەکێشانی جیددی، وەختی خۆی بە کێشانی ژنی ژیکەڵە و قەڵەویچکە لە تابلۆگەلی جۆراوجۆر زەوتکردووە. لەلای ئەم مامۆستایە نامێنێتەوە و ئەچێ بۆ لای هونەرمەندێ بەناوی(کلین)و لەلای ئەو فێری هونەری رێئال و شێوەکاری ئەبێت. بەڕای ڤلادیمیر، (کلین) مامۆستایەکی باش، لێزان و دەرەوەستە. کلین لەچاوی مایاکۆڤسکیدا هونەرمەندێکی پتەوە و وشەی مامۆستا بۆ (کلین) وشەیەکی پڕ بە پێستە، لێ کەسێتییەکی تایبەتی بەخۆی هەیە و بە سەر هونەرەکەیدا گەلێک زاڵە. ئینجا هەست ئەکا لەم بوارەدا بووە بە لێزان. بۆ قوتابخانەی باڵای هونەرە جوانەکانی مسکۆ لە بەشی نیگارکێشی ئەچێت. تەنیا جێگەیەک کە ئەویان بە بێ لێوەشاوی سیاسی وەرگرتووە. لەوێدا بۆی ئاشکرا ئەبێ مامۆستاکان، ڕێز لەو قوتابییانە ئەگرن کە لاسایی ئەوان ئەکەنەوە و ئەوانەی کە بە روانگەیەکی جیاواز و تاکەوە خەریکی داهێنان و ئافراندنن، ئازار ئەدەن و بە چاوێکی سووک تەماشایان ئەکەن. لە گەڵ دوو هونەرمەندی گەنجی شێوەکار بەناوی (لاریونۆڤ ) و (ماژکۆف)ئاشنا ئەبێت و بە هۆی ئەوە کە زانیار و سەربەخۆن، لەلایەن مامۆستاکانی ئەو قوتابخانەیە زۆر ئازار ئەبینن. بەڵام مایاکۆڤسکی خۆی بەم دوو کەسە نزیک ئەکاتەوە و ئەبێ بە هاوڕێ ئەم دووانە.

## تووخمی فۆتۆریسمی رووس

شەوێک کە بۆ کونسیرتی (راخمانینۆڤ) بە ناوی (دوورگەی مردووەکان) ئەچێ، لێی بێتاقەت ئەبێت و لە هۆڵەکە دێتە دەر. دوابەدوای ئەو (بورلیۆک)یش کە یەکێک لە هەڤاڵە نزیکەکانی بوو، لە هۆڵەکە دێتە دەر. هەر دووکیان کونسیرتەکە بە گاڵتە ئەگرن و لە شەقامەکاندا پیاسە ئەکەن و ئەکەونە ئاخافتن. باسی ناحەزبوونی کونسیرتەکە ئەکەن هەتا ئەگەنە ویژە و هونەری کلاسیک. بورلیۆک تووڕەیی مامۆستایەکی تێدا دیارە کە هاوڕێکانی ناتوانن لێی تێبگەن و مایاکۆفسکی بیر و بڕوای سۆشیالیستێکی کوێری هەیە کە بە لای مەرگ و کۆنەپەرستییەوە ئەڕوات. بەم چەشنە فۆتۆریسمی رووس لەدایک ئەبێت. شەوی دوایی چەن دێڕ لەشێعرێکی تازە بۆ بورلیۆک ئەخوێنێتەوە. بورلیۆک هاوار ئەکا: ئێوە ئەم هونراوەتان هۆنیوەتەوە؟ کەواتە ئێوە زۆر بلیمەتن. بەکارهێنانی بلیمەت بۆ ڤلادیمیر تووشی هەستێکی نامۆ و سەیری ئەکا: "ئەو شەوە کتووپڕ بوومە شاعیر." سەر لە بەیانی ئەو شەوە، بورلیۆک، ڤلادیمیر وەک شاعیرێکی پڕۆفشناڵ بە هاوڕێکانی ئەناسێنێ و بۆ ئەوەی مایاکۆفسکی تووش دەردەسەری نەبێ، پێی ئەڵێ کە تەنیا و تەنیا بنووسێ. ڤلادیمیر هەوەڵین شێعری خۆی ئەنووسێ . شێعرێ کە چاپی ئەکا بەناوی (سوور و سپی) دەناسرێ و دوا بە دوا چەن شێعری دیکەی لێ بڵاوئەبێتەوە.مایاکۆفسکی لە بیرەوەرییەکانی لەمەڕ بورلیۆک ئاوای نووسیوە: "هەمیشە بە خۆشەویستییەکی قووڵەوە بیری بورلیۆک ئەکەوم . بورلیۆک لە واقیعدا هاوڕێی زۆر باش و مامۆستای ڕاستەقینەی من بوو. ئەو بوو کە منی کرد بە شاعیر. بۆ من لە شاعیرانی فەرەنسی و ئاڵمانیا شێعری ئەخوێندەوە. هەمیشە خەرمانێ کتێبی تازەی بۆ ئەکڕیم و پێکەوە پیاسەمان ئەکرد و لەگەڵمدا ئەکەوتە ئاخافتن. هەموو رۆژێک پەنجا کۆپێک پارەی پێدەدام هەتا لە برسییەتی نەمرم و تەنیا و تەنیا بخوێنمەوە. بۆ جەژنی ساڵی نوێ منی برد بۆ وڵاتی خۆی و لەوێ توانیم چەن شێعری تازە بنووووسم." ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی لە (لایاچکا) ئەگەڕێتەوە. هێشتا بیر و باوەڕ ئەدەبی و سیاسییەکانی پۆلێن نەکراون، بەڵام ئەزانێ کە ئەبێ چی بکا. لە مسکۆ (خەلبینکوف) و (کرۆچیونیچ) دەبینێ و لە دوا چەن شەو ئەم گروپە، بەیاننامەیەک دەنووسن و بورلیۆک ئیشی بەدواچوونەوە بەم بەیاننامەیە ئەگرێتە ئەستۆ و هەروەها ناوێکی بۆ دائەنێن و دوا ماوەیەکی کورت بەیاننامەکەیان بڵاو ئەبێتەوە. بە یەکجاری فۆتۆریسم ئەکەوێتە سەرزاری خەڵکان. رۆژنامەکان لەمەڕ مایاکۆڤسکی و ئەندامانی دیکەی فۆتۆریسم وتار و ڕەخنە ئاراستە ئەکەن. لە پیشانگای هونەر بەناوی (خزمەتکارەکانی مووزاییک) باسگەلێکی چڕوپڕ و بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن بورلیۆک و مایاکۆڤسکی دەستپێئەکا. نازناوی (سەگباب) بۆ مایاکۆڤسکی دائەنێن. لە خوشکەکەی بڕشتێ قەیتانی زەرد وەرئەگرێ وبە دەوری ملی خۆی گرێی ئەدا. لە چەند لاوە هونەرمەندان کۆ ئەبنەوە و بەبێ هیچ بەڵگەیەک،خۆیان بەنوێنەری شاعیران و نووسەران پێناسە ئەکەن. تاقەت ناهێنن و ڕەخنە لەحکومەتیش ئەگرن. سەرۆک پاسەوانەکان بە بۆڵەبۆڵ پێشنیار ئەکا کە دەس لە رەخنەگرتن لە حکومەت هەڵگرن. مایاکۆڤسکی و بورلیۆک دژایەتی خۆیان لەمەڕ ئەم دۆخە ناحەزە دەرئەبڕن. مایاکۆڤسکی و بورلیۆک و چەن کەسی دیکە ئەم شار و ئەو شار ئەکەن و بۆ خەڵک قسە ئەکەن. لە لایەن سەرۆکی پاسەوانەکان هەمیسان پێشنیار ئەکرێ کە بە کەسێتییە بەرزەکان وەکوو( پۆشکین) هیچ نەڵێن. (ڤاسیا کامێنسکی)کە فۆتۆریستە، دێتە نێو گرووپی مایاکۆڤسکییەوە. مایاکۆڤسکی لەسەر فورم و پێکهاتە و لێزانین لە وشەدا خەریکی کار و توێژینەوە ئەبێ. دەزگا چاپەمەنییەکان جوابیان ئەکەن و دەقەکانیان بڵاو ناکەنەوە. بەڵام ئەوان واز ناهێنن و زۆرتر تێدەکۆشن. مایاکۆڤسکی بۆ مسکۆ ئەگەڕێتەوە و لە شەقامەکانی مسکۆ ژیان ئەکا. ئەم چاخە لە ژیانی ئەو کە خۆی ناوی ناوە "تراجێدیای مایاکۆڤسکی" لە باخچەی (لۆناپارک) کوتایی پێدێت. لەساڵی ١٩١٤ مایاکۆڤسکی لەناخی خۆیدا هەست بە زانایی و مامۆستاییەکی بە نرخ ئەکا. ئەتوانێ بە سەر ناوەرۆکی شێعرەکانی زاڵ بێ و وەک دیلێ تەماشایان بکات. باسی ناوەڕۆک لە شێعردا ئەخاتە سەر زار. نووسینی شێعری "هەوری پانتۆل لەبەر" لە زەینیدا دائەڕژێت. شەر دەسپێکردووە و بە خۆشحالییەوە ئەچێتە ریزی خەباتگێڕان. شێعری "شەر دەسپێکردووە" ئەنووسێت. خوازیاری شەڕکردنە، بەڵام چون دەستەبەرنامەی سیاسی نییە نایخەنە نێو ریزی شۆڕشگێڕان. ڕقی لەشەڕ وەک ئاورێ لەناخیدا هەڵدەگرسێت و ئەم ڕقەی بە لاسارییەکی هونەرمەندانە بە هۆنینەوەی شێعری "ئاخ، دایخەن، دایخەن چاوی چاپەمەنییەکان" دەرئەبڕێت. لە کایەی پاسوور ٦٥ رووبلی دەس ئەکەوێ و بەو پارەیە ئەچێ بۆ سەفەرێکی فەنلاند. لە شارێکی ئەم کیشوەرە خۆی بە چەن کارەوە سەرقاڵ ئەکا. یەک شەممانە بەرهەمگەلی (چووکوسکی) ئەخوێنێ. دووشەممانە (ئۆرینۆف) و هتد. دەس ئەکا بەخوێندووەوەی (مێرگزاری کورت)ی ریپین و هەست ئەکا ئەم جۆر دەقانە بۆ فوتوریستێ لە ئاستی ئەو بە چەند کیلۆمیتر قەد و باڵا، خواردەمەنییەکی نالەبارە. شەوانە لە کەنار دەریا پیاسە ئەکا و "هەوری پانتۆل لەبەر" ئەنووسێت. ڕاپەڕین بۆ ئەو بەتەواوەتی مسۆگەربووە. بۆ دیداری (ماکسیم گورکی٤) ئەچێ بۆ (مووستامیاکی) و چەند بەش لەم شێعرە درێژەی بۆ ئەخوێنێتەوە. ئەم

بەرهەمە تەواونەبووە، تەئسیرێکی هەرە قورس لەسەر گورکی دائەنێنێت، ئەونە کە وەک منالێکی ساوا هۆنەهۆن دەسئەکا بە گریان. ڤلادیمیر بە بینینی ئەم دیمەنە لە ناخی دڵیەوە هەست بە بەرزی و بلیمەتی ئەکات. ساڵی ١٩١٥ ی زایینی، مایاکۆڤسکیی شاعیر، شانۆنامەنووس و نیگارکێش ناوی بۆ سەربازی دێتەوە. نایەوێت بیبەن بۆ شەڕ. بە هەموان ئەڵێت کە ئەندازەیارە. (بریک)، شێعرەکانی مایاکۆڤسکی بە ٥٠ کووپێک، ئەویش بۆ هەر بەیت ئەکڕێ. کتێبی "شمشال و دارەکارەباکان" و "هەوری پانتۆڵ لەبەر" بڵاو ئەکاتەوە. هەڵبەت هۆنراوەی "هەوری پانتۆڵ لەبەر" بە سانسۆرەوە چاپ ئەبێت. لە ساڵی ١٩١٦دا "شەڕ و جیهان" و "مرۆڤ" بڵاو ئەکاتەوە. ئیدی ناگەڕێتەوە بۆ سەربازی. ئەزانێت بە زوویی سۆشیالیستەکان دەسەڵاتدار ئەبن. بە نووسینی شێعرێکی مێژوویی بە ناوی "راپەڕین" درێژە ئەدا. لە چەن گوتاربێژی بەناوی "بلشوویکەکان و هونەر" و "نەهێنییە پێکەنیندارەکان" بەشداری ئەکات. فۆتۆریستەکان بڕیار دەدەن کە نەچنە نێو ریزی هیچ پارتێکەوە و لە واقیعدا راپەڕین بەماڤی خۆیان ئەزانن. مایاکۆڤسکی بۆ شاری(سمۆلینی) ئەچێ و لەوێ بۆ پەیداکردنی کار عەوداڵ ئەبێ. لەوێوە بەرەو مسکۆ ئەڕوات. لەنێو خەڵکدا خۆی نیشان ئەدا و شەوانە ئەچێ بۆ "کافەی شاعیران" و لەوێ فیلمنامە ئەنووسێت و تەنانەت لە چەن فیلمیش رۆڵ ئەگێڕێ . لە ساڵی ١٩١٨ تەواوی فیکر و زەینی لە ئاقاری هونەردایە. ئەگەر ببێ بە ئەندامی حیزب دیارە کە ئەیبنێرن بۆ بەندەرێکی زۆر دوور و ناخۆش. شانۆی "بۆ ماسی گیر" تەواو دەکا و بۆ زۆر کەس دەیخوێنێتەوە . لە هەموو کوێ باسی ئەم بەرهەمە ئەکەن. ئەم شانۆیە ئەچێتە سەر تەختەی شانۆ و خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆ ئەبێتەوە. بەڵام دوا ماوەیەک ئەم شانۆیە قەدەغە ئەکرێت. ساڵی ١٩١٩ بە کتێبی "بۆ ماسی گیر" و چەن بەرهەمی دیکەی خۆی و هاوڕێکانی ئەچن بۆ کارخانەکان و لە هەموو جێگایەک خەڵک بە شادی و سەربەرزییەوە دێن بە پیریەوە. "هونەری کۆمۆن" دەنووسێ و بڵاوی ئەکاتەوە. مایاکۆڤسکی لەو بڕوایەدایە کە بەرهەمی( ١٥٠٠٠٠٠٠) بنووسێ. ساڵی١٩٢٠ ئەم دەقە تەواو دەکا و بێ ئاماژە بەناوی نووسەر بڵاو ئەبێتەوە. ئەگەرچی زۆر زوو هەمووان بۆیان دەرئەکەوێ کە نووسەرەکەی کێیە. بەهەر ڕەیەک بێ شانۆی « Mystere» دێتە سەر تەختەی شانۆ و ناوەکەی بڵاو ئەوبێتەوە.

**لێف، بەیاننامەی فۆتۆریسم:**

لەساڵی١٩٢٢ڕێخراوەیەکی چاپەمەنی (چاپ و پەخشی کتێب) دائەمزرێنێ و ناوی (کفم)ی بۆ دابین ئەکا، واتە (کۆی فۆتۆریستەکانی مسکۆ). تەواوی فۆتۆریستەکان کۆ ئەبنەوە. لە رۆژهەڵاتی دوورەوە (ئاسدیف) و چەن کەسێتیی دیکە لە دەوری کۆ ئەبنەوە. خەریکی نووسینی (نیوەنەتەوەیی پێنجەم) ئەبێ کە سێ ساڵ بەنووسینی ئەم دەقە وەختی زەوت بووە. ئەم تێکستە، یۆتۆپیا و ئارمانشارێکە کە بەوتەی مایاکۆڤسکی تەواوی هونەری ٥٠٠ ساڵی داهاتوو ئەگرێتەوە. ڤلادیمیر لەساڵی ١٩٢٣ گۆڤاری نەوەی هونەری چەپ بە ناوی (لێف) رێ‌ئەخا. لەراستیدا گۆڤارێکە کە لە تەواوی شێوازەکانی فۆتۆریسم کەڵک وەر ئەگرێ. کتێبی (ئا لەمە) ئەنووسێ کە بە شێوەیەکی تایبەت و دیاریکراو دژیایەتی خۆی لەمەڕ ژیانی ساکار و ئاسایی دەرئەبڕێ. یەکێک لە دەسکەوتەکانی ئەم بەیاننامەیە وێڕای جیاوازی، جوانیناسیی هونەرە تایبەتییەکان بە چەشنێکی نائاساییە. شێوازێک کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەری هەڵداوە و پتر لە هەر شتێکی دیکە تیشک ئەخاتە سەر بارستایی و فەزا و دیاردەکانی تکنۆلۆجیای نوێ و ئەمڕۆیی و ژیاری و شارستانییەت. (بیرەوەری کرێکارانی کورسک) لە ساڵی ١٩٢٤ بڵاو دەکاتەوە و وتار بێژی لە سەرانسەری سۆڤیەت لەمەڕ (لێف) ساز ئەکا.

شێعری درێژی (ساڵیادی پۆشکین) و شێعرەکانی دیکەی ئەنووسێت. شێعری (لێنین) تەواو دەکا و لەچەند کۆڕی کرێکارانە بەشداری دەکات و ئەم دەقە شێعرییەی بەدەنگی بەرز ئەخوێنێتەوە. لەم ماوەیەدا چەنها جار بۆ وڵاتە بیانییەکان سەفەر ئەکات. ئامانجی یەکەمی مایاکۆفسکی و فۆتۆریستەکانی دیکە، تەکنیکی ئورووپی و پیشەسازی و تێکۆشان و لە خۆ گرتنی رووسیای خاک و خۆڵی و کۆنە. گۆڤاری(لێف) بە تیراژی کەمەوە، بەڵام بە زەحمەتێکی زۆر و بە شێوەیەکی نائاسایی، بەردەوامە. شێعری بانگەشەیی "کرێکاری باڵندە" و کۆشێعرێکی بانگەشەیی دیکە بە ناوی "خۆت لە ئاسمانەکان سوورێک بدە" بڵاو ئەکاتەوە و خۆی ئامادەی سەفەر کردن ئەکا. بڕیار دەدا لە شێعر وتن بەرەو پەخشان نووسین بڕوات. ئەیەوێت رۆمانێک بنووسێ و ساڵی ١٩٢٥ بڵاوی بکاتەوە . ئەچێ بۆ پاریس و لەوێ پارەکەی لێئەدزن. لەسەفەر کردن بە دەوری جیهان دەگەڕێتەوە. داوای لێدەکەن لە سانفرانسیسکۆ لە وتاربێژیی کە پێشتر لەمەڕ هونەر و ئەدەبی نوێ رێکخراوە، بەشداری بکات. بە هۆی بێ پارەیی ناچار ئەبێ بۆ مسکۆ بگەڕێتەوە. دەسکەوتی سەفەرەکەی بڵاودەکاتەوە: "ئەمریکایەک کە من بینیم و شێعرەکانی سپانیا، ئۆقیانووسی ئەتڵەس، هاوانا، میکزیک و ئەمریکا." نووسینی رۆمان بە زەینیدا ختوورە ئەکا و درێژەی پێدەدا و هەتا ساڵی ١٩٢٧تەواوی ناکات. نایەوێت لە هۆش و زەینی کەڵک وەربگرێ. ئەچێتە نێو مەیدانی رۆژنامەوانییەوە. ساڵی ١٩٢٦ لە یادەوەرییەکانیدا ئەنووسێت: "تەواوی شاعیران خەریکی هاوار کردن و قیژە و هەران. بەڵام هیچ کەس ناتوانێت ڕوانگەیەکی تایبەت و دەسەڵاتدار بۆ خۆی دابین کات. بەرهەمەکانی ئەم جۆر شاعیرانە زۆرتر لە چەن گۆڤاری ئاسایی بڵاو ئەبنەوە. ئەمن بەم قسە قۆڕانە پێکەنینم دێ. وتنی ئەمجۆرە شتانە هێندە سەیرە کە تەنیا ژنی ئەم شاعیرانە چێژی لێئەبەن." ساڵی ١٩٢٧ مایاکۆڤسکی جارێکی دیکە، لێف بە ناوی (لێفی نوێ) بڵاو ئەکاتەوە و کاتژمێرێکی زۆر خۆی بەم بەرهەمە هیلاک ئەکات و تەنانەت چرکەساتێکیش لە ئەڤین و دڵداری خافڵ نابێ. نزیکەی ٢٠٠٠ نامەی لە چوار دەوری وڵاتەوە بۆ دێت. لەساڵی ١٩٢٨ شێعری "باشە"، شانۆی "کێبەرکێی قارمانی چینی جیهانی کرێکار" و "ژیاننامەی ئەدەبی خۆم" ئەنووسێت. هەروەها لەساڵی ١٩٢٩ دوو شێعر بە ناوی "چیرۆکی کارگەکان و پیاوانی کوزنێتسک"، "پەساپۆرتی یەکیەتی سۆڤیەت" و شانۆی "ساس" تەواو ئەکا و هەروەتر لەساڵی ١٩٣٠ چەن شێعری تازە و شانۆی "حەمام" ئەنووسێت.

**مەرگی کتووپڕی:**

ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی لە رۆژی ١٤ی ئاوریلی ١٩٣٠ بە دەمانچەیەک کە بە دڵییەوە نا، خۆی کوشت و بەم چەشنە بە ژیانە خەمناکەکەی کۆتایی هێنا و وەک گفەی (با) زۆر بەخێرایی لەگەڵ جیهانی هونەر ماڵئاوایی کرد. چەن کەس لە هاوڕێ نزیکەکانی ڤلادیمیر سەبارەت بە مەرگەساتی هاوڕێکەیان لەو بیروبڕوایەدان کە خۆکوژی مایاکۆفسکی بە هۆی شکەست و حەژمەت لە ئەڤین و هەروەها دڵساردبوون و بەخۆداشکاوی لە باروده‌خی پچڕ پچڕکراو و قەیراناویی سۆڤیەت بووە. جەستە بێ گیانەکەی لەگۆڕستانی (نافدارانی ڕاپەڕین) تەسلیم بە خاک ئەکەن. بە مەرگی کتووپڕی مایاکۆڤسکی، فۆتۆریسم ئەونەی پێنەچوو کە بایەخی نەما و بەیەکجاری بۆ هەمیشە خامۆش بوو. بەڵام لە فەرەنسە هەڤاڵە نزیکەکەی ڤلادیمیر بەناوی (رۆمەن یاکوبسەن)کە زمانناسێکی هەرە گەورەیە بە تێڕوانین و پێداچوونەوە بە دەقە شێعرییەکانی مایاکۆڤسکیدا، ناوی ئەم رۆشنبیرە جوانەمەرگەی بۆ جارێکیتر خستە سەرزاری ئەدەب دۆستان. لەنامەیەک کە لە تەنیشت جەستە بێ گیانەکەی پەیدایان کرد، ئاوای نووسیبوو: "بە قوربانی هەمووان بم. هیچ کەس تاوانبار نییە

و دەنگۆ مەکەن. منێک کە مردووم، ڕقم لەدەنگۆیە. دایە، خوشکانم، هەڤاڵانم، داوای لێبوردن لە هەمووتان دەکەم. ئەمە شێوەیەکی شیاو نییە و لە کەس داوا ناکەم  بەم ڕێگەیە (خۆکوژی)، درێژە بدات، بەڵام من چ چارەیەکم بۆ نەمابوو. (لیلیا٥) منت خۆش بوێت. هەڤاڵ دەوڵەت، خێزانی من بریتین لە: لیلی بریک، دایکم، خوشکەکانم، ورۆنیکا و تیولدۆنا پوولۆنسکایا، ئەگەر بتوانی ژیانی ئەوان چاوەدێری بکەی، سپاست ئەکەم . شێعرە ناتەواوەکانم بدەن  بە بنەماڵەی بریک، ئەوان دەزانن چی لێبکەن.“
دوایین هۆنراوەی ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی چەن چرکەسات بەر لە خۆکوژی:
”هەروا کە دەڵێن
دۆسیە داخرا
و بەلەمی ئەڤین
بەسەر گاشەبەردی  ژیانی رۆژانەدا  ورد و خاش بوو،
لەگەڵ  ژیان بێ حسێب  بووم
بە بێ هۆ
دەردەکان
کارەساتەکان
یان ئازارەکان
دوویات مەکەنەوە.
هەر شاد بن.“

## مایاکۆڤسکی، هونەرمەندی خەباتگێر:

لە مایاکۆڤسکی سیانزە بەرهەم لە بواری شێعر و شانۆدا بەجێماوە کە زۆربەیان پێش تراجێدیا تاڵەکەی ئاراستەی دوونیای ئەدەب کران و لەم خەرمانە بەرهەمە تا ئێستا تەنیا حەوت بەرهەمی لە ڕێچکەی چەن وەرگێڕی زانا ئاراستەی کتێبخانەی فارسی بوون. پاش کۆتایی هاتنی ئەم زنجیرە وتارە پێویستە لێرەدا چەند خاڵی سەرەکی و گرینگ کە بە جۆرێک لەجۆران هەڵێنجانێکی تاکەکەسیی نووسەری ئەم وتارەیە و لە ئاقاری هونەر و ئەدەبدا بەردەوام جێگەی پرسیار و لێکۆڵینەوەیە بێنەگۆڕێ کە بەم شێوەیە چڕ ئەبنەوە: هەرچەند شۆڕشی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩١٧ تەواوی خەڵکی ڕووسیای ورووژاند و شاڵاوی خەڵک، ئاڵای تیزارە ڕووسەکانی پچڕپچڕ کرد و تەنانەت هەموو هونەرمەندان لەم شۆڕشە لەگەڵ جەماوەری عەوام هاودەنگ بوون، بەڵام چون دوا ماوەیەک، هەمیسان سیستەمێکی دیکتاتۆری بەسەر خەڵکی ڕووسیا زاڵ بوو، هونەرمەندان و ڕووناکبیران لە ڕیزی یەکەمی دژایەتی لەگەڵ ئەم سیستەمە ڕاوەستان و هەرکام بە ملپێچی لەم دۆخە ناڵەبارە هەڵوێستی شەخسی خۆیان خستەڕوو. مایاکۆڤسکی وەک سەرپەلی قوتابخانە هونەری فۆتۆریسم، ئەگەرچی چالاکی سیاسی زۆری لە ئەستۆ گرتبوو بەڵام دوای ئەوە بۆی دەرکەوتبوو ئەم سیستەمەش-مارکسیزم لێنینیسم-دیکتاتۆرییە، زۆری لێ ساردبوو و لەچالاکیگەلی سیاسی بۆ هەمیشە خۆی ڕزگار کرد و تەواوی ژیانی بۆ هونەر و نووسین تەرخان کرد. بۆ ئەو دەرکەوتبوو کە سیاسەت هیچ کاتێک لەگەڵ هونەر هاوشان نابێ، بە هۆی ئەوەی کە سیاسەت بە جیهان و مرۆڤ  وەک ئامرازێ بۆ سەقامگیربوونی خۆی ئەڕوانێت، بەڵام لە ڕوانگەی ئەدەب و هونەردا، یەک بە یەکی مرۆڤەکان دوونیایەکی پڕ لە نەهێنی و سەیر و سەمەرەن و هەر لێرەوەیە کە ئێمە لەگەڵ دیاردەکانی ئەم دوو بوارە بەرفراوانە بەرامبەر دەبینەوە. مایاکۆڤسکی وەک شاعیر، شانۆکار و بیرۆکەوانێکی خەباتگێڕ، ئاژاوەگێڕ و نیوبەد دەرەکراو لە دەرفەتێک بە ناوی(ژیان) هەلومەرجێکی تایبەتی لە وێژە و هونەری سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ ئێمە ڕخساند و بەم کارە بە سانایی نیشانیدا کە هونەر گەر بوێستێت، بۆن ئەکا و ئەگەر پێشکەوێ ئەتوانێ ئاسۆگەلێکی بەرفراوان و فرەڕەهەندە و جۆراوجۆر لە خۆییەوە بۆ ئێمە و ئەم جیهانە سامناکە ئاراستە بکات. بەرهەمەکانی مایاکۆڤسکی جگە لە نوێکردنەوەی وشەگەلی ئاسایی، فەزایەکی ئێستاتیکی بە وێناکردنێکی ڕەسەن لەهەموو لایەنەکانی دەرئەخات کە ئەڵێی ڕیشەو ڕەگەزی ڕاستەوخۆی تەواوی ئەو هەست و نەست و شتگەلەن کە لە ئاقاری ئێمەدان، بەڵام ئێمە تازە فێر دەبین کە چۆن لەوانە ڕامێنین و لێیان ورد ببینەوە. ئەمە وەک جەوهەرێکی سەرەکی لە شێعرەکانی مایاکۆڤسکیی فۆتۆریستە کە بۆمان دەرکەوتووە. مایاکۆڤسکی لەڕیزی ئەو ڕۆشنبیرانەیە کە ژیانیان لە ئەزموونددا و تەنانەت ئەوپەڕی ژیانیش کەوتن. بە دەگمەن ئێمە ڕۆشنبیرێک لە ئاستی(مایاکۆڤسکی)، (هەمینگوای)و (سادق هیدایەت) ئەبینین کە بتوانێ بەم چەشنە کە ئەوان ژیانیان بە گاڵتە گرتبوو، ژیان بە گاڵتە بگرن و هەموو کونج و قوژبنی لێکبەنەوە. لە پێناو ئەم دیدگایە، هونەرمەند دەتوانێ و ماڤی ئەوەی هەیە کە تا ترۆپکی پلەی مرۆڤناسی بڕوات و ئاوڕ بۆ هیچ سیاسەتکار و لێکۆڵەرێک نەداتەوە. مایاکۆڤسکی هەمیشە ئەیوت: ”هونەر دەبێ ئاوێتەی ژیان بێ، یاخود هیچی لێ نەمێنێتەوە.“
 بە تەواوی ئەم وتانە، بۆ مایاکۆڤسکی دەرکەوتبوو کە ژیان، ئەڤین و هونەر سێ ڕەهەندی دیاریکراون کە گرینگترین بایەخیان لە گۆڕپانی ئەندێشە ئازمانخوازانەی ئەو بووە. مایاکۆڤسکی ئەوچانسەی بوو بەر لەمەرگی بە هۆی ئەو هەمووە چالاکییە سیاسی و ئەدەبییە، ناوی بکەوێتە نێو نێوان. هەر هونەرمەندێک پێیخۆشە خوێنەران بە خوێندنی کتێب و هۆنراوەکەی بزەیەک بگرن و خورپەیەکیش بە هەناویاندا بێت و زەین و نیگایان لەدەق ورد بێتەوە. بەرهەمەکانی ئەم ڕووناکبیرە بەجۆرێک وەک پێوەرێکە بۆ ڕوانینی ئەو کۆمەڵگە کە مایاکۆڤسکی تێیدا ژیانی بەسەر بردووە. بەرهەمگەلێ کە بە هۆی دژواری و قەدەغەبوونی ئەندێشە و هزروبیر، نووسەر ناچار دەکات کە زۆر جار بەزمانێکی ڕەمزی وتەکانی دەربڕێت تاکوو لە ڕەوتی ئافراندن بتوانێ بیر و بۆچوونی خۆی لەمەڕ ئەم جۆر کۆمەڵگایانەدا بە جیهان و مرۆڤ  نیشان بدات و بەرجەستەی بکاتەوە. یەکەم ئامانجی هەر نووسەر و شاعیرێک، دیارە بەر لە داهێنەری و ئافراندن، ماڤێکی مرۆڤانەیە کە لە هەموو دەوران و سەردەمێکدا خوازیاری بووە و تێدەکۆشێ لە پێناو بزووتنەوەی ئەدەب و هونەر بەم مەرجە سەرەکیی و گرینگە بگات و بە دەستی بێنێت. دەبێ ئاماژە بەم پرسە پەیوندیدارەش بدەین کە مایاکۆڤسکی بە نووسینی شێعر و شانۆ کە یەکەمین داڵغەی بووە و لە گەڵ یەک بە یەکی ئەو بەرهەمانە ژیانی کردووە، تیشکی خستە سەر ئەم پرسە سەرەکییە کە ئاخۆ ئامانجی مرۆڤ  لە پێناو ئەدەب و هونەر تەنیا وەخت کوژییە و ئەبێ بۆ وەستان و کۆنەپەرستی مل شۆڕ کات و ملکەچی قەدەر بێ و خۆی بخاتەبەر زللەی سرووشتێکی بێبەزەیی و دڵڕەق کە هەتاهەتایە گیانی مرۆڤی بە شتێکی سووک زانیوە و وەک گەڵای پاییز لە ژێر پێ  ورد و خاشی کردووە و دەرەنجام لە یادیشی بردووەتەوە، یاخود پرۆسێسی داهێنان و ئافراندن یەکێکە لە مەرجە هەرە دژوارەکەی مرۆڤی هاوچەرخ کە چارەنووسێکی نەحس و گەندەڵیان لە سەرەوە  بۆ تەرخان کردووە و یان ئەوەی کە دەبێت هەوڵبدات لەگۆڕەپانی هەڵوێستە چاکە مرۆڤانەکەی سەقامگیر بێت؟

### پەراویزەکان:

**١-(هیگل):**

فەیلەسووفی بەناوبانگی ئاڵمانی کە بەرهەمی زۆر گرینگ و بایەخداری لێ بەجێماوە. هیگل لە واقیعدا لە مێژووی فەلسەفە بە دوایین فەیلەسووفی هەرەگەورە پێناسە ئەکرێ کە بە مەرگی ئەم فەیلەسووفە،

چاخی فەیلەسووفە مەزنەکان دوایی هاتووە. یەکێک لە سەرەکیترین کاریگەرییەکانی ئەم فەیلەسووفە ئەمە بوو کە پێگەیەکی بە هێز لەنێوان قوتابخانە فەلسەفییەکانی دوا خۆی دانا. بەو جۆرە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم سێ لقی فەلسەفی لە ئەندێشەی جیابووتەوە کە بریتین لە: ١- فەلسەفەی نیچە، فەیلەسووفە هەرە گەورەکەی ئاڵمان بە بەرهەمی تایبەت و گرینگ وەک «وەهای وت زەردوشت». ٢- قوتابخانەی فەلسەفیی مارکسیزم کە بیردارێژی ئەم فەلسەفە، مارکس و ئەنگڵس بوون. ٣- فەلسەفەی بوونیانە یا قوتابخانەی (ئەگزیستانسیالیزم)کە چەن فەیلەسووفی گەورەی ئاڵمانیا و فەرەنسە لە بیردارێژانی ئەم قوتابخانە فەلسەفییە بوون و لە فەیلەسووفەکانی ئەکرێ بە (سورێن کێرکگارد)، (هایدگەر) و (سارتەر) وەک ناوازەترین ئەندامانی ئەم قوتابخانەیە ئاماژە بکەین. فەلسەفەی(ئەگزیستانسیالیزم) لە سەدەی بیستەم تەئسیرێکی زۆر قووڵ و دیاریکراوی لە سەر کولتوور و مێژووی هزری وڵاتە ئوروپپییەکان و وڵاتانی دیکە دانا و هەروەها کاریگەری خۆی لە سەر ئەدەبی هاوچەرخ بە تایبەت ئەدەبی پووچی یا شانۆی پووچییەوە داناوە.

**٢-(مارکسیزم):**

لە واقیعدا تیۆرییەک بوو لەمەڕ چۆنییەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی مرۆڤ کە لە لایەن «کارڵ مارکس» فەیلەسووف و کومەڵناسی گەورە و فەردریخ ئەنگڵس (هاورێی مارکس) کە هەر دوو ئاڵمانی بوون، دانرابوو. لەم قوتابخانە فەلسەفییە، چەن لقی فەلسەفی – سیاسی لێبووەتەوە کە لە سەرەکیترینەکەیان «مارکسیزم لێنێنیسم، مارکسیزم ستالینیسم و مارکسیزمی نوێ یا مارکسیزمی چەپ»ـە کە هەر کام لەم لقانە هەلومەرجێکی ڕامیاری، فەلسەفی، مێژوویی جیاوازیان لە سەدەی بیستەم ڕەخساندووەو کاریگەریی خۆیان بە سەر چەمکە مەعریفی و کولتوورییەکاندا سەپاندووە.



**٣-(ئاناکارنینا):**

ناوی ژنە پاڵەوانەکەی ڕۆمانی (تۆڵستۆی)، ڕۆماننووس و بیرۆکەوانی هەرە گەورەی ڕووسە. تۆڵستۆی بەر لەم ڕۆمانە چەن شاکاری دیکە کە بوونەتە شانازی بۆ ئەدەبی جیهانی و بە تایبەت بۆ ئەدەبی ڕووسەکان بەرهەم هێناوە کە بەناوبانگترینەکەیان ڕۆمانی( شەڕ و ئاشتی)یە. تۆڵستۆی وەک بیردارێژێکی مەزن لە گۆڕەپانی بیرۆکەوانی چەن بەرهەمی پڕبایەخی نووسیوە کە سەرەکیترین کتێب لەم ڕیزە کتێبانە، کتێبی(مانای هونەر)ـە کە لەم بەرهەمە کە زنجیرە وتاری ڕەخنەییە، زۆرتر لە مەڕ ڕوانگە و هەڵوێستە تاکەکەسییەکانی خۆی وەک نووسەرێکی مەسیحی و ئایینی ئەپەیڤێت و بە تەواوی خۆی لەم شێوە ڕوانگەیە سەقامگیر کردووە و پتر لەوەیش بە ئازایەتی و سانایی بیروبڕوا هونەرییەکەی بۆ خوێنەران ئاشکرا کردووە. ئەم بەرهەمە لە چاخی خۆی سەرنجی زۆر ڕوناکبیر و نووسەری بە خۆییەوە راکێشا و هەندێ کەس وەکوو( ئانتوان چیخۆڤ) کە لە تافی لاوی، خۆی بە قوتابی ئەم کەسایەتییە دەزانی و ڕێزی زۆری لێدەگرت، دژایەتی خۆی بە نیسبەت ئەم کتێبە و بیروبڕوا ئایینییەکەی تۆڵستۆی دەربڕی.

**٤-(ماکسیم گورکی):**

ناوی نووسەرە هەرە گەورەی رووسە کە زیاتر لە سی ڕۆمان و شانۆی نووسیوە و بەرهەمەکانی لە ئاستی کەڵە ڕۆمان نووسانی رووس وەک (دەستۆیفسکی)، (تۆڵستۆی) و (تۆرگێنیف) بوون. چەند ساڵ دوا مەرگی مایاکۆڤسکی، واتە لە ساڵی ١٩٣٦ گورکی کە دژ بە بیروبۆچوونی ستالین دیکتاتۆری سۆڤیەت بوو، لە لایەن ئەم دیکتاتۆرە، زۆر بەنهێنی دەرمانخۆر کرا و دوا چەن ڕوژ کۆچی دوایی کرد. لە بەرهەمە ناوازەکانی ئەم ڕۆماننووسە بلیمەتە ڕۆمانی(دایک)، (سێ هاوڕێ) و شانۆنامەی (لە قووڵاییەوە) لە ناوازەترین بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەن کە بە زۆربەی زمانە بیانییەکان وەرگێڕدراون.

**٥-(لیلیابریک):**

ناوی ژنێکی شۆخ و شەنگی رووسی بوو کە تاقانە خۆشەویست و دڵداری مایاکۆڤسکی بووە، ئەونە کە لە زۆربەی هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە ناوی لیلیا بە ئاشکرایی هاتووە و مایاکۆڤسکی زۆری حەز لەم ژنە ئەفسوناوییە کردووە. لیلیا دوا مەرگی مایاکۆڤسکی وتبووی کە ڤلادیمیر پێشتر دوو جار ویستوبووی خۆی بکوژێ کە ئەو نەیهێشتبوو. پەیوەندی ئەم دوو کەسە تا دوایین ڕۆژی ژیانی مایاکۆڤسکی هەر بەردەوام بوو.

**سەرچاوەکان:**


١-فوتوریسم و مرگ غم انگیز ولادیمیر مایاکوفسکی، بابک صحرانورد، تهران: ١٣٧٨

٢-زندگی نامه ادبی خودم، ولادیمیر مایاکوفسکی، ترجمه مدیاکاشیگر، تهران: ١٣٧٢

# شێعری شار:

## ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە گەڵ ئۆتیسمی دیالێکتیک و ئۆستوورەپەرەستی ئێپیدیمیک

عەبدولقادر نیازی

جیهانی ئەورۆ جیهانێکی فرەدەنگ و فرەفەزایە و ئاساییە کە خوتخوتەی ڕاهاتن لە گەڵ ئەو بارودۆخە، وادەخوازێ، هەر بە پێی هەل و مەرجەکانی ئەو بار و دۆخە بێ. شێعر یەکێ لەو فاکتۆرگەلەیە کە بە هۆی ماهییەتی زمانی خۆی و هەروەها زاوزێ کردنی زمان، بۆی هەیە ئەو فەزا هەمە ڕەنگەی شار ڕاگوێزی دونیای لایبرێنتی خۆی بکا. لە وەها فەزایەکی پلۆڕاڵدا زەروورەتی گەشەی زمانی پتر لە هەموو فاکتەرێک هەستی پێ دەکرێ کە ئەرکی ڕاگوێستنی ئەو فەزا شاراوییەی پێ بسپێردرێ. ئەوەیکە لە بەدیهێنانی ئەو فەزایەدا و ڕاگوێز کردنی بەرەو بەستەر و پانتای شێعر، دەبێ چ تەمهیداتێک بکرێ، گرینگایەتییەکی ئەوتۆی هەیە، وەلی ئەو فەزا فرە دەنگ و فرە ڕەهەندە دەبێ بەچ شێوەیەک لە شێعری کوردیدا ڕەنگ بداتەوە؟ بەر لە هەموو شتێک دەبێ دان بەوەدا بێنین کە کورد هێشتا تەجرەبەیەکی ئەوتۆی مەعریفی و شوێن-کاتی(تجربەی زیستە) بە نیسبەت شار، یا نەبووە یا ئەگەر زۆر بە تەساموح و ئیغمازەوە سەیری بکرێ، دەردەکەوێ کە بە دەگمەن لە فەزای نێو خۆیدا توانیوێتی ئەو فەزایە بە شێوەیەکی کۆنکرێت بەدیبێنێ یا هەست پێ بکا و ئەوەی تا ئێستاش توانیوێتی تا ڕادەیەک زەینییەتی شار وەک پرەنسیپێک بێنێتە ئاراوە، بێ شک قەرزاری هەندێ ڕەچەڵەکی شێعری بووە کە لەم دواییانەدا لە پانتای ئەدەبی کوردی دا سەریان هەڵداوە. لەو نێوەش دا ناکرێ باس لە ئەدەبی تاراوگە یا شێعری دیاسپۆڕا نەکرێ، کە تا ڕادەیەک ئەو ئەرکەی ڕاپەڕاندووە. هەر چەند باسی ئێمە لێرەدا تاراوگە و دیاسپۆڕا و ئەدەبی تاراوگە نییە، بەڵام نکۆڵی لەوەش ناکرێ کە ئەدەبی تاراوگەش هێشتا بەو شێوەیەی پێویستە نەیتوانیوە خۆی لە بازنەی ناسیۆنالیزم و دڵداری و غوربەت و نۆستالۆژی دەرباوێ ، لە بەر ئەوەیکە خۆی خولقاوی ئەو فەزا سیاسی و ناسیۆنالیستی و نۆستالۆژیکە بووە کە باڵی بە سەر کۆمەڵگای کوردا کێشاوەو ڕێگای خوێندنەوەی نوێ و دەرخستنی هەلە ڕەخساوەکانی لێ گیراوە. جودا لە فاکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، دەکرێ دیاردەی سایکۆلۆژیکیش وەک یەکێ لە سەرەکیترین هۆی سەرهەڵدانی ئەو قەیرانە بێنینە ئاراوە. ئەوەیکە هۆکاری سیاسی و قەیرانی ئابووری وکۆمەڵایەتی چەندە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی کۆچبەری و تاراوگە و دیاسپۆڕا، ئەوەندەش هۆکارەسایکۆلۆژییەکان بوونەتە هۆی ئەوەیکە ئەدەبی تاراوگە نەتوانێ لەوقۆناغەی تا ئێستا تێیدا بووە تێپەڕێ و خۆ لەو عەقڵانییەت و هزرەش بە تەواوی بدزێتەوە.

پێویستە ئەوە بگوترێ کە سەرەڕای ئەوەی گوترا، شاریش وەک مەکان و فەزا نەیتوانیوە ببێتە ئۆبژەیەک بۆ کورد لە نێو خۆ و تەنانەت لە تاراوگەش. لە لایەکی دیکەشەوە هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەیکە دیالکتیکی شار و شێعر هیچکات نەتوانێ بەو جۆرەی شیاوە خۆ بخزێنێتە ژێر پێستی ئەدەبی کوردی و توێخی پێ باوێ، هەر بەو پێیە و بە پێچەوانەی هەندێ بۆچوون کە لایان وایە چەمکێک بە واتای ئەدەبی کوردی تا ئێستا دەئارادا نەبووە، وا دەردەکەوێ کە لانیکەم ئەدەبی کلاسیکی ئێمە لەو بارەوە تەواو خاوەن شوناس و هۆویەی کوردی بووە. لە بەر ئەوەیکە هاوکات لە گەڵ خودی کۆمەڵگای کوردی، نەیتوانیوە چەمکی شار لە نێو خۆیدا جێگر و مسۆگەر بکا، نە وەک فەزا نە وەک مەکان، ئەو کێشەیە داوێنگری بەشێکی زۆریش لەشێعری نوێ بووە. دیارە لێرەدا مەبەست لەو شێعرانەیە کە تەنیا جەختیان لەسەر گۆڕینی ڕواڵەت و فۆڕماڵی شێعر بووە، بێ ئەوەی هەڵگری ناوەرۆک و فەزا و تێماتیکێکی شاری و پۆلیفۆنیک بن. ئەوەی لە ماوەی ئەو دوو دەیەش دا لەلایەن هەندێ بزافی ئەدەبی وەک داکار و بەرەی چوار و نوێترخوازەوە هاتۆتە ئاراوە بێ شک نە حاسڵاتی ئەو دیالکتیکە نێگەتیڤ و سەلبی و نەزۆکە بووە کەکۆمەڵگای کورد و ئەدەبێ کورد هەیان بووە نە لێکەوتەی ئەو غیابە وێرانکەرەبووە کە شار بە هەموو موختەساتی خۆی لە هزر و ئەدەبی کوردا هەی بووە، بەڵکوو هەر وەک پێشتر وتراوە بەرهەمی دینامیزمی ئەو دیالۆگ و دیالکتیکە ئەکتیوە بووە کە خۆی لە گەڵ مێژووی شێعری مۆدێڕن و ئەدەبی جیهانی و یۆنیڤێرساڵ داهەی بووە و بەهۆی قووت نەدرانی لەلایەن کۆمەڵگاوە زۆرجار ڕەفزکراوەتەوە.

دەکرێ بوترێ کە بۆ پێکهێنان وچێ کردنی فەزای شار و دیاردەناسی شار لەشێعری کوردی دا پتر لە ئارکی تایپ(کهن الگو) و ناخودئاگای گشتی، زەروورەتی حوزوور و پێناسەکردنی ئۆبژەی شار لەزێهنی کورد دا هەستی پێ کراوە ولەلایەن شاعیرانی داهێنەر و نوێخوازەوە ئاراستە کراوە. هەر چەند ئەوە بەمانای پاکتاوکردن و سڕینەوە یا نکۆڵی کردن لەئارکی تایپ وناخودئاگای گشتی کورد نییە وەلی ناشکرێ ئۆبژەی شار لەشێعری کوردی دا بەو فاکتەرانە ببەسترێتەوە کە شێعر بەرەو تاک ڕەهەندی و مۆنۆلۆگ پەلکێش دەکەن.

کە باس لەشێعری شار دەکرێ بە واتای دامەزراندنی فەزایەکی پۆلی فۆنیک وچەند دەنگ وپلۆڕاڵە کە تێیدا نە ستاتیکای شێعر بە یەک تکنیک دەبەسترێتەوە نە حەقیقەتیش وەک فاکتەرێکی دارووشاو خۆی بە سەر شێعر دا دەسەپێنێ. ئەوەی گرینگە لە شێعری شار دا ڕەچاو بکرێ، کردەی ستاتیکی و کردەی حەقیقییە (امرحقیقی) کە بە نۆبەی خۆیان دەبنە هۆی نزیک بوونەوەی خوێنەر و بەردەنگ لە فیزیک و فۆڕماڵ و فەزای شار و خولقانی شار وەک ئۆبژە بە زێهنییەت و باکگراوەندێکی پلۆڕاڵ و مۆدێڕنەوە. لە ڕاستیدا خولقانی ئەو فەزایە پێویستی بە بیرۆکەیەکی مۆدێڕن هەیە و لە کاناڵی تەوەهومێکی خێڵەکی و دەرەبەگیدا مەحاڵە بەدی بکرێ، لە بەر ئەوەی زاتی هونەری مۆدێڕن بەگشتی و شێعری شار بە تایبەتی وا ئیجاب دەکا کە وەها هەڵس و کەوتێکی لە گەڵ بکرێ. شێعری شار هیچ کات پاشکۆ و دەروەستی بارودۆخی مەوجوود نییە،

هەر بەو هۆیەش ئەو بیرۆکەی کە پێی وایە شێعر دەبێ شانبەشانی کۆمەڵگا ماهییەتی خۆی بەدی کا، پاساو ناکرێ، نە بە پێی تیۆرییە نوێیەکان، نە بە پێی ئەو بار و دۆخە ئانۆمیک و هەڵپەسێراوەی کۆمەڵگای کورد تێیدا رایدەبرێ. لە لایەک نە ئەو تێۆر گەلە زمانی و مۆدێرنە لە پانتای ئەدەبی کورد دا بە تەواوی مسۆگەر کراون، نە لە لایەکی تریشەوە باکگراوەند و بارستایی سوننەتی بوون بە سەر کۆمەڵگای کوردیدا باڵی کێشاوە و لانیکەم تا ئێستا بەرۆکی بە تەواوی بەر نەداوە. ئەوەش وەک پێش تر ئاماژەی پێ کرا یانی ئەوەیکە شێعری شار ناچارە بە گوێرەی مێژووی خۆی دە تەقەللای دیالکتیک و ئاخافتندا بێ، نەک بە پێی ئەو پارامێتر گەلەی کە تا ئێستا سوننەتی شێعری کوردی پێ راهاتووە.

ئەوەی دیارە و حاشای لێ ناکرێ شێعری شار لێورێژە لە لایبرێنتی نەناسراو کە رێگا لە هەر چەشنە فەزایەکی رادیکاڵ و سەنتەرخواز دەبەستێ. هەر ئەوەش وا دەکا پێوەرەکانی دیاری کردنی ئەمری حەقیقی و ستاتیکی لە خوێنەرێکەوە تا خوێنەرێکیترجیاواز و دە هەڵکشان و داکشان (نوسان)دا بن. ئەوە بەرجەستەترین دیاردە و نموودی دێمۆکراسی و ئۆتۆپیای وشە و زمانە کە دە شێعری شاردا بۆی هەیە بەدی بکرێ. تا بەر لە هاتنە ئارای شار، وەک ئۆبژەیەکی شوێندانەر لە دامەزراندنی بنەماکانی عەقڵانییەت و ئەندێشەدا، شێعر، نوێ بوونەوەی خۆی رەنگە بە پێی هەندێ پارامێتری وەک گۆڕینی کێش و سەروا و هەڵکێشداکێشی میسرەع و بەیت و.... پێناسە کردبێ، ئەوە لەشێعری کوردی دا بەرچاوترە تا شێعری فارسی و بەش بە حاڵی خۆم پتر لەوەیکە وەک رەخنەیەک لە دەسپێکی شێعری نوێی کوردی لێی بروانم، وەک لاوازیی ئەندێشە و عەقڵانییەتی مۆدێرن و نەبوونی سووژەی هزرمەند، دەیهێنمە ئاراوە. هەر بەو هۆیەی کە پێشتر باسی لێ کرا ئەویش غیابی مێکانیزم و رووبەڕووبەرێکی دیالۆگییانەی کۆمەڵگا بوو کە نەبوونی بیرۆکەی مۆدێرن، بۆ سازدانی پرەنسیپە مەعریفییەکانی نوێشارخوازی لێکەوتبۆوە.

حاشا هەڵنەگرە کە شێعری شار پێویستی بە سووژەیەکی بیرکەرەوە هەیە کە جەسارەتی تەعامول لە گەڵ هەر ئۆبژەیەک لە خۆیدا بەدی بکا، بۆکەشفی ئەو پوتانسییەلەش بەردەوام کەڵک لە زمان وەردەگرێ، بەو پێیە زمان خۆی سووژەیەکی سەرکەش و جەسوورە کە رەنگە تا سنوورەکانی لە ناو چوون، هەلی خۆ ناسین و بلووغ و ئاراستەکردن بە خۆی بدا، دیارە تکنیکەکانی بەدی هێنانی ئەو فەزایە لە زۆر رەهەند و کاناڵی مۆدێرنی وەک ئایرۆنی و پارۆدی و پارادۆکس و چەندفەزایی و چەندزمانی و چەندزەمانی و چەندفۆرمی و فرەدەنگی.... کەڵک وەردەگرێ کە زۆر بە ئاسانی دەکرێ نموودی فیزیکی ئەوانە لە بەستەری شاردا نیشان بدرێن. هەڵبەت دەبێ بکوترێ کە کەڵک وەرگرتن لە ئێلێمانەکانی شار وەک تێرمیناڵ و ئاسفاڵت و پاس و تەلار، بە بێ پشتیوانەیەکی تکنیکی، چەندە رەنگ و بۆی شار بە مەکانێک دەبەخشن، دەکار هێنانی ئەو کاراکتێرانە و هەڵکێشداکێشی بەیت و میسرەع و دەست تێ گێران دە رێئاڵی فۆرم و نمادا، بە بێ چێ کردنی سووژەی هزرمەند(من اندیشنده) هەر ئەوەندەی شێعری شاری لێ پاشەکەوت دەبێ.

شێعری شار پێویستی بە دیالکتیک لە گەڵ خودی شار هەیە، وەک ئۆبژەیەکی زیندوو و سووژەی هزرمەند و ئەکتیو و هەروەها عەقڵانییەتی مۆدێرن، وەک ئەندێشەی داهێنەرانە، ئەوەش وا دەکا کە خولقانی خۆی بە فەزای شار و ماهییەتێکی مەدەنی و دێمۆکراتیک ببەستێتەوە کە ئێلێمانەکانی شار بە عەقڵانییەتێکی پۆزەتیڤ و ئیجابی و مۆدێرن پێناسە دەکا. ئیدەئالیزمی هەڵرشتن لە شێعردا بە گشتی جیاوازی هەیە لە گەڵ عەقڵانییەتی دارشتنی شێعری شار، بەو پێیە بەر



لە هەموو چەمکێ بۆ داڕشتن و چێ‌کردنی فۆڕموڵی شێعری شار، نیاز بە خوشین و مۆتاسیۆنی سووژە، نیازێکی حاشا هەڵنەگر و زەروورییە. ئەویش بە واتای ئەوەیکە سووژە لەو حاڵەتە خەست و دوگم و مونفەعیل و ڕام‌کراوە ئاڵقەلەگۆییە بێتە دەر و خۆی بەخێو بکات و چاو لە دەست و سواڵکەر نەبێ.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە بۆ داهێنانی شێعری شار پتر لە زەینییەتی شاعیر، ڕادەی دەخۆڕادیوی و فەرایەند و پوتانسییەلە زمانییەکان وەک سووژە دێنمە ئاراوە. ئیتر پێشم وایە کە ڕاندومانی ئەو دەزمان نووسانە دەگەڕێتەوە سەر ئەو شێوە ڕوانین و مانۆڕ لێدانە کە شاعیر بە گوێرەی هەڵگۆستەکانی خۆی، لە زمان هەیەتی وەک ماک و توخم. لەو بەستەرە بزۆز و ئەکتیو و کراوەیەدا بایەخی شێعری شار بەر و پتر لەوەی بپژێتە سەر مانا و دەستەبەرکردنی شێعری لۆژیکی و تاک‌ڕەهەند و مۆنۆلۆگ، لە سەر ئەسڵی بەرامبەری و دابین‌کردنی مافی ژیان بۆ گشت دەنگەکان مانۆڕ لێ دەدا.



دەرکەوت و دەرئەنجامی ئەوەش پێکهاتنی فەزایەکی مەدەنییە لە شێعردا و دامەزراندنی ژ ێر سا ختگە لێکی دێمۆکرات و پلۆڕاڵە کە خوێنەر و ڕەخنەگر موجاب دەکا گشت دەنگەکان ببیسێ.گرینگترین خسڵەتی شێعری شار ئەو لێک گرێ‌دانەی خوێنەر و دەق و ڕەخنەگرە کە هەرکام بە نۆبەی خۆیان تەواو کەری ئەو پرۆژە هزرییەن.

ئەگەر تا ئێستا لە ئەدەب و تەنانەت لە بوارەکانی‌تریش‌دا ڕووبەڕووی وەها فەزایەک نەبووین یا بە دەگمەن ئاوڕی لێدراوەتەوە، بەو هۆیە بووە کە کورد نەیتوانیوە بە عەقڵانییەتیکی دەوڵەت-شاری، هەڵسوکەوتی لە گەڵ چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئا یینییە کا نیش دا هە بێ. کێشەی مەوزوعی نەبوونی سووژە، بەرۆکی گشت لایەن و تەوەرەکانی‌گرتووە، ئۆستوورەپەرەستی‌وپێ‌هەڵگوتن بەردەوام خۆی چەسپاندووە و ئایدیا لە هەموو بوارەکاندا عەرزی ئەندامی کردووە و چەندین هۆ و هۆکاری تر کە خوڵقێنەری ئەو بارودۆخە بوون. شێعری شار لەو فەزا دوگمەدا بەر لە هەموو شتێک، پێویستی بە دابڕان (گسست) لەو فەزایەی هەست پێکردووە تا درێژەدان بە ڕەوتی تەکامول. باس لە دابڕان کە دەکرێ مەبەست لە تێپەڕاندنی بە ناچاری ئەو فەزا تاک ڕەهەند و بێ دیالکتیک و دیالۆگەیە کە ئاماژەی پێ کرا.

ئەوەیکەبوارەکانی مۆتاسیۆن و خوشینی سووژەی بوێر و مەترسی‌ئافرێن و... بۆسەرهەڵدان و نیهادینە بوونی شێعری شار چەندە دەرەخسێ، دەبێ بڵێین کە تەنیا و تەنیا عەقڵانییەتی نوێ‌شارخواز دەتوانێ دیاری بکا. لایەنێکی دیکەی شێعری شار کە وەک زەرووڕەت دەبێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە، خوێنەری چالاک و ئەکتیوە کە لە چێ کردنی ئەو فەزایەدا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە. تاکتیکەکانی خوێندەوە ئەگەر هەر بە پێی ئەو بنەما سوننەتی و کلاسیکە بێ کە تا ئێستا کورد و خوێنەری کورد بۆ فام و داڕشتنی فاکتۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان و... هەیبووە، لێرەش‌دا ڕێ ناباتە هیچ فەزایەکی تازە و جیاواز و یۆنیڤێرساڵ و قورسترین زەبرێکی کە تا ئێستا بەدەنەی شێعری مۆدێرن و جیاوازیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا پێکاوە، هەر ئەو دەمارگرژییە بووە لەخوێندنەوەدا، کە ڕێگای ئیسبات و چەق بەستنی شێعری شاری کوردی لە پانتای ئەدەبی کوردی‌دا بەستووە.

پێشتریش باس کراوە کە چاپی چەندین و چەند جارەی کتێبی شێعری کلاسیک و چاپی لە ڕادەبەدەر نزمی کتێبی شێعری مۆدێرن، سەلمێنەری ئەو ئیدعایەن کە خوێنەری کورد تووشی ئینفعالێکی بەهێز بووە. ئەگەرچی زۆریەک لە بۆچوونەکان هەر بەهۆی ئەو چاپی دووجار و چەندین جارەی ئەدەبی کلاسیک و سوننەتی کورد، تەئکید لەسەر گشت‌گیر بوون و مەقبووڵ بوونی ئەدەبی کلاسیک وەک تاکە ژانری ئەدەبی کوردی دەکەن، وەلی گومانی تێدا نییە کە ئەو ئیستراتژییە یا سەرچاوەی لەو دەمارگرژی و ئۆستوورەپەرەستییە وەرگرتووە کە لە سەرەتای ئەم نووسراوەدا ئاماژەی پێکرا، یا پارادایمەکانی خوێندنەوە و ڕەخنە و شرۆڤەکاری شێعری شار، هەر بە پێی ئەو ڕەواڵ و ڕەوەند و تکنیکە سوننەتیانە بووە و شێعری مۆدێرنیشی پێ هەڵسەنگێندراوە، یا ئەوەی کە گشت‌گیر بوون، وەک مێکانیزمێکی مەشرووعییەت پێدان و مەقبووڵییەت و پرستیژدار کردن، هاتۆتە ئاراوە کە بە داخەوە نەسیبی شێعر و ئەدەبی مۆدێرن و ئاوانگارد نەبووە، کە ئەوەش بە نۆبەی خۆی کێشەیەکی دیکەیە. بەهێزترین زەبرێک کە لێرە دا ڕەوتی نوێژەن بوونەوەی ئەندێشەی کۆمەڵگای کوردیی پێکاوە، هاتنە ئارای ئەو عورفی و گشت‌گیربوونەیە وەک پرەنسیپ و ئایدۆلۆژی، کە نە تەنیا شێعری شار، کەگشت بنەماکانی دیکەشی پێکاوە. ئەو بنەمایانەی کە وەک فاکتۆرەکانی مۆدێرن بوون زەروورین و دەبێ سەرنج و بایەخی زیاتریان پێ بدرێ.

# شێعر

## شیعری کوردی:

دلاوەر قەرەداغی
ئاسۆ جەببار
پەرویز زەبیحغولامی
سلێمان سۆفیسالحی
ئاکام کەوسەری
گولاڵە درووديان
کاوان نەهایی
ئارام فەتحی
ڕێبین خدر

## شعر فارسی:

آلن گینزبرگ
(ترجمه: پگاه احمدی)
رضا آمن
هارولد پینتر
(ترجمه:بهارقهرمانی)
طیب جبار
(ترجمه: بابک صحرانورد)
مهرنوش قربانعلی
مظاهر شهامت
محمد آشور
مانا آقایی
زینب صابر



در که بسته می‌شود
گوشه‌های تیز اتاق
رفتن را راست می‌گویند در گوش تن‌های
زخمی از تنهایی
حتّا،
شب هم زود می‌آید
طول می‌کشد/می‌دهد، نمی‌رود

دست هم که لاش بگذاری لاش می‌کُند
بسته می‌شود
در که بسته می‌شود
پاهای رفتن هم شایع می‌شود
پاهای شایع
خیابان‌ها را به بی‌راهه می‌برند
چارراه‌ها گیج می‌خورند
حضرت مغز پاره سنگ برمی‌دارد،
پرت می‌کند سمت هر طرف که شد
زیرا خانه‌های فرضی
تَهِ هر خیابان آدم را سرگرم می‌کنند

در که بسته
پاها که شایع،
دل‌گرمی هم بی‌ریخت‌ترین شکل یک خانه
می‌شود
مثل لب‌خندی که دیر می‌کند،
از دهن می‌افتد

در که بسته ، باز –بسته
رفتنْ شایع
حضرت مغز هم پاره سنگ برمی‌دارد
مورچه‌ها به فکر تجزیه می‌افتند

یک در که بسته می‌شود

# رضا آمن

## فایل ویژه شمار(۶) شعرشی





# مرگ بر گوش ون‌گوگ

آلن گینزبرگ

پگاه احمدی

شاعر کشیش است
پول، دخل روح آمریکا را آورده است
کنگره در شیبِ ازلی درهم شکسته است
رئیس جمهور، ماشین جنگی‌ای ساخت که استفراغ خواهد کرد و از کانزاس، روسیه بیرون خواهد کشید
به قرن آمریکایی،(۱) توسط سنای دیوانه‌ای که دیگر با زن‌اش نمی‌خوابد، خیانت شده
فرانکو(۲)، لورکا(۳) پسر خلف ویتمن(۴) را به قتل رسانده
درست همانطور که مایاکوفسکی خودش را کشت تا از شر روسیه خلاص شود
هارت کرین(۵) افلاطونیِ معروف خودکشی کرد تا تسلیمِ آمریکای عوضی شده باشد
درست همان وقت که میلیون‌ها تُن گندم انسانی
در سیاه‌چال‌های زیر کاخ سفید در آتش سوختند
درحالی که هند، تا استخوان گرسنه بود و نعره می‌کشید و سگ‌های مجنون خیس را می‌خورد
و کوه‌هایی از تخم‌مرغ در سالن کنگره به پودرهای سفید تخفیف می‌یافتند
هیچ انسانِ خداترسی به خاطر بوی گند تخم‌مرغ‌های فاسد آمریکا دوباره به آنجا قدم نخواهد گذاشت
و سرخپوستان چیاپاس، همچنان نان‌ذرت‌های بی خاصیت‌شان را سق می‌زنند
بومیان استرالیا، شاید، در صحاریِ بی تخم‌مرغ ور ور می‌کنند
و من به ندرت تخم‌مرغی برای صبحانه دارم
اگرچه کارم تخم‌مرغ‌های نامحدودی را می‌طلبد که در ازل متولد شدند
تخم‌مرغ ها باید خورده شوند یا به مادران‌شان برگردانده شوند
و اندوه مرغ‌های بی شمار آمریکا
از خلال جیغ کمدین‌هایش در رادیو بیان می‌شود
دیترویت(۶) یک میلیون اتوموبیل از درخت‌های مولّدِ کائوچو و اشباح ساخته
اما من راه می‌روم، راه می‌روم و مشرق با من راه می‌رود و تمام آفریقا راه می‌رود
و دیر یا زود، آمریکای شمالی راه خواهد افتاد
زیرا همان‌سان که فرشته‌ی چینی را از در راندیم
ما را از دروازه‌ی طلایی آینده خواهد راند
اینشتین، به خاطر سیاست‌های آسمانی‌اش ریشخند شد
برتراند راسل(۷) به جرم همبستری از نیویورک رانده شد
چاپلینِ جاودان با گل سرخی میان دندان‌هاش از سواحل ما رانده شد
دسیسه‌ای پنهان از سوی کلیسای کاتولیک در مستراح کنگره
که وسایل ضدّ بارداری را برای توده‌های مدام زایای هند، رد کرده است
هیچکس کلمه‌ای به جز یاوه‌گویی‌های بزدلانه‌ی برده‌وار، برآمده از ذهنیتی علیل، منتشر نمی‌کند
روزی که ادبیات حقیقی آمریکا منتشر شود
روز انقلاب خواهد بود
انقلاب برّه‌ی سکسی
تنها انقلاب بدون خونریزی که برکت می‌بخشد
ژنه‌ی(۸) طفلکی دروگران اوهایو را منوّر خواهد کرد
ماریجوانا مخدّر خیّری‌ست اما جی ادگار هوفر(۹) ویسکی اسکاچ مرگبارش را ترجیح می‌دهد
و مجازات کلام افیونی لائوتسه(۱۰) و پاتریارکِ ششم(۱۱) صندلی الکتریکی خواهد بود
اما بی خانمان‌های مریض بیچاره جایی ندارند سرشان را بگذارند
رفقا در دولت‌مان روش ترک ناگهانی اعتیاد تدارک دیده‌اند



هالیوود که فیلم‌هایش در گلوی خدا گیر کرده است
بله هالیوود آنچه را که مستحق‌اش است، خواهد ستاند
زمانِ نشتِ گاز اعصاب(۱۲) از رادیو
تاریخ، این شعر را پیامبرانه خواهد کرد و حماقت فجیع‌اش را
به یک موسیقیِ شنیع روحانی تبدیل می‌کند
من بق‌بقوی اندوهناک کبوتران و بال و پرِ خلسه‌ام(۱۳)
انسان نمی‌تواند برای درازمدت،
گرسنگی یک آدمخوار تجریدی را تحمل کند
جنگ، تجریدی است
دنیا نابود می‌شود
اما من فقط برای شعر می‌میرم که جهان را نجات خواهد داد
برای بنای یادبود ساکو و وانستی(۱۴)
هنوز برآورد مالی نشده
که بوستون به آن ببالد
واسل لیندسی(۱۵) وزیر داخلی
آلن پو، (۱۶) وزیر تخیل
پاوند، (۱۷) وزیر اقتصاد
و کرا متعلق به کرا و پوکتی متعلق به پوکتی(۱۸)
تلفیقی از بلاک(۱۹) و آرتو(۲۰)
گوش ون‌گوگ بر اسکناس، دیگر تبلیغی برای هیولاها نیست
و شاعران نباید سیاسی شوند وگرنه هیولا می‌شوند
سیاست مرا هیولاوار کرده است
آن شاعر روسی بی شک در یادداشت‌های شخصی‌اش هیولایی‌ست(۲۱)
تبّت را باید به حال خود گذاشت
اینها پیشگویی‌هایی روشن است
آمریکا نابود خواهد شد
شاعران روس یقه‌ی روسیه را خواهند گرفت
ویتمن علیه این "ملعون اسطوره‌ای ملت‌ها" هشدار داده بود(۲۱)
کجا بود تئودور روزولت آن هنگام که از قلعه‌اش در کامدن(۲۲) اولتیماتوم‌می‌فرستاد
کجا بود سرای نمایندگان، وقتی کرین، بلند بلند از کتاب نبوتش می‌خواند
وال‌استریت چه نقشه‌ای می‌ریخت وقتی لیندسی حکمِ شومِ پول را می‌خواند؟
آیا آنها در رختکن‌های اداره‌های کاریابی در بریکسفورد، به هذیان‌های من گوش می‌دهند؟
آیا گوش‌های‌شان را به ناله‌های روح من سپرده بودند
وقتی در تقلای آمار تحقیقاتی بازار در دیوانخانه‌ی رُم بودم؟
نه آنها در دفاتر آتشین‌شان بر فرش‌هایی از نارسایی قلبی می‌جنگیدند،
نعره می‌کشیدند و با سرنوشت، چانه می‌زدند
و پشت به دیوار، با اسکلتی مجهز به شمشیر، تفنگ سرپُر، دندان‌های خرگوشی، سوءهاضمه، بمب‌های مسروقه، فحشا، موشک‌ها و شاهدبازی نبرد می‌کردند
تا زن‌ها و آپارتمان‌ها و مراتع و حومه‌ها و عشرت‌کده‌هایشان را بنا کنند

همانقدر منسوخ که سیستم رادار هشدار دفاع اولیه
من سیستم رادار هشدار دفاع اولیه هستم
چیزی به جز بمب‌ها نمی‌بینم
علاقه‌ای ندارم که از آسیا بودن آسیا جلوگیری کنم
و دولت‌های روسیه و آسیا افت و خیز خواهند داشت اما
آسیا و روسیه سقوط نخواهند کرد
دولت آمریکا هم ساقط می‌شود اما آمریکا چطور ممکن است ساقط شود
من شک دارم کسی به جز حکومت‌ها ساقط شود
حکومت‌ها سقوط خواهند کرد
خوشبختانه تمام حکومت‌ها ساقط می‌شوند
تنها خوب‌هاشان ساقط نمی‌شوند
و حکومت‌های خوب، فعلا که وجود ندارند!
آنها جز در شعر من وجود ندارند
آنها در مرگ دولت‌های روسیه و آمریکا وجود دارند
آنها در مرگ هارت کرین و مایاکوفسکی وجود دارند
حالا زمانِ نبوتی بی پیامدِ مرگ است
هستی سرانجام ناپدید خواهد شد
هالیوود بر آسیاب‌بادی‌های ازلی نمی‌پوسد



ازدحام پورتوریکن‌ها در خیابان ۱۱۴ به خاطر قتل‌عام برای یخچال‌های تقلیدی مدرن چینی
فیل‌های رحمت که به خاطر [ساخت] قفس پرنده‌های دوران الیزابت کشته شدند(۲۳)
میلیون‌ها آشفته‌ی متعصب در تیمارستان به خاطر جیغ سوپرانوی صنعت
پول، ورد زبان حراف‌های سریال‌ها، بوزینه‌های خمیردندان‌ها در تلویزیون‌ها
بوگیرها در صندلی‌های هیپنوتیزم،(۲۴) دلال‌های نفت در تگزاس، خط های جت در بین ابرها
کاتبانِ کذّابِ آسمان در سیمای الهی
قصابانِ نیشدارِ کفش‌ها و کلاه‌ها(۲۵)
همه مالک! دارَنده! دارندگان
با وسواس بر مایملک و خودی ویران!
و سرمقاله‌های بلندشان از پرچین سیاه‌پوستی که نعره می‌کشد از هجوم مورچگان خزیده از صفحه‌ی نخست
ماشین‌آلات رویاهای برقی انبوه
عربده‌ی فاحشه‌ی جنگ‌آفرینِ بابِل(۲۶) در کنگره‌ها و آکادمی‌ها
پول! پول! پول!
پول وهم‌آلودِ عربده‌جوی دیوانه‌ی الهی
پولِ برآمده از هیچ، قحطی، خودکشی
پولِ ورشکستگی، پول مرگ
پول، علیه ابدّیت
و آسیاب‌های پر زورِ ازلی، انبوه کاغذهای وهم را، پودر می‌کنند

پاریس. دسامبر ۱۹۵۷

پانوشت‌ها
۱- قرن آمریکایی، اصطلاحی درباره‌ی سلطه‌ی فراگیر اقتصادی، سیاسی و فرهنگی آمریکا بر جهان در قرن بیستم
۲-فرانسیسکو فرانکو، دیکتاتور اسپانیا ۱۸۹۸-۱۹۳۶
۳- فدریکو گارسیا لورکا ۱۹۹۸-۱۹۳۶ شاعر اسپانیایی که در آغاز جنگ داخلی اسپانیا به دست فالانژیست‌ها تیرباران شد
۴-والت ویتمن ۱۸۱۹-۱۸۹۲ شاعر آمریکایی
۵- اشاره به هارولد هارت کرین Harold Hart Crane ۱۹۳۳- ۱۸۷۷ شاعر آمریکایی
۶-بزرگترین مرکز ماشین‌سازیِ آمریکا
۷-برتراند راسل ۱۸۷۲-۱۹۷۰ نویسنده و فیلسوف بریتانیایی
۸- ژان ژنه Jean Genet ۱۹۱۰-۱۹۸۶ شاعر و نمایشنامه‌نویس فرانسوی
۹- جانِ ادگار هوفر ۱۸۹۵-۱۹۷۲ اولین گرداننده و رئیس پلیس فدرال آمریکا یا اِف بی آی
۱۰- فیلسوف چینی در سده‌ی ششم پیش از میلاد و بنیان‌گذار تائوئیسم




۱۱- پاتریارک ششم، اشاره به راهب چینی مکتب ذِن داجیان هاینینگ، ششمین و آخرین پاتریارک مذهب ذِن بودایی
۱۲- گاز شیمیایی با عوارض مهلک
۱۳- عین عبارت از این قرار است: من بق‌بقوی اندوهناک کبوتران و بال و پر خلسه دارم
۱۴- ساکو و وانستی، دو مبارز ایتالیایی‌تبار آنارشیست و رهبران اعتصاب‌ها و جنبش کارگری دهه‌ی ۲۰ آمریکا که به سال ۱۹۲۰ در خیابان دستگیر و بی گناه، به قتل و سرقت متهم و در ۱۹۲۷ بر صندلی الکتریکی نشانده شدند. دولت آمریکا در سال ۱۹۷۷ پذیرفت که محاکمه‌ی این دو عادلانه نبوده است
۱۵- Nicolas Vachel Lindsay شاعر آمریکایی ۱۸۷۹-۱۹۳۱ ملقب به پدر شعر آوازی
۱۶-ادگار آلن پو ۱۸۰۹-۱۸۴۹ شاعر و نویسنده‌ی آمریکایی
۱۷-اشاره به مقاله‌ای از ازرا پاوند با عنوان «اقتصاد زبان»
۱۸- برگرفته از آواهای شاعرانه یا مانتراهایی که آنتونی آرتو شاعر فرانسوی در قطعه‌ی شنیداری (Pour en Finir Avec le Jage-ment de Dieu) تکرار کرده است
۱۹-الکساندر بلاک، شاعر روسی ۱۸۸۰-۱۹۲۱
۲۰- اشاره به آنتونی آرتو نویسنده، شاعر، مقاله‌نویس و کارگردان سوررئالیست فرانسوی ۱۸۹۶-۱۹۴۸
۲۱-اشاره به مایاکوفسکی، شاعر روس
۲۲-ملعون اسطوره‌ای ملت‌ها، اشاره به آمریکا، به نقل از والت ویتمن در مقاله‌ای باعنوان «دموکراسی در آمریکا» ویتمن در این مقاله هشدار داده بود که در صورت بی توجهی به معنویات و رویکرد صرف به جنبه‌های مادی، جامعه به تباهی کشیده خواهد شد
۲۳-اسم مکان
۲۴-اشاره به ساخت قفس از عاج فیل، حیوانی که در برخی از اقلیم‌ها و مذاهب، سمبل رحمت است
۲۵-اشاره به تبلیغات مسحورکننده‌ی تلویزیونی
۲۶- چنین به نظر می‌رسد که اشاره به شکارچیان حیوانات و تولید پوشاک انسانی از پوست و خز باشد
۲۷- فاحشه‌ی بابِل ملقب به مادر فواحش، نماد پلشتی در کتاب مقدس و در اینجا نماد نمایندگان کنگره که می‌تواند در ضدیت با نماد «زن الهه‌ی لیبرتی» که بر روی کنگره‌ی آمریکا نیز نصب شده است به کار رفته باشد



# لە ڕۆژێک درێژتر..!

## دلاوەر قەرەداغی



ه خەتم بە سەر ڕۆژەکاندا نەهێناوە
وەک ئەوەی زەمەن تێنەپەڕێ
وەک بڵێی هەر هەموو ڕۆژەکان
تاقە ڕۆژێک بن
بەڵام ڕۆژێکی درێژ درێژ،
زۆر زۆر درێژ بن!

پەرش و مناڵانە و خەمسارد،
ڕژاو ڕەش و سپی وەک زیخ
من پشکم نییە لە شوێن
هێشتا ئەو گێژەڵووکە ڕەنگاوڕەنگە کێوییە
لە گوێمدا دەگفێنێ،
کە ڕۆژانێک سپی سپیی
بە هەر چواردەورمدا
هەڵی دەکردا!

دەرەوە تەم
ئاسمان بە جۆرێک
کە ئەقڵ نایبڕێ
دوور
خەڵکانێک لە ناو تەمەکەوە
بە کوردی دەست ڕادەوەشێنن
دیار نییە بەخێرهاتنی کەسێک
لە دوورەوە دەکەن،
یان خۆیان خواحافیزی دەکەن و
بۆ جێگەیەکی دوور دەڕۆن!

ئەمڕۆ بەرێوەم بڕۆم بۆ جێگەیەک
بەڵام هەر دەڵێی دوێنێیە،
کە لەوێ هاتوومەوە،
لە سبەینێش دەچێ
کە نە دوێنێ بەرێوە بووم بۆ ئێرە و
نە ئەمڕۆیش لەوێ دەبم!

مانگ سارد ساردە،
وەک منداڵێک،
کە شتێکی دەگمەن و جوانی لە ئێوارەیەکی بەفردا
لێ ون بووبێ،
بە دەستی چەپی
پەیتا پەیتا سینگی هەڵدەکۆڵێ و
بە دەستەکەی تری،
سارد سارد ... ناو زوقم

بە دوای دڵی شکاویدا دەگەڕێ.

شەممەیەک
لە بەردەم باخی گشتی شاردا
ڕادەوەستیت و
لە نێو لیستی بێ سەروشوێنانی هەفتەدا
بە دوای ناوی مندا دەگەڕێیت
کەچی ناوی خۆت دەبینیت
هەمان ڕۆژ
لەبەر وێستگەی ناوەندی شاردا
ڕادەوەستم و
لە نێو لیستی باڵندە کوژراوەکانی ساڵدا
بۆ ناوی تۆ دەگەڕێم،
کەچی ناوی خۆم بە پاشناوی تۆوە دەبینم.

ڕۆژێک لە ڕۆژان
غەریبییمان هەر بۆ خۆشیی
بە قەدی یەک دەگرین
باڵای غەریبیی تۆ قولانجێک لە هی من بەرزتر دەردەچێ
ئیرەیی دامدەگرێ،
تومەز تۆ گزییت کردووە و
خۆت لە سەر پەنجەی پێ هەڵبڕیوە
کاتێ بە سەرزەنشتەوە سەرنجی ئەوە دەدەم،
پێدەکەنیت و ڕێک ڕادەوەستیتەوە
ئیتر غەریبییمان بە قەد یەک و
هێندەی یەکی لێ دێ
کەس فەرقی پێ ناکا،
ئەگەر شاڵی غەریبییەکەی من بە شانی تۆوە،
یان ملپێچی تەنیاییەکەی تۆ
ئاڵاو بە ملی منەوە بێ.

هەمیشە لە سەفەرداین
بۆ لای یەکتر،
کە من دەچم تۆ دێیتەوە
کە تۆ دێیت من دەڕۆمەوە
دوایین جار
هەردووکمان لە وێستگەی قیتار
پێکەوە لە یەک ریزدا ڕادەوەستین،
من بلیت بۆ ئەوێ بۆ لای تۆ دەبڕم و
تۆیش بلیت بۆ ئێرە دەبڕیت و
بۆ لای من بۆ ئەوێ دێیتەوە!

وردە وردە
هەموویانم
وەک پەلک و گەڵای کۆن و وشک و رزیو
لێ دەبنەوە
دواجار هیچم پێوە نامێنێ
تۆ نەبێ،
وەک ئاڵایەکی بریندارى دواى جەنگ
بە قەڵای دوور و دێرینی
ئەم تەنیاییەوە،
غەمگین .. غەمگین
شین ... شین
دەشەکێیتەوە.



چاڵێکی بچکۆلە
لە گڵە سوورەی ئاست چەپی سینگمدا هەڵکۆڵە
تا کاتێ باران دەبارێ
باڵندە تینووەکان بێن و
کورد .. کورد
لە چاڵاوی دڵم
بخۆنەوە!

٢٠ مای ٢٠١٧ سلێمانی

# من تاوانبارم

ئاسۆ جەبار

تاوانبارم بە کوشتنی زەمەن
بە درێژکردنەوەی تەمەنی جەلادەکان
تاوانبارم بە کوشتنی پەرەسێلکەیەک
بە گوێسەبانەکانی مناڵییەوە
زامدارکردنی کۆترێک
کاتێک ئاورینگی باخچەیەک دەخواتەوە

تاوانبارم بە ژاکانی گوڵێک
بە دەستی لالەزاریی عاشقترین مەخلوقی دونیا
من رقم لەباخەوانەکان بوو
نەیاندەهێشت لە باخەکاندا یاریبکەین
بە عیشقەوە گوڵەکانیان ئاودەداو
لەرەگەوە هەڵماندەکێشان
شکۆفەی یاسەمینەکانمان هەڵئەمژی
تا وشکبوون...
سەوسەنەکانمان ئاودەدا تا خنکان
بە نێرگزەجاری مناڵیدا رامانەکرد
تا مەرگی بۆنی گوڵزارە نوستووەکانی ژێر پێمان
تا پیربوونی خەون

تا تلۆرکردنەوەی
تاوێرە بەردەکانی رۆحمان
یاریمان دەکرد....

من تاوانبارم بە کردنەوەی دەرگای قەفەزەکان و
مردنی کەنارییەکان
تا کلۆمدانی دەرگای مێرگوزارەکان و
مردنی شەوبۆکان

تاوانبارم بە کردنەوەی پەنجەرەکان
بۆئەوەی رۆناکی تا قوڵایی رۆح
تا لاپەڕەی زەردهەڵگەڕاوی کتێبەکانم
تا چرپاکەم
تا هەگبەی نهێنییە پەژموردەکانم
تا قیامەتی خەیاڵ و
تا رووتبونەوە
تا وونبوون بێت ...
من تاوانبارم

تاوانبارم بە نوسینەوەی کتێبی پیرۆز
بە نوسینەوەی مەرگ
بە حونجەکردنی وشەکانی یەقین
بە هۆنینەوەی وەهم
بە گوناه
بە ئەشکەنجەدانی مرۆڤ
تا سەرئێسک ، تا قوڵایی رۆح

ئەوە من بووم
مێخەکانی سەر جەستەی عیسام لە بەهێزترین کانزا درووستکردوو
ئەوە من بووم مێخەکانم بە جەستەی ئەودا دادەکوتی و خوێن لە
رۆحییەوە دەهات..
دوایەمین مێخم لەو خاچەدا...
دوایەمین کیژۆڵەکانی خودام بە قەنارەکانی باخچەوە هەڵواسی...

تاوانبارم
تاوانبارم بە نوسینەوەی ئایەتە رەنگاڵەییەکانی مەرگ
بە تیژکردنەوەی شمشێرەکانی خودا بە پاتۆنیا
تاوانبارم بە لاقەکردنی کیژۆڵە سەرمەستەکانی وەحشەت
کەنیزەکی خۆرو
تاوانبارم
بە پەڕاندنی تاجەگوڵینەی گوڵەگەنمێک
کە خۆری لێ دەتکا....

تاوانبارم
بە تاڵانکردنی گوڵاڵەسورە
بە ماچی پڕ خوێنی کەنیزەکانی جەنگ
بە هەڵدانی شەرابی خوێن
من تاوانبارم
بە شەرابپرژێنی گۆڕەپانەکانی جەنگ



گوڵبارانکردنی مەرگ
من تاوانبارم
بە بڕینەوەی درەختەکانی ئەو مێرگوزارە
بە دابەشکردنی هەنار لەنێو کەڵبەکانمدا

تاوانبارم بە بەخشینەوەی شەهادەت
شەهادەتی گوڵ
شەهادەتی باخچە
شەهادەتی باران
شەهادەتی کیژۆڵە سەرمەستەکانی خۆر

* * *

تاوانبارم
بە بڕینەوەی دارەکانی بەهەشت
بە ئەتککردنی فریشتەکان
بە کەوڵکردنی مارو گومڕاکردنی شەیتان
تاوانبارم بە خواردنی هەموو میوەکانی بەهەشت و لاقەکردنی فریشتەکانی خودا و
روتکردنەوەی ئەهریمەنە لالەزارەکانی دۆزەخ

تاوانبارم بە یەکەمین گوناە و
یەکەمین کوشتن ..
تاوانبارم بە خستنەوەی وەچەکان
وەچەی با
وەچەی ئاگر
وەچەی خوێن
وەچەی دەریا

تاوانبارم
بە دروستکردنی تەور لەدرەختی سێو
بڕینەوەی داربەڕوەکان بۆ کڵپەی جەنگ
بڕینەوەی قامیشی شەکر
بۆ فرێدانی ژەهر
تاوانبارم بە دروستکردنی شمشێر
لەهەناوی زەوی
بە دروستکردنی تەلا بۆ کوشتنی یەکتریی
دروستکردنی خەنجەر بۆ کەوڵکردنی مامز
تاوانبارم بە بڕینەوەی شاخی ئاسکەکێویی
دەرهێنانی عاجی فیل
تاوانبارم بە کوشتنی هابیل
بە خەیاڵە ئەهریمەنییەکانی قابیل
تاوانبارم بە ونکردنی یوسف
بە زیندەبەچاڵکردنی کیژۆڵەکانی خودا...

تاوانبارم بە دروستکردنی کەعبە
بە زینا لەماڵە وەهمییەکانی خودادا
تاوانبارم بە شکاندنی بتەکان و
خستنەوەی هەزاران نەوەی خوێنرێژ
تاوانبارم بە خاپورکردنی پەرستگاکانی خۆرو

دروستکردنی هەزاران پەرستگاو کڵێسا و مزگەوتی رەش...
تاوانبارم بە سوتاندنی گالیلۆ و
ئەتککردنی خوداو خۆر و ئەستێرەکان
تاوانبارم بە گرتێبەردانی ئەفسونەکانی گومان و
داگیرساندنی یەقینەکانی گومڕایی...

تاوانبارم
بە دروستکردنی یەکەمین چەک و
یەکەمین زام و یەکەمین ئەشکەنجە...
تاوانبارم بە دروستکردنی یەکەمین مەنجەنیق و
یەکەمین کورەی توانەوەی کانزاکان و
خۆشکردنی ئاگر...
تاوانبارم بە دروستکردنی یەکەمین کەشتی جەنگ و
یەکەمین ئاپورەی ئاگر
یەکەمین کۆمەڵکوژی
تاوانبارم بە رەجمکردنی کیژۆڵە لالەزارەکانی شار
بە کوشتنی سۆزانییە بەدمەستەکانی وەحشەت

تاوانبارم بە قڕکردنی نەوەی با
نەوەی بەرزاییەکانی هەنار
رەزو بێستانە یاقوتییەکانی ترێ
تاونبارم بەگرتێبەردانی باخچەکان بە هەزاران گوڵی یەخسیرەوە
تاوانبارم بە کوشتنی گوڵفرۆشە تەڕەکانی بەرباران

تاوانبارم
بە دروستکردنی حیبری گوڵ
بۆ نوسینەوەی یەکەمین عیشووەو
یەکەمین نامەو یەکەمین وونبوون...
حیبری رەش هەروەک سوتماکی باروت
هەروەک سوتانی جەنگەڵ ...
بۆ دەرکردنی یەکەمین پەیامی جەنگ و
یەکەمین فەرمانی کوشتن و
گرتێبەردانی یەکەمین شار و
یەکەمین باخ و دوایەمین دڵۆپی باران..

تاوانبارم
بە دروستکردنی یەکەمین مۆر و
دوایەمین خەتمی سور
بۆ جەنگ و کوشتارە گەورەکان
تاوانبارم بە دروستکردنی یەکەمین خەنجەر
بۆ کوشتنی یەکتریی
تاوانبارم بە دروستکردنی باروتخانەکانی جەنگ
بۆ خاپورکردنی شارەکان و پڕکردنەوەی کانیاوەکان
تاونبارم بە دروستکردنی یەکەمین زیندان و
بڕینەوەی بە تەمەنترین درەختەکانی جەنگەڵ
بۆ دروستکردنی یەکەمین سێدارەو
یەکەمین مەقسەڵەو سەکۆی گرتێبەردانی مرۆڤ

تاوانبارم



به کوشتنی سەوسەنەکان
بە پیسکردنی زەریاکان و پڕکردنەوەی دەریاکان
بە بەرپاکردنی وەهمی خۆشنودی
وەهمی مەرگ
وەهمی ژیان
تاوانبارم.....
تاوانبار



# "قەتارچیان بەپێوەری ڕیشتەر"

پەرویز زەبیح غولامی

وەک پێشەکی:
ناوت لە شێعرەکانمدا دووپات دەبێتەوە
وەک قالاوێک لە کانی نمەکدا.
ماندوو نابم
سیگارێ دادەگیرسێنم.
بە قامکی هەلاهەلاوە
کڵاوی پاراستنەکەم جێبەجێ دەکەم و
دەنووسم

## قەتارچیان بە پێوەری ڕیشتەر

١
چوارشەممە
کەروێشکێ پێریۆد
لە کونی قۆفڵەکەوە سەیرم دەکات و دەگریت
درەختێکم لە قەڵادووشانە و
" نازانم " یانێ بەردەڵان و باران‌بڕان
بەڵام نازانم ...

ژنێ بە زەمبیلێ سێوەوە
بە بێشەی پەیژەکاندا دادەگەڕێ و
ڕەشە هەورەکانی سەر ڕوومەتی دادەتەکێنێ و دەڵێ:
ـ بەهەشتیش فت!

چوارشەممە
چارشێوێ دووگیان لە باوەش و
شەوە لەو دێو پەنجەرەوە سەیرم دەکات و
دەڕوات
٢
پێستم لە ئیسفاڵتە و
سیگارەکەم لە ئێسکی ئەسپ
ژنێ کاتژمێرێکی زیخی، لە جیاتی سەری دادەنێ و دەڵێ:
ئیتر کاتی...

بەڵام هەست دەکات
چڵێ هەنار لە بەردەڵانی مناڵدانیدا
چرۆ دەدات و نادات

تامی هەنار...
تامی ئیدزە
تامی فاڵی حافز کاتێ بەفر دادەکات و
لە چەتری هیچ ژنێکدا جێگام نابێتەوە و
چاویلکەکەم دەڕچێت ...

هەمیشە میوەفرۆش لە تەنیشت میوەکانی گەرمیاندا
پێدەکەنێ و پێشنیار دەکات:
چوارشەممەیە!

ناوم لە گاشەبەردە و
بۆنم لە کافوور و
عارەقی کافکا
٣
ژنێ نۆبەری ڕێواسە و
من تا بنەقاقا ئارەق
دایەگەورەی دوور ساڵانیم دەڵێ:
یەکێ بوو... یەکێ تریش بوو
بەڵام گورگ
چارشێوە بەباچووەکەی دایکت دادەدڕێ

دایکم تا قەرای قیامەت
تەرکی چوارشەمە و قەتارچیانییەکان دەکات و
کچێنیی و چیرۆکە پۆستعاشقانەکانی من
لە قۆرئانە بێ وشەکەدا حەشار ئەدات
پاسەوانی وشە یەکبڕەکان
بۆن بە دەممەوە دەکات ودەڵێ:
ـ لە " قەتارچیان " دەستبکێشە ئەگینا پخ !
من لە پەنجەرە بێ دیوارەکەوە
بە جیهاندا دەڕشێمەوە

کەسێک لەو دیو دیوارەکاندا دەخوێنێ:
ژنێ نۆبەری ڕێواسە و
من تا بنەقاقا ئارەق
٤
یانی
هەڵچوونی مەلافەکان و بەیانی
تاشتیم ددانی حافزە و
سەعاتەکەم چلوورەی تلیاک
ژنی دراوسێ
مناڵە خووساوەکانی لە بەر هەتاودا هەڵدەخات و دەڵێ:
ـ بەیانی باش!

هەمیشە پاکەتێ سیگار و مشتێ ئیمزام
لە ژنێکی بێ هەینیدا جێهێشتووە و
هەر کە تەلەفۆن زەنگ دەدات

قارچکێ خوێناوی
لە گیرفانی کراسە سپییەکەمدا هەڵدەتۆقێ

ژنی دراوسێ
مناڵە تۆزاوییەکانی لە بادا دەتەکێنێ و دەڵێ:
ـ جارێکیتر بەیانی باش!

هەناسەم هاڵاوی قاڵاوە و
مۆبایلەکەم بڵقی سابوون
یانی ...

٥

من کەڵەشێرم
رادیۆ قەتارچیان لە جیاتی من دەقووقنێ و
من لە جیاتی رەشەبا
دایکم کە لە سەر گڵۆپەکاندا خەوتووە و
خەونی ئاسمان دەبینێ
دەڵێ: بێدەنگ بە و
وەک ئەم گشتە هامشۆی شەودرەنگان بکە، هامشۆی تەنیایی
من هەتاو لازمم
باڵەکانم لە فاستۆنییە و دەندووکم لە مەقەست
باوکم کە لە بیرەوەرییە خوێناوی و ناوەختەکاندا چینە دەکات دەڵێ:
بێ سەر بە و لە چرای کامیۆن و واکسێنی مانگگیران پارێز کە
من کەڵەشێرم
مریشکفرۆش لە چوارڕێیانی بەیانیدا دەسێ بۆ هەتاو رادەوەشێنێ و
قاقا پێدەکەنێ

# دوای مردن

## "دوای مردن دەگەڕێنەوە"

مردووان لە مردن ماندوو دەبن و دەگەڕێنەوە
گەرچی سەریان لە پەنجەرەیە و
زمانیان لە قاڵاو
بەڵام دەگەڕێنەوە و
دەبنە ئەو پێغەمبەرانەی
کە بە گورگان بەرتیل دەدەن
بێنە خەونمان و بمانخۆن
یان ئەو قاچاخچییانەی
کە رووەمەتمان
لە هەینییەکەوە بۆ هەینییەکی دی
قاچاخ دەکەن
یان ڕەنگە ئەو بکوژانەی
کە بە چەقۆ
ناومان لە سەر دڵتەنگییەکانی یەکتر هەڵدەکرێنن
یان...
مردووان دەگەڕێنەوە
خێرا دەرکە بکەرەوە
ئەو کۆنتۆڕنووسەی هاتووە
کۆنتۆڕی هەوا بنووسێ
ماندووە...
زۆر ماندووە...

## "دوای مردن بێکار نابن"

خۆی ناناسم
بەڵام سێبەرەکەی پیاوێکە
کە دەستی لە کارخانەی "هەینی سازیدا " کار دەکا و
خۆی بێکارە
شەودرەنگان
کە بە پێپلکانەکاندا هەڵدەگەڕێ
من ژوورێکم کە کلیلی لە گیرفانی کەسدا نیە
تەنانەت ترس
یان تەنیایی
بەڵام ئەو مەس
بە دوای مندا دەس دەکوتێت و
ناتوانێ کەس پەیدا بکات
ناتوانێ من
ناتوانێ خۆی...



## ”دوای مردن تەنیا نابن“

تەنیا بووین
ئەو مردووانەی
گیرفانیان پڕە لە ناوی یەکترین
وایان گوت
من وام نەگوت و
لەوە بە دوا
نە با دەیتوانی بمدوێنێ
نە دایکم
کە هەموو شەوێ لە هێشخانی خەونەکانیا
کاتژمێر هاڕە دەکات
نە تۆ

تەنیا بووین
بێدەنگی ئێسقانی قالاوێ بوو
کە بە قوتوویەک تیزابەوە
بە دەور سەرماندا دەسوورایەوە
ئێمە وەستاین
هێندە وەستاین
تاکوو مردووان ڕاویان کرد.

## ”دوای مردن لە مردن رزگار دەبن“

سەرەتا نەبوو
مردووان
خەونەکانیان بە کرێ دەگرت و
باڵندەکان
دەمی
پێش لەوەی هەینی کەشف بکرێت
رۆیشتبوو شتێ بکرێت
شتێ وەک نان
یان شێعر
یان ڕەنگیشە

ترامادۆل
هێندە وەستام
کە کاتژمێرەکەم گەورە و گەورەتر بووەوە و
هەموو شتێکی داپۆشی
ئەو نەبوو
من نەبووم
سەرەتاش

## ”دوای مردن هاوار ناکەن“

بێ دەم، قاوەکەی دەخواتەوە
بیر لەو پشیلەیە دەکاتەوە
کە پێستی لە ماسیدەرهەمە و
لە دەریا مڵاسی بردووەتەوە
نازانێ ئەمرۆیە
یان دوێنێ
پەنجەرەکەی دەکاتەوە
بێ سەر هاوار دەکات
کەس نایبیستێ
نە ئەو پیاوەی
کە بە ئاچەر هەتاوی ژەنگاوی توند دەکاتەوە
نە ئە و پشیلەیەی
کە لە هیشخاندا کتێبی پیرۆز دەجاوێ
نە من
بەم شێعرە بێ وشەیەوە...

## ”دوای مردن لە دەریادا نوقم دەبن“

گورچیلەی لە کوچکەو
قژی لەو شێعرانەی
کە با بۆ ماسیگرانی دەهۆنێتەوە
هەموو رۆژێ مراوییەکان
ناوی بە زەرنەقووتەکانیان دەدەن
دوێنێ
لە دوێنێدا بینیم
پزیشکەکان
ماسییەکیان لە سۆنۆگرافییەکەیدا بینیبووەوە و
لە ترسان
دی پزیشک نەبوون
کە لە دوێنێ هاتمە دەرێ
هەموو کەسێ
لە دەریادا نوقم ببوون
تەنانەت دەریاش

## ”لە دوای مردن ئەو قالاوانە دە مرن“

لەوێوە هاتووە
دەمی
بەرەو دەریا دەکرێتەوە و
سیگار بە سیگار دادەگیرسێنێ
کە بە بەردەم بەیانیدا تێدەپەڕێ
هەر قالاوە و
لە ئیگزۆزی ماشینەکەیەوە هەڵدەفرن
پەنجەرەکەم دەکەمەوە
خەڵکی
تیتراژی سەرەتای رۆژن و
دووپات دەبنەوە
کەس قالاوەکان نابینێ
کەس کەس نابینێ

## ”دوای مردن ئەم پیاوە دەبینن“

ناوی نازانم

هێندەی تیمساحێ
کە سەیری گریانی ماسیگرێ دەکات
بێناوە
کە پێدەکەنێ
هەوا بۆنی ئەمیرتاجی لێ دێ
بۆنی کاگڵ
بۆنی هەوا
دڵنیام کەس نەیبینیوە
کە دەیبینم
باران بەرەو بارانێتر رادەپێچێ
خۆم لە رووی خۆم دادەخەم و
دەگریم
٩
"دوای مردن جوان نین"

هەتاو بە ئێمە ناساندی!
جەستەی باڵندەیەکی بێکار بوو و
سەری وامێکی بێ بەرامبەر
کە لە بانکی مردووان وەریگرتبوو
ئێمە لە خەونەکانی یەکترێندا راکشابووین
یەکێ دەیگوت:
پێشتر
تەنیا بۆ شتە جوانەکان نەشتەرگەری کردووە:
شەمانی
ماسیدەرهەم
فەخفووری...
بەلام
ئێمە جوان نەبووین و
مردین

وا بۆنی تەواوی نیگاکانی شار دەدا
کە دادەدا ڕەهێڵەی تەنیایی و
نیگارەکان چ سوورێک دەخۆن
لە ماودای دامان دا.
مژی لێوەکانی تەریکی و مژی جادە و لەچکە و بەرەبەیان تێکەڵ دەبن و
لوول
لوول
لەلای بیرەوەری دەستە پەڕیوەکان دەگیرسێنەوە.

***
سەیری ڕوونەداوەکانی ئێستا بکەن لە داهاتوودا
مێژوو سەوڵەکانی لە دەریادا دەشەکێتەوە!
ئێستا عەرزە عەردە هەردا!
با لە شوێن خەتی ون بووی ئاسفاڵتەکان نەکەوین!
بکەوین
بزانین لە کام قوژبن قژ و بەژنی کیژێکی داپۆشیوە،
کام سەفەر
چلچراکانی شاری وەکۆچی ئەگریجە خستووە
کام هەژمەت
هێڵی سووری سنووری پساندووە.
بەڵێ
ساڵانێکە کازێوە
لەسەر باوەڕێکی دوو نهۆمی هەڵنیشتووە
ڕۆمانی بەربوونەوە دەخوێنێتەوە. ..

پەنجەی پی بە ڕێدا ناگیری
لە مێژوودا لە ئێستادا لە داهاتوودا
ژن نادا
نادا
خەت نادا. ..

## پیریۆد
### سولەیمان سۆفی سالحی

پەنجەی پێ بە ڕێدا دەگرم
لە کازێوەیەکی مژاویدا
خەتی ئاسفاڵتەکان لە خۆ دەئاڵێنێ و
ماتیک و ستیان و سەرلەچکەکەی بەجێ دێڵێ. ..

وەدواکەوتووترین کیلۆمەترەکانی ئەم زووڵفە بە قەدەر
کاتژمێری دەستی کاتەکان
تارماینێک بە چلچراکاندا هەڵدەگەرێ و
تەنیایی و پەلکە بە دارتێلدا دادەگەرێ.
بەڵێ
لە ژووری کازێوەدا ساڵانێکە باران دەبارێ!
هەموو شتێک لە نێو گەڵەکاندا روو ئەدا
ئەو کاتەی
سەرلەچکەیەک بەسەرهاتی لەرینەوەی کورسی دەکێشێتەوە

## دوو شیعری: گەلاڵە دروودیان

**لە ئاڵزایمێرِدا قەوماوم**

درێژ لە دالەوە دەس پێ ئەکا
یان دالێکە بۆ ئوتوبانێ لە دەستەکانما
یان بۆ باسێک
باسی تۆیە
رامان ئەگرێ
دامان ئەگرێ
هەڵمان ئەگرێ
بەرمان ئەگرێ
گرێ گریە و
بەم ناوەدا بەسراووین!

ئاخۆ ئاغە شک نابەی " پ" ی پیاوەتیێک

بۆ کچێنییەکانی کچێک
با        لە خیابان دا قەوما
یان بۆ قژەکانم
هێندە قامکەکانتی لە بیرە
ئاوێتەی خەیاڵتە بە گاڵتەیەکی هەڵوەریوو

نەهامەتییەکانی ئێمە هەموو
هەر لە ڕێگادا
خووساوی خولیایەکە
سەوز ئەنوێنێ ...

بریا کاتێ لە دایک ئەبووین
بکۆخایین بە سەر دنیا و منیا...
منیان کە هێنا
چۆلەکە مەودای تەنیاییمی بە سەر برد

ئەزەلییەت خانەیەک بوو بە خانووی خانمیما...

ئێستا ئەم ماڵە... حاڵە... خاڵە... خەیاڵە... چەن ساڵە...
کورە خەریکی چیت؟!...
لە ئالزایمێردا قەوماوم
لە باپیرم ئەچم لە کووچا
سووچێکی بە فەرامۆشیدا پرژاند
قسە لە سەر زمانم
لە بیرم بار ئەکات
هەر ئەڵیم
ئەم ماڵە... ئەم حاڵە...
ماڵی چی و
حاڵی چیتر؟!...
چەن ساڵە...

« چەن ساڵە ئی حسارە بووی باڵێ ماڵ نییەیدن/
برمێ حسارێ بەرزێ ماڵەیلێ بی مەلووچک »
مەلووچک لە منا باڵ ئەگرێتەوە
لە فارسی دا زمانم لاڵ ئەبێ
خانمە شاعیرەکە سەرشێتم ئەکا
ئێستا کە وایە
لە مەل و مەلووچک
پرواز را به خاطر بسپار ، پرنده مردنی ست

شەوێک لە ئاشپسخانەدا
خەیاڵی پیاوێکم پیازداخ ئەکرد
کە تۆ لە کچێنیما فەوتای
فەوتاوی هەناسەتم
پێ ناسەتم
خۆم ئەزانم ئێستا
بۆیە هەموو شتەکان
لە منەوە دەس پێ ئەکا

تۆش هەر بنقێنە بە پیاوەتیتا

ئەوەهاتوو بە قەد باوکم
پیاو مایتەوە لە سەبووریما
ئاخری چی؟!...

## گیان لەبەر ناکەن شێعرەکانم

لە مێژە لە هەڵمی شووشەکاندا
ئاخێکم نەکێشاوە
سەرم بە ژانی ژانێکەوە
نە ئێشاوە



گیان له بەر ناکەن شێعرەکانم!

له بیرته؟...
له بیرته
نینۆکه سوورەکانمت ڕامووساند؟!...
له فەنتەزیای قژەکانم
نۆڤیلێکت بۆم نووساند؟!

شێعر شەهوەتێکه
بەلاغەتی ئەفلاتوون
له مەشییەتی خەیاڵێکا
خۆی پێ خووساند

سوێندبه پێنووس
نوون بوونێکه
له مەشییەتی شەهوەتێکا
شێعر خۆی پێ نووساند

گیان له بەر ناکەن شێعرەکانم!

یا ایها الناس
اننا له منا
خاپوور ئەبێ ...

تا کەی ون بم له ڕەشێکی تۆخا؟!
تۆ
له من دا ڕوو ئەدەی
له ڕووداوێک ئەچی
کەس نەیزانی بەرەو کوێ لافاو ئەمبا!!!!

ئەی خوا !...
زەوی... زەمەن... هەوا!!!!

گیان له بەر ناکەن شێعرەکانم؛
پیت به پیت ناگەن وشەکانم!

خنکان ئاشنایه به شێوەی هەوەسەکانا!

که ڕۆڵە ڕۆڵێکه تۆ ئەیگێڕێ و
ژن
ژانێکه من ئەیکێشێ

تەنیا... تەنیا
له خنکانی هەناسەکانا
گیان له بەر ناکەم...
گیان له بەر ناکەن
شێعرەکانم !!!

## "دەپەیڤم هەناری خەم نەبێ"
### ئاکام کەوسەری

له پەیکێکا دانیشه
ئەم خەتانه تەواو بم
خەتایه له خۆما هەڵ ئەکەم
ژنێ دۆزەخیەکانی له قۆمێکا مەستیوه و
له شێعرێکا تلاوتل مەودا ئەچێ
ماسیووم به شەوێکەوە، هاوین...
داکەنراووم له خاڵەکانت ڕەشتر
له خەیاڵتا دەهەژێم
که شەوانی تالانکرد
/نه/
ئیستەش و هەر له ئالۆشی سینەکانتا دەخرۆشێمه حەزێکا
له خۆمدا ڕائەکشێم
درێژ
بێتاقەتی خەریکه داگیرمکات
/ئەی کچ/
بێتاقەتی دوایین دەنگی هەڵاتنه له شەوەکانت ..
شەوەکانت و
داخزانێ له ڕۆح/دا
هەڵاتنێ به گەرووتدا
داکەوتنێ به سەر جەستەی ژنێکا
/ئەی نیشتمان/
من تەنیاییم لێ ون بووه
شێواوی هەموو شێوەکانی مردنم و
جێ هەر لێره دەگرم
ئەی ئاشوفتەترین نیگا غەمهێنەکان له ڕۆژانی چاوەڕوانیدا!
له پیاوەتیمدا پڕم له غوربەتی پیاسەکانی ئێواره و
خەریکه ژان بمگرێ به سازێکەوە وەیلان...
دەسپێکه له تەنیایی منا
که هەر جار
دەستێکم له تاریکی چاوەکانتا
تلاوتل ڕەشایی ئەچێ و
گەر وا نەبم کوا دەرفەت ؟
کەی له پرسیاری بەیانییەکا
بۆ پەنجەره سەرەتایه ڕاخەین !
دامانخست پەنجەره و ئەگەر
هیچ شوێنێکم له مێژووتا
ئاشقانه سەر نەچوو
ڕادەکشێم له ژوومارەیەکا
دەپەیڤم هەنارێ خەم نەمێ
دوو جاریش مردن دەژیم
ئەو کاتەی نابەجێ ئاکامێک کۆتایی حەز نەبێ و
ببورن گەر ئەو له پەیکێکا دانیشتووه و
خەتایه له خۆما
گەر هەڵکەم گەمژەییه.

# دوو شیعر لە کاوان نەهایی

## "ژووری ژمارە٩"

من مارکسیستێکی ماندووم
ئەم نووسراوەم لە ژوور سەرم هەڵواسیوە
هەموو بەیانییەک خۆم بە گازی مۆنۆکسیدی کەربۆن ئەخنکێنم
مۆنۆکسیدی کەربۆن گازێکە کە لە خراپ سووتانی کەربۆن درووست ئەبێت
ئەم بەیانیە بڕیارم دا ماسی بگرم
بڕیارم دا بە قولاپ ماسی بگرم
من مارکسیستێکی ماندووم
بەڵام ماسیگیرێکی باش نیم
چەشکەکەم ئەنێم بە دەمی قولاپەکەوە
تووڕی هەڵئەدەمە ناو ئاوەکە
هەندێ شت هەن چاکن بۆ مرۆڤ
یەک لەوان ڕۆژی بیست خولەک پیادەڕەویە
یان سەیر کردنی خونچەی گوڵی سوور
من مارکسیستێکی ماندووم
ئەم نووسراوەم لە ژوور سەرم هەڵواسیوە
هەموو ئێواران جل و بەرگە ڕەشەکانم دائەکەنم
کۆکەکانم تێکەڵ کۆکەی خەڵک ئەکەم و
لە پیاڵەی کەسێکیترا - هەر کەسێک بێت - چەند پیاڵە زەحلە ئەخۆمەوە
لە شوێنێک خوێندوومەتەوە
بنێشت جووینی بۆ کەم کردنەوەی ئازارەکان باشە
ئەچمە فرۆشگایێک بنێشت بکڕم
بیست مارکی جۆراوجۆر بنێشتی هەبوو
بەڵام نە پارەی من بەشی ئەو هەموو بنێشتە ئەکات
نە هەموو بنێشتەکانی ئەویش بەشی ئازارەکانی ئەو هەموو مرۆڤە
وێنەکەی لێنین بە قەی دیوارەکەی ژوور سەرمەوە لائەدەم و
سەیری نووسراوەکەی ژێری ئەکەم
"من مارکسیستێکی ماندووم"

## باب ئێسفەنجی لە خیابانی بیمارستان

### ١

هەموو کەس بۆی هەیە
هیچ نەبێ جارێک
بە خۆیا بچێتەوە
کۆچ و مەرگ یەک شتن
بە یەک جیاوازی
لە کۆچدا ئەڕۆی و ئەگەی
لە مەرگدا ئەڕۆی و ناگەی
دایکم مرۆڤی بە دوو دەستە دابەش کردوە
یەکیان ئەو دەستەن کە وەک منن
دوهەمیان ئەو مرۆڤەی وەک من نین
هەموو مرۆڤایەتی لە دەستەی دووهەمدان جگە لەمن
هەستی دایکایەتی هەستێکی سەیرە
زۆر جار چیرۆکی پیاوێکم بۆئەگێڕێتەوە
ئەو پیاوەی ڕۆژێک جانتاکەی هەڵگرت و ڕۆی
سواری سەفینە فەزاییەکەی بوو
بە ئاسماندا هەڵگەڕاو ون بوو
دایکم گەرەکی بوو فێرم کات ئاسۆی خەیاڵم فراوان کەم
بەڵام من
پێم وابێ ئەبێت بە خۆما بچمەوە
بیرم لەوە دەکردەوە بڵێی جانتاکای ئاو دانەیات ؟
هیچ دژوار نیە
هەموو کەس بۆی هەیە
جارێک بە خۆیا بچێتەوە .

### ٢

هەموومان کۆمەڵێک بیرەوەری ناخۆشمان هەیە
بیرەوەری من ئەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی سەفەرم بۆ گواتێمالا
دوا نیوەڕۆ خەوێک هەڵسام و بینیم
جیهان کۆتایی هاتبوو
هەورێکی ڕەش ئاسمانی تەنیبوو
دەریا ئاگری گرتبوو
کێوەکەی بەرامبەرم قەڵەشابوو
دایکم هەمیشەی ئەیوت :
مرۆڤی ئاقڵ هەمیشە باشترین ڕێگا هەڵدەبژێرێت
ئەم وتەی دایکمم لە فتۆشاپدا خستە سەر وێنەیێکی دایکە ترێزا و
لە فەیسبووک دامنا
دوو هەزار جار لایک کرابوو
سێسەد جاریش شەیریان کردبوو
بارانی خۆڵەمێش دەباری
لە ساکەکەمدا کتێبی " ئەفسانەکانی گواتمالا" م دەرهێنا
ئەگەرچی هیچکات حەزم لە ڕیالیزمی جادویی نەبوە
بەڵام هەمیشە کارەکانی ئاستۆریاسم لە مارکێز پێ خۆشتر بوە
سەرم بەرز دەکەمەوە
لە ئاسۆدا
ئاسمان لێک جیا دەبێتەوە
سەفینەیێکی فەزایی ئارام دێتە خوار
ژنە گارسۆنە مێکزیکیەکە هاتە لام
وتی : ئەبێت لە کەناری ئاوەکە دوور وەکەوین
وتم : بە وتەی دایکم " مرۆڤی ئاقڵ هەمیشە باشترین ڕێگا هەڵدەبژێرێت "
وتی : ئۆە تۆش لەم کاتانەدا دەست بەداوێنی دایکە ترێزا دەبیت ؟
سەرێکم لەقاند
دڵنیام
هیچ ژنێک
بۆ جوانی نابێتە
ژنێکی مێکزیکی کە لە گواتمالا گارسۆنی دەکات .

## ...

### ئارام فەتحی

من شاعرێکم لە شێعرەکانما گمیز ئەکەم
شتێ ئەکەم مرۆڤ بخولقێنم
شاعرێکم
لە دەرەوەی شێعر، شوێنێکی نییە تیا بخەوێت
بایەکم، شوێنێکی نییە تیا بلوورێنێت
بڕوا بکەن من کە بشمرم
لە دەرەوەی ئەم شێعرە شوێنێکم نییە تیا بمرم

لە هەموو ساڵەکان پرسن
پاییز ئەناسێتەوە
لە هەموو دیوارەکان پرسن
ئاجۆر و خشت و بلووک و تیرچە ئەناسنەوە
لە هەموو پەلەوەرەکان
باڵ ئەناسنەوە
جگە لە مردن، چ شتێک منی پێ ناناسرێتەوە
من وشەیەکم مردوو
هەر لێرەدا خەریکم لە مەرگا ژیان ئەکەم
ئاوێکم خنکاو
من سەفەرێکم کە بۆ هیچ کوێ ناتوانێ بڕوا
لێگەڕێن هەر لەم شێعرەدا بمێنمەوە
لێگەڕێن هەر لێرە فاتیحە بۆ ڕۆحیانەتی ئەم شاعرە بنێرن و
هەر لەم شێعرەدا حەشری بکەن
ئەیوهەنناس! بهێڵن ئەم شێعرە خەریکی مردنی بێ و
بڕۆنەوە لە دیوارتانا ڕاوەستن
لە پەنجەرەتانا پێوەی دەن
بڕۆنەوە لە جوێنتانا بوترێن و
لە قەزاوەتتانا خەریکی قەزاوەت بن
قەزای ئێوەی بردبێ ئەم شاعرە!
ئێوە چ مەجبوورن بۆ بەم شاعرەوە بکەن و بڵێن بۆگەنە
چ مەجبوورن دەم بە گمیزی ئەم شێعرەوە بنێن و بڵێن بێتامە
ئێوە چ مەجبوورن پا بخەنە ناو ئەم شێعرەوە؟
کێ وتی لەم شێعرا دانیشن
ئێرە کە هەمیشە پڕە لە ڕۆیشتنا
ئێرە کە بە مردنا ئەڕوات
کێ وتی دەنگتان بەسەر ئەم شێعرەدا بەرز بکەنەوە؟
ئێرە کە لە توونێلی بێدەنگی
لە باوەشی سکووتا گەورە بووە

با من ئاوازێ بم کەس تاقەتی نەبێ گوێم لێ بگرێ
با تابۆیەک بم کەس تاقەتی نەبێ تێم بڕوانێ
خواردەمەنییەک بم کەس تاقەتی نەبێ بیخوا
با من مرۆڤێ بم کەس تاقەتی نەبێ لەگەڵیا بژی
من شێعرێکم بۆ مردن نووسراوە

چ مەجبوورن ژیانتان لەتەنیشت ئەم مەرگەوە ماتڵ کەن
فڕینتان لەتەنیشت ئەم قەفەسەوە دابنێن
دەنگتان لە بڵندگۆیەکی گڕا تاقی کەنەوە
ڕوخسارتان لە ئاوێنەیەکی زامار
من کە قەحبەی ئەم شێعرەم
چ مەجبوورن بە جلی خواوە بێنە ژووری
لێگەڕێن ئەم شاعرە بەدیار خۆیەوە نەبێ، بەدیار مردنیشەوە ماتڵ نەبێت
ماتڵ نەبێ خۆر بڵێ ئەوەتا بۆ تۆ هەڵهاتم
باران بڵێ ئەوەتا بۆ تۆ باریم
ماتڵ نەبێ مردن بڵێ ئەوەتا بۆ تۆ ئەتمرێنم
وەها ئەم شێعرە سیمخاردار بکێشم:
پێکەنین زاتی نەبێ پێبکەنێ، بڵێ ئەوەتا بۆ تۆ پێئەکەنم
گریان زاتی نەبێ بگری و بڵێ ئەوەتا بۆ تۆ ئەگریم
وەها ئەم شاعرە بنێژم:
سەد مێژووناس بۆی دەرنەیەتەوە
بێتەوە کەچێ؟!
کوا باران لەوە جوانتر بباری لەم شێعرا ژیاوە
کوا گریان لەوە جوانتر بگری کە بەسەر ئەم شێعرا گریاوە
کوا تووڕەیی، لە ڕوخساری ئەم دێڕە تووڕەتر بێت؟
گمیز کەی لەوە بۆگەنترە کە لێرە هەیە
گان کەی لەوە بەلەزەتترە کە لێرا ئەکرێ
وەها مردنم لە ژیانتان جیا بکەمەوە!

با خۆر بۆ خۆی خۆر بێت
جوانی بۆ خۆی جوانی
با مرۆڤ بۆ خۆی مرۆڤ بێت و
من پێشکەشتان!
ئێسقانی ئەم شێعرە بسپێرنە مێژوو      تا بزانێ چ سەگێک بووم
بیسپێرنە سەگ      تا بزانێ چ وەڕینێ بووم
بیسپێرنە با      تا لوورەی بیر بێتەوە
نیشانی سەفەری بدەن      تا بزانێ ڕۆیشتن چۆنە و
ئێسقانی ئەم شێعرە بەدەمتانەوە بگرن
ئێسقانی ئەم سێعرە لە شوێنێک دابنێن بەکەڵکی شوێنێکتان بێت
بەڵام بەرلەوەی بێنە ئەم شێعرەوە
شاعرەکەی بکوژن

## سێ کورتە شیعر

### ڕێبین خدر

**"ڕۆژێکی مانگی چوار"**
پێشکەشە بە "Ezra Pound"

دەمانچەیەکی بچکۆلە، کە ڕەنگە مێرووولەیەکیش بریندار نەکا
سندووقێکی گەورە کە پڕە لە گوناه و تاوانە پاکەکانم
گەر ئەم دیمەنە ئەویندارانە بێت و
تۆش لەسەر کورسییەکی دارین بە دڵی پڕەوە هەنسک بدەی!
دەمانچەکەم فڕێدەدەم و

سندووقەکەش دەتەقێنمەوە، ئینجا
ئینجا دەردەدار و ئەویندار

دەڕۆم تا لە سوپەرمارکێتێک کەمێک فرمێسک بکڕم،
بۆ ئەوەی لەگەڵت بگریم!

## "ڕێگاکان"

هەموو ڕێگاکانی خۆکوشتنم تاقیکردنەوە
خۆفڕێدان لەسەر قەنەفە
خۆخستنە ژێر ئۆتۆمبێلێکی منداڵان
سەرخستنە نێو تەشتێکی بەتاڵ
چەقۆ چەقاندن لەسەر دڵی وێنەیەکم
عاشقبوون بە بووکەشووشەیەک
خۆخنکاندن بە پەت لە شیعرێکدا
هەموو ڕێگاکانی خۆکوشتنم تاقیکردنەوە و..هەر زیندووم..
با زیاتر بژیم .. زیاتر ،
بەهیوای ژیانێکی خۆش
لەنێو گۆڕستانی زیندووان دا.

## "گالیسکەوان"

ئەم بەیانییە کەسێک مردووە
منیش خەمی گەیشتنی نامەکەمە،
دڵم لەنێو شیعرە شەیتانییەکانی "بۆدلێر"
گوێچکەکانیشم دەمبەن بۆ سەر
ئەو تاتەشۆرەی مردووەکەی لەسەر دەشۆن!

ئەم بەیانییە شەقامەکان
وێنەی گالیسکەوانێکی پیر-
حەزناکەن زیاتر بڕۆن، حەزناکەن بوەستن!
چایخانەکان کەسێکی ئاشقیان تێدا نییە،
گۆرانییە کۆنەکان چایی دەگێڕن!

ئەم بەیانییە تۆ دەبینم
لەناو جلشۆری دراوسێکەمان
لێوەکانت سوور دەکەیت و پێم پێدەکەنی!
لە پەنجەرەوە دەڕوانمە ئەودیوی باخەکە،
جلەکانی سەر تەناف ڕەنگی تۆ دەدەنەوە.

ئەم بەیانییە درەنگ نییە
سەرم وەک تۆپێک غلۆر دەبێتەوە
ژێر تایەی ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگر،
ئۆتۆمبیلەکە دەوەستێ و شۆفێرەکە
شەقێک لە تۆپەکە هەڵدەدا و فڕێی دەداتەوە
ناو خەونەکان!

ئەم بەیانییە کەسێک مردووە
منیش وێنەی گالیسکەوانێکی پیر،
لەناو جلشۆری دراوسێکەمان
خەون دەبینم!



# دو شعر از [هارولد پینتر]

## مقدمه و ترجمه: بهار قهرمانی "سیدنی"

"هارولد پینتر" تنها فرزند پدر و مادری یهودی در اکتبر ۱۹۳۰ در شمال لندن متولد شد. پدرش خیاط بود. او در فضایی سرشار از اظهارات یهودی ستیزی بزرگ شد. او در دوران جنگ جهانی دوم می‌زیست و تجربه‌ی بمباران های جنگ هیچ وقت او را رها نکرد. در سال ۱۹۵۰ اولین اشعارش را منتشر کرد و به خاطر اجراهای شکسپیر مشهور شد و در سال ۱۹۵۷ با نوشتن نمایش‌نامه‌ی اتاق (the Room) خود را به عنوان نویسنده تثبیت کرد. پینتر در سال ۲۰۰۲ به سرطان مبتلا شد؛ با این حال از تلاش نایستاد و در سال ۲۰۰۵ کاندیدای جایزه نوبل ادبیات شد. رقیبان او نویسنده ترک( اورهان پاموک) و شاعر سوری( آدونیس) بودند. شهرت اصلی او در نمایشنامه نویسی است. از آثار او می توان به نمایشنامه های جشن تولد، کوهستانی، خاکستر به خاکستر، بالابر غذا، درد مختصر، آسایشگاه، شبی بیرون از خانه، سرایدار، مدرسه شبانه، کوتوله‌ها، کلکسیون، فاسق، مهمانی چای، بازگشت به خانه، منظره، سکوت، شب، روزگار سپری شده، تک گویی و وقت ضیافت اشاره کرد.

### نگاه نکن

نگاه نکن
دنیا دارد از هم می پاشد
از نور خالی می شود
و ما را
درون سیاهچال تاریک‌اش
فرو می اندازد.
جایی خفقان آور که در آن
می کشیم یا کشته می شویم
می‌رقصیم یا می‌گرییم
ناله و شیون می‌کنیم
یا چون موش‌ها جیر جیر می‌کنیم
برای رسیدن به بهای روز نخست
مذاکره می‌کنیم.

### خداوند آمریکا را نگه دارد

اینک دوباره رژه‌ی یانکی‌های زره‌پوش
با سرودهای شادمانه،
تازنده بر جهان بزرگ
خداوندگار آمریکا را می‌ستایند.
اجساد مردگان آبراه‌ها را بند آورده‌اند
آنهایی که نتوانستند به اینان بپیوندند،
دیگرانی که از خواندن سرپیچی کردند
آنها که صدایشان را گم کرده اند
آنهایی که آهنگ را از خاطر برده‌اند
سواران شلاق‌هایی بّرنده دارند؛
سرت روی شن‌ها می‌غلتد
سرت حوضی از کثافت
سرت لکه‌ای در گرد و غبار
چشم‌هایت خاموش،
و بینی‌ات تنها
تعفن مرگ را استشمام می‌کند؛
و تمامی هوای مرده را
با بوی خداوندگار آمریکا
زنده است.

---

# شعری از [طیب جبار]

## (شعر امروز کردستان عراق)

## ترجمه: بابک صحرانورد

### سلیمانیه

نفرت، مانند کرم مشمئزکننده‌ای
نم‌نمک بر گرده‌ی قلبم می‌نشیند.
بیزاری هم،  مثل مه، تاریک و ترسناک
نرم‌نرمک، سراپایم را می‌تند،
آدمها، این رَجاله‌ها
چقدر زشت و بی‌شرمانه حقارت را تکریم می‌کنند
و سرخوشانه، با خنده‌های جنون‌آمیز خود
 با واژه‌های ساده‌ی ساده، اما چرکین و ناهنجار
آهسته و آسان، رام  می‌شوند.
این دریوزه‌ها چقدر آسان به منزلگاه بزرگواری خود پشت می‌کنند
مثل کیسه‌ای پر از بیخودی مسخ می‌شوند.
در این دیار که به شهر شعر و گل و بلبل شهره است
فقر را ببین که مثل گردباد می‌لولد و زوزه می‌کشد
نگاه کن، چقدر راحت درکوچه‌ها و در هر خیابان نعره می‌زند
و مارش فقر و بی‌چیزی را
آسان و راحت بر ملودی مردن می‌خواند.
فقر... مانند یک زخم چرکین
مانند غده‌یی بدخیم
هر جا و هر کسی را آلوده می‌کند.
نفرت بر تو ای فقر،
تا  کی مثل گردباد هراس‌آور من را در خود می‌پیچی،
و در هیچ جاها، بی اسم و نشان رهایم می‌کنی.
آه، بی‌پناهی، چقدر زشت و بدکاری؟
آیا روزی خواهد آمد این خاک تیره
پیکر پوچ و سردم را در خود ببلعد؟
دیار من، افسوس دیار من از کینه و نفرت آکنده شده است.
این برج سرفرازم، موطن من
رجاله‌های انسان‌نما را به زانو درآورد
رجاله‌های هزاردستان را  آسان مثل شاخه‌یی خشک در هم شکست.
ـ ای موطن من؛ برج رفیع و با صلابتم –
ببین چه دست‌های زشتی که به سمت تو دراز شده
تا در یک لحظه سر از بدنت جدا کنند
 این مرگهای مبتذل را ببین که به سوی تو هجوم آورده
تا قصر پُر شکوهت را ویران کنند.
تو مثل دلاوران با چنگ و دندان

خیز برمی‌داری، می‌جنگی و حریم خود را پاس می‌داری.
موطن خوبم، تو برج رفیع من هستی
تو کاشانه‌ی منی
تو درخت سبز
و هر چار فصل من هستی.
-سرزمین مِن، تو رفیع ترین برج من هستی-
ای شعله‌ی گُر گرفته‌ی من، ای موطن و جای آرامش من
تو همان رگ ماندنم هستی
کو آن شعری که لذت ترا به یادم بیارد؟
بگو کجاست شعری که غم و زجرها را با تو پیدا می‌کند؟
کو آن شعری که دلاوری ترا به تن می‌کند؟
کو آن شعری که...؟
کو...؟

## [سه‌گانه مویه]
### شعری از مهرنوش قربانعلی

**یک؛**
چطور به تنهایی‌ام شلیک کنم
پشت خودم پناه گرفته است؟!

**دو؛**
کهنگی کفشی را که غنیمتی شده بود
جا می‌گذارم بیابان!
دور می‌شوم خواهی دید
تنهایی‌ام
دونده‌ی دوی استقامت شده است!

**سه؛**
این آخرین جدال میان ماست!
ترووا، و اسب چوبی را به عقب نشینی وا می‌گذارم
دروازه را که رو به غنائم باز کنی
فوجی از دوستت دارم تاریکی را فتح می‌کند!

## مظاهر شهامت

**(۱)**
یک مدرسه کهنه
دور از روستا
اهتزاز تند پرچمی مندرس
در بالای تیری چوبی !
خبر دارید شما
این باد
کجا برده است وطن را ؟
**(۲)**
ابرهای سفید
با کمی پیچیدگی
و خطوطی را که بلعیده اند
زیر کف دست های من می لغزد و دلم را می آشوبد
پرنده را می گذارم که گم شود
باران را می گذارم که نبارد
و باد
از پنجره باز بیرون برود و از لابلای کلمات یک ترانه دهشتناک به ابتدای
سنگ ها برگردد
اما آینه را تاریک می کنم
بارانی ام را از دیوار برمی دارم
از خانه خارج می شوم
و میان صدای بلند پرنده ها و مرده ها گم می شوم.
**(۳)**
شهر خواب بود
که گرفتند او را
بردند
کشتند
خاک شد
لاله شد
شهر بیدار شد
و
مانند همیشه
زندگی کرد
آه کشید شاعری
وچند سطر شعر نوشت
شاعران
همیشه آه می کشند !

## دو شعر از محمد آشور
### می بو...

ماه پشت پنجره خوش آمده... می‌بوسم
در بر پاشنه
می‌پیچد
صدای پای تو در... باز می‌بوسم و می‌شود!
: خوش آمدی!
- باد است!
(می‌بوسمش)
و از هرچه و هرصدا که می‌آید بوسه می‌شنوم
- بشنو!
تو حرف می‌زنی فقط و چرا؟!
با چشم‌هایت که پشت پنجره جامانده
صدایت آمده پیشم
هر دو را از دو فاصله می... بو...
می‌گویی: ببین! این همین که می‌بویی دهانِ من است
دوستت دارم
سلام مرا ببوس!
و من در «کمال» و «تعجب»م!
لبان تو پس کو...؟!
زبان تو...؟!
دندان‌هات...؟!
و من دهانِ گرمِ تو را بی تمام این‌ها دارم و می‌بویم!
ماه پشتِ پنجرهَ می‌لرزد
(خوش آمدی!)
دندان‌هایش تگرگ

به شیشه می‌پاشد
(می‌بوسمش!)
و از صدای شکستن بوسه می‌شنوم هم!

## دردادرد

دردم را به دندان دارم وُ می‌کِشم با خود
به هر حال وُ هر کجا که می‌روم از من
با چشم‌های گربه‌سانِ خیره به نان وُ نمک

که چون تو من نگاه می‌کنم به دنیا وُ
خدای کوچکِ ما هم چشمی تنگ
چشمی «دورِ ایستاده» دارد وُ گریان!

به دندان بگیرم وُ بِبَرم با خود به هر هوا
مرا
که نوزاده‌ی توام
حالا که هر جهان خدایی کور دارد وُ
بنشین وُ پس ببین!؛
پِلکام سنگین‌تر از هزارویک شبِ بی ماه است!

# چند شعر از مانا آقایی

## لکّه‌ها

دیرهنگام
از تنگناهای نفس‌گیر آمدند
و مثل لکّه‌های خون
از انگشتان بریده‌ی زنی بی‌خواب
روی کاغذها ریختند
نمی‌شد شست
یا با دستمال پاکشان کرد

پشت هر کدام‌شان
زخمی التیام نایافته بود
دردی که به زبان نیامد
و فریادی که از ترس
در عمق سلول‌ها حبس شد

دایره‌هایی نامنظم و قرمز بودند
شعرهای من
که هر چه بیشتر نگاهشان کردم



تابلوی هومن رمانتان زنپور ساعید

پهن و پهن‌تر شدند
تا یک روز، دیگر چشم
سفیدی‌ها را ندید.

### چهل و دو

چهل و دو بهار به باد داده‌ام
چهل و دو زمستان
سفیدتر شدن موهایم را تماشا کرده‌ام
چهل و دو پاییز
جوجه‌ها را شمرده‌ام
اما جز تابستان
هیچ فصلی اندوهگینم نکرده:
چهل و دو سنگ
در برکه انداختم
چهل و دو دایره‌ی لرزان بر آب.

### آخرین شعر

مدادهایم را تا ته می‌تراشم
اجازه می‌دهم کاغذها
قطره قطره خون خودکار را بمکند
انگشتانم را روی شقیقه می‌گذارم
می‌رسم به آخرین حرف
آخرین جمله
آخرین شعر

ماشه را می‌کشم:
پرنده‌ها
آسمان گندمزار را پر می‌کنند.

### مردان

مردان همه در تاریکی
به خانه‌ی من آمدند
و بی‌آنکه در بزنند وارد شدند
آنان هر کدام
یک تکه از قلبم را
- که آفتاب را در آن پنهان کرده بودم -
ربودند
و بی‌صدا رفتند
آهسته و پاورچین
مانند دزدان نیمه‌شب
هر یک
با چراغی در دست.

### راهنمای فصل‌ها

جاده‌ی تابستان از وسط آفتاب می‌گذرد
اما برای یافتن پاییز
باید روی برگ‌های زرد ریخته راه بروی
به انتهای آن فصل که رسیدی
کنار نیمکتی تنها
ماشین سفیدرنگی منتظر توست
سوارش شو
و بی‌درنگ از میان زمستان بگذر

احتیاط کن
سر راهت سراشیبی لیز و خطرناکی‌ست
که تا امروز
فقط باد از آن جان سالم به در برده
یادت باشد
بهار اگر بیاید،
تصادفی نمی‌آید.

## دو شعر از زینب صابر

(۱)
با من
مدارا کن
مثل شب
که به اتوبان‌ها و چراغ‌های لرزان خو گرفته
مثل نشستن رنگ آبی
کنار رنگ زرد
در گل‌های آفتابگردان ونسان ونگوک
به من انس بگیر
نه مثل مبل‌های قهوه ای یغور
در آپارتمان‌های ایرانی
جاگیر، بزرگ، لمیده
-همچون تصوری سنگین و نامفهوم-
به خاطر بسپار
مرا
مثل کافه‌ای در نیمه شب
با صندلی‌های ظریف لهستانی
در خیابان سنگ فرشی در استانبول
مرا دوست بدار
مثل رنگ خرمالو
در روزی که برف می بارد.

(۲)
مرگ از درون با من است
نه مثل رنگ سیاه در روز رسمی تعطیل
مثل افتادن پرده سبز رنگی
در پس زمینه زنی زیبا که چشمهایش سبز نیست
و مردی در خفا چنان گرفتار میآید
که مشتی داغ در ریه‌هایش فرو برود
مرگ
نه مثل وقتی که بر شیشه مشت میکوبد
شبیه زیبایی نارونی که در کنار سپیدار روئیده است
جایی که برگهاشان به هم میساید
مرگ
از درون با من است
نه مثل خون در خیابان
مثل بوی قهوه
در کافه ای که دوستت داشتم.

# سەرهەڵدانی غەزەلی مۆدێرن لە کوردستان

ئەرسەلان چەلەبی

**١.**

ئەدەبیات بە هەموو ژانرەکانییەوە لە درێژەی مێژوو دا هەموو کات لە زاوزێدا بووە. ئەو مێژووە وەکوو زنجیرێکی نەپچڕاو وایە و بەردەوام کاریگەرییان لێک وەرگرتووە هەتا گەیشتووەتە ئەورۆ. هەموو کات نووسەر و هونەرمەندی سەردەم لە هەوڵ و کۆششی نوێبوونەوە و نوێخوازیدا بووە. کاتێک کە ئافرێنەری ئەدەبیات سەرقاڵی ئەو مژارە دەبێت کە چۆناوچۆن ژیان بە باشترین شێوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا رەنگە بداتەوە و چ شێوازێک بۆ ئەو مەبەستەی خۆی هەڵبژێرێ، دەبێ ئاورێک لە پێشینەی ئەدەبی خۆی بداتەوە کە ئەوان بە بە چ شێوازێک ژیانیان لە ناو بەرهەمەکانییان دا هێناوەتە بەر باس. گۆتە، نووسەری ناوداری ئاڵمانی بە شێوەیەکی زۆر ژیرانە لە وتووێژێکدا لە گەڵ "ج.ئێکرمان لەو بارەوە ئاوەها دەڵێ: "ئێمە بە هەر جۆرە ئەندێشە و بە هەبوونی هەر چەشنە خەیاڵ و خولیا و نوێگەری و خەلاقییەتەوە هەموومان کۆمەڵێک بوونەوەری کۆمەڵایەتین و دەبێ لە ئەزموون و نوێگەریی هەموو ئەوانەی بەر لە ئێمە ژیاون و هەروەها ئەوانەی کە هاوسەردەمی ئێمەن کەڵک وەرگرین، تەنانەت ئەگەر نوخبەکانیش هەوڵ بدەن بە تەنیایی بەرهەمی خۆیان بئافرێنن زۆر سەرکەوتوو نابن، بەڵام هزرکارگەلێک هەن کە بروایان بەو راستییە نییە و بەنرخترین کات و ساتی ژیانییان تەرخان دەکەن بۆ گەڕان و هاتوچۆ لە ناو تاریکی و نوێخوازی و ئاوەزمەندیدا. کۆمەڵێک شێوەکارم دیوە کە هیچ ئەزموونێکی هونەرمەندانی پێشووی خۆیان رەچاو نەکردووە و کارەکانیان هەمووی بەرهەمی خەلاقییەت و توانستی خۆیان بووە، پێی بە دەماریش بوون، شا ئەو قسە قۆڕانە، مەگەر وەها شتێک ئیمکانی هەیە؟ دەڵێی جیهانی بەرچاو، بەردەوام، مۆر و جێ پەنجەی خۆی بەسەریانەوە نەهێشتۆتەوە و سەرەڕای گەمژەییان،ئەوانی وەک مێو بە دەستی خۆی و بە هەربارێک دا کە ویستبێتی هەڵنەشێلاوە.

ئەدەبیات ناوەندێکی سێ گۆشەیە کە سەری دووهەمی ئەو خەلاقییەت و نوێخوازی ئافرێنەری ئەدەبییە و سەری سێهەمیشی هەر هەموو میراتی ئەدەبی جیهانە، ئافرێنەری ئەدەبیات بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ئەندامێکە لە بنەماڵەی گەورەی نووسەران و شاعیرانی هەموو جیهان و نەتەوەکان. کە واتە هەر هەموو شاعیران و نووسەرانی سەدەی پێشوو و هەروەها هاوچەرخ و ئێستا، هەموویان بەشیک لەو زنجیرە گەورەی مێژووی ئەدەبین و هەر هەموویان بە شێوەیەکی دانەبڕاو لە ژێر سێبەر و کارتێکەری یەکتری دان. لە پەنا ئەوەشدا لە روانگەی نووسەران و رەخنەگرانی ناوداری جیهانی، نووسەرێک کە بەردەوام خەریکی لاسایی کردنەوەیە و هیچ چەشنە نوێگەری و خەلاقییەتێک لە کارەکانی دا نییە، بە کەسێکی لاسایی کەرەوە و بێزارکەر نێودێر کراوە."ئیمیل زوولا" نووسەری ناوداری فەرەنسی لە بەشیک لە وتارێکی بە ناوی "لە بارەی چیرۆک" دا بە گاڵتە و تەشەرەوە باس لەو کەسانە دەکا کە بەردەوام خەریکی لاسایی کردنەوەن و هیچ چەشنە هونەر و نوێگەرییەکیان نییە لە ناو دونیای ئەدەبیات دا. "تۆلێستۆی" نووسەری ناوداری رووس، لە گەڵ ئەوەی کە رەخنە لەو جۆرە کەسانە دەگرێ هاوکات بەرگری لە نووسەرگەلێک دەکا کە بەردەوام خەریکی نوێگەرین و هەموو کات پەنجەرەیەکی تر بە رووی ئەدەبیات و دونیا دا دەکەنەوە، ناوبراو لە ساڵی ١٨٨٩ی زایینی دا لە یادداشتێک دا دەربارەی هونەر دەنووسێ: "ئەوەی هونەرمەند دەیڵێ کاتێک شایانی ئەوەیە ناوی هونەری لێ بنێن کە ئەو شتیک ببینێ و بناسێ و هەستی پێ بکا کە کەس بەر لە ئەو نەیدیتبێ و نەیناسیبێ و هەستی پێ نەکردبێ" تولێستۆی لە درێژەی ئەو باسە دا دەڵێ: بەڵام ئەو شتە دەبێ وەها بێ کە دیتن و ناسین و هەست پێکردنی بۆ هەموو مرۆڤەکان ، لە هەموو سەردەمەکانی داهاتوو پێویست و بەکەڵک بێ و هەروەها پەیوەندی لە گەڵ بگیرێ و بەچێژ بێ. بۆ ئەوەی هونەرمەند بتوانێ شتێکی وەها ببینێ و بناسێ و هەستی پێ بکا دەبێ لە بواری ئەخلاقییەوە بەهێز بێ و ژیانی خۆی تەرخان نەکردبێ بۆ خۆویستییەکی دەروونگەرایانەی زەینی، بەڵکوو لە ژیانی مرۆڤەکان دا بە شێوەی گشتی بەشداری بکات."

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا جیهان پێی نایە ناو قۆناغێکی ترەوە، ئاڵ و گۆڕییەکی بنەڕەتی لە ناو کۆمەڵگای مرۆیی دا هاتە ئاراوە، ئاڵ و گۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەنعەتی و کلتووری، کە دیارە هونەر و ئەدەبیاتیش لەو ئاڵ و گۆڕە بێبەری نەبوو و بەربینگی ئەویشی گرتەوە. ئاڵ و گۆڕییەکی پان و بەرین لە ناو دونیای هونەر و ئەدەبیات دا رووی دا. دوو شەڕی جیهانیی یەکەم و دووهەم کاریگەری زۆر بنەڕەتیان لە سەر هونەر و ئەدەبیات دانا. رێبازگەلی ئەدەبی نوێ سەریان هەڵدا و چوارپەلی هونەر و ئەدەبیات، گۆڕانی بە سەردا هاتبوو کە پەیوەندی گرتن لە گەڵیان ئەستەم بوو و خودی رەخنەگرانیش لەو سەردەمە دا واقیان وڕ مابۆوە و رەخنەی نویش لەو سەر و بەندە دا بە شێوەیەکی شێلگیرانە نەهاتبووە ناو مەیدانی ئەو گۆڕانکارییانەوە. ئەو گۆڕانکارییانە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەتا ئێستا درێژەی هەبووە و هەموو کات پەل و پۆی بۆ هەموو وڵاتانی جیهان هاویشتووە. ئاور و پریشکەی ئەو گۆڕانکارییانە، نووسەر و هونەرمەندی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوینیشی گرتووەتەوە و ئەدەبیاتی کوردیش لەو ناوەدا بە کاریگەری وەرگرتن لە شەپۆلی نوێخوازی ئەدەبیاتی دراوسێکانی خۆی خستووەتە پاڵ ئەو کاروانە و بە جۆرێک درێژەدەری ئەو گۆڕانکارییانە بووە.

**٢.**

"غەزەلی مۆدێرن" کە مژاری بەر باسی ئەو فایلەیە لە کوردستان بە گشتی ئاورێکی وەهای لێ نەدراوەتەوە. ئەورۆکە کە باسی غەزەل دەکرێ زەینی تاکی کورد یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ شاعیرانی

کۆنی مێژووی ئەدەبی کورد وەکوو مەلای جزیری، نالی و مەحوی و هەتا دوایی. واتە "غەزەلی مۆدێرن" دەستەواژەیەکی تەواو نامۆیە. ڕەنگە لە ناو بەشێکی زۆر لە شاعیرانی کلاسیک نووسی ئێستای کورد دا شتێک بەو ناوە لە زەینیان دا وەجووڵە نەکەوتبێ. یانەکوو خەیاڵ و خولیایانی وەخورو نەخستبێ کە بەڵێ دەشتوانین لەو دەلاقەیەوەش چاو لە غەزەل بکەین و نوێگەری و خەلاقییەتی تێدا بئافرێنین. هێمن موکریانی لە ناو شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی دا کاراکتێرێکی نوێخواز و لە باری فکرییەوە مۆدێرن بوو. لە بەشێک لە شیعرەکانیدا ئەندێشەی نهێلیستی کە دۆخی زاڵی سیاسی ئەو سەردەم وەها بەستێنێکی فکری بۆ هیمن ڕەخساندبوو بە تەواوی خۆ دەنوێنێ. یان گرینگی دانی هێمن بە پرسی ژنان "فێمێنێزم" کە زیاتر لە ٥٠ساڵ پێش ئێستا لە ناو شیعرەکانیدا گونجاندوویەتی، ڕوانگەی هێمن لە مەڕ ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کە زۆر زیرانە لە پەنا ئەوەی کە یاسا و ڕێسا ئەدەبییەکانی پاراستووە دەروەست بوونی خۆی بە کۆمەڵگا و دۆخی سیاسی و کلتووری ئەو سەردەمە لەبیر نەکردووە. واتە من پێم وایە کە بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن هەندێک جار هەڵگری تایبەتمەندی غەزەلی مۆدێرنە بە تایبەت لە بواری مانا و ناوەڕۆکەوە، جیهانبینی شیعری مامۆستا هێمن لە بەشێک لە شیعرەکانی دا جیهانبینییەکی تەواو سەردەمیانەیە و گرێدراوی دۆخی مرۆڤی سەردەمی خۆی و بگرە لە هەندێک جێگادا سەردەمی ئێستاشە. جیا لەوەش هێمن لە بواری فۆرمی و زمانی و دەربڕینیشەوە دەتوانین خوێندنەوەی غەزەلی نوێ و مۆدێرنی بۆ بکەین، لە زۆر یەک لە شیعرەکانیدا بە زمانێکی سادە و ساکار و ئاخاوتنی ڕۆژانە، هەندێک جار بە تەمێکی تەنزەوە کە ئەوانە خۆی پوتانسیەلی غەزەلی مۆدێرنن شیعری هۆنیوەتە. واتە بە پێچەوانەی شاعیرانی پێش خۆی کە هەوڵیان داوە لە زمانی سادە و سەمیمی و ئاخاوتنی سەردەم دوور کەونەوە، هێمن بە پێچەوانە لە زۆر یەک لە شیعرەکانی لە زمانی ئاخاوتنی سەردەم و دەستەواژەکانی نزیک دەبێتەوە. هێمن لە قاڵبگەلی جۆراوجۆری شیعری کلاسیک کەڵکی وەرگرتووە، بە تایبەت ئەو قالبانەی کە لە شیعری نیوکلاسیک دا زۆر باوە وەکوو چوارپارە، ئەگەر سەرنج بدەینە کتێبە سەرەتاییەکانی شاعیرانی گەورەی فارس وەکوو: ئەحمەد شاملوو، "فرووغ فەروخزاد و سۆراب سێپێهری و زۆر شاعیری دی لە قالبی چوارپارە دا هۆنیویانەتەوە و جێی ئاماژەشە کە ئێستا ئەو شاعیرە فارسانەی غەزەلی مۆدێرن دەنووسن زۆرتر هەر لەو قالبە



کەڵک وەردەگرن، هێمن موکوریانی نزیکەی پەنجا ساڵ پێش ئێستا لەو قالبە دا شیعرگەلێکی شاکاری نووسیوە، بۆ وینە دەتوانین ئاماژە بە شیعری "موو ناپسێنم"، "ئارەزووی فڕین"، "ئامێزی ژن"، "شەنگەبێری" و کۆمەڵیک شیعری تر کە بە ڕاستی لەو بوارە دا تاکە، بۆیە ڕەنگە بە هەڵە دانەچین ئەگەر بڵێن مامۆستا هێمن وەکوو شاعیرێکی نیوکلاسیک لەو سەردەمەدا چەخماخەی غەزەلی مۆدێرنی لە کوردستان لێدابێ. دیارە پێویستە لێرەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک شاعیری پێش مامۆستا هێمن بکەین کە لە بواری ناوەڕۆکەوە بە جۆرێک شیعریان لە کۆت و بەندی یار و زوڵف و دڵ و پەند و نسحەت و هتد، هێنایە دەرەوە و خودی کارتێکەری ئەوانیش بە سەر مامۆستا هێمنەوە دیارە و حاشا هەڵنەگرە. شاعیرانێک وەکوو مامۆستا سەیفولقوزات، مامۆستا حاجی قادری کۆیی و تا ڕادەیەکیش مەلا مارف کۆکەیی، هەروەها پەیدابوونی چەمکی دەوڵەت نەتەوە لە ناوچەکە و هەروەها شاعیرانی سەردەمی مەشرووتە کە سەیفولقوزات خۆی یەکێک لە شاعیرانی ئەو سەردەمەیە. ئەو وتەیەی لە سەرەوە لە تۆلێستۆی هێنامە بەر باس وەکوو ئەرکی هونەرمەند، ڕێک ژیان و کارنامەی هونەری مامۆستا هێمن دەگرێتەوە و بە پێی ئەو پێناسەیە دەتوانین ئیدعای ئەوە بکەین کە هێمن لەو سەردەمە دا هەندێک شتی ناسی، دیتی و هەستی پێ کرد، ئەو شتانەی کە لە ئەو سەردەم دا هیچ، بەڵکوو هەتا ئێستاش بە کەڵک و بە سوودە و نەوەی نوێ دەتوانێ وەکوو بناغەیەکی پتەو و هونەری لەنگەری لە سەر بگرێ و لێی خورد بێتەوە.جیا لە هێمن موکوریانی مامۆستا "ئەحمەد هەردی"یش بە هەمان شێوە دەتوانین وەها خوێندنەوەیەکی بۆ بکەین، لێرەشدا دەرفەتی ئەوە نییە بە وردی بچینە سەر دەقەکانییان و نموونە بێنینەوە و زیاتر باسی ئێمە لە سەر چینی ئێستای غەزەلنووسانە.

بەڵام ئەوەی کە وەکوو شاعیرانی کلاسێک لە پاش مامۆستا هێمن هاتنە ناو ئەو مەیدانەوە خاوەنی هیچ چەشنە جوانیناسی و نوێگەری و خەلاقییەتێک نین لە شیعرەکانیاندا. بەشی هەرە زۆری شاعیرانی کلاسیک نووسی ئێستای کورد کە خۆیان بە درێژەدەری ڕێگای شاعیرێک وەکوو مامۆستا هیمن پێناسە دەکەن، لەو جەغزە دەربازیان نەبووە. بەردەوام لە ناو ئەو چوارچێوە باوانەی کە بۆ شیعری کلاسیک هەیە خولیان خواردووە و بە گشتی گوڵێکیان لە سەر غەزەلی کوردی نەداوە. هەمان کێش و هەمان سەروا و هەمان جەغزی وشەیی و هەمان یاسای زمانی کە چەند سەدە

پێش خۆیان بەردەوام دەقی زۆر جوانتر لە هی ئەوانی پێ نووسراوە و ئەوڕۆکە وەکوو شاکاری ئەدەبی کۆنی کوردی دەیخوێنینەوە. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە مامۆستا هێمن لەو سەردەمە وشک و نەگۆڕەی کە بە سەر ئەدەبیاتی کوردی دا زاڵ بوو، بە شێوازی خۆی بڕوای بە وتەکەی تۆلێستۆ و ئێمل زولا بووە و هەوڵیشی بۆ داو و لە ناو دەقەکانیشی دا ئەو مژارە ڕەنگی داوەتەوە و دەتوانین ئیدعای ئەوە بکەین کە هێمن پەنجەرەیکی تری بە ڕووی شیعری کلاسیک و غەزەلی کوردی دا کردەوە کە بە داخەوە ڕێڕەوانی پاش ئەو هیچ لەو دونیا بینییەی هێمن کەڵکیان وەرنەگرت و دەشتوانین بڵێین هەر لێی تێنەگەیشتن.
ئێستا غەزلی مۆدێرن چییە و چۆناوچۆن لە ئێران دا سەری هەڵدا، دیارە ئەو چەمکە بە چەند جۆر ناوی دەبەن وەکوو: "غەزەلی نوێ، غەزەلی مۆدێرن یان غەزەلی پۆست مۆدێرن" ئەو دەستەواژەیە لە کۆتاییەکانی دەهەی حەفتای ڕۆژی دا لە ناو فارسەکان دا کەوتە گاگۆڵکە و وەکوو جووڵانەوەیەکی ئەدەبی پەڕ و پۆی گرت و هەتا ئێستاش بەردەوامە و کۆمەڵێک شاعیری باشیشی لەو بوارە دا لێ کەوتووەتەوە. مێهدی مووسەوی، وەک یەک لە ناسراوترین ئاڵا هەڵگرانی ئەو شێوازە شیعرە لە وتاریکدا لە سەر غەزەلی پۆست مۆدێرن دا دەڵێ: " لە دەستەواژەی :غەزەلی پۆست مۆدێرن" دا ، وشەی "غەزەل" وەکوو نوێنەرێک لە گشت قالبەکانی کلاسیک و باوەڕمەند بە چووارچێوە جێی گرتووە. کە واتە بە پێی ئەو پێناسەیە هەموو ئەو شتەی ئێمە لەو باسە دا لێی دەگەڕێن، دەتوانێ لە قالبگەلێکی وەکوو: مەسنەوی، قەسیدە و هتد، ڕوو بدا. کەڵک وەرگرتن لە غەزەل و دووره پەرێزی لە "شیعری کلاسیک" بەو هۆکارەیە کە ئەگەر بۆ وێنە بگوترێ: "شیعری کلاسیکی پۆست مۆدێرن!" لە بەر پاڕادۆکسێک کە پێک هاتووە شیعری کلاسیک بە جێی ئەوەی کە مانای قالبەکانی کلاسیک بگەڕێنێتەوە، فەلسەفە و جۆری ڕوانینی جیهانی کلاسیک دەهاوێتە ناو زەینی بەردەنگەوە کە بە هیچ شێوەیەک مەبەست و ئامانجی ئێمە نییە. هەروەها نابێ فەرامۆشی بکەین کە "غەزەلی پۆست مۆدێرن" ئەسڵەن پۆست مۆدێرن نییە، بەڵکوو لە ڕاستیدا گێرانەوەی دۆخێکی پەسا مۆدێرنە بە کەڵک وەرگرتن لە کەرەسە مۆدێرنەکان، واتە زۆر یەک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو جۆرە شیعرانە لە بنەماکانی دونیای مۆدێرنن و لێرەدا ئەو ئەندێشەیە بە جۆرێک لە دژوازی لە گەڵ کەرەسە و دونیای دەورووبەرمان دایە. ئەوە ڕێک دۆخی مرۆڤی پۆست مۆدێرنی ئەوڕۆکەیە کە لە جیهان دا دەژیت و شەپۆلی پیشەیی و مۆدێرنیسم سوارە و دەروون ئاڵۆزی مرۆڤ مژاری زۆرینەی غەزەلی پۆست مۆدێرنە"

ئێستا بۆ غەزەلی مۆدێرن؟ ڕەنگە ئەو ناوە ناوێکی تەواو گونجاویش نەبێ بەڵام وێدەچێ گونجاوترین ناو بۆ پێناسەکردنی ئەو ڕەوتە لە شێعری کوردیی کێش و سەرواداری دوای قۆناغی نیۆکلاسیزم. هەرچەند لە شێعری نیۆکلاسیزمیشدا جاروبارە هەندێک تیشکی غەزەلی مۆدێرن بەدی دەکرێ و هێمن موکریانی و ئەحمەد هەردی نموونەی وایان کەم نییە و پێشتریش ئاماژەم پێکردووە. هەموو بەرهەمە شێعرییەکانی ئەم ستایلە لە فۆرمی غەزەلدا نین و زۆر فۆرمی وەک قەسیدە و مەسنەوی و فۆرمی کارپێکراوی دیکەشیان تێدایە، بەڵام بۆیە دەڵێین غەزەل چونکە هەم زۆربەی کات بەم فۆرمە دەنووسرێ و هەمیش بەکارهێنانی ناوی غەزەل وەک ناو و پێناسەیەکی هێمایین و گشتی، ئەوەمان وەبیردەخاتەوە کە شێعری نوێی ئازاد نیە، هەر وەک چۆن مێهدی مووسەوی باسی دەکا. بۆیە دەڵێین مۆدێرن، چونکە بەرهەمی پەرینەوەی تاک و کۆمەڵی کوردیی لە ڕووی ئۆبژەیی و سۆبژەییەوە لە ئەزموونی نەریتی و موحافزەکارانەوە بۆ ئەزموونێکی سەردەمیتر و تازەترە. غەزەلی مۆدێرن هاوکات یاخیبوونێکی فۆرمالیستیی و جەوهەریی شێعریی لە موحافزەکاریی و موتڵەقگەرایی فۆرمیی شێعری کلاسیک و تا ڕادەیەکیش نیۆکلاسیکە. وێنا کردنی دۆخی مرۆڤی سەردەم و دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا بە گشتی جیاوازە لە گەڵ شێعری کلاسیکی پێش خۆی. حەز و چێژ و کەڵکەڵەکانی ئەو مرۆڤەی لەو سەردەمە ئاڵۆزە دا دەژیت بە تەواوی جیاوازە لە گەڵ کۆن، غەزەلی مۆدێرن ڕێک لە سەر ئەو شتانە دەور دەگێڕێ، لەو چوارچێوە سواو و کۆنە مەودا دەگرێ، ئەگەریش جار جار ئاوڕێکی لێ دابێتەوە لە دەلاقەیەکی نوێتر و بە دەربڕینێکی تازەترە و جیاوازەترەوە بووە. لە گەڵ هەمووی ئەوانەش غەزەلی مۆدێرن تۆوی غەزەلی کۆنی لە ناو خۆیدا هەر هێشتووەتەوە و دابڕانەکە دابڕانێکی بنەڕەتی نییە، بەڵکوو زۆرتر ئاڵ و گۆڕییەکە لە ناو فۆرم و دەربڕین و زمان دا هاتووەتە ئاراوە.

ئەگەر چاو لە مێژووی نوێخوازی شیعر بکەین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو کات ئەو مژارە بە کاریگەری وەرگرتن لە شەپۆلە نوێخوازییەکانی دراوسێکەی واتە ئەدەبی فارسان دا هاتووەتە ناو مەیدانی ئەدەبییەوە، کە واتە بە هەڵە داناچین ئەگەر بڵێین "غەزەلی مۆدێرن" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر کاریگەری و جموجۆڵی ئەو شەپۆلە نوێیەی "غەزەلی پۆست مۆدێرن" کەوتە گاگۆڵکە کە بە داخەوە هەتا ئێستا پێشوازییەکی ئەوتۆی لێ نەکراوە و ڕێڕەوانی ئەو شێوازە ئەدەبە لە قامکەکانی دەست زیاتر نین. "غەزەلی مۆدێرن" لە کوردستان تەمەنێکی ساوای هەیە و هەمووی چەند ساڵێکە کۆمەڵێک دەقی باش و جدی لێ بڵاو بووەتەوە. بەڵام غەزەلی مۆدێرنی کوردی دەبێ لە درێژەی غەزەلی کلاسیکی کوردی دا بخوێندرێتەوە. هەروەها ئیمکانات و پوتانسیلەکانی لە ناو فەزا و فۆرم و زمانی کوردی دا ببیندرێتەوە و بە خوێنەری بناسێنی. واتە کاتێک ناوی "غەزەلی مۆدێرن"ی لێ نراوە بەو مانایەیە کە جیاوازی لە گەڵ غەزەلی پێش خۆی هەیە و هەروەها خاوەنی تایبەتمەندیی زمانی و فۆرمی و مانایی جیاوازە، واتە خەریکە لە ئیمکانات و ئەبزاری مۆدێرنی سەردەم کەڵک وەردەگرێ.

غەزەلی مۆدێرن کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئێمە لە غەزەلی مۆدێرندا لە گەڵ پێکهاتەیەکی شیعری ڕووبەڕووین کە پاژەکانی پەیوەندییان بە یەکدییەوە هەیە، لە غەزەلی کلاسیک دا هەر بەیتێک لە بواری ماناییەوە سەربەخۆیە و بە جێگۆڕکێ پێ کردنیان خەسارێک وە شیعرەکە ناکەوێ. بەڵام لە غەزەلی مۆدێرندا ڕێک بە پێچەوانەیە، کۆی پێکهاتەی غەزەلی مۆدێرن لە بەیتی یەکەمەوە هەتا ئاخر بە شێوەیەکی ئۆرگانیک پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و ئەگەر ڕستەیەک یان بەیتێکی لێ دەربکێشی ساختمانی شیعرەکە تێک دەڕووخێ و مانا و ناوەڕۆکی شیعرەکە دەکەوێتە تەنگژەوە. واتە گێرانەوە وەکوو یەک لە تایبەتمەندی سەرەکی ئەو جۆرە شیعرانە وا دەکا کە سەرجەم پێکهاتەی شیعرەکە وەکوو زنجیرەیەکی نەپساوە لە باری فۆرمی و ماناییەوە پێکەوە گرێدراون. هەروەها غەزەلی مۆدێرن لە بواری زمانییەوە بە تەواوی جیاوازە لە گەڵ شیعری کلاسیک، بە پێکهاتەی زمانی شاعیرانی کۆنی ئەدەبیاتی کلاسیک ناتواندرێ غەزەلی مۆدێرن بنووسرێ، زمان لە غەزەلی مۆدێرن دا زمانێکی تەواو سادە و ساکار و خزمدۆستە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی کەڵک وەردەگرێ. بەڵام لەو زمانە خۆماڵی و سەمیمییەش دا هەوڵ دەدەن بە تێکدانی نەحوی باو، کارکردی نوێ بۆ زمان بدۆزنەوە و دەلالەتی مانایی دیکە بخوڵقێنن. ئەوەش بە زۆر تکنیکی جیاواز دەکاری دەکەن وەک واج ئاراییی یا بە لەت کردنی وشەکان یان بە تێکەڵ کردنی دوو وشەی کە پیتی هاوبەشیان هەیە یان لە

ڕێگای تەداعی مەعانی لە ڕێگای وشەیەکەوە کە وشەیکی دیکە وەبیر دێنێتەوە. یان بە کار هێنانی مەتەڵ و پەندی کۆن و زۆرجاریش هی سەردەمی ئێستا لە شیعرەکان دا کە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان دا باوە. لە غەزەلی مۆدێرن دا هەوڵدان بۆ پێکهێنانی چەند دەنگی و چەند لەحنی هەیە، چ لە ڕووی کێش و مۆسیقا و چ لە ڕووی دەنگێک کە شاعیر لە ناو دەقی شیعرەکەی دا هەیەتی، بە واتایەکی تر شیعر لە شاعیرەکە تێپەڕ دەبێ و هێڵی دەنگی شاعیرەکە کە خەریکە ڕووداوێک دەگێڕێتەوە دەپسێنێ، بە جۆرێک بەدی هاتنی تەنگژەیە لە ناو تەک دەنگی یان تەکبێژی دا. تایبەتمەندییەکی تر و گرینگی غەزەلی مۆدێرن ڕوانینی ئەورۆیی شاعیرە لە مەڕ کۆمەڵگا و سەردەمی خۆی، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ مانا و ناوەڕۆک گرێدراوی کێشە و گرفتی سیاسی و کلتووری و ئابووری و هتد،ی مرۆڤی ئەورۆکەیە. جیهانی سەرلێشێواو و پارادۆکسیکاڵی مرۆڤی سەردەم وێنا دەکا و دۆخی سەردەمی مۆدێرن لە ناو شیعرەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. هەروەها کۆمەڵێک تایبەتمەندی تر وەکوو گەمە و گاڵتە بە گوتاری زاڵ و چوارچێوە داری ئەدەبی پێش خۆی، هەندیک جار دۆخێکی نێهێلیستی بە سەر شیعرەکان دا زاڵە، دەشتوانین بڵێین بە نۆرەی خۆی شیعری دەنگ هەڵبڕ، "ئیعترازی"یە.

## ٣.

هەر وەک ئاماژەم پێکرد جلەودارانی غەزەلی مۆدێرن لە کوردستان لە ژمارەی قامکەکانی دەست تێناپەڕن و ڕەنگە کەمتریش بن. بە گشتی چەند کەسێک لەو بوارە دا چالاکن و دەتوانین ئاماژە بە بەڕێزان: جەلال نەجاری، ئاوارە وڵات، فەرهاد ساڵحی فەر و ناسر یەزدانی بکەین کە لەو ناوە دا کەسی یەکەم و دووهەم دەقەکانییان زۆرتر بەرچاوە و هەروەها دەتوانین پێناسەی تەواوی غەزەلی مۆدێرن،یان بۆ بکەین و لەو سۆنگەیەشەوە ئەو وتارە تەنیا دەپرژێتە سەر دەقەکانی ئەو دوو شاعیرە. زمان لە شیعرەکانی جەلال نەجاری دا زمانێکی زۆر سادە و ڕەوان و سەمیمییە. گرێ و گۆڵی تیا نییە و زۆر بە جوانی زەینی خوێنەر پەلکێش دەکاتە ناو دەقەکەیەوە و هەتا دوایین وشە پەیوەندییەکی دەروونی لە گەڵ خوێنەر ساز دەکا. لە شیعری "گوڵم دڵم پڕەلە ... هیچ" بە کەڵک وەرگرتن لە فەزا و کۆمەڵێک دێڕی شیعری بە ناوبانگی "شار"ی کاک سوارە ئیلخانیزادە دۆخێکی جیاوازتر لە دۆخی شیعرەکەی کاک سوارە وێنا دەکا. باسی دوو سەردەم و دۆخی جیاواز دەکا لە شار دا، هەڵبەت بەو حاڵەش کەش و هەوایەکی هاوبەش لە زینی هەر دوو شاعیر دا هەیە. کەش و هەوایەکی ناهومێدانە کە زاڵ بووە. لە شیعرەکەی جەلال ڕووداوێکی ڕۆمانسی و عاشقانە بوونی هەیە،خەریکە دۆخێکی شپرزە و ناڵەباری تاکێکی کۆمەڵگا دەگێڕێتەوە کە خۆشەویستەکەی ون کردووە. ئەو تاکەی بێخەوی و دیازپام و زۆر گرفتی تر بووە بە بەشێک لە ژیانی و ئەوجارەیان دڵی پڕ بووە لە هیچ، هیچێک کە سەرێژە لە تەنگژە و ئەزموونە نوێ و سەیرەکانی شار کە جگە لە هیچ بە ناوێکی تر ناودێر ناکرێ و لە کاتیکدا بەشیکی زۆر لە دڵی بەو چەشنە هیچانە لیپاولیپ بووە. دەڵێی شاعیر توانایی ئەوەی نییە باسی ئەو ڕەنجە بکا و دەشتوانین وای بۆ بچین کە ڕەنگە لە چوارچێوەی قالبگەلی کلاسیک دا گێڕانەوەی ئەو ڕەنجانە گەلێک سەخت و دژوارن و هەندیک جار هەر جێبەجێ نابێ. لەبەر ئەوەی ڕستەی کۆتایی شیعرەکەی جەلال دوو میسرەعی زۆرترە لە کۆی میسرەعەکانی تر...لێرەدا شاعیر لەو یاسا و ڕێسایە لای داوە و دەیهەوێ پێمان بڵێ بۆ گێڕانەوەی ئەو زامە ئەوجارەیان شیعری نوێ دەست پێدەکا، لەبەر ئەوەی ڕستەی کۆتایی شیعرەکە وەکوو شیعری نوێ وایە...کە ڕێک سەرەتای شیعرەکەی کاک سوارەیە و ئەو شیعرەش پێشەنگی شیعری نوێی کوردییە! لە شیعرەکەی تر دا واتە "قوربانی تۆزی ڕێگەتم" دیسانەوە بە گەڕانەوە بۆ تێکستێکی تری ئەدەبی وەکوو شیعری نالی، هەرکیان باسی غوربەتێک دەکەن کە تووشی بوون، نالی ئەو کاتەی دسەڵاتی بابانەکان ڕووخاوە و کوردستانی جێ هێشتووە، شاعیریش لەو قۆناغە دا تووشی غوربەت و ژیان لە ناوچەیەکی تر بووە کە لە جوگرافیای کوردستان دا نەبووە. پێکهاتەی زمانی ئەو شیعرە میسراع بە میسراعی پەیوەندی مانایی و فۆرمی بەیەکەوە هەیە. واتە ئەگەر یەک میسراعی لێ دەربکێشی کۆی ساختمانی دەقەکە تێک دەڕووخێ،ئەو غەزەلە پێکهاتەیەکی جەغز ئاسای هەیە، واتە کۆتایی شیعرەکە دەگەڕێتەوە سەر سەرەتای شیعرەکە، دەڵێی ئەو غوربەتە بەردەوام سووڕ دەخوا و کۆتایی نییە! شاعیر ژیان وەکوو ئاوێک دەبینێ کە وەستاوە و بۆگەنی کردووە، بەردەوام خەریکە لە گەڵ خۆی دەدوێ و ڕووداوەکان تاوتوێ دەکا. ڕۆحی سەرگەردانی ئەو لە غوربەت دا سەر بە هەموو کون و کەلەبەریکی شاردا دەکا و شار و دۆخی شاعیر لە شار دا بە شێوەیەکی نێهێلیستی وێنا دەکا، جوانکاری و دەربڕین و زمانی سادەی شیعری "قوربانی تۆزی ڕێگەتم" بە جوانی بەرچاوە. لەو شیعرە دا بە جۆرێکی تر کار لە سەر زمان کراوە، وشەکان لەت کراون و لە میسراعی دواتر یەک دەگرنەوە و مانای شیعرەکە ساغ دەکاتەوە و هتد، کە ئەوانە هەموو لە پوتانسیەل و پێناسەکانی غەزەلی مۆدێرن وا باسم کردبوو. لە شیعری "لەگەڵ غەزەل کە ردێنی لە من سپیتر بوو" دیسانەوە ئەو پێکهاتە زمانی و کارکردی نوێ لە زمان دا دێتەوە بەر چاو . زمان لەو شیعرە دا ساختارێکی چەند دەنگی هەیە. "چەند دەنگی" سەرەتا لە ناو چیرۆک و ڕۆمان دا لە لایەن "میخائیل باختین" و دواتر پۆست مۆدێرنەکان هاتە ئاراوە. ساکارترین پێناسە بۆ چەند دەنگی واتە بیستنی هەموو دەنگەکان لە لایەن هەموو کەسایەتییەکانەوەیە لە ناو چیرۆک و ڕۆمان دا. "ڕۆلان بارت" لە "مەرگی نووسەر" دا ئاماژە بەو مژارە دەکا و دەڵی چەند دەنگی لە چیرۆک و شیعر، نووسەر بە شێوەیەک بەرهەمی خۆی دەنووسێ کە خوینەر خودی نووسەرەکە فەرامۆش دەکا و تەنیا دەنگی ناو مەتنەکە دەبیستێ کە هەر کام لە کەسایەتییەکان دەیگێڕنەوە. لە شێعری "لە گەڵ غەزەل کە ردێنی لە من سپیتر بوو.." دوو گێڕانەوە لە ئارا دایە لە خۆشەویستی و مەرگ لە دوو ڕۆچنە نیگای جیاوە، شیعرەکە لە دوو بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەم هەتا ئەو جێیەی دەڵێ: " لە ئێرە بوو کە لە پڕدا وتت: کەسێ خۆی کوشت"، لە دوای ئەو ئیتر قالب و لەحنی شیعرەکە دەگۆڕدرێ ئەو جار ژنەکە دەست پێدەکا، دووپاتبوونەوەی کۆمەڵێک لە وشەکان و پەیوەندییان بە یەکدییەوە دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو گێڕانەوەکەیە و دەبێ لەو ڕۆچنە نیگایەوە بخوێندرێتەوە. بە گشتی غەزەلەکانی جەلال هەر کامیان تەجروبەیەکی جیاوازن و هەوڵ دراوە هەر کارەی لە گەڵ کاری پێشووی جیاوازی خۆی هەبێ. هەرچەند لە بواری پێکهاتەی زمانی و کەش و هەواوە تا ڕادەیەک لێک نزیکن و لە یەک دەچن، ئەویش ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێ کە شاعیر ویستوویەتی ئەو یەکدەستییە زمانییە بپارێزێ و جێپەنجەی خۆی بە سەرەوە دیار بێ. زۆرینەی جار کێش بۆ شاعیر کارکردێکی بەینا مەتنی هەیە، وەک شیعرەکانی قوربانی تۆزی ڕێگەتم و کاتیک لە شەڕ گەڕامەوە کە هەرکیان لە سەر کێشی شیعرەکەی نالی نووسراوە، یان شیعری "ڕۆحی بەدفەر" کە کێش و فۆرم کارکردێکی بەینا مەتنی هەیە بۆ شیعری "ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە"ی مامۆستا هێمن، من لەو باوەڕە دام ئەو شیعرە جوانترین و شاکاترین شیعری جەلالە و خوێندنەوەی زۆر سەردەمیانە و جیاوازی دەتوانین بۆ بکەین، پەیوەندییەکی نامۆ و لە هەمان کات دا تراژیک لە نێوان دوو شاعیر و دوو سەردەمی جیاواز دا دەبیندرێ.

کێشەکان بەردەوامن و قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان قووڵتر بوون. هیوا و خۆشەویستی بۆ نیشتمان وەکوو چەمکێک لە سەردەمی هێمنەوە هەتا ئێستا هەستیارتر و پڕکێشە تر بۆتەوە. نیشتمانێک کە هێمن بەڵێنی داوە فەرامۆشی نەکا و هەمان نیشتمان لە ئێستا دا لە جیات خۆشەویستی هەواڵی مەرگی مرۆڤەکان تێیدا دەزرینگێتەوە. تراژێدی و چەمکی نێهێلیستی لەو شیعرەی جەلال دا لە ئەو پەڕی خۆی دایە. مەودای نێوان دوو سەردەم بە تەواوی درزی بردووە و ئەوەی ئەوڕۆکە لە ناو کۆمەڵگا دا لە گەڵ ڕووبەڕووین تووشی داڕمانێکی کلتووری و کۆمەڵایەتی بووە. "ئاوارە وڵات" غەزەلنووسێکی تری بەر باسی ئەو وتارەیە، ناوبراویش یەک لە غەزەلنووسە مۆدێڕنەکانی کوردستانە و دەسەڵات و جەغزی وشەیی زمانی ئەو بێ‌وێنەیە. زۆرینەی کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کارەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە. کۆمەڵێک کار و گۆڕانکاری فۆڕمی کە خۆی تایبەمەندی غەزەلی مۆدێرنە هەموو دەم لە کارەکانی ئاوارە دا خۆ دەنوێنن. شیعری "پڵینگی نێر" ناوەڕۆکێکی زۆر جوان و جیاوازی هەیە، تەنیایی وەکوو چەمکێکی دانبڕاو لە ناو ئەدەبیات دا بەردەوام لە لایەن نووسەرانەوە کاری لە سەر کراوە. هەر کەسەو لە سۆنگەی خۆیەوە هەوڵی داوە ئەو چەمکە بە جۆرێک پێناسە کاتەوە. ناوەڕۆکی شیعری "پڵینگی نێری"یش باسی تەنیاییە، تەنیایی کچێک کە لە خۆشەویستەکەی جیا بۆتەوە و کەس نییە دەست لەملانی بێ و بووەتە ئاواڵی نەخشی پڵینگی سەر پەتوەکەی:
هەتاو سەری وەدەردەنێ بە ئەو کەڕەی بەیانییە/ وە تیشکی خۆی دەنێرتە سەر پڵینگی ئەو بەتانییە/بە دەنگی نوو..کە..نوو..کە..نوو، دەجوو..دەجووڵێ کلکی ئەو/شەوێ ئەتۆی لە باوەشا، بە بێ سرەوت و خورد و خەو،
بە بڕوای من وێنا کردنی دیمەنێکی وەها لە تەنیایی و ئەویش لەو پەنجەرەیەوە خۆی دەگمەنە و کەمتر وا هەیە دیمەنی ئاوەها جوان و جیاواز لە شیعر بێتە بەر چاو. نەخشی پڵینگی سەر پەتوو کە خۆی دیمەنێکی نۆستالۆژیکە لە زەینی ئێمە دا، شاعیر بەو شێوازە کەڵکی لێ وەردەگرێ و دێنێ تەنیایی کچێکی پێ وێنا دەکا. خودی شیعرەکەش لە بواری فۆڕمییەوە گۆڕانکارییەکی زۆر بەهێزی تیایە. قالبی شیعرەکە هەتا دەگاتە بەیتی نۆهەم مەسنەوییە،واتە هەر بەیتە و قافییەی خۆی هەیە، بەڵام لە دوو بەیتی ئاخر فۆڕمەکە دەگۆردرێ و شاعیر کارێکی تازەی کردووە لە فۆڕم دا. دوو بەیتی ئاخر دووبەیتییەکە بە وەزنێکی برێک درێژەوە. واتە ئەوە گۆڕانکارییەکە لە قالبی مەسنەوی دا. هەر وەک لە پێناسەی غەزەلی مۆدێرن دا باسمان کرد، شاعیر لەو بوارانە دا ئازادە و دەتوانێ هەر کات بە پێی دەسەڵاتی خۆی فۆڕمەکان تێک بشکێنێ و دەسکاریان بکا و خۆی زۆر لەو یاسا و ڕێسایانە نەبوێرێ. لەوانەیە قەسیدەی بنووسێ و لە ناکاو دا بیکاتە غەزەل، یان مەسنەوی بنووسێ لە ناکاو بیکاتە چووارینە و هتد!

شیعری "ترس"ی ئاوارە وەکوو قالب دەچێتە قالبی غەزەلەوە و باسی ترسە، ترسی ناخی مرۆڤی ئەوڕۆکە، ناوەڕۆکی ئەو غەزەلە ناوەڕۆکێکی تازەیە و لە هەمان کاتیشدا ئاشنا بە زەینی هەموومان. ڕەنگە ئەو ترسانە لە کۆن دا زۆرینەیان نەبووبێ، ترس و نیگەرانی و دڵەکوتەی مرۆڤی سەردەم زۆر جیاوازن لە هی سەردەمەکانی پێشووتر. ترس و دڵەڕاوکێ بە مانای ئەوڕۆیی خۆی بەرهەمی سەردەمی مۆدێڕنیتەیە، "جان گێری" لێکۆڵەری بە ناوبانگی فەلسەفەی سیاسی دەڵێ: "ڕیشەی هزری لیبێراڵ لەعەشق بە ئازادی و هیوا بە پێشکەوتن نییە، بەڵکوو لە ڕاستیدا ترسە! ترس لە شەڕ و وێرانی ناوخۆیی و دەرەوە، پلانێکی لیبراڵی لە هەوڵی ئەوە دایە ترس و هەراسانی لە ناو مرۆڤەکان دا کەم کاتەوە کە هەر خۆیان بۆ یەکدی بەدی دێنن." ترس لە ناو مێشک و دڵی مرۆڤ دا بەردەوام پەنگی خواردووەتەوە و هەر جارەی لە شتێک دا خۆ دەنوێنێ. هەندێکیان ڕیشەی لە مناڵی دایە

کە لە شیعری شاعیر دا باسی کراوە و هەندێکیشیان بەرهەمی ئەوڕۆکەن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئەو ترسانە لە زاو و زێ دان...! تەنانەت وای کردووە کە گۆڵ خواردنی تیمی فووتباڵی بارسێلۆنا ببێتە ترسێک و شاعیر چەندە بە جوانی بارسێلۆنا و گۆڵ و فووتباڵی قۆزتۆتەوە ناو غەزەلەکەی. شیعری "شلێرەکان" لە قالبی غەزەل دا هۆندراوەتەوە کە کۆمەڵێک وردەکاری فۆڕمی تایبەت بە غەزەلی مۆدێڕنی تیایە، بۆ وینە شکاندنی وشەکان و فێعلەکان، هەر بۆ وێنە لە بەیتی یەکەم دا:

ژوورە مێوینەی ئەتۆ ئێستا لە ماڵی نێرەکان
دا، وەکوو ئاسکە لە حەوشەی دەستەڵاتی شێرەکان
دا... دەبینم لێوەلەرزەت دێتە بیرم لەر...لەرەی
گوارەکانی پەلکی بەیبوونت لە گوێ هەڵدێرەکان

وشەی "نێرەکان" لە میسراعەی یەکەمدا شکاوە و پاشگرەکەی کە "دا"یە لە میسراعی دووهەم دا نووسراوە، یان "شێرەکان" کە درێژەکەی چووەتە میسراعی دوای خۆی. ناوەڕۆکی ئەو غەزەلە ناوەڕۆکێکی عاشقانە و لە هەمان کاتیشدا ئاوڕ لە کێشە و گرفتی تایبەت بە ژنان داوەتەوە بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دا، ئەو داب و نەریتە کۆن و لە دواکەوتووانەی کە ژنی پێ دەچەوسێتەوە و هەتا ئێستاش لە ناو کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەرچاوە. دوایین شیعری ئاوارە وڵات شیعری "غوربەت"ـە کە لە قالبی مەسنەوی دایە. بە بڕوای من ئەو شیعرە جوانترین شیعری شاعیرە. چەمکی غوربەت لە ناو ئەدەبیات دا بە گشتی زۆری کار پێ کراوە. زۆرینەی نووسەر و هونەرمەندی گەلانی جیهانیش وەها دۆخێکیان تاقی کردووەتەوە و بە بەردەوامیش لە ناو دەقەکانیان دا ڕەنگ و بۆنی تایبەتی بووە. ڕەنگە لە ناو شیعری کلاسیکدا هێمن موکوریانی لە شیعری "ناڵەی جودایی" دا لە هەموان جوانتر ئەو دۆخەی وێنا کردبێ. شاعیرێک کە جوانی و ئەوین و غوربەت و خەمی نەتەوە و هەرچی لە دونیای دەرووبەری مرۆڤ دا بوونی هەیە بە شێوەیەکی زۆر هونەریانە و وەستایانە دێنێتە ناو شیعرێکەوە و دەیگێڕێتەوە. هەر هەموو مژارەکان بە یەکەوە گرێ دەدا و لەو پەڕی جوانی دا قووڵایی تراژێدی غوربەت نیشان دەدا. هەندێک هێڵی تایبەت هەیە کە بەردەوام دوو چین لە دوو سەردەمی جیاواز دا بەیەکەوە گرێ دەداتەوە. هەر لەو وتارە دا لە شیعرێکی جەلال ئاماژەم پێکرد و لێرەش دا ئەو هێڵە دیسان لە ناو دوو شیعر لە دوو شاعیر کە هی دوو سەردەمی جیاوازن دەبینرێ. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ کە هیچ کات نەپساوە. ڕەنگە ئەوە چارەنووسێکی دەگمەن بێ و ئەو نەتەوەیەش لەو ڕووەوەوە دەگمەن بێ. تراژێدییەک کە لانیکەم لە سەد ساڵی ڕابردووەوە بەردەوام دووپات دەبێتەوە و دەڵێی بۆتە بەشێکی دانبڕاو لە چارەنووسی تاکی ئەو گەلە. شیعری غوربەت دۆخەکە بە جۆرێکی تر دەگێڕێتەوە. دوو ئەزموون لە غوربەت هەر کامەی لە جێگایەک. ئەوجارە سروشتی بێ‌ڕۆح و بێ‌گیانی ئێسکاندیناوی زەفەری بردووەتە ناخی شاعیر و کۆڵان و شەقامەکان سەرما تێیدا دەقیژێنن. شاعیر بەسەرهاتێکی تراژێک دەگێڕێتەوە کە خاڵی دەسپێکی ئەو بەسەرهاتە گەیشتووەتە کۆتایی و ئێسقانی مرۆڤ تێیدا ڕەق هەڵدێ. تومەز ئەو سەرهاتە هەمان ڕەنجی هێمنی موکوریانی،یە کە لێرەدا گەیشتووەتە خاڵی سیفر و خاوەنی ئەرشیوێکە لە زام و جهیانێک لە هیچ. جیهانی کوردێک کە گشت خەون و خولیای ئەنجن بە ئەنجن بووە. بیروەرییەکان بۆنی میز و خوێن و چڵمەشۆڕەی هەراسانی و نەهاتییان لێ دێت. شیعری غوربەت شیعرێکی هیوابڕاوە و تەڕایی ڕۆشنایی و هیوای تێدا وەگیر ناکەوێ. خوێنەر دەهەژێنێ و ڕاستگۆیانە لە هیچ دەدوێ:
(تۆ.. تۆ کە هاتووی لێرە هیوای تازە داچێنی/خۆت کرد خەسار و هەر مەگەر خۆتیش بخاپێنی/سەرمایە ئێرە، هەر مرۆڤ و مەیلی نێو پاڵتۆ/

پینۆکیۆی بێ لووت و بێ ویژدانی زۆر راستگۆ)
پێنۆکیوی بێلووت و بێ ویژدانی زۆر راستگۆ...ئەو میسراعە مەودایەک باس دەکا کە هەر هەموو دژوازییەکانی غوربەت تێیدا کەڵەکە بووە. شاعیر لێرەدا هەواڵی تاریکییەک دەدا کە هیچ کات تویخی خۆی لە سەر تریفەی گەش و رووناکی ژین لانادا...ئەوەیە واقیعی غوربەت!

## ٤. نموونەی غەزەڵەکان

### جەلال نەجاری

**١**

گوڵم دڵم پڕە لە ... هیچ، ئەرێ ئەزانی شارەکەت؟!
ئەمێستە چۆڵ و هۆڵ، بێ هەرا ...نە تۆ نە دارەکەت!

کە سێبەری ئەکەوتە حەوشەمان، نە کۆترێک نە کەس!
کە بێتە کووچە... کایەیەک...! نە زەردەیەک لە زارەکەت

کە وەک پەپوولە هەڵفڕی بە باڵی سەوز و سوورەوە !
بـەرەو پیـادەڕەو بـەرەو شەقـامە نادیـارەکەت !

ئەمێستە ئەم وەتاغە
من
دیازپام
خەون
مەرگ...
نە نووکەیەک ، لە تاکە زەنگەکانی جار و بارەکەت !

لە بیرتە پێت وتم: ئەبێ بڕۆم، ببوورە تۆ لە بیر...!
کە داکەوت لە دەستە زەردەکانی من
هە
نا
رە
کە ت...

تلۆر تلۆر، بەرەو پیادەڕەو... وتت: ببوورە لێم
ئەبێ
ئەبێ بسڕمەوە
بسڕمەوە ژمارەکەت !
*
گوڵم
دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ
ئەڵێم بڕۆم لە
شارەکەت...!**

**زستانی ١٣٨٩**

**٢**

**"قوربانی تۆزی رێگەتم..."**

"قـوربانی تۆزی رێگەتم " ئەمـڕۆ رژانە سەر
جەستەی پیادەڕەو کە هەموو دانە دانە سەر...

کەوتن بە سەر کراسەکەم ئەی تاکسی ئەرێ؟
چەن ساڵیتر کە چویتەوە بۆکان بزانە سەر....

کووچەی هەنارەکەم کە لەدەستم کەوت...!! بلاو
بۆوە و قیامەتێ...! چ عەرز کەم؟ ئەمانە سەر...

هاتـی منن، منێ کە لە ئێوارە ئەی خـودا!
دۆزەخ نەما نەچم کورە تف لەو ژیانە سـەر...

بـاری هەتـا قیامەت و تا مەرگ و تا هەنار!
ئـەی تاکسـی ببورە کە وا ئەم قسانـە سەر...

دێنێتە ئێش و وەختە تەنانەت ئەگەر بڵێـم:
"دڵ رەنگە بێ بە ئاو" و بە قورسێکی ژانە سەر

بیخـۆرەوە و تکـایە بـزانە لـە کـووچەدا
رووحێکـە هـی ئەمن بو لەناو ئەم زەمانە سەر

گـەردانە دا کە ون بـووە بیـدۆزەوە و بڵـێ:
قوربانی
تۆزی
رێگەتم...

**تاران، بەهاری ١٣٩٠**



**٣**

لەگـەڵ غەزەل کە ڕدێنـی لە من سپیتر بوو
وەڕەز بـوو کـە ئەوەندەی گـەڕا لـە شاران و

لە دووکەڵی جگـەرەمـدا لـە خـۆم لە ئێوارەی
پیاسەکانی غـەریبـی لە ناخـی تـاران و

پەپوولەیەک کە ئەمن بم لـەگەڵ ئەتۆ ون بووم
شەوێ کە تاکـوو بەیانـی شەراب و بـاران و

قـەسیدە بـوو کـە دەباری بە سەر دڵـی مندا
بەپێکـەنینـەوە هـاتی بـە یـادی جـاران و

شـەوانی پێکـەوە بوونمـان و باوەش و ماچ و
لە باخـەکانـی مەمکـدا لـەگەڵ هـەناران و

لە ئێرە بوو کە لە پڕدا وتت: کەسێ خۆی کوشت
کەسێ کە تا کـوو بەیانـی شەراب و بـاران و

قەسیدەیەک نەدەبـاری بە سـەر دڵـی ئەودا
بە خەنجەرێـک کـە بریقـەی لە ناو دڵی شەودا

حەکایەتێکی سپی بوو لە پێخەفی خوێنا
عەشیرەتی رەشەباکانی سەرزەوی دێنا

یە بەر خەیاڵ و لە ڕەنگ و ڕواڵەتی مەرگا
نوقم ببوو وە تەنانەت لە حاڵەتی مەرگا

پەپوولەتر لە ئەتۆ بوو لە گەڵ ئەتۆ ون بووم
بەیانیەک کە بەتەنیا غەزەلترین ژن بووم

جەهەننەمێکی سەیر بوو شەوانی بێ تۆییم
بە پێکەنینەوە هاتم لەگەڵ ئەتۆ ڕۆییم

بە کافەکانی شێعردا لە کاتی ئێوارەی
پیاسەکانی غەریبیی کەسانی بێپارەی

کەسایەتی یەکەمی چەند فلیمی بێمانا
کە قارەمانی عەشق بوون لە سینەماکانا

بە باخەکانی هەنارا بە مەمکەکانمدا
بە لەززەتێ کە هەر ئێستەیش لە بن ددانمدا
*
لە ئێرە بوو کە لە پڕدا وتم : کەسێ خۆی کوشت
هەر ئەو کەسەی کە لە خۆڕا بەیانیەک تۆی کوشت!
**زستانی ٩٢**

## "کاتێ لە شەڕ گەڕامەوە"

کاتێ لە شەڕ گەڕامەوە رووحم ببوو بە "با" و
سەنگەر بە سەنگەری خەمەکانم هەموو گەڕا و

دالدەی نەبوو لە شاااخ تەنانەت لە نااااخدا
وێرانەیەک لە حەز لە شەهیدێکی دەرکراو

کاتێ لە شەڕ گەڕامەوە ئێوارە بوو وە من
وەک سێبەری قەلافەتی پیاوێکی داڕماو

رووم کردە شاااار، ئاااای لە ویترینی رەنگەکان:
ڕێبوارە توورەکانی خیابان سلاو... سلاو

شێوەم ئەکەن؟! منم ! "حەمە بچکۆل"ی سەر شەقام
منداڵەکەی گەڕەک کە لە سەرتان ئەنا کڵاو

هاتوومەوە لە شەڕ!! بە لەشی ئەنجن ئەنجن و
دوو دەستی جوانەمەرگ و بە ڕووحێکی سەربڕاو

ئێستااااش ئەی هەرێمی هەموو وەرزەکانی من
ئەی نیشتمانی بۆگەن و ئەی دۆزەخی گڵاو

من "مامە شیشە"تم" کە لە ئاسۆی بڵندی تۆ
بەربوومەوە و بە سینگی خیابانەوە بـ ڵ ا و...

کـاتێ لە شەڕ گەڕامەوە ئەمـدی لە دوورەوە

ئەی نیشتمانەکەم کە بە ئـاڵاتەوە هــەتاو...

ئـاوا ئەبـێ لە بــەرزەخی ئێوارەدا و دڵـم
"لەم شەرحی دەردی غوربەتەدا وەختە بێ بە ئاو"
**گەلاوێژی ١٣٩٤**

## "رووحی بەدفەڕ"

بەیان ئەنگوت و شەو ڕابرد و من رووم
لـە تۆیە سیبەری ڕووحـی بزربووم
کە ڕاماوی لە جەستەی نیوە زیندووم
شەلاڵی شاوەت و میز و گەن و گووم

وە دەڕوا بــۆگــەنیوم ڕۆژەرێیەک
خەیاڵ دەمخاتە کاف و واو و زێیەک
خرینگەی بازنەکانت دێن لە جێیەک
لە سووچی مستەڕاحێکا کە کەوتووم



وە پاڵـم داوەتە مێـژووی جیهان و
دروشمی شۆڕشـی ئێستاکەمان و
بژی حزبـی هەموو چەوساوەکان و
لە ژێریا : "ملت محروم و مظلوم..."

دەبێ برشێمەوە ئەی رووحی بەدفەڕ
لە شۆڕشدا لە جەرگەی شیوەن و شەڕ
لە سەر شوستە تەنانەت کاتی دەسپەڕ
ئەمن ئەی نیشتمان عومرێکە مردووم...
**پووشپەڕی١٣٩٣**

**ئاوارە وڵات**

## "پڵینگی نێر"

هـەتاو سـەری وەدەردەنـێ بە ئەو کەڕەی بەیانییە
وە تیشکـی خۆی دەنێرتە سەر پڵینگـی ئەو بەتانییە

بە دەنگی نوو..کە..نوو..کە..نوو، دەجوو..دەجووڵێ کلکی ئەو
شـەوێ ئەتۆی لە باوەشـا، بە بێ سرەوت و خورد و خەو

لە بیرتـە بـەر لە زەردەپەڕ، لە لێوەکانـی هەڵـفڕێ؟
وشەی: "خودات لە گەڵ"، لە گەڵ دڵ و نیگای تەڕوپڕێ؟

کە دابەزی، شەقام هەمووی، بە دەنگی دەرکە ڕاچەنی
دەبوو لەوێ دەم و دەس–ت، شتێ لە پەنجە داکەنی

دەبێ بە "Back" بڕۆی هەتا، بگەی بە دووڕیانی وێ
نە پاس هەبێ و نە تاکسی، سەعات و نیوێ چاوەڕێ

:سڵاو!
-بەڵێ؟!
:سوار دەبی؟
-سپاس هەتاکو قەیسەری!
:حیسابی چاوەکانی تۆ.. گەلێک جودان لە مشتەری
***
پڵینگی تووکنی سپی، بەیانییەک لە گەڵ هەتاو
سڵاوی کرد، لە پەنجەرە و لە ئاسمانی هەور و ساو

نە من، نە هەور و پەنجەرە، نەماندەزانی ساڵێ‌تر
پڵینگی ئەم بەتانییە، دەچێتە ژووری ماڵێ‌تر

نەماندەزانی گەورەتر -قەفەز بەڵام هەمان قەفەز-
نەماندەزانی تا دەچێ، بچووک‌بچووک... لە تین‌وحەز
***
بەیانی ... چەند بەیانی تر، بە زەنگی کاتژمێرەکەت...
هەتەوهەتە لە ژینی خۆت، لە ژینی پار و پێرەکەت

لەت و کوتی شکاوی چەند، بزەی ئەوینی جوانەمەرگ
لە گەڵ بەتانییەکی رووت، لە گەڵ پڵینگە نێرەکەت
٢٤ / ٥ /٢٠١٤



**"ترس"**

لە ناخمدا گورگێک مۆڵی خواردووە
کزەی جەرگم سەرما و سۆڵی خواردووە
تکا دەکەم.. فێرم مەکەن.[ری-زمان]!
زمانی من خاک و خۆڵی خواردووە
ترسێک دیسان پاپۆکەی خوارد... مارەکە
چەند بێچوولەی زەرد و زۆڵی خواردووە
گۆشت گران بوو، چیرۆک مرد و گورگەکەش
"تیتل و بیبل"ی تەنیای هۆڵی خواردووە
لە ژێر پەتۆی تاریکیدا منداڵێک
نینۆک .. کراس .. تا سەرقۆڵی خواردووە
هەورێک گریا بە سەر مندا.. گرماندی:
"مایاکۆڤیسکی پانتۆڵی خواردووە!"
ترس تاڵ بوو، لاترەم برد و بلاو بوو:
"ڤۆدکایەکی خەست و خۆڵی خواردووە!"
لە سەر ژانێک پاڵکەوتووم و هەناوم
سێ چوار پستە و "پانادۆڵ"ی خواردووە
تەلەفزیۆن هاواری کرد پڕ بە ژوور:
"بارسێلۆنا دیسان گۆڵی خواردووە!"
دیسان شەوە... دیسان ترس و تەنیایی
فرمێسکێکی دۆڕاو مۆڵی خواردووە
٢٩-١١-٢٠١٤

**"شلێرەکان"**

ژوورە مێوینەی ئەتۆ ئێستا لە ماڵی نێرەکان...
دا، وەکوو ئاسکە لە حەوشەی دەستەڵاتی شێرەکان...
دا... دەبینم لێوەلەرزەت دێتە بیرم لەر...لەرەی
گوارەکانی پەلکی بەیبوونت لە گوێ هەڵدێرەکان
تیری کێیە هەڵچەقیوە لەو هەموو وێنە و دڵەی
ترپەترپیانە لە سەر هەڵم و تەمی پەنجێرەکان؟!
پنج و مۆر دەکرێ زمانت، بێتە گۆ دەیئەنجنن
ئەو هەموو دەستەی کە راساون لە گەڵ خەنجێرەکان
رازی دڵداری و "ئەلۆ"کانت بە کێ ئێژی و چلۆن؟!
کێ هەیە بێجگە... پەرەنگی شووشەیی لۆستێرەکان؟!
تا بەیانی بیر و تاسەی تۆ قەتیسماوە لە نێو
تینی ئەو چاوە بەسوێیانەی لە سەر زەنویرەکان...
دێتە بەر چاوت بریسکەی ئاوری گەرم و گوڕی
شەو بە بینینی زریوەی دڵگری ئەستێرەکان
دەنگی نێرینەی لە ئاسکێکی کەوی و ماڵی دەچوو
تێکەڵاوێک بوو لە نەغمەی تاقگە و بلوێرەکان
شۆڕەلاوێک بوو، بزەی جوانتر لە فیگۆڕی درۆی
ناوبەدەنگانی بە کەشمونەشمی نێو پۆستێرەکان
"لێ بە لێ، ئەمما، بەڵام" پەڵپ و نەریتی خێڵەکەت
بەرخی عیشقی خستە بەر یاسای درێ هاوێرەکان
بۆیە پەلکی تاسەکانت شۆڕ و شۆڕ دیارن لە سەر
بەژنی تەنیایی و ئەوینت، هەر وەکوو شلێرەکان
***
ئەرکی زۆر قورسە کەسێک سروەی سڵاوێکت بەرێ
وەک "ئەلۆ"ـیەک نیە بگاتە جێ لە رێی ئامێرەکان
رازی دڵداریت بە "با" بسپێرە، با بیباتە لای
ئەو گوڵەی ئێستەش بە هیواتە لە سەر زەنویرەکان

**"غوربەت"**

کۆڵانەکانی غوربەتی تازەم گەلێک تەنگتر
ئەمما لە باشووری غەریبیی پێشترم شەنگتر
کۆڵان و کووچەی ئێستەکەم زۆر سا.. س.. سا.. ساردن
سەرمایە، واتا؛ هەر شەقام و مەیلی خۆشاردن..
زریانە ئێرە و دەرک و بانی داخراون، گش
دەمرن، دەمێنن سواڵکەر و چەرچی، بە وان چی.. چش
ناخۆشە، نا.. ناخۆشە، نا.. خۆشیشە، دەیزانن
ئەو کەمتیارانەی کە شەیدای رەنجی ئینسانن
ناخۆشە بۆ من، من "کەلیخان"ی ئەوین و ژین
وەیلانی بستێک خاکی بێ ئازار و بێ پەرژین
سەیری کە.. شار و واری خۆم لێم دوور و پێوارە
یەخسیری دەستی دێوە زێدم، نایگەمێ دیارە
چیرۆکی ئێمە، تاکو دێ هەر وەک بنێشتی تاڵ
کێ.. کێشی دێت و ژینی تفت و خەونی وەک زووخاڵ
........
........
تا.. تاڵترین چیرۆکی هاتن تا سنووری مەرگ
مردنترین خنکانی دەریای بێ جلیقە و بەرگ



گیرفانی ئاواڵەی سنوور بۆ ١٠٠ دۆلاری حیز
سەرما وو برسێتی وو تێکەڵبوونی خوێن و میز
ناخۆشە، خۆت پۆست کەیت و بێ پاسپۆڕت و بێ ڕێباز
تا خۆرنشینی دانەچیرەی رق لە دەست مێباز
ناخۆشە لەوتر، هەست بکەی خاڵێکی زۆر هیچی
ژوورێکی تەنیا و تۆ سریلەی ماتی بن میچی
هاوماڵی دەستێک نوێن و بان و قاپ و قاچاغی
نامۆی، لە هەر چی جوان و خۆشە، زیز و یاساغی
هەر خۆت بخۆی و بخۆیتەوە تا بێتە بەر چاوت
سەتڵێک و نایلۆنێک و توێخ و توێکڵی بەرماوت
دڵ خۆش بکەی؛ هێشتا لە یەخچاڵا حەبێک ماوە
خۆت و دیازپامێک و فینجانێکی نیو؛ قاوە
تا خۆر دەئەنگوێ، ناخەون، هەر کیرەخۆڵە و بەس
دوو دووری دووراودووری زۆر زۆر کاس و نەختێ مەس..
مەستی خەیاڵی خۆبەکەرزانینی ساڵان و
پێڵاوی داکەندراوی برسیی گرد و پاڵان و
چەند.. چەند وڵاتی کوڵەوار و تۆ قەڵاندۆشت
فرمێسک و دوان و سیان و دابڕژێنە نێو کۆشت
ئێستەش بخووسێی بەو دڵۆپانەی کە زۆر گەرمن
سەرهاتی خنکان و سنووورداشی سەدان تەرمن
خووسانی بەر فرمێسکی چاوی خێڵی تیمساحان
ماف و دێموکراسی و بڵیندگۆی پۆلی مەدداحان
خووسانی بەر خوێناوی هەتکی زێدی ئاخ و داخ
سەودا بە ڕەنگی خوێنی زار و زێچ و شار و شاخ
ئوو سرتەیەکی خۆرهەڵاتیانەی کز و لاواز؛
تۆ چی لە ئێرە، غەیری ڕەنجی بێبەر و ئامڕاز؟!
تۆ.. تۆ کە هاتووی لێرە هیوای تازە داچێنی
خۆت کرد خەسار و هەر مەگەر خۆتیش بخاپێنی
سەرمایە ئێرە، هەر مرۆڤ و مەیلی نێو پاڵتۆ
پینۆکیۆی بێ لووت و بێ ویژدانی زۆر ڕاستگۆ
کۆڵانی ئێستات و کەسیرەبوونی گیان و دڵ
تا.. تاکو دامرکانی ڕۆح و ڕۆیشتنی ژێر گڵ
کۆڵانەکانی غوربەتی ئێرەت وڕ و کاسن
دیوارەکانی گۆشت و ئینسانی هەموو ئاسن
ئاسۆگی ئێرەت خۆڵەمێشی ڕەنگە، لێڵ و ڕەش
ڕێکلامە؛ هەرگیز لێرە نابینی تریفەی گەش
***
کۆڵانەکانی غوربەتی ئێرەم گەلێک شەنگن
پەنجێرەکانی ئێرە گەرچی مات و دڵتەنگن

**ژێدەرەکان:**


١.دکتر سید مهدی موسوی، شناسەهای غزل پست مدرن، وبسایت پایگاە ادبی متن نو، ١٣٩٤
٢.مهدی عاطف راد، سنت گرایی یا نوگرایی در ادبیات؟، وبسایت پایگاە اطلاع رسانی آتف راد
٣.مهدی رضایی، تکنیک پلی فونی (چند صدایی"، روزنامە ابتکار. ١٣٩٦
٤.جان گێری، دو لیبرالیسم مبتنی بر ترس، ترجمە ساران نجف پور،وبسایت ترجمان علوم انسانی، تهران ١٣٩٢

# چیرۆک

حەقایەتی خودانووسەرەکە و مینۆتۆر/ ئەمجەد غوڵامی | ٧٢
ڕەشنووسی بۆشایی / سروە مەجیدی | ٧٦
سێو بوو یان هەنار؟ / ڤیدا قادری | ٧٨
صبر زرد / ویدا رهبر | ٧٩
من جاناتان، مرغ دریایی نیستم / سمیه کاظمی حسن‌وند | ٨٢
پیربالی ئەدەب
کۆمینیماڵی چیرۆکنووسانی کارگەی چیرۆکی بێسنوور | ٨٥
بۆ: فەرهاد پیربال

# حەقایەتی خودا نووسەرەکە و مینۆتۆر*

ئەمجەد غولامی

هەموو کەس وەک هەموو کەس، من وەک تۆ، تۆ وەک ئەو، ئەو وەک کەسێکی دیکە و کەسێکی دیکە وەک ... و ئاوا تەمەنێکی دوور و درێژ بە دوای یەکتردا دەسووڕێینەوە و بیر ناکەینەوە لە سەرەتای ئەم ڕێگایە، بیر لە چی دەکەینەوە، لەوەی کە بە کەمتەرخەمییەوە لە خۆمان دەڕوانین، لە چارەنووسمان و لە چواردەساڵی ئەو شوێنە کە ئەو تێیدا ڕایبواردووە. دوور و درێژ کە دەڵێم ڕاست مەبەستم ئێرەیە کە سەرمای دەبێ، گۆرانی دەڵێ، ڕادەکشێ، وڕێنە دەکا و زۆر شتی تر... (ئەوسا تۆ لە پەنجێرەی ژوورەکەتەوە بینیبووت، کە چۆن لە ئەستێرەکان دەڕوانێت و پێدەکەنێ، ئەو ئەستێرانەی کە ژماردنیان ڕێک بە قەد ژمارەی نووسەرەکان بێ ژمارەیە).

- هاوینی چواردەهەمین ساڵی بوو...

ڕەنگە تازە دەمانزانی، دوای سەرەتا چەند داماوبووین و بیرمان نەدەکردەوە کە هەموو ئەمانە خەیاڵێکی تورەهاتن کە نووسەرێکی کەنەفتخۆی پێدەخلافێنێ و لەملاولا لەت و کوتی قارەمانەکان کۆدەکاتەوە تا بە یارمەتی قارەمانێکی پازێلی بە گژ ڕووداوێکی تازەدا بچێت. کەچی وەک هەمیشە لە بەردەم ڕووداوێکی دەرەکیدا چەقی دەبەست و پاش سەرخوراندنێکی هیزۆکانە بەرەودوا پاشگەز دەبووەوە و دەچووەوە سەر یەکەم ڕستە و ئێمەش بە دوایدا. ئێستاش کە سەر هەڵدێنین لەوێین، لەو شووێنەی کە ئاریانووس سەری پەتەکەی بەرەڵا کرد و تێسێئۆس بۆ هەمیشە لە لابیرێنتەکە بە لای مینۆتۆردا سەرگەردان بووە ...

[- ئێستا نۆ ساڵی ڕەبەقە...]

کە سەری پەتەکە پسا، ئێمە لەوێ بووین، لەوێ کە هەمیشە بۆ من (ڕەنگە بۆ تۆش) بە قەد تەواو شوێنەکانی تر ترسێنەر و نامۆیە. ئاوا هەستدەکەم لەو پیاوە دەچم کە نیوەڕوانێکی ناوەخت سواری تاکسییەک بووە و پیاوە ڕیشنەکەی تەنیشتی لێی هەلپێچاوە و زوو زوو دووکەڵی جگەرەکەی بە دەموچاویدا دەکا و پێی دەڵێ: "لە بارەی خۆم و خۆت بنووسە"، بەڵام ئەو نووسیویەتی:

- من تەنیا لە بارەی کەسێک دەنوسم کە ڕەنگە ئێوە دواجار بیناسن، یان ڕەنگە هەرگیز نەیناسن.

ئەرێ ئەم شوێنەی کە ئێوە ناوی دەنێن سەرەتا، باشترین شوێنە بۆ پاکانە، بۆ من؛منێک کە وەک مینۆتۆر ساڵ بە ساڵ، نۆ ساڵ دەپێوم هەتا حەوت کچ و کور بێنە لام و کۆرەکەم بۆ برازێننەوە، کەچی تێسئۆس دوای ئەم گشتە ساڵە تەنیا پیاوێکی مت و مۆڕی دی کە بێ پرسینەوە سەری بە ژووریداکردبوو، پیاوێک کە نە من دەمناسی و نە ئەو بێزی دەهات بیخودات.

ڕەنگە ناسینی کەسەکان لە تاقەت ئەم نووسراوە و ئەو لابیرێنتەدا نەبێ، کەچی دڵنیام ئەویش تێگەییوە کە خولیاکانی من ماویانە ببنە خاوەن بیچمێکی سەربەخۆ، ماویانە لە چنگ سەرتایەک ڕزگارییان بێت کە ئاوای پێکردووین. دڵنیام کە هەرچی هەیە، هەر هەمووی لە ئەستۆی ئەو دایە کە ڕووداوکان یەک لە دوای یەک بەرەوڕوومان دەبنەوە و وەک شەڕکەری دۆڕاو بەرەو دوا دەمانگەڕێننەوە و خۆیان بۆ هەمیشە لێرەدا دەهێڵنەوە. کەچی ئێوە باش دەزانن "خۆ هەر نووسەرێک نووسەر نییە" کە بێت و زۆر ئاسوودە خولیاکانی من بدا بەدەم قاقایەکی خیسەئاسا و لە هەڵدێری زەمانەوە بەریان داتەوە و ئێوە لە دوا نیگادا ببینن کە لە شوێنێکی دوور دەڕوانێ، لە داهاتوو یان لە ڕابردوو، یان ڕەنگە دەڕوانێتە شوێنێک لە مەودای نێوان هەردووکیان.

[مینۆتۆر سەری داخستبوو و نەیدەزانی بۆ لەم نێوانەدا گیرساوەتەوە،کە قووڵتر دەیڕوانی، گیرۆدەتر دەبوو وزیاتر خۆی دەدا بە دەم ئەم خەیاڵەوە و لەم لابیرێنتەدا خۆی دەگرتەوە...]

- خودا نووسەریش وا بوو!

ئەو بیر دەکاتەوە ڕەنگە ئەم نووسەرە، ئەم تۆیە، ئەم تێسێۆسە، هەموو وێکرا بە گاڵتەیان گرتووە و گەمەی پێدەکەن، ئەویش ڕاست لە سەرەتای "سەرەتا"دا، هەر بۆیە دەتۆرێ و پشتمان تێدەکات و نازانێ لە گەڵ ئەو کەسەی سەرەندەری خولیاکانی ناکات، چ دەکات. ئێمە کە بیری لێدەکەینەوە، تازە دەزانین لە بەشێکی زۆری ئەم چارەنووسەدا بەشدارین، چارەنووسێک کە زەمان خشت بە خشتی دیوارەکانی بە چواردەورماندا کێشاوە و ئەوندە بەرز ڕۆیشتووە کە گەر کەسێک بە ڕێبواری بە لایدا تێپەڕێ و سەری پێوە بنێ، تەنیا و تەنیا وێنەی خۆی تێدا دەبینێت و بەس. ئەویش نە هەر وێنەیەک، بەڵکوو تەنیا وێنەی کابرایەکی مت و مۆڕ، بە باڵایەکی بیچکۆلانە، بە ڕۆخسارێکی بێ لووت، بە سەد و یەک کەڵپەی درێژ و نابار، کە چاویلکەکانی خستۆتە پشت شاخەکانییەوە و بیر لەو ڕۆژانە دەکاتەوە کە ئەهریمەنەکان وەک پەتایەکی سەوز دڕژێنە ناو ڕەگ و پۆمانەوە، هەر بۆیە پێدەکەنێت و دەبووڕێتەوە و دەستێک بۆ خاوەن نیگاکان هەڵدێنێ، وەک ئەوەی پێیان بڵێت:

- ئەمە چارەنووسی هەموومانە!

ڕەنگە ئەوساش هەر ئێوە بوون لە بیرمدا بیرتان کردەوە کە؛

- خەیاڵ ڕێگایەکی وادەبڕێ.

ئەگە وابێت کە بیر دەکەنەوە، کە بیر دەکەینەوە، ئێتر چارەنووس چ نییە جیا لە چەن دەستەواژەی بێ نرخ و بێ کەڵک کە هەموومان پێوەی گیرۆدەین و کەس هەواڵی پەتێکی پساوە ناپرسێت. بەڵام ئەهریمەنەکان، پەتا سەوزەکان ئەوندەش خەیاڵ نیین کە بیریان لێ نەکەینەوە، دەترسم کە نەترسانە دڵخۆشی خۆم بدەمەوە کە ناگەنە سەرمان و نابینە یەکێک لەوان...

- هیج خودایەک بە ڕێگای تێسێئۆسدا ناڕوات!

بەڵام دەڕوات، دڵنیام کە دەڕوات، دەنا دەترسی و خودابوونی لێنایەت.

[کەسێک لە لابیرێنتەکەدا پرسی: کە هاتیتە ئێرە بیرت کردەوە کە هەمیشە لە بیرکردنەوە دای؟ تێزە بێدەنگبوو، دانیشتبوو و بێ فکرانە ئێسکەکانی مینۆتۆری دەکرووزاندەوە. دەمێک بوو ئەرکی خۆی بە جێ هێنابوو، ئێستا نۆرەی ئاریانووسە کە سوراخی پەتێکی پساوە بگرێت، بەڵکوو هەر هیچ نەبێ لە پرسە و وەڵامیان دوو خودای تر لە دایک بێ، دوو کورپەی کرچ و کاڵ.]

”که له دایک بوو، بۆن و بەرامەی ئەم جیهانە دایگرت و ئەو گریا“، ئەمەتان ڕەنگە لە شالیر بیستبێ یان هەرگیز نەتان بیستبێ، هەرچی بێ بیر گیرۆدەبوونێکمان دەخاتەوە کە هەمیشە لێرەیەوە و دەشبێت. هەر بۆیە ئەویش بە دەم بزەیەکی ساردەوە نەیزانی چۆن ڕیشنەکە تێگەیێنێ و حەقایەتێکی بۆ هەڵبەستێ، نەیزانی لە خۆیەوە دەست پێبکات، یان لە جگەرەی شۆفیرە تاکسیەکە کە لە ئاوێنەکەوە لێی دەڕوانی، یان بە سەر ڕۆخساری کابرادا هەڵبڵێت و باسی دیوارێکی ئاوێنەیی لا بکات کە کەسەکان بە وێنەی خۆیان هەڵدەفریوێنێ و ناهێڵێ کەس سەرەندەری چارەنووسی ئەو ئاوێنانە بکات کە ئەوندەی شوشەیەکی ڕووت،هەموو نیگاکان بۆ دەرەوەی خۆی ڕادەکێشێت.
[تێزە هەڵتەک هەڵتەک خۆی تا لای کابراکە ڕاکێشا و ئێسکەکەی بەرداوە و:
- تۆ خۆ لە سەرەتادا نەبووی ... بووی؟ ئـــەی بۆ ناڵێی ئاریـــانووس کە پەتەکەی پساند بیری لە چی دەکردەوە؟]
پیاوی ڕیشن یان شەبکە بە سەر، شتێکە وەک حەزێک بۆ وێناکردنی شتێکی جیاواز، وەک کەسێک کە زۆربەی نووسەران حەزی پێدەکەن، کەسێک کە وەک کەس ناچێت و هەمیشەش پێرسۆناژی چیرۆکەکانە. تۆ بڵێی؛ حەزێکە بۆ ئاسوودە بوون، یان...
- یان بۆ بە لارێدا بردن؟
نا، شتێکی تر، شتێک وەک ئاوێنە و تاقانە. شتێک کە دەیتوانی زۆر بە کاوەخۆ تێسێئۆس (یان مینۆتۆر) لە خشتە ببات و ناویان لە هەرچی نووسراوەیە پاک کاتەوە و هەر خۆی بە تاقی تەنیا و سەرەڕۆیانە بە بەر درگای ماڵی نووسەرەکاندا پیاسە بکات و بە گەز و نیوێک بیپێوێ و نووسەران دەربازکات لەو شوێنەی کە پێی دەڵێن ”سەرەتا“، هەر بۆیە تا ناوی دێت نووسەران بە هەڕاکە دەرگای لە ڕوو دەکەنەوە. بەڵام خوانووسەرەکان وانین، ئەوان هەموو ژەم و دەمێک بیریان بە لای تێسێئۆس و ئاریانووسە و تا ئاخری زەمان بە دوایانەوەن. دڵیان نایەت کۆتایی بە حەقایەتێک بێنن کە حەقاتەتی دیکەی لێدەکەوێتەوە، پێرسۆناژی ئەمان لە کۆڵانی خۆی بەدەر لە هیچ کوێدا سووڕ ناخوات و لە هەر کوێ بێت، بەسەرەتای زەوی دەزانێت. ئەو کەسێکە کە سەرمای دەبێ، ڕادەکشی، وڕینە دەکا و زۆرشتی تر، ئەویش ڕێک لەو شوێنەی کە ناومان ناسەرەتا؛ لەو شوێنەی کە کەستان نەیپرسی: بۆ چواردەساڵ؟ یان بۆ سەرمای دەبێ،ڕادەکشی، وڕینە دەکا و زۆرشتی تر؟ یەکەمجار کە دیتم، نە من بەردەماو خۆڕیچیرۆک بووم نە ئەو قارەمانێکی پازێلی، ئەوسا کە بۆ تۆپەکە داهاتمەوە، بیرم نەدەکردەوە، کە نەکا بیر دەکاتەوە، ئەو منداڵە لە داهاتوودا دەبێتە نووسەر، یان شتێکی ئاوا. کە هەستامەوە نۆ ساڵی پێچوو بوو و من ببوومە نووسەر، کەچی ئەو هەر وەک خۆی سەرمای دەبێ،ڕادەکشی، وڕینە دەکا و زۆرشتی تر. ئەمجارەیان لە ژێر دارتیلەکە منی دی و بێ هەست و خوست هاتە بن گوێم و بە سرتەوە پێی وتم:
- نازانی کێ ئەم چرایە هەڵدەکات؟
نازانم لە کام چرا دەپرسی، ئەم لابیرێنتە زۆر دەمێکە تاریکە ...
- دەڵین بە دەستی شارەدارە، دەیناسی؟
”شارەدار“ـەکەی بە تەوسێکی وەهـــاوە دەربڕی کە من زۆر شەرمەندە لام لێکردەوە و وتم: ڕەنگەوابێ...
ئەو وەک نەیبیستبێ خۆ کێشایە نێو تاریکی و من بە دوایدا، گوێم لێبوو، بە دڵپڕییەکەوە وتی: مەردی ئەڵڵابە پێی بکوژێنەوە، خەوی لێ حەرام کردووم... دڵنیام هیچکاتی ژیانم شەکم لەم وتەیە نەکردووە، بەڵام ئێستا لێی بە گومانم و نازانم ئەوەی وتووە یان نا؟ هەرچی جاریشە ئەمانەت بۆ دەڵیم و تۆ وەک نەتبیستبێ، سەرێک ڕادەوەشێنیت و پێم دەڵێی:
- ئەم هێڵە بۆ بێ کۆتایی دەچێ، کەچی بەمەشەوە هەر دایەرەیە. بەڵام من هەر دڵنیام حەقایەتی نووسەرەکان بۆ ئەو بەشێکە لە ناحەقایەتی ئەم خەڵکە، بەشیکە لە زۆر شتی نەوتراوە، کە تا نەیبیستی، سێڕی کەست لا ئاشکرا نابێ و هەر وا لە ”سەرەتا“دا جینگەڵ دەدەی. کەواتە جیاوازی من و تۆ، تۆ و ئەو، ئەو و من لێرەدایە، لێرە کە پێی دەڵێن؛ سەرەتا. من دەزانم کە ئەگین چارەنووس نەبایە، خۆ تێسئۆس نەدەگەڕاوە ناو لابیرێنتەکە و ملی لە ئێسک خواردن نەدەنا و من و تۆی یەخسیری ئاوێنەکان نەدەکرد و من و تۆش شاخمان لە شاخی ئەم کابرایە نەدەگیرا، کە وەک کەس ناچێت؛ نە وەک ئەوان، نە وەک خۆمان و نە وەک کەسێکی تر یان هیچکەس.
[تێزە سەرێکی هەڵێنا و چاوێکی بە بەژن و باڵایدا خشاند و وەک شەرمێک دایگرتبێ لە بەردەم خۆیەوە وتی:
- برسیمە، نۆ ساڵە کە برسیمە.]
کەمترین و تاقانەترین نووسراوە لە سەرەتادا دەنووسرێ و تۆش ئەمە باش دەزانی– هەر وەک چۆن دەزانی شازترین و گرینگترین شوێنی نووسراوەیە- ڕێک وەک ئەو کە باش دەزانی، لە کەسیتر ناچێ، چواردەساڵ کەمترین بەهایەکە کە لە پێناو ڕۆشنایی دایناوە و هاوار لە شارەدار دەکا و ڕەنگە زۆر کەسی وەک من و تۆی کردبێتە ڕاسپاردە، وەک من و تۆ ... چواردە ساڵ کەمترین تەمنیکە کە گۆرانی بڵێ و بیر نەکاتەوە، لە ڕۆشنایی بترسێ و بیر نەکاتەوە، سەرمای ببێ و بیر نەکاتەوە، پیاسە بچێ و بیر نەکاتەوە، یان هەمیشە لە بیر کردنەوەی ئەو ڕۆژەدا بێ کە من بۆ بیرم نەدەکردەوە ئەمرۆ دەبمە نووسەر و ڕادەسپێردرێم بۆ لای شارەدار، یان شتێکی ئاوا. لێرەدا لە نێوان هێڵەکەی تۆدا ون دەبم و کەسێک بیرم دەخاتەوە، کە پەتەکە زۆر پێشتر پسابوو، ئەوەندە کە ئێوە باش دەزانن؛ پەتەکان نەشپسێن، بەرەڵا هەر دەبن، دەڕوێنەوە، دەڕزێن ...، یان هەزار زەهرەماری تر. نازانم ئەو قەرارە بیر نەکاتەوە بۆ چاوی بڕیوەتە سەر وێنەی کچەکەی، کە حەوت ساڵ بەر لە نووسەربوونی من و تۆ خۆی ئاگردا و ئەمی شڵەژاند، نازانم بە هۆی ڕۆشنایی ئاورەکە بوو یان هەڵفرینی کچەکەی. نازانم، تۆش نازانی و دڵنیام خویشی نازانێ. کەچی لەو ساتەوە، بزەیەکی ناوادە هەروا لە نێوان ئەم و وێنەکە بەرەڵا ماوە و لێنابڕێت.
[تێزە هەرچی لە خۆی وردبووەوە، نەیزانی حەق بە کامیانە، بە ئاریانووس کە پەتەکەی پساند، بە پەتەکە کە پسا، بە سیفائە کە ...، یان حەق بە زۆر کەسیترە کە هەر لەو دەوەرووبەرەن، کەچی ئێستا بە دڵنیاییەوە دەزانی حەق بە مینۆتۆرە، بە تێزە!]
کە ئاور شاڵاوی هێنا، کەس دەرەتانی بۆ نییە، ئاور لە دردونگییەوە دێت و لە چارەنووسدا کۆتایی پێدێت، بەڵام کە گەیشت، کچە بە چۆکدا دێت و ئەو هێلێکی دەبینێ لە نێوان دوو مەمکۆلە کە دڵۆپ دڵۆپ لە گەڵ کراسە ئاودامانییەکەی دەڕژانە خوارێ و بۆ لای ئەم ڕێگایان دەبڕی ...
- تۆ بۆ کچم، خۆ شارەدار بە قەد هەمووماني پێدەکرا...
[تێزە چاوی لێ تیژ کردەوە و وتی: دەڕۆم و خۆم لە چنگ ئاوینەکان ڕزگار دەکەم و لە سەر کەس ڕاناوێستم، ئەرێ دەڕۆم و ئەو شتەی داومە بە ئاریانووس لێی دەستێنمەوە و ئەوسا تۆ بێرە جێی من. ئەو چاوی هەر لە سەر ئێسکەکان بوو، کە تێزە چووە ژێر گوێی و پێی وتەوە: تۆ و ئاریانووس باش لە یەک دەگەن، خۆ وەک منت پێناکات، بەڵام ئەمانە تا نۆ ساڵیتر ناکرێ، دەکرێ؟]
تۆ کە هاتی، من هەتا ئێرە هاتبووم، ڕێک هەتا ئێرە، ئەوەندەی نەمابوو، ڕیش و چاویلکەکەشی بۆ دابنێم، هەمووی ئەمانەم بە بیری ئێوە دەکرد بەڵکوو ئێوەش لەم چارەنووسە بەشـــدار بن و لە جیاتی مـــن وەڵامی خوێنەرەکەش بدەنەوە ...

-نایدەنەوە با نەیدەنەوە، زۆر کە نییە.
کە گەیشتم بڕوام نەدەکرد، چۆن چۆنی لە سەرەتا پەڕیومەتەوە و جێم هێشتووە. ئەگە قاوقیژی ئەهریمەنەکان بێڵن، بۆ ئێوەش ڕوون دەبێتەوە دوای ڕاسپاردنەکە، ئیتر سەرەتا، سەرەتا نەبوو.
[تیزە بە تووڕەییەوە پەلاماری کابرای دا و گوڕاندی: ئێستا کە نامدووێنی، تەنیا پێم بڵێ چەندی ماوە ئەم نۆ ساڵە؟]
تۆ هەر لە هەوڵەوە دەتزانی، چاوەڕوانی قارەمانێکین کە لەت و کوتەکان سەر یەک خاتەوە، یان ڕەنگە، قارەمان بوون جیاوازییەکە کە تۆ قەد سەرەندەری ناکەی. ئێستا هەست دەکەم، ئەویش زانیویەتی، سەرەتا چیتر سەرەتا نییە، دەبێ چ تەمەنێکی دوور و درێژ بە دوای ئەم ڕێگادا سووڕابێتەوە و کەس شک نەبردبێکە سەر لە چارەنووسی ئەم و چواردەساڵی ئەو شوێنە دەربێنێ کە تێیدا ڕایبواردووە، سەرمای بووە، گۆرانی وتووە، ڕاکشاوە، ورینەی کردووە و زۆر شتی تر… کەچی زۆر درەنگ زانیویەتی و ڕاسپاردەکانی هەروا وشک و برینگ دارتێلەکان دەتەکێنن و نازانن کە ئەهریمەنەکان پەیتا پەیتا نزیک و نزیکتر دەبنەوە، ئەوەندە…
-ئەوندە کە تاقانەیەک شک نەبەی؟
نا…نا، دیواری چارەنووسی هیچ تاقانەیەک لە ئاوێنە دروست نەکراوە. تاقانەکان تەنیا لە حەقایەتەکاندا سەر دەنێنەوە و نووسەرەکان فریایان ناکەون. بەڵام حەقایەت لە کوێ و ئەم نەگبەتە لە کوێ. تۆ دەزانی دیوارەکانی هەمان دیوارن، تۆ دەزانی ئاوێنەکانی هەمان ئاوێنەن و ڕواڵەتەکان هەمانن. ڕەنگە ئەمانە تەنیا تۆ دەیزانی و بەس، هەر تۆ دەزانی کە کەم نیین ئەوانەی وا دیواریان بە دیواری ئەو دەپێون، تەنانەت خۆشمان واین.
[تیزە ئێسکەکەی مینۆتۆری تووڕ دا و بە لێوەلەڕەیەکەوە وتی:
- مەگە نەبوویەتە ڕاسپاردەی ئاریانووس، مەگە تۆی نەناردووە مینۆتۆر بکوژی، دە سڵ مەکە، بیکوژە دەی…
کابرا ئێسکەکەی هەڵگرت و بە قەد باڵای ئەو هەڵی هێنا و لە سەرەخۆ وتی:
- ئاریانووسنۆ ساڵە مردووە … خۆی ئاگردا، نەتزانی … کڵۆڵ؟!]
ئەو دەڵێ: ئەم جۆرە کەسانە شەرمەندەی منداڵەکانیان.
تۆ دەڵێی: نا لە سەر هێڵەکە بوو، پیاوێکی تر لە پاڵ ژنەکەی.
من، نازانم بۆ لام وایە، ئەمانە گشتی بەشێکن لە چارەنووسە بەشداربووەکە، هەر بۆیە دەبێ سوێندی بۆ بخۆیت و کەس لێت تێنەگا.
- کەس لێت تێناگـــا، تۆ بۆ دەیرێسی؟
ئاخر… ئاخر… نازانم چۆن بوو گەیشتمە ئێرە، من کە یەخسیری سەرەتا بووم؛ کە نەمدەزانی چۆن چۆنی لێی بپەڕێمەوە، ئەویش کاتێک کە پێموابوو گەیشتوومەتە شوێنێک کە هەست دەکەم ساتێکی تایبەتە، ساتێک کە هەموو ساتەکان تێیدا کۆبوونەتەوە وفەوتاون، هەموو شتێ بۆ هەمیشە تێیدا ڕوودەدا و ڕوونادا، ساتێک کە تێیدا خەڵکی دەزانن چی نین و چێن و بۆ هەمیشە تێیدا دەژین. ئەریێ دڵمان بەم ساتەکەسکە خۆشبوو، هەر بۆیە وێکرا سەرمان کرد بە ناو چارەنووسدا و تا بەردەمتان نەوێستاین، بەڵام کە خۆمان گرتەوە لەوێ بووین لە ناو تاکسیەکە و لای ئەو، بۆنی دووکەڵی جگەرەکە بە ناو دەماخماندا باوەخولیی دەخوارد و ئەو لێ نەدەبووەوە و ئەم بیری دەکردەوە لە کوێی چیرۆکەکەیدا باسی کابرایەکی شەبکە بەسەری ڕیشن بکات.
ئێستاش کە لە درگا دەدەن، دەزانم ئەهریمەنەکانن، هاتوون دوای نۆ ساڵ منیش ببەن، دەزانم تۆش تاقەت نایەنی و لەم دێرە بە دوا حەواڵەی خوێنەرەکانم دەکەیت و بەجێمدێڵی، بە لای ئەو کابرایەی کە نازانم لە کوێوە هات و پاڵی دا بە پاڵی ئەوەوە و دوای لێکردبوو؛
- لەبارەی خۆم و خۆت بنووسە!
ڕەنگە ئێوە هەر لە سەرەتاوە دەتانزانی کارمان دەکێشێتە ئێرە، دەتانزانی خوانووسەرەکان هەمیشە ترسی ئەم شوێنەیان بووە. هەر بۆیە ئەو دەنگی لێ بەرز بووەوە و هاواری کرد:
- هەر دەمزانی لە شوێنێکی ئەم نووسراوە بە گاڵتەم دەگرن.
[ تیزە ڕەنگێکی هێنا و بردی، کابرا دەستی شل کردەوە و ئەو بە چۆکدا هات و دووپاتی کردەوە؛
- نۆ ساڵە ئاریانووس ناماوە … خۆی ئاگردا، نەتزانی تیزەی کڵۆڵ؟
پاڵێکی بە کابراکەوە نا و ئەوی دا بە هەنگەڵ ئاوێنەکەی بەردەمی و ئاوێنە وردوخاش بوو؛
ژوورەکەم یەک لە سێیەک دەبێ. لایەکی بۆ ئاودەست بڕدراوە و لە لایەکەی دیکەشی دەخەوەم. بە زەحمەت جێی سەروقوونم دەبێتەوە. ماوەکەیم لە دەستی دانێ. مانگ زیاترە لێرەم. دەرگای ژوورەکەم دەلاقەیەکی تێدایە و لەوێڕا نان‌وچام بۆ دەهێنن. کەم واهەیە سەرێکم لێهەڵبێنن. هەر دەستێک بەو دەلاقەیەدا دێتە ژوور و شتەکانی دادەنێ و ون دەبی. دەربیچەیەکی چکۆلەش دە بەری میچی دایە و تاقە ڕووناکاییەک بەوێدا دێتە ژوور. لەو وەختەی کە بۆ یەکەم جار هێنایانمە ئێرە هەتاکوو ئێستا نزیکەی سی خولەک ڕۆژ درێژتر بۆتەوە. حەوت ڕۆژە تووشی گۆڕانێک بووم. لە ماوەی ئەم حەوت ڕۆژە نە بۆ کاری سووک و نە بۆ کاری قورس نەچوومە سەر ئاودەست. ڕۆژی یەکەم و دووهەم کاری سووک و قورسەکەم لەسەر پیلکانی نێوان ئاودەست و جێخەوەکەم کرد. ڕۆژی سێهەم و چوارەم میزم بە موکێتی سەر حەرزەکەدا کرد و پیسایی‌شم هەر لەوێ کرد. ڕۆژی پێنجەم و شەشەم هاتم و ڕاست لەسەر باڵەنجەی لە ژێر سەرم دەنا، ڕیام و تێی میزتم. ئەوڕۆ ڕۆژی حەوتەم بوو. هەر بە پێوە میزم بە دارودیواری ژوورەکەمدا کرد و هەر بە پێوەش پێی‌دا ڕیام. لە ژوورەکەمدا کونێکی بچکۆلانە هەیە کە لوولەی ئاوی ئاودەست بەوێدا دەپەڕێتەوە ژوورەکەی تەنیشتم. دە ڕۆژ لەمەوبەر دەبوو هەستم کرد ئەو ژوورەش کەسێکی تێدایە. بێتاقەتی دەنواند. دواتر تێگەیشتم وانییە. بە زەحمەت لە خۆم تێگەیاند و بووینە ئاودەنگی یەکدی. سەری سێهەم ڕۆژ بوو بڕیارمدا.
"دار و بەردی ئێرە دەبێ پێی‌دا هەڵمیزی. ئێرە بە تڕان گەرم دا هاتووە."

سبەی میز بەو دەستەش‌دا دەکەم کە خۆ بە دەلاقەکەمدا دەکات.

## ”فەرد“

عەباسی فەنایی

سەرەساڵە و پێنج شەممەیەکی پرتەقاڵی.
وتارەکەی تەواو کردوو و گوتی: ”کێ پرسیاری هەیە؟“ پەرۆشبووم، هەرگیز لەنزیکەوە پێشتر نەمدیبوو. دەستم بەرزکردەوە و بێ ئەوەی ڕێم پێبدا، گوتم: ”دەتوانم پرسیارێک بکەم؟“ بزەیێکی کردوو گوتی: ”تۆ تازە هەڵستاوی فەرموو!“ پارچە وەرەقە دوولەتەکەمم دەرهێنا و لە ڕێزی پێنجەمەوە دەستم پێکرد بەوەی: ”فەرهاد کەی زانی فەرهادە؟ ئەی کەیبوو بە فەرد؟“ کە ئەوەی بیست لەسەر کورسی بێ ئۆقرەی هەڵسایەوە و ڕای کرد ڕوە و من لەبەردەمم چەق بەستووبوو. دەستی نزیک کردەوە دەستی توند توند کوشیم و ماچی هەردوو لامی کردم و گوتی: ”من ئەمڕۆ وەڵامی ئەوەت نادەمەوە“ چوونکە نابێ هەموو کەس لەبارەی فەرهادەوە بزانێ. پشتی تێم کرد و دەستەکانی بەرزکردەوە بە چەند هەنگاوێکی گەورە گەڕایەوە شووێنەکەی خۆیی.
باش تێگەیشتم فەرهاد لەپشتی چوار چینەوە فراوانتر لە هەر یەک لە ئێمە تێ دەفکرێ؛ بۆیش ئەو ڕۆژە سەر کز دانیشتمەوە جێگاکەی خۆم.

## ”زەبروزەنگی چەك و چیا“

بیژەن ڕەحمانی

کاتێک کە لە سۆربۆن هاتەوە; نەیدەزانی وانەی ئەوین گوتنەوە, لە وڵاتی چەک و پارە دا, چ ئاکامێکی بەدواوەیە! لە چل و سێهەمین ساڵی تەمەنی دا, هەشتاوشەشەمین کتێبی نووسی. لە هێڵی 2018ی کتێبی 58ی دا, باسی منداڵئازاری کردبوو. چونکە لە قامووسی زەلامەکان دا, قەت باسی ئەوین و منداڵ نەکرابوو; بە تاوانی گیرۆدەبوون شێتاندیان بۆ شێتخانەی زەلام. مناڵانی ئەو وڵاتە چیتر خەونییان بە هەورەوە نەدیت; هەموو شەوێ لەخۆ دەمیزتن!

## ”ئاوڕ“

موحسین سوبحانی

هەموو جارێک کە لە دووکان دەچمە ناو ئاودەستی ئەو مزگەوتەی تەنیشتمان، دوای دانیشتن و سووک بوونێکی بە لەزەت، دەستم دەخەمە ژێر چەنە و قەوەتێکی درێژ دەکەم و لە دیواری ئاودەستەکە ورد ئەبمەوە:
مەرگ بۆ .....
پیرۆزە ڕۆژی .....
ژمارەی ... جندە ۰۹ ......
بژی حیزبی .....
دایک و خوشکی.....

.          .          .          .          .

ئەمانە و بە دەیان دروشمی جۆراوجۆر کە هەندێکیان ڕەش کراونەتەوە و هەندێکیان لە سەر سرامیکەکە کاڵ بووون و سڕدراونەتەوە و هەندێکی دیش هێشتا ڕەنگەکانیان وشک نەبۆتەوە. هەموو جارێ ئاودەستەکەم دەگۆڕم. لەم ئاودەستەوە بۆ ئەو ئاودەست. لەمیانەوە بۆ ئەویان. لەویانەوە بۆ ئەویتر. کەچی دەبینم تێکڕا پڕن لە دروشم و قسەی دڵی ئەوانەی ئێرە بەسەر ئەکەنەوە. شتگەلێک کە لە دەرەوە پێناوێرن بێژن و لێرە بە ماژیکی توخ هەڵیئەڕێژن. ئەم بەیانییە دوای هەستانم ئاوڕێکم لە پشتەوە دا و بەسەرسوڕمانەوە بینیم کە دیوارەکەی پشتم هەر وەک خۆی ماوەتەوە و هیچ شتێکی لەسەر نەنووسراوە و لە دەرگاکە و لەو دوو لا دیوارەکەیتر پاکترە! هەموو ئاودەستەکانی دی گەڕام و هەر هەمان شت بوو. بۆیە بڕیارمدا ئەمجارە کە هاتمەوە بۆ حاجەت لە دیواری دواوەی هەموو ئاودەستەکان بنووسم: ”دیتت چۆن گووت بە ئازادیدا کرد؟!“



## ”پیربالْ...“

شەرمین ساڵحی

یەکەم جار لە پارکی ئازادیا بینیم؛ وتم: نا ناکرێ؛ لێرە و لەم کات و ساتا؟ ئەو ئیسە ئەشێ لە زیندانی هەولێر بێت، لێرە چی ئەکا؟ وردتر کە لێم ڕوانی بینیم نا خۆیەتی هەمان قیافە و سەر و پۆرتک کە لە گرتە ڤیدیۆییەکان و لە کەناڵەکانی باشوور بینیووم؛ بـا“ قژە سپییە ئاڵۆزەکەی زیاتر پەرێشان کردبوو، جار جار مژێکی قوڵی لە جگەرەکەی دەدا و بە مشارێک تەختەکەی بەر دەستی دەبڕییەوە؛ سام گرتبوومی و زاتم نەبوو لێی نزیک بمۆ. لە نزیک گۆڕەکەی شێرکۆ، تەختە و دارێکی زۆری بە دەور خۆیا کۆ کردبووەوە و دواتر بە بزمار لێکی ئەدان؛ نازانم بۆچی ئەو کەسانەی لەوێ بوون، هیچیان بۆ ساتێکیش سەیری ئەو دیمەنەیان نەئەکرد، وەک ئەوەی نەیبینن، پشتیان تێئەکرد و لە پاڵیۆ ئەگوزەران. نەمئەزانی لەوێ چی ئەکەم و چۆن ڕێم کەوتۆتە ئەم پارکە، دامان نابوو لە تەک دەزگیرانم بەرەو هەولێر بچین، بەڵام زۆر سەیر بوو من لە سلێمانی بووم و لە پارکی ئازادی! سەیرێکی دەور و پشتم کرد هیچ نیشانێک لە دەزگیرانم نەبوو، تەنیا خۆم بووم بە کیفەپشتییەکەمەوە لە سەر نیمکەتەکە دانیشتبووم. شپرز و مانوو، سەرم لێشێوابوو؛ هەرچیم ئەکرد توانای نزیک بوونەوەیشم لێی نەبوو، دەنگەکان لە مێشکما هات و چۆی ئەکرد، فەرهاد شێت بووە، شێت شێت شێێێێت تتتتتتت. دەترسام چون زۆر بە تووڕەیی تەختەکانی دەبڕیەوە. هەستم ئەکرد لە نێو دارستانێکی سامناکا ون بووم و هەر وەختە ئاژەڵێکی وەحشی هێرش

کاتە سەرم. لەو خەیاڵانا بووم کە دوو کەسم بینی بەرەو ڕووم دەهاتن، ژنێک و پیاوێکی گەنج بوون؛ وتم ئەتوانم لێیان بپرسم فەرهاد لێرە چی ئەکا و بۆ خەریکی بڕینەوە و لێکدانەوەی ئەو تەختانەسە؛ کاتێ تەواو نزیکم بوونەوە، وتم: ئەرێ ببوورن ئێوە ئەزانن فەرهاد لێرە چی ئەکا؟ ببوورن خاتوون، کاکە..لە تەک ئێوەمە، گوێتان ها پێمۆ؟ بەلام بێ ڕوو کردن لە من بە قسەی خۆش و پێکەنین لە پاڵمۆ ڕەد بوون. هاوارم کرد: ئەرێ نامبینن؟ ئێوە کەڕن چین ئێژم فەرهاد لێرە چی ئەکا؟ هەستم کرد فەرهاد گوێی لە دەنگم بوو، چونکا دەسی لە مشارکردنی دارەکان هەڵگرت.

ترسێکی زۆر سەرتاپێمی گرتبوو، هەڵسامەوە، قاچەکانم دەلەرزین هەنگاو هەنگاو ئەچوومە دواوە، لە پڕا هەڵکەوتم و بە عەرزا کەوتم؛ تازەم زانیبوو تەواوی ئەو کەسانەی لە پاڵمۆ گوزەریان کردبوو، نەیانبینیبووم؛ هێشتا لە سەر عەرزەکە کەوتبووم کە دەسێک بەرەو ڕووم درێژ کریا، فەرهاد بوو، بە دەسێک مشارەکەی گرتبوو و دەسێکیشی بەرەو ڕووی من ڕاکێشابوو؛ زانی زۆر ترساوم، زەردەخەنەیەکی بۆ کردم و هەڵیساندمەوە. هەستم بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکرد. تا لای تەختەکان بردمی و...

هەرچی سەیرت دەکەم ڕوخسارت ئاشنا دێتە بەر چاوم پێدەچێ ڕۆژنامەنووس بیت و پێشتر وتوو وێژت لە گەڵدا کردبێتم

وتم: نە ڕۆژنامەنووس نیم و ئەمە جاری یەکەمە ئەتبینم

وتی: زاراوەت دەڵێ خەڵکی ڕۆژهەلاتی

وتم: وایە کچی ڕۆژهەلاتم و لە تەک دەزگیرانم بەرەو هەولێر ئەچووین، نازام چۆنە ئیسە ڕێم کەوتۆتە ئێرە و لێرە ئەتبینم

وتی: چەند ڕۆژە چاوەڕێت دەکەم، ئێمڕۆ ئێشم تەواو دەبێت تۆ دەبێ بیبینی عارەق بە سەر و گوێیا ئەهاتە خوار و بزمارەکەکانی تابێ توندتر دائەکوتا، وتم: فەرهاد بە تەمام ببم بە چیرۆکنووس... شانەکانی بەرز کردەوە و هەڵسایە سەر پێ و هاتە نزیکمەوە، چاوی لە نێو چاوانم بڕی و وتی: دەزانم بەلام بۆ ئەوەی ببی بە چیرۆکنووس دەبێ سەرکێش بیت، ئەوەندە سەرکێش کە بتوانی بە شتە پیسەکاندا هەڵمیزی!

وتم: هەڵمیزم؟ بۆ ئێمە ئەتوانین هەڵمیزین؟

وتی: ئەرێ دەتوانی بە جەستەت بە قژ بە جنێو و هاوار، هەڵمیزە بە هەرچی ناحەقی و ناڕەواییەکدا، دەبێ بقێڕێنی ئێمە میللەتێکی کەڕین گەر نەقێڕێنین لە یەکدی حاڵی نابیین...

وتم: باشە فەرهاد، پێم نایەژی خەریک چیت ئەم هەموو تەختەیەت بۆ چییە؟ وتی: دەمهەوێ کتێبخانەیەک دروست بکەم و تەنیا کتێبەکانی خۆم و شێرکۆی تێدا دانێم. دوێنێ شێرکۆم بینی داوای لێکردم لە تەنیشت گۆڕەکەی کتێبخانەیە ساز بکەم بۆ هەردووکمان، کتێبخانەکە زۆری نەماوە و بە زوویی تەواو دەبێت.

وتم: بەلام خەڵک ناتبینن و لە پاڵتۆ، ڕەدئەبن چۆن دوایی کتێبخانەکەتان ببینن؟

وتی: ئێستا کەمن، ئەو کەسانەی من دەبینن و گوێ لە قسەکانم دەگرن و باوەڕیان پێی هەیە؛ ئیمڕۆ شێتم سبەی کە هەواڵی مردنم بلاو بووەوە، هەموو گوێقولاخ دەوەستن خەمت نەبێت. وتم: فەرهاد، فەرهاد فەرهاد... کاتێ سەرم بەرز کردەوە دەزگیرانمم بینی لە سەر نیمکەتەکە دانیشتووە و بە سەرسووڕمانەوە سەیرم ئەکات، وتم: ئێمە ئەشێ ئیسە لە هەولێر بووینایە فەرهاد!

---

# ١٥خولەك

## جێگر بەختیار

دەرگەکەیان تۆزێک بۆ کردوومەتەوە، لەم بۆشاییە دەڕوانمە ژوورەوە، هەوڵ دەدەم دیدارێکی فەرهاد ریکۆرد بکەم، تاوەکو ئەم شەو لە کە ناڵی یوتوبەکەمی دایبەزێنم، هیچ نەبێ ڤیدیۆیی فەرهاد وادەکات زۆرترین بینەر لە دەوری کەناڵەکەم کۆ ببنەوە. خەریکی دانانی کتێبەکانیەتی لە سەر زەویەکە، دانە دانە کتێبەکانی ڕیز دەکات وەک بڵێی بیەوێت بیانخاتە ناو ڕەفەی کتێبخانەکەی. داوای پازدە خولەکی کردبوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەی کۆبێتەوە و وتارێک پێشکەش بکات. گشتیان ئامادەن، بە سێ ڕێز دانیشتوون، ڕیزی یەکەم براکانی، ڕیزی دووەم خوشکەکانی و کچەکەی و خێزانی، ڕیزی سێیەم کوڕەکەی و برازاکانی. تەواوی ئەو کتێبانەی کە نوسیبوونی وا لەسەر زەویەکەن وەک مێزێک لەسەر یەکتر دایناون. خەریکە دەست بە وتارەکەی بکات. چەپڵەیەک لێدەدات بۆ ئەوەی هۆشیان بێنێتە لای خۆیان، دەچێتە سەر کتێبەکان ڕا دەوەستێت، چاویلکەکەی لە چاوی دەکات و سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکات، تەواوی دیدارەکە بە بێدەنگی دەمێنێتەوە.

.

.

.

دیدار کۆتایی هات، فەرهاد شوێنەکەی جێ هێشت.



# تەمەنێک خزمەتی پێنامەگی بە گێڕانەوەی کوردی



**هەڤپەیڤینی**
**”سامالْ ئەحمەدی“**
**لە گەلْ ئوستاد:**
**محەمەد ڕەمەزانی**

**سامال:** مامۆستا، جەنابت وەکو نووسەر و وەرگێڕ ناوبانگت دەرکردووە و بێگومان خوێنەری ئەدەبیاتی کوردی کەسایەتی و نووسراوەکانی جەنابت دەناسن، بەڵام پێم خۆشە لەمەڕ قۆناغەکانی ژیانی خۆتەوە بۆمان بدوێی. لە کوێ و چ ساڵێک لەدایک بووی؟ کەی و چۆن فێری زمانی ئینگلیزی، یان باشتر بڵێم ئەو زمانانەی دەیانزانی، بووی؟ چونکە من دەزانم جەنابت لانیکەم بە سێ زمان دەنووسی.

**محەمەد ڕەمەزانی:** من ساڵی ١٩٦٠ لە شاری بۆکان لە گەڕەکی پشت حەمامی کۆن، واتە گەڕەکی جوولەکەکان لەدایک بووم. خوێندنی سەرەتاییم لە بۆکان و ناوەندیم لە بانە و ئامادەییم لە مەهاباد تەواو کردووە. لە زانکۆی تارانیش باکالۆرم لە بواری ئەدەبی ئینگلیزیدا وەرگرتووە. ساڵی ١٩٨٠ خوێندکاری ساڵی یەکەمی زانکۆ بووم، کە یەکەم بەرهەمی وەرگێڕانم لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ فارسی لە لایەن ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی (سپیدەدم)ـــەوە لە تاران بڵاو بووەوە. بەختەوەرانە ئەمە دواین کتێبی سیاسی بوو، ئیتر توخون کاری سیاسی نەکەوتم، ڕووم کردە ئەدەب و هونەر. کۆلێژی هونەرە جوانەکان بە پەنای کۆلێژەکەی مەوە، واتە کۆلێژی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکانەوە بوو، زۆرتری کاتەکانم لە نێو هاوالانی هونەرمەندم لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، وەکو وێنەکێشان، وێنەگری، مۆسیقا، شانۆ و شانۆی "بی‌بی‌جان"دا تێپەڕ دەکرد. زمانی ئینگلیزی، بەر لە چوونم بۆ زانستگە، ئەودەمەی کە قوتابی بووم لە مەهاباد، بەبێ مامۆستا فێر بووم. هێشتا ئامادەییم تەواو نەکردبوو ڕۆمان و شیعر و شانۆم بە ئینگلیزی دەخوێندەوە. زمانی فەرەنساییش هەر لای خۆم فێر بووم. ئەم کارانەم لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و هەموویان لە تاران چاپ و بڵاوکراونەتەوە:

١. آیا چین می‌خواهد آسیا را ببلعد؟ (ئایا چین دەیەوێ ئاسیا قووت دا؟)

٢. شکست و پیروزی پیکاسو، نووسراوی جان برگر، وێنەکێش و ڕۆماننووس و ڕەخنەگری هونەریی ئینگلیزی. ناوەندی بڵاڤۆکی (شباهنگ) چاپی کرد.

٣. بەدوای ویدا ڕۆمانی Gم هەر لەو نووسەرە کردە فارسی بۆ ناوەندی بڵاڤۆکی ''شەباهەنگ''. ئەمە یەکێک لە ڕۆمانە مۆدێرنەکانی سەدەی بیستەمە و خەڵاتی پولیستری بردەوە و، من زۆرم زەحمەت پێوە کێشا، ناوەندی بڵاوکردنەوەکەی، هەقەکەیشی دامێ، بەڵام داخی گرانم ئەوکاتی (١٩٨٥) وەزارەتی ئیرشاد ڕێگای بڵاوکردنەوەی نەدا. لەباری ئەخلاقییشەوە پێم شەرم بوو، نوسخەیەک بۆ خۆم هەڵگرم، دوارۆژ لە جێیەکی دی چاپی بکەم.

٤. صنعت شیشە، بۆ بڵاڤۆکی ''گوتنبرگ''، بە پێشنیاری خوالێخۆشبوو (عەربعەلی شروە، وەرگێڕی بەناوبانگی کتێبە هونەرییەکان)، کە بڵاویش بووەوە، تەلەڤزیۆنی ئێران لە بەرنامەیکدا بە ناوی (جنگ کتاب)، زۆری تاریفی پەخشانی (نثر) وەرگێڕانەکە کرد.

٥. کتیبی ژیاننامەی (هانری روسو) وێنەکێشی شێواز ساکاری فەرەنساییم بۆ بڵاڤۆکی ''بهار'' تەرجەمە کرد.

٦. خندەی ایرلندی (پێکەنینی ئیرلەندی)، کۆمەڵێ چیرۆکی تەنزی تەنزنووسانی ئیرلەندییە، کە ناوەندی بڵاڤۆکی ''عابد'' چاپی کرد.

٧. بصیرت درون، نوسراوی (جوزف گولدستاین)، لە لایەن ناوەندی بڵاڤۆکی ''سارگل''، لە تاران بڵاو بووەوە.

٨. محاکمە، نوسراوی ''جوزف کافکا''، لە لایەن ناوەندی بڵاڤۆکی ''کولەپشتی''ـەوە لە تاران بڵاو بووەوە.

٩. ڕۆمانیکی فیودۆر دۆستویفسکی، نووسەری گەورەی ڕووس، لە دەقە ئینگلیزییەکەیەوە (A Most Unfortunate Incident) کردوومەتە فارسی و ناوم ناوە (از بد حادثە)، بەڵام بڵاوم نەکردووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٩٠وە کاری کوردیم کردووە. لە گۆڤارە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووردا هەم وەرگێڕانی کورتەچیرۆک و وتاری ئەدەبیم کردووە، هەمیش کورتەچیرۆکەکانی خۆم بڵاو کردووەتەوە. ئەمانەش بەشێکن لە کارە کوردییەکانم:

١. ''مزگێنی''، کۆمەڵەچیرۆکی خۆم، کە ناوەندی بڵاڤۆکی ''موحەممەدی''ی سەقز چاپی کرد. لە دوازدەهەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە تاران پڕفرۆشترین کتێبی کوردی بوو. ئەودەمی میدیا تیڤی Media TV هەبوو، سێ نووسەری باشوور، کە یەکێ لەوان، حەمەسەعید حەسەن بوو، پتر لە سەعاتێک قسەیان لەسەر کرد و زۆر بە محیببەتەوە باسیان کرد. ئەم کۆمەڵەچیرۆکەم، هەرخۆم بە ئینگلیزی نووسیوەتەوە و لە ماڵپەڕی ramazanee@tripod.com دا هەن.

٢. ''دەنگی هەرمان''، کۆمەڵێک چیرۆک لە نووسەرانی ئینگلیزی زمان و ئەورووپاییە، کە لە ئینگلیزیڕا کردوومەتە کوردی و لە سلێمانی چاپ بووە. کاردانەوەیەکی باشی لە دەرەوەی وڵاتیش بووە.

٣. ''هەرا و تووڕەیی''، نووسراوی ویلیام فۆکنەرم لە دەقی ئینگلیزییەوە کردووەتە کوردی. ئەمەیان کاری تازەمە.

**سامال:** مامۆستا، گوتت یەکەم کاری وەرگێڕانی جەنابت لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی بووە، بۆچی بە کوردی تەرجەمەت نەکرد؟

**محەمەد ڕەمەزانی:** ئەودەمی لایەنگری حیزبی توودەی ئێران بووم و لەو ڕوانگەیەوە خەباتی چینایەتی گرینگتر بوو لە خەباتی نەتەوایەتی. بۆیە خەمی ئەودەمەی من کە تەمەنم بیست ساڵ بوو، خەبات لەگەڵ بیری مائۆیسم بوو، بۆیە ڕووم کردە ئەو کتێبەی ئێرنێست هێنری بە ناوی ''ئایا چین دەیەوێ ئاسیا قووت دا؟'' و ئەوەش بە فارسی کردەمەوە نەک کوردی. بەڕاستی زۆر زوو کەف و کوڵی سیاسیم نیشتەوە و دیتم ڕۆحم یەکجار زۆر تینووی هونەرە، تینووی ئەدەبە.

**سامال:** بێجگە لە ڕۆمانەکەی دۆستۆیفسکی، کە گوتت بڵاوم نەکردووەتەوە، بەرهەمی دیکەشت هەیە، کە بڵاوت نەکردبێتەوە؟

**محەمەد ڕەمەزانی:** کاری چاپ نەکراویشم هەن، باسم نەکردوون، بۆ وێنە، کتێبێک بۆ مۆزەی ورمێ لەسەر ''گردی حەسەنلوو''، کە کۆمەڵێک مەقالەی کۆنینەناسانەی ئەمریکاییەکانە لەسەر ئەو دەڤەرە، کە شوێنی شارستانەتیی مانائییەکان بووە.

سامال: مامۆستا، ڕۆمانی ''دادگا''ی کافکا پێش جەنابت دوو وەرگێڕی دیکە، کردوویانە بە فارسی، چۆن بوو داوایان لە جەنابت کرد هەر بە فارسی سێیەمین تەرجەمەی لێ بکەیت؟

**محەمەد ڕەمەزانی:** کاتێ بەرپرسی بڵاڤۆکی ''کولەپشتی'' تەلەفوونی بۆ کردم لە تارانەوە و قسەی لەگەڵ کردم، دیتم هێندێک لە وەرگێڕانەکانی منی خوێندۆتەوە و شارەزای نەسری فارسیی من بوو. گوتم کاکە محاکمەی کافکا دوو وەرگێڕی دی، (علی اصغر حداد و جلال‌الدین اعلم)، یەکەمیان لە دەقی ئاڵمانی و دووەمیان لە ئینگلیزیڕا کردوویانەتە فارسی، من حەز ناکەم کارێکی بە فارسی تەرجەمە کرابێ دەستی بۆ بەرم و دیسان تەرجەمەی بکەمەوە. گوتی ئەمانە هی لەمێژێن. بەو شارەزاییەی لە توانای وەرگێڕانی تۆدا هەمە، کارەکەی تۆ چەند هێندە لە هی ئەوان باشتر دەبێ. قبووڵم کرد و وەرمگێڕاوە و پێشەکییەکی ئابرووداریشم بۆ نووسی. گوتی شتێک دەڵێم لەبەر وەی نیە کە دڵت خۆش بکەم، کتێبەکەتم داوە بە چەند کەس کتێبخوێنیی زۆر کارامە خوێندوویانەتەوە، دەڵێن وەرگێڕانەکەی تۆ زۆر زۆر لەوانی دی باشترە و دەڵێن پێشەکییەکەشت لە باری شان و شەوکەتەوە لە ڕۆمانەکە کەمتر نیە.

**سامال:** بێجگە لەو کارانەی لە سەرەوە ناوت هێنان، کاری دیکەشت بە کوردی هەیە، کە بڵاوت نەکردبێتەوە؟

**محەمەد ڕەمەزانی:** بێجگە لەو کتێبانە، زۆریشم بابەت لە گۆڤارەکاندا وەرگێڕاونەوە سەر کوردی و سەتان فیلمی بەڵگەیی (docu-mentary) و نزیکەی ٥٥ فیلمی براوەی خەڵاتم بۆ زاگرۆس تی‌ڤی Zagros TV لە ئینگلیزیڕا وەرگێڕاوەتەوە سەر کوردی.

**سامان:** مامۆستا، وەرگێڕانی باش بەلای بۆچوونی جەنابتەوە دەبێ چۆن بێت؟ دیارە کە بەرهەمێک لە زمانێکەوە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانێکی دیکە، خوێنەری زمانی دووەم، مەگین بەدەگمەن، دەنا ناچێ دەقە تەرجەمەکراوەکە لەگەڵ دەقە سەرەکییەکەی بەراورد بکات، کەچی کە دەیخوێنێتەوە دەزانێت ئەو دەقە باش تەرجەمە کراوە یان خراپ. ڕەنگە جەنابیشت هەر وابی، بەڵام بۆچوونی جەنابت وەکو خوێنەرێک، کە خۆشت نووسەر و وەرگێڕی، لەگەڵ بۆچوونی خوێنەری ئاسایی جیاوازە، جەنابت پێت وایە تەرجەمەی باش چۆنە و یانی چی؟

**محەمەد ڕەمەزانی:** تەرجەمەی باش ئەوەیە بەوەندە ڕازی نەبێت کە زمانی سەرچاوە و زمانی کوردی باش بزانێ؛ بەوەش ڕازی نەبێ کە وەرگێڕێکی بەتوانایە. دەبێ وەک ڕۆمانووسێک لە دەقی ڕۆماندا و وەک شاعیرێک لە دەقی شێعردا حزووری هەبێ. کاتێک ڕۆمانێکت وەرگێڕاوە کارەکەت ئەودەمی سەرکەوتووە کە بە زمانی ڕۆمانەکە وەرتگێڕابێتەوە. دەبێ وەرگێڕ وریا بێ، نابێ دەقی وەرگێڕانەکەی هەرتەنیا بریتی بێ لە کۆمەڵێ ڕستە و وشەی جوان و شاز و ڕەوان! دەبێ وەرگێڕ وەک ئەندازیارێکی هونەرمەند ڕستە و وشەکان پێکەوە هاوسەنگ بکا بۆ ئەوەی هەموو بینای دەقەکە یەکدەست بێ. لە وەرگێڕاندا پاراستنی شێواز style زۆر زۆر گرینگە. دەبێ سەبارەت بە تێکنیکەکان زۆر هەستیار و زیرەک بین، سەبارەت بە مۆسیقای وشە و دەستەواژە و ڕستەکان زۆر زیرەک بین. لەو شوێنانەشدا کە هێما و ئاماژە و تەوس (چ تەوسی وتە، یان تەوسی بارودۆخ) هەن، دەبێ زۆر بە داو و سڵەوە وشەی هاوسەنگ هەڵبژێرین. وەرگێڕی لێهاتوو کێش و قورسایی وشە لە باری سۆز و عاتیفە و هەست و بیرمەندییەوە دەزانێ و وەک ئاڵتوونفرۆش دەبێ سەنگی زۆر ناسکتر لە باڵی مێشەنگوینی هەبن. ئێمە لە ڕۆژگارێکدا دەژین زمانی دەق (مەبەستم ئینگلیزی یان فەرەنسایی نیە) زۆر گرینگە، بەتایبەت لە بەرهەمە مودێرن و پۆستمودێرنەکاندا. هەروەها ڕاوێژ (لحن، tone) یەکجار گرینگە؛ ئایا گاڵتەجارییە، ئایا شیوەنە؟ ئێمە لە یوولیسزی جێیمز جۆیسدا گریانی خەیاڵاوی، بەڵام بێفرمێسکی ستێفێن دودالۆس بۆ دایکی دەبینین، کە گەرمتر و پڕفرمێسکتر لە گریانی ئاساییە. ئاە، گریانی هونەرمەندێک! چی ئەو موعجزەیە دەکا؟ ئەندازیارییەکی ناوازە بە کۆمەڵێک وشەی (بەڕواڵەت!) ئاسایی.

**سامان:** کەواتە جەنابت دەڵێی وەرگێڕانیش، خۆی جۆرێک نووسینە و هەر کارێکی میکانیکی نیە، کە وەرگێڕ وەکو وەستاکارێک داهێنان و هونەری دەقە سەرەکییەکە لە زمانی دووەمدا مۆنتاژ بکاتەوە. یان بە واتایەکی دیکە، کاری وەرگێڕیش وەکو کاری نووسەر داهێنەرانەیە؟

**محەمەد ڕەمەزانی:** زۆرجار گوتوومە ''ماناکردنەوە'' وەرگێڕان نیە. تۆ دەقێکی پیشەسازی مانا دەکەیەوە، لێرەدا لە لۆیەکی ساکارتری زمانی کەڵک وەردەگری. لۆی (تحتاللفظی literal language)ی زمان بۆ دوو دەستە بەکار دێ: ١. کەسانێک کە لەگەڵ زانست و پیشەسازییدا سەروکاریان هەیە؛ ٢. کەسانی ئاسایی خاوەنی بەهرەی زۆر مامناوەندی! لۆی وێنەگەرانەی زمان، واتا Figurative language، تایبەتە بە هونەرمەندان و ڕووناکبیران. ئەم لۆیەیە کە زمان دەوڵەمەند دەکا و پڕە لە ئیدیۆم idiom و دەستەواژەی یەکپارچە، یان Expressions و مەتەڵ proverbs و پڕە لە خواستن metaphor و هێما symbols. من هۆشداری دەدەم بە هێندێک لە هاوزمانانی دڵپاکم، کە سنوورێکی نادروست لە نێوان کوردیی شارستانی و کوردیی گوندیدا دادەنێن! ویلیام فۆکنەر منداڵی باشووری ئەمریکا بوو، بە شێوەزاری لادێییانەی باشوور دەینووسی و زۆریش خەست و بەدانستە هەر ئەو زمانە لادێییانەی بەکار دێنا و هەر ئەو زمانە گوندییە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت. چاوەکەم بەس ئەو مێشکە جوانەت بە داتاشینی وشەی ڕەقودەق و نالەبار و ناهەموارەوە خەریک بکە! نهێنیی بەرهەمی هونەری تەنیا وشە نیە (هەرچەند خانەکانی جەستەی دەق بریتین لە وشە و دەستەواژەی بەجێ). درێژدادڕییم کرد. دیسان دەیڵێمەوە، ماناکردنەوە، یان وەرگێڕانی میکانیکی هونەر نیە و کەرەستەکانی لۆی (تحتاللفظی)ی زمان بەکار دەبا و لە لۆی وێنەگەرانەی زمان بێنسیبە. جیاوازیی نێوان ماناکردنەوە و وەرگێڕانی هونەری و بەئافراندنەوە وەک جیاوازی نێوان عەرابە دەستییە لەگەڵ سەیارەی بێنزی ئاڵمان! وەرگێڕان جۆرێکە لە نووسەری. بۆ وێنە، تۆ سەیری وەرگێڕانی ''زۆربای یۆنانی'' شاکاری مەزنی نووسەری بە توانانی یۆنانی، نیکۆس کازانتزاکیس بکە، کە لە لایەن دوو وەرگێڕەوە کراوەتە فارسی: یەکیان وەرگێڕی بلیمەت و کوردزمان، محەمەد قازی و، ئەوی دی لە لایەن مەحموود مساحیب. وەرگێرانەکەی قازی پارێزەری شێوازی ئەو ڕۆمانە گەورەیە و زمانێکی پڕشەوکەتی ئەدەبی و هونەرمەندانەی بۆ داناوە و، دەمارگرژیی کوردانە نیە ئەگەر بڵێم، محەمەد



قازیی کوردزمان، زمانی فارسیی لە زۆربەی ئەدیبە فارسەکان باشتر زانیوە. هەروەها زێدەڕەوییش نیە ئەگەر بڵێم، وەرگێڕانەکەی قازی تەنیا وەرگێڕانی باش نیە و ئافراندن و نووسینەوەی دووبارەی ئەو ڕۆمانەیە بە زمانی فارسی. وەرگێڕانەکەی مساحیب باشە و خراپ نیە. مساحیب ئەدیبێکی بەتوانا بووە ـــ بەڵام نەک خۆشەویست لە نێو کۆمەڵگای رووناکبیریدا، کە کارمان بەو بەشەی نیە ـــ کەچی لەگەڵ تەرجەمەکەی قازی، خودایان یەکێکە! ئەو وەرگێڕانە لەچاو هینەکەی قازی مامناوەندی و دەمساردە و، بە کورتی بڵێم وەرگێڕان و بگرە لە هێندێ شوێن ماناکردەوەیە، بەڵام نووسینەوەی دووبارە نیە.

**سامان:** مامۆستا، چەند ساڵ لەمەوبەر جەنابت خەریکی تەرجەمەی یوولیسزی جێیمز جۆیس بوویت، ئەوەندەی لەبیرم بێت، خۆم دوو بەشی ڕۆمانەکە و وتارێکم لە سایتی ''ڕوانە''دا خوێندەوە، کە لەمەڕ ئەو ڕۆمانەوە نووسرابوو، جەنابت تەرجەمەت کردبوو و بڵاوت کردبووەوە، ئەو کارەت بە کوێ گەیاندووە؟ دوایین کاری وەرگێڕانیشت بە زمانی کوردی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی ویلیام فۆکنەر، ''هەرا و تووڕەیی''یە، لەڕاستیدا وەرگێڕانی ئەم کارانە زۆر دژوارن، چ شتێک پاڵنەری جەنابت بووە بۆ ئەوەی خۆت لە قەرەی تەرجەمەی ئەو کارانە بدەیت؟

**محەمەد ڕەمەزانی:** من سێ بەشم لە یوولیسزی جێیمز جۆیس وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بەشی یەک و دوو لەسەر سایتی ڕوانە بوو. وەکی بۆخۆت دیتووتە. جاری وایە ڕستەیەک، یان پاراگرافێکم وەرگێڕاوەتەوە، تەنانەت دوو لاپەڕەم لە پەراوێزدا شەرح و تەفسیر بۆ نووسیوە. ڕۆمانە ئەدەبییە بەرزەکانی جیهان تەنانەت ئەوانەی وا خەڵاتی نۆبڵیان بردۆتەوە پێغەمبەرن، بەڵام یوولیسزی جێیمز جۆیس خودایە! و من تا ئێستا سێ بەش لە ١٨ بەشی ڕۆمانەکەم کردۆتە کوردی و لام وایە ئەگەر ئەو سێ بەشەش چاپ بکەم کتێبێکی پڕشەوکەتی لێ ساغ دەبێتەوە، کە کەلێنێکی گەورە لە ئەدەبی کوردیدا پڕ دەکاتەوە. بەشکو ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە چاپی بکەن، هەرچەندە ڕۆژگاری ئیفلاس و بێبارەیی پەکی خستوون. پاڵنەر و هاندەری من بۆ وەی کە خۆ لە قەرەی کاری پڕتەپومژ و ئاڵۆز دەدەم، ئەوەیە کە تێکنیکەکانی بۆ خوێنەری کوردزمان ئاشکرا بکەم و بزانن بەرهەمێکی مۆدێرن هەروا بێحیساب و کیتاب و بەبێ مێعمارییەکی یەکجار ورد نەبۆتە شاکاری ئەدەبی و هونەری. مەبەستم ئەوەیە هێندێ لە لاوانی قەڵەم بەدەست بپرینگێنمەوە لە نووسینی پڕ لە ئاڵۆزوپاڵۆز بەبێ ئەندازیارییەکی داهێنەرانە و هونەرمەندانە. لاسایی بە هیچ کوێمان ناگەیەنێ. چاوەکەم ئەتۆ هەر ئەوەندەی کە سمێڵێکی چارلی چاپلینی دانێی و گۆچانێک بە دەستەوە بگری و وەک مراوی بە ڕێگادا بڕۆی دەبییە چارلی چاپلین؟! دیارە من ''هەرا و تووڕەیی''م بە پێشنیاری خانەی موکریانی لە ئینگلیزیڕا کردە کوردی، بەڵام ئەوەی بۆچی ئاوەهام تەرجەمە کردۆتەوە، مەبەستم ئەو شتەیە وا باسم کرد.

**سامان:** وەکو باست کرد، هەر نووسەرێک، بەتایبەت نووسەری ئەو بەرهەمە بەنامیانەی جەنابت هەڵتبژاردوون و کارەکانیانت تەرجەمە کردوون، زمانەکەیان ڕاوێژی (لحن) تایبەتی هەیە، ئەو ڕاوێژە تایبەتە لە زمانی کوردیدا چۆن دەدۆزییەوە؟

**محەمەد ڕەمەزانی:** من هەستیارییەکی یەکجار زۆرم سەبارەت بە ڕاوێژ یان لەحن tone هەیە و لەو بوارەدا میلی ئامپێر سەهلە، میکرۆ ئامپێریکەکانیشم کار دەکەن. من بابەتێک کە دەخوێنمەوە شیعر بێ، یان چیرۆک، یان شانۆ، یان تەنانەت وتارێک، لەحنەکەی زوو دەمبزوێنێ. ئەوەی من لەحنی دەقێک چۆن دەگوێزمەوە سەر زمانی کوردی، کێشەیەکم نیە، چونکە زمانی کوردی دەوڵەمەندە لەو ناو و ئاوەڵناو و دەستەواژانەی کە پێشاندەری هەست و عاتیفە جۆراوجۆرەکانن؛ ئایا هەست و سۆزی نووسەر سەبارەت بە ئێماژێک، یان دیمەنێک چۆنە؟ ئاخۆ بێزارە لێی، شەیدایەتی، لێی دەترسێ، وەگریانی دێنێ، سەرسامی دەکا و هتد. بۆ وێنە، تۆ دەڵێی: ''دوو چاوی شینی لەچەشنی مەرمەڕە شووشە، نیگای دەریایەکی پڕ سەهۆڵ، هیچ شتێک نەیدەشڵەقاند، تەنانەت مەرگی خۆشەویستێک...''، بێزاریی خۆت دەربریوە سەبارەت بە دڵڕەقیی و خەمساردیی مرۆیەک. ئەم وشە و دەستەواژانە: ''مەرمەڕە شووشە''، ''سەهۆڵ'' و ''مەرگی خۆشەویستێک''، لەحن دروست دەکەن. بەڵام کە دەڵێی: ''کچۆڵەیەکی یەک ساڵە، فریشتەیەکی سپیکەلانە، نەرمونۆڵ، دەموچاو خڕ، کە چاوی سەوزی وەک هی ئاسک گۆشەیان کێشابوو، دەست و مەچکی خەپەتۆڵەی بۆ لای من ڕاداشتبوو، لەچەشنی جووتێک گوڵ لەبەر تیشکی ڕۆژی دەموچاوی وە نەشە و گەشە و گرشە و ورشە کەوتبوون، خۆم پێنەگیرا، لێشاوی ماچەکانم بە قامکە سپی و سۆڵەکانیدا هەڵگەڕا...'' دیارە لەحنی وەگێڕ (ڕاوی) ئەوپەڕی خۆشەویستییە سەبارەت بە منداڵێکی ڕەزا شیرین. چی ئەو لەحنە پێک دێنێ؟ کۆمەڵێک وشە: کچۆڵە، فریشتە، ئاسک، سپیکەلانە، خەپەتۆڵە، نەرمونۆڵ و، کۆمەڵێک دەستەواژە: دەموچاو خڕ، نەشە و گەشە و گرشە و ورشە (مۆسیقای کەلام، کە لێرەدا جوانیی منداڵانەی دەست و مەچەکی منداڵانەی کچۆڵەکە پیشان دەدا)، لێشاوی ماچ؛ هەروەها ئەم ئیماژانە: چاوی سەوزی لەبەر تیشکی ڕۆژی دەموچاوی. لە زمانی ئینگلیزیدا جاری وایە ڕاوێژ، یان لەحنی تایبەت بە زەبری ڕێزمان دەکرێت، بەو شێوەیە کە دێنن شوێنی ئاسایی وشەکان لە ڕستەدا دەگۆڕن. بۆ وێنە، سەیری ئەم ڕستە ئاساییە بکەن: (She is so beautiful) واتە (ئەو کچە، یان ئەو ژنە) زۆر جوانە. بەڵام کە دەڵێی (So beautiful is she!) ماناکەی دەکاتە ''ئەو مەلعوونە بێداد جوانە!'' یان ''جوانیەکەی کاری لەوەدا نیە!'' ئەم ڕستەیە لەحنێکی پڕ لە تەحسین (پێداهەڵگوتن)ی تێدایە. لە کوردیشدا بەختەوەرانە ئەو تایبەتمەندییەمان هەیە، بۆ وێنە، سەرنج بدەنە ئەو ڕستە ئاساییەی باسی دەست و پەنجەی کەمانژەنێک دەکا: ''ئەم کەمانژەنە دەست و پەنجەیەکی شیرینی هەیە.'' ئەم رستە ئاساییە لەحنی هەیە، بەڵام سەیری لەحنی هەر ئەو ڕستەیە بکە بە شێوەیەکی دیکە: ''قەت دیووتە چ دەست و پەنجەیەکی شیرینی هەیە ئەم کەمانژەنە!'' یان ''تیەح بەخوای دەست و پەنجەیەکی شیرینی هەیە ئەم کەمانژەنە!'' کاردانەوەی ڕاوێژ، یان لەحنی دەقی زمانێکی بێگانە لە زمانی کوردیدا وەک وێنەی نێو ئاوێنەیەکی بێگەرد وایە و بگرە هێندێ جار وێنەکە لە خۆیشی جوانتر دەنوێنێ. زمانی کوردی لەو بوارەدا یەکجار دەوڵەمەندە و بەو مەرجەی بکەوێتە بەردەستی نووسەر و وەرگێڕی کارلێهاتوو، نەک دەمسارد و دەستقورس، وەک مێوڕۆن وایە.

**سامان:** هەروا کە هەموومان ئاگادارین: ڕۆمانی ''هەرا و تووڕەیی''، بە تەرجەمەی جەنابت، چاپ و بڵاو کراوەتەوە. پێم خۆشە بە چڕوپڕی باسی ئەو بەرهەمەمان بۆ بکەیت. باسی شێوازی کاری خۆت لە تەرجەمەی ئەو بەرهەمەدا بکەیت. چاوەڕوان دەکەیت کاریگەریی ئەو بەرهەمە لەسەر زمانی کوردی بەگشتی و زمانی ئەدەبیاتی گێڕانەوەی کوردی بەتایبەتی چی بێت؟

**محەمەد ڕەمەزانی:** ڕۆمانی ''هەرا و تووڕەیی'' باسی بنەماڵەیەکی خانزادەی باشووری ئەمەریکا دەکا بە ناوی کامپسن. سێ کوڕ و کچێکیان هەیە. تراژێدیی بنەماڵەکەیان لەوێڕا دەست پێ دەکا، کە کەدیی کچیان پێش مێردکردن کچێنی خۆی لەدەست دەدا و کوێنتینی برای، کە خوێندکاری زانکۆیە، ئەو بێئەخلاقییەی بۆ قووت ناچێ و پاش چەند مانگ خۆی لە چۆمی چارلز دەخا و خۆی دەکووژێ. کەدیی پاش بێژووهاویشتن، منداڵەکەی لێ وەردەگرن، بەڵام ڕێگای ماڵە بابی بۆ هەتاهەتایە لێ دەبڕدرێتەوە. منداڵەکە ئەگەرچی کچە، بەپێی وەسیەتی کوێنتین، ناوی دەنێن کوێنتین و ماڵی بابی لێی وەردەگرن و بەخێوی دەکەن. بەڕێز کامپسن کە مرۆیەکی ڕۆشنبین و بێباوەڕ بە بەهاگەلی ئەخلاقی و ئایینیە، هۆگری مەیخواردنەوەیە و پزیشک دەنگیان داوە نەخواتەوە دەنا هەر ساڵێکی دی دەژی و ئەمیش گوێ ناداتێ. کەدیی لە ڕێگای ڕۆژنامەوە هەواڵی مەرگی بابی دەزانێ و بەدزییەوە خۆی دەگەیەنێت و پاش ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی بابی، پارەیەکی زۆر بەرتیل دەدا بە جێیسنی برای، کە کچەکەی پیشان بدات. جێیسن، مرۆیەکی دڵڕەقی

چاوچنۆکی ڕژدی داخ لەدڵە، کە زگپڕبوونی وی لە داڵتن ئیمز، بووە هۆی ئەوەی کە هێربێرت هێد، کوڕێکی ڕەشپێستی سەرۆکی بانک، کە بەڵێنی دابوو جێیسن لە بانکەکەی خۆی دامەزرێنێ، کەدیی تەڵاق داوە و خەونە خۆشەکەی جێیسن بووەوە بە هیچ، بەرتیلەکەی کەدیی وەردەگرێ، بەڵام کچەکەی پێشان نادا. کەدیی بەڵێنی دەدا هەموو مانگێ پارەیەکی باش بۆ خەرج و بەرجی کوێنتینی کچی بنێرێ، بەڵام جێیسن پەیمان شکێنی دەکا و ماوەی حەڤدە ساڵ ئەو پارەیە وەردەگرێ لە گیرفانی خۆی دەخا. شەوێک کوێنتین زەفەر بە سندووقە پارەکەی جێیسنی خاڵی دەبا و پارەکەی خۆی و پاشاکەوتی خاڵی، کە بۆتە حەوت هەزار دۆلار، هەڵدەگرێ، بە دارهەرمێکەی بەرماڵەکەیاندا دادەگەڕێ و لەگەڵ حەزەکەی هەڵدێ. جێیسن ژن ناهێنێ و پاش مەرگی دایکی دەستوپێوەندە ڕەشپێستەکانی دەردەکا و ماڵەکە دەفرۆشێ و بێنجامینی برای، کە شێتە دەباتە شێتخانە. جێیسن بێنجامینی هەر لە تەمەنی پازدە ساڵی و ئەمانەوە یەختە کردووە. بۆخۆیشی هەرگیز ژن ناهێنێ، بەو حیسابە بنەماڵەکەی کامپسن بەرەو نەمان ڕۆیشتوون. ڕۆیشتنی بنەماڵەکەی کامپسن هێمایە بۆ قۆناغێک لە مێژووی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە بریتییە لە تێکشکانی باشووری کشتوکاڵیی خاوەنی سیستەمی فیۆدالی و کۆیلەیی لە بەرامبەر باکووری پیشەسازی و کاپیتالیستی لە ساڵەکانی ٦٥ــ١٨٦١، لە شەڕی نێوخۆیی ئەمریکادا. پاش ئەو شەڕە سیستەمی خانزادەی باشوور بەرەو ئاوابوون چوو و سیستەمی سەرمایەداری جێگیر بوو و ئەمە شۆکی فەرهەنگی لێ داکەوتەوە. لەدەستچوونی پەردەی کچێنیی کەدیی و کۆی تراژێدییەکانی بنەماڵەی کامپسن نموونەیەک لەو شۆکە فەرهەنگیەن. لە چیرۆکی مۆدێرن و پۆستمۆدێرندا، گرینگتر لە گێڕانەوە، چۆن گێڕانەوەیە. ویلیام فۆکنەر هەوڵی ویستبووی لە ڕۆمانی ''هەرا و توورەیی''دا چیرۆکی بنەماڵەکە تەنیا لە زمانی بێنجیی (بێنجامین)، کوڕە شێتەکەیانەوە وەگێڕێ. لە کۆتاییدا هەست دەکا ناتەواوە و بەشی دووەم زیاد دەکا و چیرۆکەکە لە زمانی کوێنتین، کوڕی خوێندەوار و ڕووناکبیرەوە دەگێڕێتەوە. دوایە هەست دەکا دیسان بەس نیە و چیرۆکی بنەماڵە لە گۆشەنیگای کوڕەکەی دی، واتا جێیسنەوە دەگێڕێتەوە. جێیسن، مرۆیەکی ئاسایی و دووکانداره و فکر و زکری پارەپەیداکردنە. لەم چیرۆکەدا چەمک و مۆتیفی کات زۆر گرینگە. کات بە جۆرێک دوژمنی بنەماڵەی کامپسنە، چونکە کات ئەو بنەماڵەیەی بەرەو نەمان بردووە و بەهاکانی ڕۆژگارانی خانەدانی و شەوکەتی جانی بنی جانی تێدا بردووە. لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا کات لە مێشکی بێنجامین یا بێنجیە شێتەوە پیشان دەدرێ، کە مانای کات نازانێ و جیاوازیی نێوان ڕابردوو و ئێستا نازانێ و ناشزانێ داهاتوو چیە. بە واتایەکی دیکە، کات لێرەدا ئێستایەکی هەتاهەتاییە. فۆکنەر، خۆی لە پاشکۆی ڕۆمانەکەیدا دەڵێ، بێنجیی ئیدی کەدیی لەبیر نیە، بەڵکو نەبوونی وی لەبیرە! کات لە بەشی دووەمدا لە مێشکی کوێنتینی هەستیار و ڕووناکبیر و شارەزای بیری فەلسەفییەوە پێشان دەدا. ئەم کات وەک کرمێکی موزیر چاو لێدەکا، کە داری بەبنجی بنەماڵەکەیانی بنکۆڵ و کلۆر کردووە و زرم دەیدا بە عەرزێدا. بەشی دووەم لە کەمتر لە ٢٤ سەعاتدا تێدەپەڕێ و شەڕابی مەرگ کوێنتینی وەها سەرخۆش کردووە کە ڕابردوو مووبەموو بە بەرچاویدا دێ و تێدەپەڕێ و هیچ ماڵبوێر ناکا. کات بۆ وی، یانی ڕابردوو، ڕابردوویەکی لەدەستچوو، لە خولەکەکانی بەر لە خۆکوشتن، کە ئەو ڕابردووە دەکوشێ، شیلە و جەوهەرەکەی دەگرێ، تماشا دەکا هەر تەنیا کۆمەڵێک سێبەر بووە و هیچی دی. ئەم مەرگی خۆی و خانەدان، نەک لە خۆکوشتنی خۆی و مەیخواردنەوەی بابیدا، بەڵکو لەو چرکەچرکە ماڵوێرانکەرانەی چەرخەکانی کاتژمێردا دەبینێ و، ئەمیش وەک بابی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە تەنانەت مەرگی عیسا مەسیح، نەک بە بۆنەی لەخاچدرانی، بەڵکو بە زەبری چرکەیەکی چەرخی کاتژمێر ڕووی دا. کات، یانی مەرگ. ئەم دەیەوێ لە کات و کاتژمێر و سێبەر (کە ئەویش هەر لەبەرچاوی وی کاتژمێرە) هەڵێ، بەڵام ناتوانێ و مەرگ، یان باشترە بڵێم شمشێری نەیارانەی کات هەناوی هەڵدەدڕێ و شادەماری هەڵدەبڕێ. کات لە بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەدا لە مێشکی جێیسنی چاوچنۆکی ڕژدی ڕق لەدڵەوە پێشان دەدرێ، کە بریتییە لە پارە. ئەم وەک کاسبکارێک چۆتە بازنەی سەرمایەدارییەوە و چارەنووسی کەوتۆتە بەردەستی ئەهریمەنەکانی بازاری بۆرسەوە، کە لە نیویۆرک دانیشتوون و فتیلەی عومری وی هەڵکێشوداکێش پێ دەکەن. ئەم قوماری ژیان لەگەڵ شەیتان دەکا و، ئای بیباتەوە، ئای بیدۆڕێنێ! کات نەیاری جێیسنە. کات کوێنتینی خوشکەزای کردە حەڤدە ساڵانە و شەوێک بێهەست جەرگی وی بە تەندوورەوە دا و تەواوی پاشەکەوتی ژیانی وی، واتە جێیسن، کە ببووە حەوت هەزار دۆلار بردی و بۆ هەتاهەتایە ڕۆیی. ئادی، جێیسن، جێیسنی بۆ هەمیشە ڕەبەن، بە شێوەی خۆی تامی مەرگ دەچێژێ. ئەم بێنجیی برای لە ترسی میرات یەختە کرد و کەدیی و دواتر کوێنتینی خوشکەزای لە ماڵەکە تاراند. جێیسن بۆ دامرکاندنی ئێش و ئۆفی جەستە و دەروونی کۆکا دەخواتەوە و ڕەنگی ڕەشی کۆکا هێمای مەرگە! ئەمیش وەک کوێنتینی برای شەڕابی ڕەشی مەرگ دەنۆشێ. من وەک هونەرمەندێکی کورد شانازی دەکەم کە ئەم بەرهەمەم کردۆتە کوردی و بەقەرا سەری دەرزییەک گومانم نیە، کە لە نێو ئەدەب و هونەری کوردیدا جێی خۆی دەکاتەوە، چونکە بە زمانێکی نوێ بۆ قەڵەمبەدەستان و چیرۆکنووسان دەدوێ. من پێداگریم لەسەر ئەو خاڵەیە کە زمانی نوێ لە هونەردا، دەبێ ئێمە فێری زمانی نوێتر و جیاوازتر بکا لە زمانی شاکاری وەک ''هەرا و توورەیی'' و ''یوولیسز''ی جێیمز جۆیس، دەنا لاساییکردنەوە بە لارێماندا دەبا. من لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەگەر کاری ئالەو چەشنە لە زمانی کوردیدا خەڵق بکرێن، تیشک



دەخەنە سەر مێشکی خاوەن بەهرە و داهێنەر کە تازەگەری بە شێوەی تاکەکەسیی خۆیان ـ و تەنیا خۆیان! ــ بکەن.

**سامال:** جەنابت وەکو عادەت پێشەکی بۆ وەرگێڕانەکانت دەنووسی، بۆ نموونە، خۆم ئەو پێشەکیەم خوێندەوە، کە لەسەر ڕۆمانی ''دادگا''ی کافکات نووسیبوو، ئەم کارەی جەنابت، بەبێ ڕووبینی بەلای منەوە، وەکو خوێنەرێک، بەقەت دەقی کتێبەکە گرینگ و بەکەڵک بوو. پێشەکیت بۆ ''هەرا و تووڕیی''ش نووسیوە، ئەم پێشەکیانە کارەکانی جەنابتی کردووە بە ''وەرگێڕانـــنووسین''، یان ''نووسینـــوەرگێڕان''. بۆچی پێت وابووە دەبێ ئەو کارە بکەیت؟

**محەمەد ڕەمەزانی:** من لام وایە کە وەرگێڕ دەبێ بەهرەی نووسینی هەبێ، دەنا ناتوانێ بەرهەمێکی هونەری پێشکەش بە خوێنەرانی بکا. وەرگێڕ دەبێ زۆر خورد و ورد بێت و زۆر جوان لەگەڵ دەقی وەرگێڕانەکە ببێتە برادەر و تەنیا بە زانستی زمانی سەرچاوە و وەرگێڕان ڕازی نەبێ و، دەبێ چاوێکی تیژ و یەکجار هەستیار و کراوەی هەبێ و بە حوکمی چاوی هونەرمەندانەی گۆشە تاریکەکانی بەرهەمە هونەرییەکان ـ شیعر، ڕۆمان، کورتەچیرۆک، شانۆ ــ ڕوون بکاتەوە و هیچی لێ شاراوە نەبێ. پێشەکیی وەرگێڕ بەلای منەوە دەتوانێ پلەی تێگەیشتنی وی سەبارەت بە شێواز و زمان و هەموو تێکنیکەکانی بەرهەمەکەی بەردەستی پێشان بدا. ئەرکی نووسەر ــ وەرگێڕی (بە وتەی جەنابت) یان وەرگێڕ ـ نووسەری بۆ خوێنەری کوردزمان گەلێک پێویستە و ئاستی تێگەیشتنی هونەریی نووسەرانی لاو دەباتە سەرێ و لە بەهەڵە تێگەیشتن و لارەڕێ و زمانخەسارکردنیان دەپارێزێ.

**سامال:** مامۆستا، بەگشتی دۆخی وەرگێڕان بە زمانی کوردی چۆن دەبینی؟ کاری کامانە وەرگێڕی ئێستای کورد سەرنجی جەنابت ڕادەکێشن؟ هەڵسوکەوتی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی لەمەڕ بابەتی وەرگێڕانەوە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**محەمەد ڕەمەزانی:** من زۆرم هیوا بە دواڕۆژە. لاوەکان خەریکن فێری زمانی بیانی دەبن و لەوانەدا نووسەر و وەرگێڕی خاوەن بەهرەیان لێ پەیدا دەبێ. تەلەڤزیۆنەکان دەوری باڵایان هەیە لە بڵاوکردنەوەی زمانی هونەری و ڕەسەنی نووسیندا. جاران گوێم دەدا دووبلەی فیلمە سینەماییەکان، هەڵدەچووم و لەڕقان چاوم عەرزی نەدەدی. ئێستا باشترە. بەینێک بوو کارتۆنیان بە زمانی کوردی وەردەگێڕانەوە، یەکجار زۆر شیرین و لەبەردڵان و چەند بڵێی تام و چێژی هونەرییان تێدا بوو ــ وابزانم برادەرانی سلێمانی دەستیان تێدا بوو ــ کاناڵی تایبەت بە منداڵانیش دروست بوون. ئەم کارە دەتوانێ گەورەترین فێرگە و قوتابخانە بێت بۆ زمانی کوردی، بەو مەرجەی بەدەستی کەسانی خاوەن بەهرە و دڵسۆز بکرێ، نەک هەروا سەرسەرەکی و تەنیا بۆ دراو. قەیدی ناکا با هونەرمەندان مزی باش و شیاو و هاوشانی کارەکەیان وەرگرن؛ ''قەحبەن، ئەوانەی وا دەڵێن برسییەتی برای هونەرمەندیش دەبێ ببێ!''... بەشی دووەمی پرسیارەکەت داوام لێ دەکا ناو ببەم: مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە، شوکر مستەفا، (جەلال تەقی و جەلال دەباغ، خۆزگە وەرگێڕانیان زۆر با)، ئەمین گەردیگلانی و سامالٚ ئەحمەدی و ... من زۆرم هیوا بەو هونەرمەندە هەورامیانەیە کە زمانی سۆرانی، یان بادینی فێر بوون، ئەمانە دەریایەکی یەکجار گەورەن. کاک ئارام مستەوفی یەکێ لەو هونەرمەندە لێهاتووانەیە، کە هیوادارم قەڵەمی لە بواری وەرگێڕاندا وەگەڕ بخا و لەوە پێش ئەزموونی زۆر سەرکەوتووی لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکاندا بووە. پێشنیارێکم هەیە بۆ نووسەر و وەرگێڕە باش و خوێندەوارەکانی وەک جەنابت، کە لە زمانی فارسییەوە وەردەگێڕنە سەر کوردی، ئاوڕ لە نووسەرانی باشقەی فارس بدەنەوە و ئەوانە بکەنە کوردی. هێشتا بەرهەمەکانی سادق هیدایەت و بزورگ عەلەوی و عەلی محەمەد ئەفغانی و ئیبراهیم گولستان و ئیسماعیل فەسیح و شەهرنووش پارسیپوور، زۆر بە تێروتەسەلی نەکراونە کوردی. هیوادارم دەزگا چاپەمەنیەکان پێوانەی شیاویان هەبێ بۆ چاپکردنی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان و خۆ لە وەرگێڕان و نووسراوەی کیلۆیی و بۆر و زۆر و لە کتێبی قەپپەی بێکەڵک و نێوەرۆک، کە دوایە دووکانداریش حازر نیە سەوزییان تێوە پێچێت، خۆ بپارێزن.





# ژان دۆست

## نووسەری ژانەکانی کۆبانی
## دۆستی دیرۆکی مژاباد

**وتووێژی تایبەتی دوکتۆر بەیان کەریمی**
**لە گەڵ ڕۆماننووسی ناسراوی کورد**

ئاماژەیەک بۆ خوێنەرانی گۆڤاری شی:
ئەم وتووێژە بە زاراوەی کورمانجی بووە و لە سەر پێداویستیی خوێنەرانی "شی" بە ناسینی ژیانی نووسەر "ژان دۆست" هەر لە لایەن بەڕێز "بەیان کەریمی"ـیەوە بە سۆرانی وەرگێڕدراوەتەوە.

بەیان: بەڕێز ژان دۆست! سەرەتا لە مژاری سەرەکی ڕۆمانە کوردییەکانتان دەست پێدەکەین. گرینگترین بابەتێک کە لە زۆربەی ڕۆمانەکانی ئێوەدا بەرچاوە مامەڵەکردنە لە گەڵ ڕووداو و کارەساتە مێژووییەکانی کوردستان، شۆڕشە جیاجیاکان، هەر وەها باس لە سەر هەڵەوپەڵە مێژووییەکان، ناساندن و پێناسەکردنی سەرکردەکانی کورد و بەرز نرخاندنی بەرخۆدانی گەلی کورد. خۆێنەری کورد بە خۆێندنەوەی زۆربەی ئەو ڕۆمانانە بیرگەی ناهۆشیار و خەوتووی رائەچڵەکێ و زۆر بابەتی مێژوویی بۆ ڕوون دەبێتەوە. دیارە ئەم ئەرکەی جەنابت وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتمانی وشوناسخوازانە دەردەکەوێت، لەو سۆنگەیەوە کە هەل و دەرفەتی خۆێندنەوەی مێژووی کوردستان لە ناو ڕۆمانەکانتدا بۆ سوژەی کوردی دەڕەخسێنی. بۆ میناک ئێوە لە هەر ڕۆمانێکدا باس لە کەسایەتییەکی شوناسخواز و نیشتمانپەروەر دەکەن کە لە سەردەمی خۆیدا زۆرترین کاریگەری لە سەر کۆمەڵگادا بووە. لە ڕۆمانی" سێ هەنگاو و سێدارەیەک" کەسایەتی سەرەکی "شێخ سەعیدی پیران"ـە، لە ڕۆمانی "مژاباد" ڕووداوەکانی "کۆماری کوردستان" دێتە گۆڕێ و ڕۆڵی "قازی محەمەد" تاوتوێ دەکەن، هەر وەها لە "میرنامە"دا تیشکت خستووەتە سەر "ئەحمەدی خانی". پرسیاری یەکەم ئەمەیە کە گەلۆ ڕۆمانی مێژوویی لە پەرتووکی مێژوویی دەوری باشتر دەبینێ بۆ سوژەی کوردی لە هەمبەر فام کردن و تێگەیشتنی ئەو لە ئاست ڕووداوگەلی مێژوویی؟ پاشان نەرینی ئێوە دەپرسم سەبارەت بە کۆ-بیرگەی مێژوویی کورد، هۆکاری دووپات بوونەوەی هەڵە مێژووییەکان چنە؟

ژان: بەڵێ زۆر ڕاستە، مێژوو بۆ من مژارێکی گرینگ و سەرەکییە، مێژوو زەوییەکی پڕ خێر و بەرە بۆ ڕۆمان‌نووسان. لەو سۆنگەیەوە کە ئەزموون و وانەی مێژوویی نەتەوەکان فێری خوێنەر دەکات و پێیان دەڵێ کە دەبێ چلۆن بژین کە هەڵەکانی باو و باپیران دووپات نەکەنەوە، هەر وەها هۆکاری لە ناو چوون و هەڵایسان و داگیرسانی شەر و ئاڵۆزی بە مرۆڤ دەناسێنێ. ئێوە پرسیارتان لێ کردم گەلۆ ڕۆڵ و دەوری ڕۆمان دەتوانێ لە بەراورد لەگەڵ پەرتووکێکی مێژوویی دا لە ئاستێکی باشتر بێت؟ من بە بێ دوو دڵی و هەدانەوە دەڵێم:" بەڵی"، بێ گومان ڕۆڵی ڕۆمانی مێژوویی گرینگترە، گەر ڕاستەوخۆ ئەوەش نەڵێین کە گرینگترە، دەکارین ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بدەین، ئەویش ئەمەیە کە ڕۆمانی مێژوویی کەمایەسییەکانی پەرتووکی مێژوویی قەرەبوو دەکاتەوە، وەک میناک ئێمە دەکارین شەڕی ناپلیئۆن لە دژی وڵاتی ڕووسیا کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕوویدا لە ڕێگای پەرتووکێکی مێژووییەوە بخوێنینەوە و هەر وەها دەکارین هۆکار و سەبەبی سەر هەڵدانی ئەم شەرە بناسین و شرۆڤەی بکەین، بەڵام گەلۆ ئێمە دەتوانین لە دەلاقەی پەرتووکێکی مێژووییەوە، لە ڕەوشی ژیانی ئەو کۆمەڵگایە، دیالۆگەکانیان، ژان و مەینەتییەکانیان و هەر وەها بەستێنی کۆمەڵایەتییان تێبگەین؟ بۆیە ئەگەر ڕۆمان نووسێکی گەورەی وەک تۆلستۆی نەهاتبایە و  ڕۆمانی شەڕ و ئاشتی نەنووسیبایە، نەماندەتوانی بە شێوازێکی وردبینانە و زیندوو ئەو باروودۆخە تاوتوێ بکەین. ئەو ڕۆماننووسە توانیوییەتی هەموو ئەو ئێش و ئازار و مەینەتییانە و هەر وەها مژارە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان وەک فیلمێکی زیندوو بخاتەبەر ڕوو و ڕوانگەی خۆێنەر. بەڵی ڕای من وایە کە ڕۆمان مێژووییەکی زیندووە.

بەیان: پێش ئەوەی بەرسیڤی پرسیاری دووهەم بدەنەوە دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بکەم کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە قسەکانی بەڕێزتانەوە هەیە. ئەرەستووش لە پەڕتووکی بوتیقادا کە لە سەر مژاری هۆنینەوەی شێعرە، باس لە دوو ئاقاری ئەدەبی و مێژوویی دەکات و پاشان خەسڵەتەکانیان پۆلین دەکات. بە کورتی ئەرەستوو پێی وایە ئەدەبیات لە مێژوو جیددیتر و فەلسەفی ترە و هەر وەها کارتێکردنیشی زیاترە چون دەبێتە هۆی ڕوودانی جۆرێک پالاوتنی ڕۆح یان کاتارسیس. بۆیە بە نەرینی ئەم بیریارە، ڕاستەقینە لە ئەدەبیاتدا هەمەکییە و هەمیشە دەژی. لە پێوەندی نێوان ئەدەبیات و فەلسەفەشدا ڕێک ئەم جۆرە ڕوانینە هەیە، لێ ئەمە بە واتای زاڵی یەکێک لەم بوارانە بە سەر ئەویتردا نییە. بیریارگەلێکی ناوازە لە مێژووی فەلسەفەدا پێیان وابووە کە بواری ئەدەبیات دەتوانێ دەورێکی ئێجگار زۆر ببینێ لە ورووژاندنی کێشە فەلسەفییەکان. وەک میناک دەتوانین ئاماژە بکەین بە ڕۆمانگەلێک وەک "هێڵنج" لە "سارتەڕ"، "ترس و لەرز" لە "کییرکێگارد"، یان ڕۆمانی "هەموو دەمرن" لە نووسینی "سیمۆن دووبوار". ئەگەر بمەوێت بابەتەکە باشتر شرۆڤە بکەم نموونەیەک لە سارتەڕ دەهێنمەوە: مژارێکی گرینگ لە فەلسەفەی سارتەڕدا کە بە وردی لە پەرتووکی بوون و نەبووندا تاوتوێ کراوە ڕوانینی ئەویدییە کە ئەم بیریارە وەک دۆزەخ ناوزەدی دەکات. واتە ئەویدی لێناگەڕێ لە سەر بنەمای هزری خۆمان ژیان ببەینەسەر و کۆیلەیەتیش لەوێوە دەست پێدەکات کە تۆ پلانەکانی ژیانت بۆ خۆت جێ بە جێ نەکەیت و عەقڵت بخەیتە ژێر ڕکێفی ئەویدییەوە. هەر ئەم بابەتە دەبێتە مژاری سەرەکی ڕۆمانی "هێڵنج"ـی سارتەڕ و بە ڕاستیش کاریگەری ئەم ڕۆمانە لە سەر کۆمەڵگای سەردەمی خۆی زۆر بووە و ڕەخنەگرانی ئەدەبی وەک یەکێک لە ناوازەترین ڕۆمانەکانی جیهان ناوی لێ دەبەن. دواتر گرینگی ڕۆڵی ئەدەبیات و کاریگەری ئەم بوارە  لە بەراورد لەگەڵ ئاقارەکانی دی، دیسانەوە لای بیریارگەلێکی وەک هایدیگەر، دریدا و ڕۆڕتی زۆرتر دەردەکەوێت. ئەم پەیوەندییە خۆی لە فەلسەفەی سیاسیشدا دەردەخات، بیریارگەلێک وەک هانا ئارێنت پێیان وایە هیچ بوارێک بە ڕادەی ئەدەبیات ناتوانێ لە دەربڕینی نەفرەت لە جنوونی ڕەگەزپەرەستی، کۆمەڵ کووژی، ژێنۆساید، نادادپەروەری و ئازارەکانی سەرمایەداری سەرکەوتوو بێت.
 مەبەستم لە ئاراستە کردنی ئەو میناکگەلە ئەوە بوو کە ئەدەبیات بۆ هەموو ئاقارەکان  واتە فەلسەفە، مێژوو، سیاسەت، کۆمەڵناسی و ئایین دەتوانێ دەوری ئەرێیی و بەرچاو بگێڕێ. دێمەوە سەر بەشی دووهەمی پرسیاری یەکەم، ئێوە باستان لەوە کرد کە ڕۆڵی ڕۆمانی مێژوویی لەوە دایە کە مژارەکان بە شێوازێکی هەندەکی و زیندوو دەخاتەبەر ڕوو و ڕوانگەی خوێنەر، ڕۆمانەکانی ئێوە تا چەن لە هۆشیارکردنەوە و هەڵایساندنی خۆێنەر وەک ڕۆحێکی یاخی و ڕەخنەگری دژ بە دووپات بوونەوەی هەڵە مێژووییەکان کاریگەر بووە؟ بە نەرینی جەنابت چماکۆ- بیرگەی مێژوویی کورد کورت-ماوە و لاوازە، بە واتایەکی دی  بۆ چی وانە وەرگرتن لە هەڵە مێژووییەکان، وەک دیاردەیەکی سەلمێندراو و چەسپاو، لەناوکورد دا بوونی نییە؟

ژان: ئەوەی کە بۆ چی ڕووداوگەلی مێژوویی، لە ناو کوردان بەردەوام دووپات دەبێتەوە پێوەندی بە هۆشیاری کۆمەڵایەتییەوە هەیە. مخابن هەستیاربوون لە بابەت بیرەوەریی مێژوویی کوردان هەتا ئێستاش هەر لاوازە و پێک نەهاتووە. ئەمەش چەندین هۆکاری هەیە کە بریتین لە پارچە پارچە بوون، جیاوازی دوژمنەکانیان، جیاوازی زاراوەکان، تەنانەت جیاوازی ئایینەکان و لە کۆتاییشدا سیستەمی خێلچێتی و عەشیرەیی. ئەمانە هەموو مژارگەلێکن کە بوونە هۆکاری ئەوەی هۆشیاری هاوبەش لە ناو کورددا پێک نەیەت. هەر هەرێم یان پارچەیەکی وڵاتی کوردان وەک دوڕگەیەک لە ناو زەریا دابووە و مخابن گەمیەیەک بوونی نەبووە کە خەڵکی ئەو دوڕگانە بگەیێنێتە لای یەکتر، بۆیە هەر پارچەیەک و لە یەکتر دوورمان. هەر وەها  هەر وڵاتەی مێژوویەکی جیاوازی لە بەراورد لە گەڵ وڵاتەکەی دی هەبووە. وەک میناک کوردانی ڕۆژئاوا ئاگاداری ڕووداوگەلی هەمزە ئاغای مەنگوڕ نین. ئەو ڕووداوە دەرسێکی مێژوویی زۆر گرینگە، بەڵام بەداخەوە کوردەکانی باکووریش وەک ڕۆژئاوا هیچی لێ نازانن، بۆیە ئەم ڕووداوە تایبەتە کارتێکردنی تەنیا لە سەر هەرێمەکەی خۆی داناوە. هەروەها بزاڤی موریدانی عەفرین لە هەمبەر فەرەنسا لاپەرەیەکی نوێی لە مێژووی ڕۆژئاوادا خوڵقاند، بەڵام بەداخەوە تەنانەت بەشەکانی سەر بە ڕۆژئاوا واتە کۆبانی و قامیشلۆش زۆر ئاگاداری ئەو مژارە نین،

ئەمجار چلۆن چاوەڕوان بین کە ئاگاداری مێژووی سنە، مەهاباد، سلێمانی یان کرماشان بن؟ من دەمەوێت لە ڕێگەی ڕۆمانەکانمەوە هۆشیارییەکی هاوبەش لە ناو خوێنەری کورددا ساز بکەم، کە هەموو ڕووداوە جیاجیاکان ببینن و بیناسن. و هەر وەها بزانن کە چی ڕوویداوە و چما و چاوا.

بەیان: ئێوە پتر لە سی ساڵ لە سەر بەرهەمەکانی خانی و کەسایەتی ئەم شاعیرە مەزنە ئیشتان کردووە. لە چەند هەڤپەیڤین و کۆڕ و کۆبوونەوە و سێمیناردا خۆتان بە موریدی ئەحمەدی خانی ناساندووە. دیوانی مەم و زینی خانی ــت بە عەرەبی وەرگێڕاوەتەوە، جگە لەوەوەش جارێکی دیکە ئەم دیوانەت بە زاراوەی  کورمانجی سەردەم داڕشتووەتەوە. هەر وەها لە یەکێک لە گرینگترین ڕۆمانەکانی خۆتان بە ناوی "میرنامە" ئەحمەدی خانی ــت وەک کەسایەتی سەرەکی ڕۆمان بە خوێنەر ناساندووە و بە شێوازێکی پڕەنگ و هەمەلایەنە لە زمان بیست و شەش کەسایەتییەوە لە سەر لایەن و ڕەهەندگەلی جیاوازی مەعریفی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئەدەبی، ڕامیاری، دیرۆکی و  قۆناغەکانی تری هزری خانی دەدوێن. پرسیار ئەمەیە کە چ ماکەگەل و توخم گەلێکی بەرچاو لە کەسایەتی و بەرهەمەکانی خانی دا زۆرتر سەرنجی ئێوەی ڕاکێشاوە؟ لە "میرنامە"دا دەتەوێت کام یەک لە خەسڵەتەکانی خانی بەرجەستە بکرێتەوە؟

یەک کۆکن. هەمزە مووکسی یەکێک لە ڕووناکبیرانی گەورەی کورد لە پێشەکی کتێبی مەم و زیندا کە لە ساڵی ١٩١٩ لە ئیستامبۆڵ چاپ بووە، دەڵێ: ئەگەر فیردۆسی عەجەمی زیندوو کردەوە و ژیانی بە نەتەوەکەی بەخشی ئەوا خانی ــش لە گەورەترینی ئەم نووسەرانەیە کە ئیزن وەدەرفەتی ئەوەی نەدا کە کورد بمرێت. هەر بۆیە بۆ منیش هەتا ئێستا و ئەمڕۆکەشی لەگەڵابێ، بایەخێکی پڕ گرینگ و بێ میناکی هەیە و بە ڕاستی بۆ هەموو کوردان کتێبێکی شاکارە. مژارێک کە زۆرتر لە خانی دا سەرنجی من ڕادەکێشێ خەسڵەتی مرۆڤ دۆستیی خانییە واتە ئەو خۆشەویستییەی خانی بۆ هەموو مرۆڤێک هەیەتی؛ تەنانەت لە مەم و زیندا ئاواتی دڵخۆشی و هێمنایەتی بۆ هەموو مرۆڤێک دەخوازێ. لێرە مەودای ئەوە نییە بە وردی ئەم جۆرە خەسڵەتەی خانی شرۆڤە بکەم، لە" مەم و زین" دا کە نزیک حەوسەد لاپەڕەیە بە وردی باسی ئەو مژارەم کردووە. لە "میرنامە"دا من گرینگی یەکی زۆرم بە ڕەهەندگەلی هزری خانی داوە؛ سەرەتا بە بیری نەتەوایەتی ئەو و پاشان بیری مرۆڤ دۆستی ناوازەی ئەو، کە من پێم وایە سەرچاوەی ئەم جۆرە ڕوانینە هزری سۆفیگەری ئەو بێت، بە تایبەت ئەم پەیڤەی سۆفیێکان کە دەڵێن: داڵغەی ئێمە ئاسوودەیی وهێوربوونی خەڵکە؛ دیارە دروشمێکی جوانە. خانی بۆ ڕزگاری کوردان زۆر تێکۆشاوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ئیشەی لە




ژان: بەڵێ ڕاستە من سیودوو ساڵ لەوە پێش لە گەڵ خانی و ئاسەوارەکانی ئاشنا بووم. لە سەرەتاوە من تەنیا ئەو بەیتانەم دەخوێندەوە کە لە گۆڤاری هاوار لە لایەن میر جەلادەت بەدر خان لە چاپ دەدرا. ئەو بەیتانە هەموو لەخۆگری هەست و نەستێکی پاکی نیشتمانی و نەتەوایەتی بوو و هەر ئەو کات خانی سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکیشا. من ئەو کات لاوێکی تازە پێگەیشتوو بووم. پاشان مەم و زینم لە ساڵی ١٩٨٨ بە دەست گەیشت. کاتێک من ئەو پەرتووکەم خوێندەوە وەک گەنجینەیەکی لەبران نەهاتووی پڕ بایەخ وابوو و من بەیتەکانی مەم و زینم ڕۆژ و شەو دەخوێندەوە، وەک کتێبێکی پیرۆز وابوو لە لام و بە ڕاستیش پیرۆزە. من تەنیا کەسێک نیم کە خانی بە پێغەمبەر ناوزەد دەکات. ڕووناکبیرانی کورد زۆرن کە لە سەر ئەو مژارە لەگەڵ

ڕووی ڕەگەزپەرەستیەوە نەکرووە و بە مافی خۆیانی زانیوە، خانی هەموو کات پێی وابووە کە کورد زوڵم لێکراو و ژێردەست و بەشخوراو بووە.

بەیان: مژارێکی گرینگ لە"میرنامە"دا پێوەندی نێوان ڕۆناکبیر و دەسەڵاتی کوردییە، ئەم پرسە هەتا نهاش کەڵکەڵەی مرۆڤی سەردەمە، خانی وەک ڕووناکبیری سەردەمی خۆی چ پێوەندیەکی لە گەڵ دەسەڵاتداراندا هەبووە؟ ئەو پێوەندییە لە سەردەمی ئێمەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

ژان: بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە ئارشیوی عوسمانیدا پەیدا بوون، خانی لە نووسینگەی میریی بایەزیددا کارمەند بووە، کاتبی میر بووە و زۆریش لە دەسەڵات نزیک بۆتەوە. خانی خۆێندنەوەیەکی باشی لە سەر

چۆنییەتی حوکمرانی هەبووە و هەر وەها لە پێوەندی نێوان میرایەتی کوردان و دەوڵەتی عوسمانی ئاگادار بووە. بەڵام سەرەڕای ئەو هەمووە دۆستایەتی و نزیک بوونەی لە میر، هەرگیز نەبووە بە بەرخۆر و دارەدەست و کۆیلەی دەسەڵات، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ڕەخنەگرێکی لە زەبر و لێهاتوو بووە و تێر بە دڵی خۆی گومانی دەخستە سەر بیر و بڕوای چەواشەی دەسەڵاتداران. بەداخەوە لە سەردەمی ئێمەدا ڕووناکبیر نەیتوانیوە ڕەخنەی بێ لایەنانە و زانایانە لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان بگرێت.

**بەیان:** سەبارەت بە پێوەندی نێوان ڕووناکبیر و دەسەڵات ئاماژەتان بە مژارێکی گرینگ کرد. ڕووناکبیر دەبێ لە هەمبەر هەڵفریواندن و هەڵفریوێنەراندا نەفرەت لەو باوەڕە ئامال-پیرۆزانە بکات کە هۆکاری چەوساندنەوەی خەڵکن. من پێم وایە یەکەم کۆڵەکەی ڕووناکبیری لە ئوورووپا لە سەر ڕەخنەگری و هەدان لە هەموو باوەڕە کۆن و نەریتە زاڵەکان دارژاوە. جا ئەم باوەڕانە دەکرێ پەیوەست بە ئایین بێت یان دەسەڵات یان کەلتووری کۆمەڵگا. ئیشی ڕووناکبیر نە خزمەت بە باوەڕەئایینەکانە و نە سەردانەواندن بۆ دەسەڵات و نە گوێ ڕایەڵی بۆ نەریتە چەق بەستووەکانە. بەڵکوو ئەو دەبێت بە ڕوانینێکی ڕەخنەئامێزەوە ببێتە هۆکاری چاکسازی و گۆڕانی بارودۆخی باشتر بۆ کۆمەڵگای خۆی. واتە ڕووناکبیر بۆی نییە خزمەت بە هیچ هێزێکی دیاریکراو بکات. ئەو دەبێ بەردەوام دەبەنگەکان، لە هەر جۆرە جل وبەرگێکدا بن، ئازار بدات؛ بە ڕاستی کاتێک ڕووناکبیر ببێتە ئالاهەڵگر و دەست و پێوەندی دەسەڵات بارودۆخ زۆر نالەبار و تراژیک دەبێ. با کۆتایی بەم بابەتە بهێنین و بێینە سەر پرسیاری چوارەم. ئێوە لە ساڵی ١٩٩٦ بە مەبەستی سەردانی شاری مەهاباد سەفەرتان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. هۆکاری سەرەکی ئەو سەفەرە بۆ نووسینی ڕۆمانی "مژاباد" دەگەڕێتەوە. کە بە گشتی لە سەر کۆماری کوردستان و بە تایبەتی لە سەر کەسایەتی "قازی محەمەد" نووسراوە. ئێوە لەم ڕۆمانەدا بە وردی زۆربەی ڕووداوکان و کارەساتەکانی ئەو سەردەمەتان گواستووەتەوە بۆ ناوئاخن و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەتان. یەکەم پرسیاری خوێنەری هۆشیار ئەمەیە کە چما ئێوە بۆ گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە مامۆستایەکی بادینی ئامەدێتان هەڵبژاردووە. هەر وا کە خوێنەرانتان ئاگادارن ئەومامۆستایە لە گەڵ ڕەحمەتی و ڕەوان شاد مەلا مستەفا بارزانی هاتۆتە مەهاباد و هەر ڕووداوێک کە دەیبینێ تۆماری دەکات.

**ژان:** ڕاستە من بە مەبەستی نووسینی "مژاباد"هەست بە پێویستی سەردانی شاری مەهابادم کرد. من سەردانی ئەو باژێرەم کرد و بە تێر و تەسەلی ڕوانیمە چیاکان و کۆڵانەکان و ماڵەکان و ڕووبارەکان. تەنانەت سەردانی ماڵی قازی ـم کرد و دواتریش چوومە سەر مەزاری خۆی و دووهاوڕێ سوورخەڵاتەکەی. بۆ من بە ڕاستی ئەزموونێکی گرینگ بوو. ڕاستەکە کەسایەتی سەرەکی وەگێڕ مامۆستایەکی ئامێدی بادینی بوو، هۆکار ئەوە بو کە ئەم مامۆستایە شاعیر بوو. منیش دەمەویست کە ڕۆمانی کۆمار بە زمانێکی شاعیرانە بنووسم. بە ڕاستی نەدەکرا ئەم ڕۆمانە لە زمانی شێعری دوور بخەمەوە، من پێم وایە شاعیرێتی جۆرێکە لە پێغەمبەرایەتی، دووربین و وردبینە بۆیە دەبێ شاعیر بێ.

**بەیان:** ئەمجار دێمە سەر ڕۆمانی "سێ هەنگاو و سێدارەیەک"، ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ٢٠٠٧دا هاتووەتە وەشاندن کە دیسانەوە ناوەڕۆکی سەرەکی ڕۆمانەکە شۆڕشی کوردییە. کەسایەتی سەرەکییەکەی شێخ سەعیدی پیرانە کە لە ساڵی ١٩٢٥ دا بە یارمەتی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە دژ بە حکوومەتی کۆماری تورکیا شۆڕشی کرد و بۆ ماوەیەکی زۆر گەمارۆی شاری ئامەدیان دا، بەڵام هێزەکەیان تێکشکا و دەسەڵاتیان دارما وتێکرووخا، پاشان شێخ سەعید لە سێدارە درا. سەرەتا با بزانین مەبەستی جەنابت لە سێ گاڤ یان سێ هەنگاو چییە؟ خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە دڵی لەو هەمووە خەیانەتە خوێن دەدەڵێنێ. هۆکار چنە کوو هەر دەم خەیانەت دووپات دەبنەوە؟

**ژان:** مەبەستی سەرەکی من لە سێ هەنگاو، سێ قۆناغی جیاوازی ژیانی ڕەوانشاد شێخ سەعیدی پیرانە. هەنگاو و قۆناغی یەکەم منداڵی ئەوە، هەنگاوی دووهەم خۆڕتانییە (واتە لاوی) و سێهەمیش دوایین ساتەکانی ژیانییەتی. هەر وەها لەو کاتەدا کە بەرەو سێدارە دەیبەن شێخ هەر سێ قۆناغەکەی دێتەوە بیر و لە ناو بیرگەیدا دێن و دەچن. ئەوە شێوازێک بوو کە من توانیم بۆ جوانتر نووسینی ڕۆمانەکەم کەڵکی لێ وەربگرم. مژاری خەیانەت بابەتێکی دوور و درێژە. ئەو جۆرە کە من بەرهەم گەلێ جیاوازی مێژوویی خوێندووەتەوە و لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی خۆمدا بەو دەرەنجامە گەیشتووم کە نەتەوەی کورد قۆناغی عەشیرەیی و هۆزپەرستی وەلا نەناوە و هەر هۆز و خێڵێک خۆی بە سەرووتری ئەویدی زانیوە. بەداخەوە لە کوردستان دەسەڵاتێکی ناوەندی ساز نەبووە کە هەست و نەستی کوردان یەکگرتوو بکات.

**بەیان:** ئێوە خەڵکی قەڵای ڕزگاری و بەرخۆدان واتە کۆبانین. شارێک کە تا وەکوو چرکەساتی هێرشی تێرۆریستان کەس ناوی نەبیستبوو. کەسیش نەیدەزانی لەم شارەدا ئەو هەمووە ژیلەمۆ و گڕە لە ژێر خۆڵەمێشدا لە گەڕ دایە. بەڵام دواتر ڕۆچنەیەک لە هیوا بە گۆڕانخوازی و شۆڕشگێڕێتی کرایەوە. ئەگەر لە ڕابردوودا قەڵای دمدم ڕەمزی شۆڕش و بەرەنگاری بووبێت دژی سیاسەت و پیلانگێڕی داگیرکەرانی کوردستان، ئێستاش کۆبانی لە ڕۆژئاوا بووەتە ڕەمزی بەرخۆدانی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوە هەمبەر پیلانەکانی دژ بە گەلی کورد. لەو شەڕەدا ژنان و پیاوان شان بە شانی یەک لە بەرەکانی جەنگدا ئازایانە



بۆ داکۆکی لە خۆیان و شار و وڵات و ئامانجەکانیان بەرخۆدانیان کرد. وەستانەوەیەکی ئەفسانەیی بەرامبەر بە درندەترین هێزی ئیدئۆلۆژیکی ئایینی کە بە هەموو پێوەرێک دژە مرۆڤە. یەکینەکانی پاراستنی گەل و هەر وەها یەکینەکانی پاراستنی ژنان پێکرا مێژوویەکی پڕ لە شکۆمەندییان نەخشاند. ئێوە لە ساڵی ٢٠١٧دا ڕۆمانی "کۆبانی"ـتان چاپ کردووە کە باس لە بەرخۆدان و هەڵمەت وشۆڕشی بوێرانەی گەلە لە دژی داگیرکەران و هەروەها ئێش و ئازاری خەڵکی کۆبانێتان گواستووەتەوە بۆ ناو ڕۆمانەکەتان. هۆکاری سەرەکی نووسینی ئەم ڕۆمانە چی بووە؟ گەلۆ پێش دەستپێکی شەڕ قەت بیرت لەوە دەکردەوە کە ڕۆمانێک بە ناوی "کۆبانی" بنووسی؟

**ژان:** کۆبانی باژێڕی منە، من لەوێ لە دایک بووم و ٣٥ ساڵی تەمەنیشم لەوێ بە سەر برد. پاشان لە ساڵی ٢٠٠٠ دا لە وڵاتی خۆم هاتمە دەرەوە و چی تر بە هۆی ترس لە ڕژیمی بەعسی ئەو کاتە نەمتوانی بگەڕێمەوە سەر خاکی خۆم. گۆڕانکاری و ئاڵووگۆڕییەکی زۆر لە ناوچە ساز ببوو، بەڵام مخابن من لێی دوور بووم. من زۆر بە تاسە و بە حەزێکی تۆخەوە بیری خاکی خۆمم دەکرد، هەر وەها بیری ماڵبات و خزم و کەس و کارم دەکرد و ئەو دوورییە بۆ من  زۆر سەخت بوو. هەر لەو کاتەوە لە بیری ئەوەدا بووم کە ڕۆمانێک بۆ شارەکەی خۆم و خەڵکی ئەو باژێڕە بنووسم. هەڵبەت بە دڵنیایی ناوەڕۆکی ئەو ڕۆمانە وەک ڕۆمانی ئێستا نەدەبوو کە دوای داگیرکردنی کۆبانی و هەروەها پاش ڕزگارکردنی، دەستم بە نووسینی کرد. لە ڕووی مژارەوە بیری ئەو کاتەم بە دڵنیایی زۆر جیاواز لەمە دەبوو. ڕۆمانی کۆبانی ڕۆمانی بەرخۆدانە و باس لە مێژووی کۆبانی و هەر وەها شەڕ و ئاڵۆزی و ئێش و ئازارەکان ونەهامەتییەکانی ئەو ناوچە دەکات. بێ گومان بەرخۆدانی ئەفسانەیی لەو باژێڕە کە لە لایەن هێزی ڕەشی داعش داگیرکرا و پاشان بە بەرخۆدانێکی بێ وێنە ڕزگار کرا، بووە هۆکار کە من پرۆژەی نووسینی ڕۆمان بۆ زێدی خۆم دەست پێ بکەم و بە شێوازێک بینووسم کە بە ڕاستی شایانی لێوەشاوەیی وهێژایی ئەم  بەرخۆدانە و ئێش وئازارەکانی ئەو باژێڕە بێت.

**بەیان:**کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانە کێن و خاوەن چ تایبەتمەندییەکن؟ گەلۆ دەکارین کەسایەتییەکی سەرەکی بۆ ئەم ڕۆمانە دەستە بەر کەین؟

**ژان:** لە ڕۆمانی "کۆبانی"دا دوو ڕێباز و دوو زمان بوونی هەیە کە هەڵبەت هەر دوویان لە سەر یەک مژارن.گێڕەوەکان زۆرن و کەسایەتیشی زۆر تێدایە. من بە ڕاستی لێرەدا ناتوانم بە وردی باسی هەموو بابەتەکان بکەم، ڕۆمانەکە ٤٠٠ لاپەڕەیە و پێویستی بە لێدوانێکی قووڵ و تێر وتەسەل هەیە. بەڵام دەتوانم بە کورتی بڵێم: لەم ڕۆمانەدا چیرۆکی بنەماڵەیەکی کۆبانی دەگێڕمەوە کە کۆتایی ژیانی هەر ئەندامێکی بە شێوازێکی جیاوازە. ئەم بنەماڵە بریتین لە دایک و باوک و شەش منداڵ کە هەر یەکە و بەرەورووی ڕەوشێک دەبنەوە؛ هەڵبەت ژیانی هەموویان  گرێدراو و لکێندراوە بە ڕووداوەکانی کۆبانییەوە. کچی بچووکی ئەم بنەماڵەیە کە ناوی "ڕەوشن"ـە لە گەڵ هێزی گەل تێکەڵ دەبێ بۆ بەرگری کردن لە باژێڕی خۆی. برا گەورەکەیان لە گەڵ پێشمەرگەیەک دەکەوێت و بەرەو هەرێمی کوردستان دەڕوات. کوڕێکی دیکەیان بە دەستی هێزە نگریسەکەی داعش سەردەبڕدرێت. ئەوانی دیش دەبنە سوورخەڵات لە ئاکامی کۆمەڵ کوژی لە کۆبانی دا. بە کورتی  من کاریگەری ئەم شەڕەم لە سەر ماڵباتێکی کورد تاوتوێ کردووە. ڕۆمانی کۆبانی لەم دواییانەدا بە زمانی فارسی وەرگێردراوەتەوە، بەڵام هێشتا چاپ نەبووە. بە زاراوەی سۆرانیش هەر ئامادەی چاپ و وەشاندنە و هیوادارم بەم زووانە هەر دوویان بێنە وەشاندن.

**بەیان:** لە چەندین وتووێژدا خەباتی ژنانی کوردتان هاوشانی پیاوان لە مێژووی کوردا بەرز نرخاندووە و کۆبانیتان وەک تەنیا ئەزموونی ئەم چەشنە خەبات و خۆڕاگرییە هاوبەشەی دوو ڕەگەزی ژن وپیاو ناوزەد نەکردووە و پێتان وابووە ئەمە کەلتوورێکی کۆنە. بۆ میناک باستان لە ڕووناکبیرانی کورد وەک مەلا مەحموودی بایەزیدی کردووە و فاکت و قسەتان لێ هێناوەتەوە کە بەردەوام ژن و پیاوی وەک یەک هەڵسەنگاندووە و هیچ جیاوازییەکی لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا دانەناوە و ئەم جۆرە خەباتەی وەک ڕێبازێکی کۆن و لە مێژینەی کۆمەڵایەتی زانیوە. منیش پێم وایە ئەو ڕەوشە مێژووییەی کوردان پێچەوانەی زۆربەی نەتەوەکانی دی جیهان، تەنانەت وڵاتانی پێشکەوتووشە کە ژن تەنیا وەک قوربانی جەنگ هەژمار دەکەن و تەنانەت لە هێزە سەربازییەکانی وڵاتە زلهێزەکانی دونیاشدا ژنان نەیانتوانیوە لە بواری نەخشاندن و بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەدا بەو ئاستە لە یەکسانی بگەن. بوێرانە دەڵێم کە چەک هەڵگرتنی ژنان و بوونیان لە پۆستە باڵا سەربازییەکان مۆدێلێکی نوێی لە خەباتی چەکداری نیشانی دونیا داوە. پرسیار دەکەم لێتان کە لە ڕۆمانی "کۆبانی"دا تا چ ڕادەیەک جەختت کردووەتە سەر ئەم مژارە؟

**ژان:** لە ڕۆمانی کۆبانیدا هەر وەها کە پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ڕۆڵێکی گرینگم بۆ ژنانی کورد تەرخان کردووە. چوار کەسایەتی سەرەکی ئەم ڕۆمانە ژنن. یەکیان شەرڤانە و هەتا دوایین هەناسەکانی لە باژێڕی خۆی بەرگری دەکات. یەکیان مامۆستایە و دەچێتە ئەورووپا. خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە ژنی کورد وەک هەموو ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ژێر پەروەردەیەکی سەقەت و هەندێک نەریتی ناشیاودا بوون و بەردەوام چەوساونەوە. بەڵام بەختەوەرانە لەم دوایانەدا لە هەموو بوارێک سەرکووتوون و لە شەڕێکی وەها قورسدا سەربەرزانە لە کڵ هاتنەدەر.

**بەیان:** پێوەندی نێوان ئەو ڕۆمانە کوردییانە کە لە پرسیارەکانی پێشوودا باس کرا لە گەڵ ڕۆمانەکانی دی ئێوە لەچ دایە؟ بۆ نموونە "مارتینی بەختەوەری" ناوئاخنێکی فەلسەفی هەیە کە ئەویش گەڕان بە شوێن بەختەوەریدایە، بەختەوەری مژارێکە کە بە درێژایی مێژووی فەلسەفە باسی لێکراوە و بیریاران هەر کام بە جۆرێک باسی کامەرانیی مرۆڤیان کردووە یان لانی کەم ڕێگا چارەیان بۆ تراژدیایی بوون دۆزیوەتەوە. ئەم بابەتە بێ گومان لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی فەلسەفەدا بەرچاوە. پرسیار ئەمەیە کە گەلۆ ڕۆمانی مارتینی بەختەوەری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە ڕۆمانەکانی دی تان جیا دەبێتەوە؟ دەتوانین بڵێین "ژان" خاوەن دوو قۆناغ و وارگەی ئاوارتەی فکرییە لە نووسینی ڕۆماندا؟ واتە ئەزموونەکانت ،هەرکام دەکەونە ناو خانەی جیاجیای ڕۆمانی مێژوویی و ڕۆمانی فەلسەفییەوە؟

**ژان:** ئەزموونی من هەر وا کە جەنابت بە دروستی ئاماژەت پێدا یەک جۆر و یەک دەست  نییە. کەڵکەڵەی من تا کۆتایی ڕۆمانی" میرنامە" سەبارەت بە دیرۆکی کوردستان و مژاری مێژوویی هەندێک سەردەم بووە. و بە ڕاستیش دیسانەوە دووپاتی دەکەمەوە کە من زۆرم لا گرینگ بووە کە زۆرتر ڕووناهی بخەمە سەر قۆناغەکان و وارگەکانی جیاجیای مێژووی کوردستان و لەو ڕێگایەشەوە خوێنەری کوردم لە ڕووداوەکان ئاگادار کردووەتەوە. بەڵام بەردەوام هەستیشم بەوە دەکرد کە دەبێ لە سەر بابەتی دیش ڕۆمان بنووسم و شێوازی ڕۆمانەکانم نوێ بکەمەوە. بۆیە لە ناوەڕۆکی مێژوویی خۆم دەربازکرد و لە سەر هەندێک بابەتی دی هەڵوێستم گرت. وابوو کە دەستم کرد بە نووسینی ڕۆمانی "مارتینی بەختەوەوەری"، هەڵبەت مارتینیش هەر تاکێکی کوردە، بەڵام لە ئاڵمان دەژی و هەر وا کە لە ناوی ڕۆمانەکەشدا دیارە داڵغەی سەرەکی ئەو گەڕان بە شوێن بەختەوەری دایە. پاشان ڕۆمانێکی عەرەبیم نووسی کە کەسایەتی سەرەکی "چەرکەز"ـە ( چەرکەز،نەتەوەیەکی جیاوازە لە تورکیا کە ڕۆڵێکی سەرەکیان لە ڕۆمانی کوردیشدا گێڕاوە. ئەوانیش وەکوو کوردان لە ژێر زەبر و گوشاری دەوڵەتی تورکیە دا بوون). بەم جۆرە من خۆم لە تاک- زمانیتی دەرباز کرد. بە ڕای من بۆ ڕۆمان نووس نابێ سنوور دابین بکەین. ئەگەر چی من لە ناو کورداندا وەک ڕۆماننووسێکی دیرۆکی ناسراوم، بەڵام لە جیهانی عەرەب دا وەک ڕۆماننووسێک دەناسرێم کە جیا لەوەی مژاری ڕۆمانەکانم فەلسەفین ، هەر وەها لە ڕۆمانەکانم دا دژی ڕەگەزپەرەستی و تەنانەت توندووتیژی ئایینیش دەوەستم. من ئەم بابەتە بە باش دەزانم

و هیوادارم لە دوا ڕۆژیشدا بچمە سەر هەندێ ئەزموونی نوێی دی.

**بەیان:** بە ڕای من ڕۆماننووسی کورد دەبێت زۆرتر بایەخ بە مژارە فەلسەفییەکان بدات. واتە ڕۆمانی کوردی دەبێ بەو ئاقار و ڕەهەندەدا بڕواتە پێش کە بتوانێ کێشە فەلسەفییەکان بۆ ناو ڕۆمان بگوازێتەوە. نەبوونی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە و دەرنەبڕینی کێشە فەلسەفییەکان لە ڕۆمانی کوردیدا ئاستەنگ و کۆسپێکی گەورەیە و هەژاربوون و لاوازبوونێکی ڕووناکبیریی کۆشەندەی پێوە دیارە، بۆ میناک هەندێک لەو مژاراە فەلسەفییانە بریتین لە: تراژدیایی بوون، مژاری ناخۆ-ئاگا، ئاگامەندی لە مەرگ، گرینگی کات، خەسڵەتەکانی مرۆڤی ڕەسەن، کێشەکانی مرۆڤی سەردەم، شێوازی ڕاستەقینەی ژیان، بەرەنگاری لە گەڵ پووچی، هەموو ئەو حەقیقەتە تاڵانەی ژیانی مۆدێڕن و هەزاران کێشەی دی. هەر چەند دەبێ ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بکەم ئەویش ئەوەیە کە سەر هەڵدانی ڕۆمانی فەلسەفی پێویستی بە کەشێکی ڕووناکبیری هەیە کە ئەم جۆرە بیر کردنەوەی تێدا گەشە بکات. بە واتایەکی دی ئەم جۆرە نووسینانە کە لە سەر کۆڵەکە وسەر-کۆڵەکەی پرسیار و ڕەخنەگریی ڕۆدەندرێن و دێنە بەرهەم و دادەمزرێندرێن، پێویستی بە کەشێکە کە تێیایدا دەسەڵاتی سەرکوتکەر بوونی نەبێت. سوژەی کوردی تاکوو ئەمرۆشی لە گەڵ بێت کێشەی مان و نەمانی هەیە و کەمتر توانیویەتی بە سەر نەریتە سەرکوتکەرەکاندا زاڵ ببێت و کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو وگەشەسەندوو ساز بکات. بەڵام دەبێ ئێمەش بە زووترین کات دەست پێ بکەین و چیدی ئەم بۆشاییە نەمێنێتەوە. یەکەمین ڕۆمانەکان لەم شێوازەدا کاتێک سەریان هەڵدا کە کانت وتارێکی لە ژێر ناوی ”ڕۆشەنگەری چییە؟“ نووسی. ڕۆشنگەری خۆدەربازکردن و خۆهەڵاواردن و ئاوارتەبوونی مرۆڤە لە پێنەگەیشتوویی و لاوازیی خۆی کە بە سەر خۆیدا سەپاندوویەتی؛ پێنەگەیشتوویی واتە ئەوەی مرۆڤ بە بێ ڕێنوێنی ئەویدی، نەتوانێ عەقڵ و تێگەیشتنی خۆی بە کار بهێنێت. ئەمەش لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی زوو هەستی پێکرا، کاتێک مرۆڤ بڕیاری دا کە خۆی چارەنووسی خۆی دەستەبەر بکات.

لێرەدا پرسیارگەلی سەبارەت بە ڕۆمانەکانت کۆتایی پێدێنم و چەن پرسیاری دیتان سەبارەت بە ڕەوشی ڕۆمانی کوردی لی دەپرسم. سەرەتا دێمە ڕۆژهەڵات، مانگی پێشوو خەڵاتی ”بەڕووی زێڕین“ لە لایەن ناوەندی فەرهەنگیی-هونەری ڤەژینەوە پێشکەش بە مامۆستا ”عەتا نەهایی“ کرا، وێڕای پیرۆزبایی دووبارەم لە مامۆستای بەڕێز، دەمەوێت سەبارەت بە پێوەندی خۆت لە گەڵ بەرهەم و کەسایەتی ئەم ڕووماننووسە خاوەن شەقڵ وشێوازە وئەو نووسەرە بەهەڵوێست و داهێنەر و لێوەشاوەیەی کورد قسەمان بۆ بکەیت. ئێوە لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و وتووێژدا ئەوانتان وەک نووسەرێکی بە ئەزموون و خاوەن شێواز و خودان دەنگی جیاواز و وەک داهێنەر و ئافرێنەرێکی هەڵکەوتە ناوزەد کردووە کە چەندین بەرهەمی ناوازە و شوێن دانەری پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە، یەکەم ئاشنایی جەنابت لە گەڵ ئەو دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟ هەر وەها لە ناو ڕۆمانەکانیدا کام ڕۆمان زۆرترین کاریگەری لە سەر جەنابت داناوە؟

**ژان:** من سەرەتا بەڕێز عەتا نەهاییم بە ڕۆمانی ”گوڵی شۆڕان“ ناسی کە ساڵی ٢٠١٢ بە زاراوەی کورمانجی و تیپی لاتینی و بە وەرگێڕانی بەسام مستەفا، هاتە وەشاندن. بە ڕاستی ڕۆمانێکی هێژا بوو و من هەستم بە نزیکایەتێکی سەیر دەکرد لەگەڵ ئەو ڕۆمانە. هەر ئەو کات زانیم کە عەتا ڕۆماننووسێکی خودان شێواز و ئافرێنەر و پایەبەرزە. پاشان من لە باژێری سلێمانی ئەوم بینی، ساڵی ٢٠١٤ بوو و من ئەو ساڵە بەشداریم لە فیستیڤاڵی گە-لاوێژ کرد و هەر لەوێش خەڵاتی زێڕینی حوسێن عارفم وەرگرت. چەن ڕۆژێک ئێمە پێکەوە بووین ئاهەنگی ئیمزا کردنی کتێبەکانم لە لایەن ناوەندی چاپ و بڵاو کردنەوەی ئەندێشە ڕێکخرا. من ئەو کاتە ئیدی عەتام نە هەر وەک نووسەر بەڵکوو وەک مرۆڤێک ناسی. ئەو مرۆڤێکی ڕۆح سووک و خوێن شیرین و زۆر پاک و، دڵ پڕلەکوڵ وکۆ بوو. بە ڕاستی هەم خۆیم زۆر خۆش دەوێت و هەمیش بەرهەمەکانی.

مخابن سۆرانی من باش نییە و لەو ئاستەدا نییە بتوانم بەرهەمەکانی بە سۆرانی بخوێنمەوە. بڕواشم بە هەموو جۆرە وەرگێڕانێک نییە، هەر چەندە دەزانم وەرگێڕی بەرهەمەکانی ئەو واتە بەسام مستەفا کەسێکی لێهاتووە.

**بەیان:** سپاس بۆ سەرنج و تێبینی و ڕوانین و نرخاندنی تێگەیشتووانە وپێگەیشتووانەتان. سەبارەت بە مامۆستا عەتا منیش لە گەڵ ئێوەدا هاوڕام. بە ڕاستی جگە لە بەرهەمە ناوازاەکانی کە تەژی و پڕاوپڕ و لێوڕێژن لە ڕۆنان و داهێنانی جیاواز لە بواری کاکڵ و توێکڵ و ڕواڵەت وناوئاخن و هەست و هەڵوێستی جوانیناسانە و نوێترخوازانە، هەروەها لە باری کەسیاتییەوە مامۆستا یەکێک لەو نووسەرە هەرە تەرز وبەرز و ڕەسەن و گەورانەیە کە هەموو ئەو ماکەگەل و توخم گەلەی وا بناغەدارێژەری پێکهاتەی بەها ئەخلاقی و مرۆڤایەتیەکانن، تێدا بەدی دەکرێ و بەردەوام کەڵکەڵە و داڵغەی مرۆڤدۆستی تێدا بەرچاودەکەوێ. هەموو کات گرینگی بەها مینۆکییەکان لای ئەو بەرجەستە و بەرهەست بووە. ئەو مامۆستا هێژایە شارۆمەندێکی جیاواز و هەڵاوارتە و مرۆڤێکی ئەخلاق-تەوەر و ڕەوشت-بەرزە و ئەمەش لە سەردەمی مۆدێرن دا کە بۆشایی لاوازبوون و بزربوونی ماکەگەلی مرۆڤ دۆستی و مرۆڤ-مەزنێتی بەئەوپەڕی خۆی گەیشتووە و بەتۆخی هەستی پێ دەکرێ، هێما وهەوێنی دڵخۆشی و گەشبینیە بە مرۆڤ. پرسیاری کۆتایی من ئەمەیە: هەروا کە ئاگادارن مانگی ڕابردوو ”خەڵاتی نیلی زاکسی دۆرتمۆند“ بە ڕۆماننووسی هەڵکەوتە و ئاوانگاردی کورد ”بەختیار عەلی“ پێشکەش کرا، دەمەوێت بپرسم لە ئێستادا دۆخی ڕۆمانی کوردی لە چ ئاستێک دایە؟ ڕۆمانی کوردی چۆن دەکارێ لە ئاستی جیهانیدا زۆرتر بێتە ناساندن؟ ڕۆڵی وەرگێڕان لەم بار و بوارەدا چییە؟

**ژان:** من پێم وایە ڕۆمانی کوردی بەردەوام لە پێشکەوتن دایە و ڕۆماننووسانی کورد چ ئەوانەی بە زمانی کوردی دەنووسن و چ ئەوانەی کە بە زمانەکانی دی دەنووسن لە جیهاندا ناسراون و دەتوانم بڵێم کە ڕۆمانی کوردی گەیشتووەتە ئاستی بەرزی جیهانی. بە مەبەستی ئەوەی ڕۆمانی کوردی لە ئاستی جیهانیدا بناسرێت دەبێ پلان وپڕۆژەیەکی وەرگێڕانی تۆکمە بێتە ئاراوە. بۆ ئەوەی دەنگی ڕۆمانی کوردی بگاتە جیهان، ئامادەکاری و مشوورخۆریی تایبەتی پێویستە. بۆ نموونە نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ئەگەر ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی بە زمانی ئاڵمانی وەرنەدەگەڕانەوە لەم ئاستەدا نەدەناسرا. بۆیە لە ئێستادا ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا ڕۆمانێکی جیهانییە و گەلانی جیهان لە ڕێگەی ئەو ڕۆمانەوە کوردیان ناسیوە. من شەوی خەڵاتکردنی بەختیار لەو بەرنامەیەدا بەشدار بووم و بە ڕاستی لە ناخی دڵمەوە کەیفم ساز بوو و هەستم بە شانازی دەکرد. دەبێ ڕۆمان نووسەکانی تریش بناسرێن و هەر لە ڕێگای وەرگێڕانی بەرهەمەکانیانەوە بە ئاستێکی جیهانی بگەن. ئەمەش پێویستی بە ئامادەکاری و مشوورخۆری و پلانی شیاو و تۆکمەوە هەیە، چون بە ڕاستی ڕۆماننوس بۆ خۆی ناتوانێ ئەم ئیشە بە ئەنجام بگەیێنێت.

**بەیان:** مامۆستا سپاس و ڕێز و پێزانینم هەیە بۆ ئێوە کە وەک ڕۆماننووسێکی هەڵکەوتە و خاوەن دەنگ و خودان شێواز لەم هەڤپەیڤینەدا بەشداریتان کرد و زانیاری زۆر بەکەڵک و فرەباش و گەلێک شیاو و چێژبەخشتان ئاراستە کرد.

**ژان:** زۆر سپاس بۆ ئێوەی خۆشەویست دوکتۆر بەیان، بە هیوای ئەوەی کە خۆێنەران بە دڵیان بێت.



# و.م. ئایرو


داهێنان لە غوربەتی گیان و جیهانی وریادا/ڕێبوار کەریمی | ٩٨
نووسەربوون بە شێوازی فینلاندی /بەرۆژ ئاکرەیی | ١٠١
رویای وریا، به یاد وریا مظهر و سخنرانی در جشن زندگی و آثار آیرو /دکتر پیمان وهاب‌زاده | ١٠٥
من وارون آنم که می‌نامیدم/علی نگهبان | ١٠٩
پاره‌نویسی/نانام(حسین مارتین فاضلی) | ١١٤
بۆ شانه شێعرییه‌كانی شاعیر وریا مەزهەر به حرمت آن بی‌نهایت /ئەیاز سیاوەشان | ١١٧
نامه‌ای به آیرو /بابک سلیمی‌زاده | ١١٩
چیرۆکەکانی وریامەزهەر | ١٢١
شێعرەکانی وریامەزهەر | ١٢٨




# داهێنان لە غوربەتی گیان و جیهانیی وریادا

ڕێبوار کەریمی

ئەوەی لێرە و لەوێ لە سەر وریا مەزهەر دەوترێ، کەمایەسییەکی گەورەی تێدایە. ئەو بەرهەمانەی جەماوەری دنیای ئۆنلاینی تامەزۆری وریای جوانەمەرگ کردووە، زادەی ئەو قۆناغەن کە شێعری وریا، بە ڕواڵەت، ڕواڵەتێکی جەماوەرییان بە خۆیانەوە گرت. ''جەماوەری'' بەو مانایەی کە "چاوی ناچەکدار"ی خوێنەریش دەیتوانی، بەشێوەیەک لە شێوەکان، ئولفەتیان لە گەڵ بگرێت. شێعری ئەم قۆناغەی وریا بەڵام میراتگری بەرهەمەکانی چاخی ئەزموونێکی قووڵی دیکەن لە ناو زمان و بە ناو زماندا. وریا لەو قۆناغەی پێشووتردا بوو کە وەک "شاعیرێکی بەرپرس" خۆی دەرخست. من لەم گۆشەنیگایەوە سووکەئاوڕێک لە ئەزموون و جیهانبینیی شێعریی وریا دەدەمەوە و دواتریش دێمە سەر باسی بەرهەمە کوردییەکانی وریا.

### شاعیرێکی بەرپرس و شێعرێکی نامانا

وریا "شاعیرێکی بەرپرس" بوو. هەڵبەت نەک بەرپرس بەرامبەر بە دنیای دەرەوەی شێعر بەڵکو بەپرس ڕێک بەرامبەر "شێعریەتی شێعر". وریا لەوانەش نەبوو کە بەرامبەر دنیای دەرەوەی خۆیان بێ‌موبالات بن، ئەو بەرامبەر بە کارکردە کۆمەڵایەتییەکانی زمان و لە چوارچێوەی پێگەی دیاریکراوی خۆیدا — وەک کوردێکی تاراوگەنشین — لای لەم ڕەهەندەی زمانیش دەکردەوە. بەڵام لە پێوەندی لە گەڵ شێعردا وریا خۆی بۆ یەک شت تەرخان کردبوو: بەرهەمهێنانی جوانی — جوانییەک کە بە سەخاوەتەوە پێشکەشی دنیای دەرەوەی خۆیی دەکرد - بەبێ ئەوەی بۆ ئەفراندنی جوانی، حازر بێت باری چەمکە کۆنکرێتەکانی دنیای دەوروبەر بخاتە سەر شانی شێعر. هەڵبەت وەنەبێ وریا، لێرە و لەوێ، ڕاستییەکانی دنیای دەرەوەی لە شێعریدا نەنواندبێت. بەڵام ئەمە تەنها لەو کاتانە دایە کە ئەو "ڕاستییانە"، خۆیان، خۆیان خزاندبێتە نێوشێعرەکان. بەڵام بەو مەرجە قورسەوە کە هەر زوو لە ناو پێکهاتەی تایبەتی شێعری وریادا، کارەکتەری سەربەخۆی خۆیان لە دەستداوە و بوون بەشێک لە دنیایەک واوەتر لەو دنیایەی لێوەی هاتوون؛ ڕاستییەکان لێرەدا مەسخ نابن، بەڵام لە بەستێنی ئەو دنیا جیاوازەدا کە وشەکان — ڕاپسکاو لە ژێر ڕکێفی هێما و دەلالەتە باوە پێدراوەکان- تێیدا شائەکتەرن، بە بێ ئەوەی ناونیشانی پێشووی خۆیان بزر بکەن، دەبن بە خشت بە خشتی بنیاتی
دنیایەکی پڕئەفسوونتر کە هەمان دنیای شێعری وریایە.

لەلای وریا، شێعر بەرهەمی بیرکردنەوە نیە، بە بۆچوونی ئەو؛ ڕوانینێکی ئەوتۆ زمان دەکا بە پاشکۆی "زەین". ڕێک بە پێچەوانەوە، وریا دەڵێ: لە نێوان زەین و زماندا ئەوە زمانە کە نەخشی ڕێبەر دەگێڕێ. "زەین لە شێعردا، خۆی لە خۆیدا، ناکارایە. ئەوە زمانە کە وەجووڵەی دەخا و خۆی دەبێتە پێشەنگی زەین". ڕەنگە چەشنی شێعرناسانەی باو یان شاعیری — شێعری- باو، لە گەڵ ئەم بۆچوونە نەبن. بەڵام تێگەیشتن لە شێعری وریا، بەبێ ملدان بۆ ئەم پێوەرە، دەست نادا. هەر ئەوەش وریا دەکا بە شاعیرێکی جیاواز.

بەپاشکۆگرتنی زەین، سەندنەوەی ڕەوایەتی‌یە لە هەموو ئەو سووژانەی لە پێوەندی لە گەڵ کەون و پێکهاتەی ئۆبژێکتیڤی بوون، بنیاتی شێعر لە سەر بنەمای هێما و نیشانە ئاشنا و باوە زمانی و زەمانییەکان، هەڵدەچنێ. لێرەدا ڕەنگە بپرسرێ، ئەی مەدلوولەکانی ناو پێکهاتەی شێعرێکی ئەوتۆ لە کوێ‌دا هەڵکەوتوون؟ لە ڕاستیدا مەدلوولەکانی شێعر، لای وریا و لە شێعری وریادا — بەبێ ئەوەی بمانەوێ بەشێوەی موتڵەق قسە بکەین — دەگەڕێنەوە بۆ ئەو بەریەککەوتن و پێوەندییانەی لە نەزمێکی زمانیی بەهەڵکەوتدا، مانا یان واتا لە بیچمێکی "قائم بە ذات"دا، بەرهەم دەهێنن. هەڵبەت، ئاشکرایە کە مانایەکی ئەوتۆ، چونکە لە گەڵ دەلالەتە هێمایییە باوەکان نامۆیە، بۆیە بە ئاسانی دەکرێ بەرچەسپی "بێ مانابوون"ی لێ بدرێ. ئەو بەڵام باس لە شێعری بێ مانا، ناکا.

وریا لە گەڵ "شێعری پەتی"یە. شێعرێک کە شێعریەتی خۆی لە "زاتی واوەترچوونی شێعر لە خۆی" هەڵدەهێنجێ. بەواتایەکی تر، مانا لە شێعری وریادا بزر نابێت. بەڵام ئەوەی لە شێعر هەڵدەقوڵێ مانا، بە واتا باوەکەی، نیە. بێ مانایش نیە؛ ئاخر بێ مانایی بۆ خۆی جۆرێکە لە مانا. وریا گوتەنی؛ "بێ مانابوونی شێعر هەر ئەوەندە بێ مانایە، کە حزووری مانا لە شێعردا".

وریا باس لە گۆڕانکاری بە سەر "ماهیەتی مانا" لە شێعردا دەکا. ئەو دەڵێ " ئەوە جۆرێک لە سەرەڕۆییە ئەگەر بمانەوێ لۆژیکیبوونی مانایەک لە 'باوبوون'ی ئەو مانایە هەڵبهێنجین". لێرەوە، وریا پێشنیار دەکا، کە بەجێی ئەوەی بوختانی "بێ‌مانابوون" لە شێعری پەتی بدرێت، شێعری پەتی بە شێعری "نامانا" ناوزەد بکرێت. شێعرێک کە مانا تێیدا بزرنابێت، بەڵکو لە پرۆسەی ڕۆچوون بە ناخی زماندا، خۆی لە جەوهەری ڕاستەقینەی زمان، نزیک دەکاتەوە. بەم شێوەیە، شێعری پەتی، وێڵی دوای سەرابێکە و، دواجار لە نزیک "چاوگی تینوێتی" لە مانا پاراو دەبێ. مانایەک کە وریا ناوی ناوە



"نامانا".

ڕەنگە "تێگەیشتن" لە شێعری وریا، هیچ نەبێ تا قۆناغێک کە بە کتێبی "دانپێدانانەکانی دەربازبوون" (''اعترافات گریز'' یان بە وەرگێڕانی وریا خۆی، "دانپێدانانەکانی ڕاکردوویی") دەگاتە لوتکە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو خوێندنەوەیەی سەرەوە بۆ چەمکی ''مانا'' لە شێعردا، کارێکی ئاسان نەبێ. لە ڕاستیدا، "دانپێدانانەکانی دەربازبوون" درێژەی چوار کۆمەڵەشێعری دیکەیە، کە دواتر وریا، هەر بۆ خۆی، گوڵبژێری کردن و لە دووتوێی کتێبێکی قەوارە گەورەی دەستسازدا بۆ هێندێک لە هاوڕێکانی بەڕێ کرد. بەبێ ئەوەی لە نرخی زۆر لە دەقە جوانەکانی ئەو کۆمەڵە کارەی ئەو قۆناغەی وریا کەم بکەینەوە، ڕاستەکەی ئەوەیە کە "دانپێدانانەکانی دەربازبوون" سەرتۆپی بەرهەمەکانی ئەو قۆناغەی وریایە. ''دانپێدانانەکانی دەربازبوون'' شاکارێک بوو کە سەرنجی زۆر لە کەسایەتی و کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبییە ئێرانییەکانی تاراوگەی بۆ لای شاعیرێکی گەنجی بلیمەت و خاوەن دەنگی تایبەت، ڕاکێشا. ئەم قۆناغەی کاری وریا بە "پاش لەرزە"یەکی سەیر کۆتایی پێ هات. ڕۆژێک پێی وتم، ئەمەوێ شێعرێکی درێژ بنووسم. هەفتەی دواتر کە یەکترمان بینییەوە، دەقێکی تارادەیەک درێژی نیشان دام بە ناوی "گوتارە لە سەرەوەڕا هەڵواسراوەکان" (گفتمان های از بالا آویزان). کەم کەس ئەم شێعرەیان بینیوە. وریا بۆ خۆیشی دواتر، بە توتو باسی ئەم شێعرەی نەکردەوە. ئەو هەڵبەت وتەی کەسایەتییەکی ئەدیب و ڕەخنەگری ناسراوی ئێرانیی دەگێڕایەوە کە پێی گوتبوو "ئەو شێعرەت مل بۆ ڕەخنە نادات". وریا ئەم وتەیەی بە زەردەخەنەیەکی شەیتەنەتئامێزەوە دەگێڕایەوە. تۆمەز ئەمە ڕێک ئەو شتەبوو کە ئەو دەیویست!

## بەرەو لە دایکبوونێکی نوێ

قۆناغی نوێی ئەفراندنی وریا مەزهەر بە کۆمەڵە شێعری "مادە ١" لە ساڵی ٢٠٠١ دا، دەستی پێکرد. بەبڕوای من لە کتێبی "مادە١" بەم لاوە، گۆڕانێکی نەوعی بەسەر شێوەی نووسینی وریادا هات. وریا بۆ خۆیشی لە جێیەکدا، کۆمەڵە شێعری ''مادە ١''، بە جۆرێک لە ''تولد دیگر''ی خۆی، ناوزەد دەکات. ئەوانەی لە ژیانی خۆکەسیی وریا نزیک بوون، دەزانن کە ئەم قۆناغە، قۆناغی ''لەدایکبوونەوە''ی وریا لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەشیدا بوو.. ئەم وتارە بەرتەسکە مەودای ڕاڤە و پۆلێنکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە نوێ بەڵام یەکلاکەرەوەی ژیانی ئەدەبیی وریا، نادا. هەرچەند وریا خۆی لە دەست هەر جۆرە پێوەر و پێوانەیەکی پێملکەر ڕادەپسکاند، بەوەشەوە، من پێم وایە تاڵ و هەودای کۆمەڵێک تایبەتمەندی، چ لە ناوەرۆک و چ لە ڕووکاردا، کۆمەڵە شێعرەکانی لەمەودوای وریا، هەتا سەر کۆمەڵە شێعری "کتێبی ناوداران" (کتاب مشاهیر) پێکەوە دەبەستنەوە. بەرهەمە شێعرییەکانی دیکەی ئەم وەرزەی داهێنانی وریا بە زمانی فارسی بریتین لە "بیرۆکە ئاسنییەکان" (ساڵی ٢٠٠٣)، "هاوار مەکە؛ لەم ئاوێنەیەدا کەس نییە" (ساڵی ٢٠٠٤) و "تەلەڤیزیۆنی لەکارکەوتوو" (یان بە وەرگێڕانی وریا خۆی، "تەلەڤیزۆنی خەراپ").

هاوکات لە گەڵ نووسینی شێعر، وریا لەسەرەتاکانی هەزارەی نوێدا، دەستی دایە چیرۆکنووسیش. لە وریا دوو کۆمەڵە چیرۆک بەجێ ماون: "ماڵاوایی لە تفەنگ ٢" (ساڵی ٢٠٠٤) و کۆمەڵە چیرۆکی ''کارگ ڕنین بە شێوازی فینلاندی" (یان بە وەرگێڕانی خۆی "کۆکردنەوەی کارگ بە شێوازی فینلاندی''). ئەمەی دواییان لە ساڵی ٢٠٠٥ دا لە ئێران، لە بەرگێکی جواندا چاپ و بڵاوبووەوە. ئەو کۆمەڵە چیرۆکە، وەک دەنگێکی جیاواز، لە گەڵ پێشوازیی گەرمی ڕەخنەگران بەرەوڕوو بوو.

ڕەوتی داهێنانی ئەدەبیی وریا بە هۆی "کتێبی ناوداران" (کتاب مشاهیر) ەوە، گەیشتە ترۆپکی خۆی. ''کتێبی ناوداران'' بریتییە لە کۆمەڵێک دەقی شێعری کە هەر یەکەی سەبارەت بە یەکێک لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی دنیا نووسراوە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە ناوەرۆکی ئەو شێعرانە چ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ناسێنە (هویت)ی ناسراو و ڕاستەقینەی ئەو کەسایەتییانەوە، نیە. بەڵکو ئەو کەسایەتییانە، لە ناو دەقەکاندا، شکڵی فانتازیا و وێنایەک بەخۆیانەوە دەگرن کە وریای شاعیر پێیان دەبەخشێ. وریا لە نامەیەکدا دەڵێ؛ ''ئەو کتێبە هەر بە ناو سەبارەت بە ناودارانە، دەنا دەقەکان تا بە کەسایەتییەکان نامۆتر بن، من لە ئامانجی خۆم نزیکتر بوومەتەوە''. لە شوێنێکدا وریا ئەو کتێبەی بە "باشترین کتێب"ی خۆی ناوزەد کردووە، کتێبێک کە هەڵگری تێڕوانینێکی تەواو جیاواز بۆ شێعر و چییەتیی شێعرە. هەڵبەت، لە شێوەی فەزاسازی و تکنیکی دەربڕینی ناو ''کتێبی ناوداران''دا، وریا کەڵکێکی ئۆپتیماڵی لە مێتۆد و داهێنانەکانی ناو شێعر و چیرۆکەکانی پێشووی خۆی وەرگرتووە.



## شاعیرێکی چوارجار تاراو

وریا، لە دنیای ئەدەبی فارسیدا بە (و.م. آیرو) ناسراوە. "آیرو" لە ڕاستیدا پێچەوانەی ناوی "وریا" خۆیەتی. لە بەرهەمە کوردییەکانی وریادا ئەو ناوە بەکارنەهێندراوە. وریا دەڵێ "لە کوردیدا بەکارهێنانی ئەو ناوەم بەپێویست نەزانیوە..چونکە هەست دەکەم لە زمانی دایکیی خۆمدا دەتوانم زۆرتر خۆم بم، هەتا پێچەوانەی خۆم". وەک تۆ بڵێی لە زمانی فارسیدا ئەو پێچەوانەی خۆی بووبێت! وریا، بەڵام زۆر بە درەنگەوە خۆی لە دنیای زمانی دایکیدا بینییەوە. کتێبی یەکەمی وریا بە کوردی "هیچ"ی ناوە. "هیچ" دوو ساڵ دوای کتێبی "دانپێدانانەکانی دەربازبوون" نووسراوە و بڵاو بۆتەوە. بە دربڕینێکی تر؛ ڕەوتی گەشەی ئەدەبیی وریا لە هەناوی زمان و ئەدەبی کوردییەوە سەرچاوەی نەگرتووە. هەر شاعیر/نووسەرێک کە کار بە وشە و زمان دەکا، ڕەوتێک لە گەشەسەندن دەپێوێ و، لە ڕەوتی ئەو گەشەسەندنەدا، هەم کارەکتەری شاعیرانە\نووسەرانەی دەپشکوێت و هەم چۆنایەتیی ئەو زمانەی پێی دەنووسێت، دەخەمڵێت. وریا بەڵام ئەو کاتەی یەکەم کۆمەڵە شێعری خۆی بە زمانی کوردی نووسی، لەمێژبوو لە بەستێنی نووسین بە زمانی فارسیدا، گەیشتبووە تروپکی لێهاتوویی شاعیرانەی خۆی.

وریا لە شێعرە کوردییەکانیشیدا هەمان سیاسەتی ''سادە''ی داهێنانی هەبوو: هەمور شتێک لە پێناوی شێعردا، بەڵام شێعر لە پێناوی "هیچ"دا. لە ڕاستیدا "هیچ" نەخشێکی یەکجار سەرەکی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەدەبیی وریادا دەبینێ. "هیچ" وا لە شێعر دەکا کە لە دەرەوەی خۆیدا دەربەستی شتێکی تر نەبێ. بەڵام "هیچ"ی دەروونیکراوی شاعیر، لەو شوێنەدا کە ئاوێتەی جیهانبینیەکی دیاریکراو دەبێ، بەباوەڕی من، سێبەرێکی تاریک بە سەر شێعری وریادا دەکێشێ. وریا بە دەگمەن بە زمانی ڕاشکاو ئەو بۆشاییە، ئەو ژانی ڕەنجبەبابوونەی ئادەمیزاد، دەردەبڕێ، بەڵام فۆرمی شێعری وریا، لە ڕاستیدا زریکەی یەکبینی ئەو ژانە پەنگخواردووەی هەناوی شاعیرە. ترسی وریا لە "فەنابوون" ترسێکی هەژێنەر بوو. هەژێنەرتر لەوەی بنیاتی شێعری بێدەربەستی وریا خۆی لە بەردا بگرێت. لێرەوەیە کە مرۆڤێکی شەیدا و تامەزرۆی ژیان، لە نێوان بەرداشی بوون و نەبووندا، ڕەنجێکی تاقەتپڕووکێنی دەکرد بە هەوێنی خوڵقاندنی جوانی. خوڵقاندنی جوانی، لە ڕاستیدا، تەنها هێورکەرەوەی ڕۆحی پەرێشانی وریا بوو. لە دواساڵەکانی ژیانیدا، وریا بەهانەیەکی بێهاوتای دیکەشی هەبوو بۆ بەردەوامبوونی گیانسەختانە لە ژیان: کلارا. وریا، کلارای کچی بە ''گرینگترین و جوانترین ڕووداوی شێعریی ژیان''ی خۆی دەزانی.

ڕەوتی خێرای نووسین و داهێنانی وریا بە زمانی کوردی، کۆمەڵێک بەرهەمی بەنرخی لێ کەوتەوە. بەدوای "هیچ"دا، کە لە ڕاستیدا تەنها کتێبی کوردیی چاپکراوی وریایە، وریا کتێبێکی تری ئامادەی چاپ کرد بە ناوی "ئەگەر دەتەوێ بمری، سەرەخەوێک بشکێنە!" (٢٠٠٣) و دوابەدوای ئەویش کۆمەڵەشێعری "چونکە شێعر مانگایە، دەتوانین بیدۆشین"(٢٠٠٥). یەکەمیان بە تیراژی ٥٠ دانە و دووهەمیان بە تیراژی ١٠٠ دانە هەر لەلایەن وریا خۆیەوە، ئامادەکران و گەیشتنە دەستی هێندێک لە ئەدەبدۆستان، یان هەرهەرگیزنەگەیشتن...

وریا، لەو ماوەیەدا بەخۆشییەوە، هەر خۆی، کۆمەڵێک لە چیرۆکەکانیشی وەرگێڕانە سەر زمانی کوردی و ئامادەی چاپی کردن (دەقی کوردیی کۆمەڵە چیرۆکەکانی وریا بەدرەنگەوە، ساڵی ٢٠١٣، لەلایەن دەزگای سەردەم-ەوە چاپ کران). جگە لەوانەش، وریا کۆمەڵێک هەوڵی بەنرخ –بەڵام ناتەواو-ی لە پێناوی وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ فارسی و لە فارسییەوە بۆ کوردی داوە.

ئەمە جگە لە وەرگێڕانی کۆمەڵێک لە شێعرەکانی ئورهان ولی کانیک، لە زمانی تورکیی ئیستانبوولییەوە بۆ فارسی. لە بەسەرکردنەوەی بەرهەمەکانی وریادا، نابێ تابلۆ شێوەکارییەکانیشی لە یاد بکەین.

وریا بەڵام پێش هەر شتێک شاعیر بوو. شاعیرێکی پەتی. ئەفرێنەرێک، کە نە تەنها دەیویست خۆی لە قاڵبی پێناسە کلێشەییەکان قوتاربکات، بەڵکو بەردەوام هەوڵی ئەوەشی بوو کە لە خودی خۆی-شی تێپەڕێنێ؛ لە بەرهەمێکیەوە بۆ بەرهەمێکی تر، لە ژانێرێکەوە بۆ ژانێرێکی تر، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. دواجاریش، لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی تر..

هەر وەک پێشتریش وتم؛ فۆڕمی نووسینی وریا، زریکەی ژانێکی پەنگخواردووە بە دەست بێهوودەیێکی بێبەدیلەوە کە ئەویش هەبوونە. لە نواندنەوەی شاعیرانەی ئەو دۆخەدا، تکنیکی نووسینی وریا بەو شێوەیەیە کە هەموو شتێک دەڵێت بەبێ ئەوەی شتێکی وتبێت. لە وتنی هەموو شتێکیشدا، نیگای تیژبینی وریا، دەوروبەری مرۆڤێکی تاراوگەنشینی تەنها، چ لە ئاستە خۆکەسییەکەیدا و چ لە ئاستە یونیڤێرساڵەکەیدا، دەنوێنێتەوە. کە دەڵێم ''مرۆڤی تاراوگەنشین''، لە ڕاستیدا وریام لە سەر سێ ئاست بە تاراوی و بە تەنهایی بینیوە: ئاستی کۆمەڵایەتی، ئاستی جوانناسانە و ئاستی هەستیناسانە. لە ناو دنیای ئەدەبی کوردیدا، ئەو کوڕە جوانچاک و شەرمێونە سەقزییە، غەریبایەتییەکی دیکەشی ئەزموون کرد: غوربەتی هاوڕێیەکی گیانی بە گیانیی شێعر و ئەدەب لە پەراوێزەکانی نیشتمانێکدا کە زمانی دایکیی ئەو بوو.

وریا بە بێ نازی دایک گەورە ببوو؛ بەبێ نازی ئەوانەش کە شەیدای زمانە دایکییەکەی ئەو بوون، سەری غوربەتیی نایەوە.





# نووسەربوون بەشێوازی فینلاندی

بەرۆژ ئاکرەیی

کەی بوو؟...
سەد ساڵ؟ دووسەد؟
یان دە ساڵ بەر لە ئێستا؟

دەزانم هاوین بوو و باران دەباری. تەلەفۆن لێی دا، هەڵمگرت و چووم لە پاڵ پەنجەرە وەستام و لە باران و ئەو دڵۆپانەم ڕوانی کە بە جامی پەنجەرە دەکەوتن و لە خزاندا یەکیان دەگرت و پاشان دادەبڕان.

گوتی: وریام. وریا مەزهەرم.

«وریا؟...»

گوتی: ئایرو... ئایروی شاعیر. لێرەم. لە ستۆکهۆلم.

گەنج بوو. بە دوو چاوی مەیلەوسەوز یان وا بزانم شینەوە. یان... قەت نەمزانی، بەڵام دەزانم لە ئاسکێکی ترساوی دەرپەڕیو لە دارستان دەچوو. تا شەو داهات، لەم بارەوە ڕایکێشامە ئەو بار و هەر خواردییەوە و هەر لێیپرسیم: بۆ ناخۆیەوە؟

دەرەوە باران دەباری.

دوو کۆمەڵەشیعری بڵاو کردبوونەوە. بە پارەی گیرفانی خۆی. یەکێکیانی هێنابوو: «هاوار مەکە! لەم ئاوێنەیەدا هیچ کەس نییە».

– ئەوی تریانم بە دڵ نییە. ناوەکەشت پێ ناڵێم. ئەرێ بۆ ناخۆیەوە؟

بە فارسی دەینووسی. فارسییەکی باش و بڕێجار شەڕانی. شەڕ لەگەڵ ڕێزمان و کلێشە سەدپاتەکانی شیعری کۆن و نوێی فارسیی. "وریا"ی ئاوەژوو کردبووەوە و بووبوو بە "ئایرو". ئایرویش ناوێک بوو ئەو کاتە لە نێو ناواندا. شیعرەکانی دەناسرانەوە. لەو تەمەنەدا (چەند ساڵە بوو ئەو کات؟ بیستوچوار؟) تیۆرییە ئەدەبییەکانی چاک دەناسین و بێئەوەی خۆی لە پشتیان بشارێتەوە، تەقەی لە زەینی خوێنەر و هەستی بیسەر دەکرد. لە نووسیندا وەک ناوی خۆی بوو بەڵام خۆی وریایەکی شەرمن. شپرزە. هەر بێدەنگ کە دەبووین:

«شیعرێکم بۆ بخوێنەوە.»

خەڵکی سنە بوو. لە تاران و کەرەج گەورە بووبوو. ماوەیەک لە تورکییە گیری کردبوو و پاشان گەیشتبووە باکووری دنیا. فینلەندی و فارسیی و تورکییەکی چاکی دەزانی. زۆری حەز لە ئۆرهان وەلی بوو و کۆمەڵەشیعرێکیشی کردبووە فارسی.

ئاگایەکی چاکی لە شیعری کوردی بوو. سەفەرێکی هەولێر و سلێمانیشی کردبوو. نازانم کەی؟ (بۆ نەمپرسی؟) یان لە بیرم نەماوە؟ چەند شیعرێکی خۆیشی لە فارسییەوە کردبوونە کوردی، تایپی کردبوون و هەر کوردێک داوای کردبا، بۆی دەناردن.

گوتم: وریا، شیعرە کوردییەکانت باش نین. چاکت وەرنەگێڕاون.

گوتی: دەیاندڕێنم. کوردییەکەم باش نییە. دەزانم.

شەرمن بوو.

جار جار تەلەفۆنی دەکرد. زۆرتر شەوان:

تاقەتت هەیە شیعرێکت بۆ بخوێنمەوە؟... ئەگەر تاقەتی بیستنت نییە تۆ بخوێنەوە. بەرۆژ، شیعرێکم بۆ بخوێنەوە.

دواتر کۆمەڵەچیرۆکێکی بە فارسی نووسی. چیرۆکی چاک بوون. گوتم بڵاویان بکەوە.

پارەی نەبوو.

خۆی گوتی.

گوتم: کەسانێک لە تاران دەناسم. دەتوانم قسەیان لەگەڵ بکەم. ئەمانە چیرۆکی چاکن کوڕی خوا!

پێکەنی: ئەو کوڕی خوایەم زۆر پێ جوانە. بەس لە کوردیدا دەگوترێ نا؟ زۆرتریش لە سلێمانی، نا بەرۆژ؟

چیرۆکەکانمان ناردنە تاران و پەخشخانەی "نی" بڵاوی کردەوە: «چنینەوەی کوارگ بە شێوازی فینلاندی». لە کۆڕە ئەدەبییەکانی ئێرانیشدا کەوتە بەر باس.

هاوینی دووهەزاروحەوت، لە کوردستان کە چوومەوە ستۆکهۆلم، ئیمەیلێکی ماندوو و وەڕزی نارد.

تەلەفۆنم کرد.

«بیری "کلارا"ی کچم دەکەم بەرۆژ. تێم دەگەیت نا؟ خەریکە شێت دەبم. ئاخر بەس حەفتەی جارێک دەیبینم. تۆ تێم دەگەی ها؟»

لە هاوسەرەکەی جیا بووبووەوە.

گوتم: وەرە ماوەیەک بمێنەوە.

حەزی دەکرد، بەڵام باری گیرفانی باش نەبوو. کێشە نەبوو. برادەر زۆر بوون. هات. داغان. تا درەنگان دەیخواردەوە و پاشان لەسەر کاناپە دەکوژایەوە. پانتۆڵ و پێڵاویشی دانەدەکەندن.

گەنجێکی پیر بوو.

شەوێک هەر وا کە لە سەر کاناپەکەی ماڵی "حەسەن نوور" پاڵ کەوتبوو،

هەستایە سەر پێ و «کۆمەڵەشیعرێکی تازەم هەیە. کە چوومەوە دەینێرم.»
ڕۆیشتەوە.
مانگێکی نەبرد، ”تەلەڤیزیۆنی خراپ“ی نارد. کۆمەڵێک شیعری جوان و بڵحایەتی لە زمان و دەربڕیندا و بەرجەستەکردنی هەستەشاراوەکان. بڤەکان. بڵحایەتیی زمان لەو کۆمەڵەشیعرەدا هێندە زۆروزاڵە، کە زۆر جار ڕوو لە وەرگێران وەردەگێڕن. ناگوێزرێنەوە سەر زمانێکی تر. ماوەیەک خەریکیان بووم. بەشێکیانم کردنە کوردی و بۆم ناردنەوە.
تەلەفۆنی کرد.
شەو درەنگ بوو.
دەنگی دەلەرزی «هەوڵێکی چاکت داوە، بەڵام ڕاوەستە. بڕێک پارەم هەر بگاتە دەست، دێمە ستۆکهۆلم و کاریان لە سەر دەکەین. پێکەوە. تۆ ناتوانی بێیە هێلسینکی؟ ژوورێک و تەختێک و دوو کورسیم هەن. دەزانی ناهێڵن کچەکەم ببینم بەرۆژ؟
پاشان هاتمەوە. پاشان ڕۆیشتمەوە. دیسان هاتمەوە. ئەمجار مامەوە.
هاوینی پار ئیمایلێکی هات: «کوڕی خوا! تۆ ڕۆیشتی و چاک خۆت دەرباز کرد. ناتوانی بمبەیەوە؟... لێرە ماندووم».
ئێستا، ئیتر، ماندوو، نییە.
سیوپێنج ساڵ سووتا و لە گۆڕستانێکی هێلسینکیدا کوژایەوە.
بۆ هەمیشە.
”طاهر جام برسنگ“ی شاعیر، لە ستۆکهۆلمەوە بۆی نووسیوم:
«بەرۆژ! وریا مەزهەر خۆی
کوشت و ئەم جیهانەی بۆ
جاشەکان و جاکەشەکان
بە جێ هێشت.»
بەهاری دووهەزار و یازدە هەولێر

## بە پانتایی لەپی دەست

بە وێنەی مرۆڤێکی بێسنوور
گشت دنیام پێویستە
بە وێنەی کوردێکیش،
خاکێک
کە چل ملیۆن و کەسێک بگرێتە خۆی.
بە وێنەی مرۆڤێکی بێسنووری کوردیش:
باخچەیەک بە پانتایی لەپی دەست
لە وڵاتێکی جەمسەرییدا
کە هاوینان
بە پەنجە لەرزۆکەکانم
توورچە و پیازی تێدا بچێنم.

!
دەمێکە...
دەزانم
ئەڤینداری سەری بەرداوم:

چونکە ئێستا هەر جار کە دەتبینم
ئیتر واقم وڕ نامێنێ.

# چەند شیعرێکی ئایرۆ

و: بەرۆژ ئاکرەیی

## بێهۆ

هێندێک وشە (بەپێی چەشن و گورژمی لێدان)
دەنگی تایبەت وەدی دێنن
بۆ نموونە بە پتێک لە لاجانگی وشەی ”خوێنەر“
ئێمە دەنگی ”دینگ“ دەبیسین
بە کوتانی مستێک لە تەوقیسەری ”پەنابەر“
دەنگی ”دانگ“ و
بە بەرکەوتنی پێلەقەیەک لە پەراسووی ”نووسەر“
دەنگی
”دانگ
دینگ
دینگ
دانگ“
”ناقوسەکان“ بەمدواییە [illegible]سا هیچ دەنگیان لێوە نایە،
تەنانەت ئەگەر لەم نێوانەدا
کەسێک بێهۆ لەو نێوانە هەستێ و
لەولاتریش
مردوویەک
بێهۆ
هەستابێتەوە.

## درەختەکانی قەراغ شەقامی پازدەساڵی

ئەو ڕۆژە، هەرچییەکم کرد
نەمتوانی بەو کچە شازدەڵانەی خۆشمدەویست
بڵێم:
خۆشم دەوێی
لە گەڕانەوەدا
درەختەکان بە لقە درێژە ناحەزەکانیان
جڕتیان بۆ کێشام
من بەڵام هیچم نەگوت
چونکە ئەوان گەلێک
لە من گەورەتر بوون

منیش
بەس
پازدەساڵان بووم.

## یەکێک، دووێک، سێیەک

لە خەونی منداڵەکەمدا
سێ باڵندە
لەسەر سەرم هەڵنیشتوون

ڕێک هێندە
کە ئەو دەزانێ بژمێرێ.

## مۆرانەکان

ئەو خوێنەرە داماوەی
وشەکانم دەخوێنێتەوە
دەبێ بزانێ
ئەمانە وشە نین
مۆریانەگەلێکن
کە حەز دەکەن
پێچوخول بخۆن
شەوێک
یان
ڕۆژێک
لە
گۆڕەکەیدا.

## هەناسە ساردەکان

کاری زیندووەکان لە فینلاندا
بووەتە تێپەڕین بە شەقامە ساردەکاندا
بەرەو شۆستە
ساردەکان و
لە شۆستە ساردەکانەوە بەرەو شەقامە ساردەکان
مردووەکان بەڵام
نە بە شۆستەکاندا تێدەپەڕن،
نە بە شەقامدا
ئەوان لەو بنی بنەدا
دانیشتوون و بەس هەناسەی سارد دەکێشن
ئەو هەناسانەی
لە شوێنێکی گەرمەوە هەڵدەکێشرێن و
بە شوێنێکی گەلێک ساردا
بڵاو دەبنەوە.

## یان کوتە ساخەکەی

جاران چەقۆیەکم هەبوو
کە کوتە ڕزیوەکەی سێوم پێی دەبڕی
ئەمڕۆش، هەمان چەقۆم هەیە
بەو جیاوازییەوە
کە ئێستا ئیتر نازانم
کوتە ڕزیوەکەی سێو، ڕزیوە
یان کوتە ساخەکەی.

............

کەر،
کەرێک کە جووتکە هەڵدەدا و
هەڵدەدا
سەگ،
سەگێک کە پەلامار دەدا و قەپ دەگرێ
مرۆڤ؛ مرۆڤێک کە دەڕوا و تەقە دەکا
لە سەگ
لە کەر
لە خۆی...



## دەمامک

ڕوخسارمان کە پێدەکەنێ
دەمامکەکانمان بەردەبنەوە
منداڵێک دێتە پێشەوە،
یەکێکیان هەڵدەگرێ و
بە غار دەگەڕێتەوە سەر ڕێی خۆی:

ئەو ئێستا دەمامکێکی هەیە و
دەمامکی خۆی
خۆش
دەوێ.

## هێندێک کەس

هێندێک کەس جارێک لە دایک دەبن و جارێک
دەمرن
هێندێک کەس جارێک لە دایک دەبن و سەدجار
دەمرن
هێندێک کەس جارێک لە دایک دەبن و
دووسەدجار دەمرن
هێندێک کەس پەیتا پەیتا لە دایک دەبن و پەیتا
پەیتا دەمرن...

## لە غەزەلەکانی سولەیمان

سبەی کە هەستم  تۆ هەڵنەستی مردبی
ئەگەر بمرم لەم خەمە- ئەگەر مردم

چی دەکەی؟

## *Pakolaiset

ڕۆژانی ڕەشیماڵبەکۆڵی بەسەر چوو:
خانوێکم بۆ کڕیوی
پەنا دارستان، قەراغ دەریا
دیوارەکانی بڵندتر، دڵنیاتر
باڵکۆن: شووشەیی، دەرکەی ژوورەکان چەکمەجەیی
لە هەمووی خۆشتر
پەنجەرە بچووکەکەی ژوور دەستشۆرییەکەی ئاودەستخانەیە
کە هەر کامێکمان دەتوانێ لێیەوە بە نۆبە
هەڵاتن و بزربوونی یەکجارەکی ئەوی دی ببینێ...

---------------------
Pakolaiset  لە زمانی فینلاندیدا واتە «پەنابەر»، هەروەها دەکرێ لەم وشەیەدا چاوگی
Pako (هەڵاتن)یش ببینرێ. دەڵێی ئەم دوو وشەیە («پەنابەر» و «هەڵاتن») تێکەڵ کرابن.
لێرەدا بە هەردوو مانام بە کار هێناوە.

## ڕامان لەپشت جامەکانەوە

دەڵێن- لە تۆ دەدوێن، کە دوور نییە کەللەیی بووبی ئەم ڕۆژانە
کە هەردەم هەردوو لەپت دەخەیە سەر جامەکانی پەنجەرەی
ژوورەکەت و
سەرت دەبەیە نزیک پەنجەرە و بە چاوی قووچاو لە هیچ دەڕوانی
من بەڵام چاک دەزانم کە تۆ چاک دەزانی
چاویش ئەگەر هەڵێنی
دانیشتووی ماڵەکەی بەرامبەر
دیسان
کەسێکە
کە هەرگیز نییە.
ڕەنگە لەوێ
جارجار لە پەنجەرەوە پەیڤێک دەرکەوێ
ڕاماو لە شوێنێکی ونبوو
تۆش تاوتاو بە چەند وشەیەکەوە دەستێکی بۆ هەڵێنی
بنووسی: سڵاو
بنووسم: باشی؟
بنووسی: خەریکی چی؟
بنووسم: وا دەبینی...

تۆش چاک دەزانی
کە من چاک دەزانم
وشە
لە دەقی شیعردا
هێندە بێهوودە و
تاقەتپرووکێنە
کە هەبوونە نادیارەکەم
لە چوارچێوەی پەنجەرەی ژووری بەرامبەردا...

لە شوێنێکی دوور
کەسێک پەیتاپەیتا لە دەرکەی ماڵێک دەدا،
مردوو بەڵام هەڵناستێ دەرکەی بۆ بکاتەوە
لە شوێنێکی دووری تریش
کەسێک تۆقیو لە خەو ڕادەپەڕێ،
ئارەقەی نێوچەوانی دەسڕێتەوە،
لەشی خۆی توند لە باوەش دەگرێ و
بیر دەکاتەوە
ئیتر کاتی ئەوە هاتووە،
کە دەرکە بکاتەوە...

## لەو کەسەی کە نییە

دەترسم و دەزانم ڕۆژێک
دەوروبەری چەند خولەکێک بەر لە چواری ئێوارە
پۆستەچی دێ و لەپشت دەرکە ڕادەوەستێ
بە باوەشێک گوڵی سپی و
یادداشتێک بە دەستخەتی تۆوە
«لە دایکبوونت پیرۆز بێ، بابەگیان!»

تا
کەسێ کە نییە
دەرکەی بۆ بکاتەوە و گوڵەکانی لێ وەرگرێ
بەڵام من لەو کەسەی کە نییە دەترسم
کچم
لەو کەسەی کە نییە و
ناتوانێ تەنانەت
چەن خولەکێکیش
ئەو پۆستەچییەی کە نییە
داوەتی فنجانێک قاوەی سادە بکا.

## تیلیڤزیۆنی خراپ

لە تیلیڤزیۆنەکەمدا کە ئیش ناکا
فیلمێکی سەیر پێشان دەدرێ
لە بارەی ژیانی پیاوێکەوە
کە لە ژنەکەی جیابووەتەوە و
حەفتەی جارێک
منداڵەکەی دەبینێ.
گرفت ئەوەیە
کە نازانم ئەم تیلیڤزیۆنە بۆ
فیلمێکی تر پێشان نادا.

## مێروولە

گرنگی بدە، کەرە
بە خۆت
بە مێروولەیەک
کە نزیک دەبێتەوە
لە جەستەت!

## نەکا تۆش

بۆ هاوڕێی ساڵیانی دوورم:
وشیار حوسەینی

وشیاری ئازیز
بلێ ڕێک لەم ساتەدا خەریکی لە لەندەن چی دەکەی؟!
نەکا تۆش
لە نێو ئەو کەسانەدا کە نایانناسی
هەستاوی و
خەریکی
لە ئاودەستخانەدا
دەگری!

## خوای هەورین

بۆ کلارا
کە ڕۆژێک شێوەی خوای لێ پرسیبیم!

باوکت کە منداڵ بوو، کچم
خوای وەک گەواڵەهەورێکی سپی
دەبینی
لە ئاسمانی ڕوونی پیرۆزەییدا
کە جارجار لە مرۆڤێک دەچوو
پاڵکەوتوو بە زەردەخەنە و ڕیشێکی
سپییەوە

پاشان
کە گەورەتر بوو
هەرچەند چاوی لە ئاسمان بڕی
جگە لە هەور و هەور و هەور
هیچی نەبینی.



## هایکۆ

قەرار بوو
جریوەی یەکێک لەم چۆلەکانە
من بخاتەوە بیری یەکێک لە بەیانییەکانی ڕابردوو

کەی بوو!

## «و»

وێڕای ئەوەی کە دەزانم ئەم ڕۆژانە
کەمتر بێدەمامک دەردەکەوی
هێشتاش کەسانێک لە دەوروبەری خۆت دەبینی
کە تۆ وەک خۆیان ناناسنەوە:

ڕێک وەکو خۆت!

# رویای وریا

## به یاد وریا مظهر (و. م. آیرو)

دکتر پیمان وهاب‌زاده

از خانه که می‌زنی بیرون ــ در همان چند لحظه‌ی نخست ــ مدام دغدغه‌ات این است که کِی می‌رسی تا آن نازنین زیبایت را، او را که زیباترین شعرت نامیده بودی، پس از این همه مدت ببینی. دغدغه‌ی دیدارش را هفته‌ها در دل پرورانده بودی. از همان دیدار قبلی. و حالا، پس از این همه انتظار، وقتش فرا رسیده بود. پس در دلت شور است و دلواپسی. از خانه بیرون زده، دقتی کمیاب نسبت به اشیاء که ویژه‌ی شعور کم‌همتای دریافت‌گرِ توست، نگاهت بر تنه‌ی اتوبوسی که به تدریج آهسته می‌کند تا به ایستگاه نزدیک شود، همان ایستگاهی که تو از آن فاصله‌ای نه چندان کم داری، می‌افتد. دقیق‌تر: نگاهت روی لبخندی به پهنای یک مبل دو نفره (اما با ارتفاع کمتر) می‌ماند، لبخندی بی‌چهره، جدا مانده از چهره‌ای که می‌خندد (باید بخندد) اما پنهان است، و پس تنها ردّ پائی از یک لبخند که بدنه‌ی اتوبوس شرکت واحد اتوبوس‌رانی هلسینکی و حومه آن را جاودانه کرده است. و این لبخندی است آراسته به دندان‌هائی منظم و سفید و درخشنده، مانند کوه‌های یخی قطب جنوب (که تو البته هرگز ندیده‌ای، اما با این حال در تخیل شاعرانه‌ات، کمتر از یک لحظه پیش، این را به آن تشبیه کردی)، که قول چنین لبخندی را بر چهره‌ی تو می‌دهد به شرط آنکه خمیردندان سفیدکننده‌ی کرست (خواننده‌ی فارسی‌زبان بی‌زحمت این واژه را کِرست بخوانید؛ کُرِست نخوانید (پرانتز در پرانتز: چون ایرانی جماعت اخلاقِش فاسده و تا بگی ف فکرش خودبخود می‌ره به فرحزادا)) مصرف کنی. این پرانتز را می‌بندی و فکرش را به کلی می‌گذاری کنار. اما در کنار این فکر، اندیشه‌های دیگر نیز به تو هجوم می‌آورند در حالی که، انگار که در مسابقه‌ی دوی صد متر شرکت کرده باشی، به سوی اتوبوسی که اکنون دیگر تقریباً در ایستگاه کناره گرفته (فعل مخصوص کشتی‌رانی را در اینجا به قصد در مورد اتوبوس‌رانی به کار می‌بری؛ به نظرت شاعرانه می‌آید)، می‌دوی، آنهم با شکم خالی. می‌اندیشی: «مهاجری ناشتا در بهار خنک هلسینکی ز شوق کعبه می‌زند قدم علیرغم سرزنش‌های خار مغیلانِ شتاب و برنامه‌ی شرکت اتوبوس‌رانی.» شاید بعداً داستانی در این مورد بنویسی. این ایده را هم می‌گذاری در قفسه‌ی آفرینندگی برای بعد. می‌بینی مردم در ایستگاه اکنون بی‌شتاب و با آرامش و وقار به اتوبوس سوار می‌شوند و تو آرزو می‌کنی آهسته‌تر سوار شوند و چشمانت، در حالی که در دورگاه ذهنی همچنان روی لبخند عظیم روی تنه‌ی اتوبوس ماسیده‌اند (انگار که چشم روغن نباتی است!)، آرزومندانه در جستجوی معلولی سوار بر صندلی چرخدار در میانِ جماعتِ منتظر در ایستگاه می‌چرخد، معلولی که سوار شدن او حتماً به تو این فرصت را خواهد داد تا به اتوبوس برسی.

و خوب البته در فاصله‌ی این فکرها همچنان می‌دوی. می‌دوی. و ناگاه این فکر به نزدت می‌آید که چه دونده‌ی خوبی هستی. تا به حال، پس از سی‌واندی سال عُمر هرگز درنیافته بودی در دویدن چنین سرعتی داشته‌ای. بالاخره هر چه نباشد کاراته و یوگا هم کار کرده بودی که از نظر بدنی کم از دویدن ندارند. به دویدنت که کمی افتخار کردی، دوباره نگاهِ فکرت می‌رود روی دندان‌های زیبائی که آرزو داری تو هم می‌توانستی داشته باشی، هر چند بعد از جدائی تلخت و بازگشت به دنیای مجردها دیگر برایت این امر هم چندان مهم نبود. تازه سیگار هم که می‌کشیدی. در حالی که به نکته‌ی اول با حسی خوش می‌اندیشی، این نکته‌ی آخر را، که کشیدن سیگار دندان‌هایت زرد و پس ناگزیر تو را از آرمانشهرِ لبخندی ــ دندانیِ روی تنه‌ی اتوبوس شهری حومه‌ی هلسینکی دور می‌کند، با حسرت به یاد می‌آوری. و البته همچنان می‌دوی.

با آنکه تنها چند لحظه بیشتر از دویدنت نگذشته، همچنان که نگاه ذهنی را بر دندان‌های دست‌نیافتنیِ قطب جنوبی (خواننده‌ی محترم: برای مشارکتِ پستمدرنیستی در ساختار متن لطفاً ارجاع تشبیه بالا را به یاد آورید) روی تنه‌ی اتوبوس دوخته‌ای و نگاه عینی را بر روندِ سوار شدنِ مسافران به اتوبوس، حس می‌کنی دویدن چقدر تو را سر حال آورده است. این نکته هم تو را به یاد دوست نادیده‌ات در کانادا می‌اندازد که تو را همیشه تشویق می‌کند ورزش کنی، همان رفیقی (مگه چند تا رفیق نادیده در کانادا داری؟ آها درسته دو تا) که پس از رهسپاریت به دنیای رازها آن‌قدر دلتنگت شده که در بعدازظهرِ تاریکِ آخرین روز دسامبر روبروی کامپیوتر خود بنشیند و فارغ از خانواده‌ای در آستانه‌ی نو شدن تقویمی سال با خود بیندیشد باید یک داستان «وریائی» یا «آیروئی» بنویسم و این را می‌نویسد. به یاد دوست نازنینش، اما به راستی به امید اینکه داستان چنان زاده شود که انگار خودت نوشته‌ای. بعد که همین رفیقت، پس نوشتن جمله‌ی پیشین آن را می‌خواند و نامت را در گیومه (چهار خط بالاتر) می‌بیند، به خود می‌گوید آن عزیز نیست ببیند که اکنون نامش صفت شده است: داستانِ وریائی! معمولاً این اتفاق ــ زایش صفت از نام ــ هنگامی روی می‌دهد که هستی تو از زیست‌جهانِ ویژه‌ات گسترده‌تر شود و تو از خویش فراتر روی (تکرار: هر چند خودت نباشی تا ببینی) در حالی که ارتباط وجودیِ خویش را با آنکه تو هستی و بوده‌ای همواره حفظ کنی. بعد که دوستت، که اکنون از سر دلتنگی برای تو به شبح‌نویسی این سطرها مشغول است، همین پاراگراف را برای رسیدن به پاراگراف پایین می‌کاود بدین امر واقف می‌شود که نوشتن این داستان آیروئی بهانه‌ای ناخودآگاه برای او بوده تا شب سال نو را در کنار دوست نازنینش بگذراند. و البته این مشاهده جزوی از داستان نیست.

و همچنان می‌دوی. دندان‌ها در نگاهت می‌درخشند و آن لبخند اثیری اتوبوس را خواستنی‌تر می‌کند. اتوبوسی به نظر اثیری و دست‌نیافتنی که می‌تواند ترا به زیباترین شعرت برساند اکنون لبخندمند هم شده است. چه



بهتر! حالا در راه در آغوش گرفتنِ وصال ورزشی هم می‌کنی، هر چند فرصت کوتاه باشد. به فکرت این نکته می‌آید که فرصت برای تو همیشه کوتاه بوده و تمام زندگیت، به نظرت، روندی همیشگی از فرصت‌های کوتاهِ دیرآمده می‌آید، فرصت‌هائی که باید از پی‌شان می‌دویدی. اصلاً مگر زندگی همین نیست؟ دویدن از پس فرصت‌های دیرآمده؟

خوب در این لحظه برمی‌گردی به ارزیابی وضع موجود: تا اینجا را از نفس‌های اندوختهات دویده‌ای، اما اکنون داری به نفس زدن می‌افتی. چون دهانت بازتر شده تا بیشتر هوای خنک بهاری را ببلعی و تندتر بدوی به سوی اتوبوسِ دیدار، انگار که در آینه‌ای خویشِ دوندهات را دیده باشی، چنین می‌پنداری که بر لبت لبخندی است از جنسِ آن لبخند دست‌نیافتنیِ روی اتوبوس، همان لبخندی که می‌بایست (پس از استفاده‌ی وفادارانه از محصولات دهانی و دندانی کِرست ــ لطفاً درست خوانده شود) بر لب بشریت بنشیند. فکر می‌کنی اکنون لبخندت کِرستی شده. به خودت امیدوار و به رسیدنت امیدوار می‌شوی. لبخند دیگر ردّ پا نیست. از روی تنه‌ی کذائی اتوبوس آمده و نشسته روی لب تو. همان لبی که زمانی زنی که عاشقت بود با لبخندی به نجوا گفته بود که خنده‌ای بس زیبا دارد، پیش از آنکه لبت را با بوسه‌ای از دیدِ دیگرانی که در خلوت شما غایب بودند بپوشاند. و این یاد، البته، در ذهن پویایت بس گذرا بود.

فاصلهات اکنون با اتوبوس کم‌تر شده. اما آن اتوبوس لبخندمند هنوز دست‌نیافتنی به نظر می‌رسد. آخرین مسافران می‌روند تا سوار اتوبوس شوند. به موازاتِ ضلعِ رو به پیاده‌روی بدنه‌ی اتوبوس، تن خانمی به نظر میانسال با یک پا و بی سر بر تو ظاهر می‌شود. مشاهده‌ای دقیق است. تصویری گذراست که ذهن عینیت‌گرای نگران از رسیدنِ تو آن را چنین بازسازی کرده و نتایج آن را حدس می‌زند، بی‌آن که از واقعیت خبر داشته باشد: زنی میانسال در آستانه‌ی درِ اتوبوس ایستاده، یک پا بر پیاده‌رو و پای دیگر بر درگاهِ اتوبوس، و چهره‌اش در اتوبوس محو شده. روشن است که این خانم مطمئن نیست که باید کدام خط اتوبوس را برای رسیدن به مقصد خویش بگیرد و از این رو مشغول پرس‌وجو از راننده است (بازسازی عینی‌گرایانه‌ی مشاهده) و این به تو فرصتی بیشتر می‌دهد تا خود را به اتوبوس برسانی (نتیجه‌گیری براساس حدس کارشناسی)، به شرط آنکه از نفس نیفتی (و این شرطی بود آماج‌مند که ناخواسته به ذهنت آمد). پس دویدی، به شوق رسیدن به دوست و با امیدی نویافته، هر چند با این تلاش مضاعفِ دقیقه‌ی نودی، فوراً دریافتی که متأسفانه به شدت در حال از نفس افتادن هم هستی.

همچنان که فاصلهات با اتوبوس کمتر می‌شود، امیدت به رسیدن به اتوبوس بیشتر می‌شود. هچنان که کوشش می‌کنی تصویرِ لبخندِ درخشنده‌ی آرمانی و دست‌نیافتنی را به پسِ پشت (اصطلاح استقراضی از احمد آقای شاملو) فکرِ بسیار کاوندهات برانی ولی آن را همچنان برای بازاندیشی دمِ دست نگه داری، به این می‌اندیشی که فاصله با امیدِ رابطه‌ی معکوس دارد. این کشفِ تازه توئی که دیگر تقریباً از نفس افتاده‌ای را به وجد می‌آورد. و در این لحظه می‌بینی که آخرین مسافر نیز به اتوبوس سوار می‌شود. و این



تنها یک معنی می‌تواند داشته باشد: دیر رسیدن تو به دیداری که ماه‌هاست رویای هر روز و هر شب تو بوده و هست. چنین چیزی هرگز نمی‌بایست رُخ دهد.

فاصلهات با اتوبوس کم است و ممکن است بدان برسی اگر اتوبوس پس از سوار کردن آخرین مسافر راه نیفتد. در این هنگام فکری در ذهنت ــ که همچنان با دنیای پیرامون درگیر است ــ می‌درخشد. مسیر دویدنت را کمی عوض می‌کنی به گونه‌ای که از آئینه‌ی بغل سمت راست دیده شوی. راستی، به خودت می‌گوئی، آئینه همان آبگینه است. چه زیباست. با این همه، راننده ترا در آبگینه ندیده است که به سوی اتوبوس او می‌دوی چرا که، منطقاً، وی باید اکنون از آبگینه‌ی سمت چپ به پشت سر بنگرد برای آنکه اتوبوس را از ایستگاه بیرون بیاورد و در خیابان براند. می‌بینی که راهنمای زرد سمت چپ به چشمک زدن افتاده و چراغ‌های ترمز اتوبوس خاموش می‌شوند. اما در همین لحظه هم تو به انتهای اتوبوس می‌رسی و با دست محکم روی دندان‌های آرمانی کرستی (دیگر در مورد چگونه خواندن این واژه‌ی آخری تذکر نمی‌دهم!) می‌کوبی. می‌دانی که چنین رفتاری، که مهاجرانه است، ریسکی است: برخی راننده‌ها از این کار نفرت دارند و با مشاهده‌ی این حرکت در دل «کون لقت» (منظور برابرِ فنلاندی آن است) به تو می‌گویند و پا را روی گاز می‌گذارند تا، به نیت تنبیه، مخصوصاً تو آدمِ مهاجرِ بی‌اخلاقْمَدَنی را سوار اتوبوس نکنند. از سوی دیگر، بعضی راننده‌ها دل می‌سوزانند و به پاداش دوی سرعت مسافر پا بر ترمز می‌گذارند و ضربه‌ی مهیب او بر تنه‌ی اتوبوس را نیز به دید مدارا می‌نگرند تا او را نیز سوار کنند. از اقبال بلندت، راننده می‌ایستد. معلوم است که وی به گروه دوم رانندگان اتوبوس هلسینکی تعلق دارد. از اینکه می‌بینی نشانه به خوبی دریافت شده است، در پوست نمی‌گنجی.

درِ اتوبوس باز می‌شود و تو که از فرط دوی سرعت دیگر کاملاً از نفس افتاده‌ای و تقریباً حالت تهوع داری بر آستانه‌ی اتوبوس با لبخندی به بزرگی لبخند کرست گام می‌نهی و از راننده بسیار تشکر می‌کنی. پس از سوار شدن نفس نفس زنان به درون اتوبوس می‌روی و ناگزیر رو به رو با مسافرانی می‌شوی که پس از شنیدن صدای ضربه‌ی محکم تو بر لبخند بزرگ بشریت کنجکاو شده‌اند تا ترا ببینند و داستانت را، هر چند گذرا، در ذهن خویش بازسازی کنند. تو نیز، خوشنود از رسیدن به میعادگاه آرزو، به آن‌ها لبخند می‌زنی. و در این هنگام نمی‌بینی که لبخندت به محو شدن چهره‌ی تو، و پس خودِ جسمانیِ تو، انجامیده است. نمی‌بینی که اکنون که به اتوبوس وصال رسیده‌ای از تو تنها لبخندی مانده، زیباترین لبخند بشریت، که ترا به نزد زیباترین شعرت می‌بَرد. و چه بسا حتی نبینی که با رسیدن به شعر زنده می‌شوی. زیبا می‌شوی.

و نیز شاید دریافته باشی که داستان مرد جوانِ دلشکسته‌ای که برای رسیدن به زیباترین شعرش در تلاشی چندان و آسیمه همه لبخند می‌شود، اصلاً داستان نیست. شعر است.

سه‌شنبه اول ژانویه ۲۰۱۳ / دوازده دی‌ماه ۱۳۹۱

# سخنرانی پیمان وهاب‌زاده
# در "جشن زندگی و آثار وریا مظهر (و. م. آیرو)"

به یاد دوست

اول شعرش بر من پدیدار شد. اول با شعرش دوست شدم. اول در شعر او خویش را یافتم. سپس، چراغ به دست، از پی نامی رفتم که به شعرها چسبیده بود.

همیشه همینطور بوده. اول شعر می‌آید. شعر روی می‌دهد. شعر رویداد است چون روی خود را بر ما می‌نمایاند. شعر رُخداد است چون رُخ از نقاب بیرون می‌آورد. دِهِش روی است و رُخ. دِهِشی سخاوتمندانه، چون چیزی از تو نمی‌خواهد. اما آنگاه که بر تو روی نمود، تو را ناگزیر یکسر از آنِ خود می‌کند.

شعر، به منزله‌ی رُخداد، تاریخی نیست. زمان و مکان ندارد. شعر نه زاده شده است و نه می‌میرد. دِهِشِ شعر، اما، همواره و به ناچار تاریخی است، از آن رو که ما انسان‌ها تاریخی هستیم. و ما تاریخی هستیم چون میراییم. می‌میریم. چون تنها به قصدِ مُردن است که بر این دنیا پا گذاشته‌ایم. یا به تعبیر فردوسی، «ز مادر همه مرگ را زاده‌ایم.» هر آن معنا و قصد که بر زندگی خود می‌افزاییم، همه از دغدغه‌ی مُردن است. پس دِهِشِ شعر، به گویشِ نیاکانی، گاهمند است. «گاه» واژه‌ایست شگفت‌انگیز در فارسی. هم اشاره به زمان دارد و هم معنای مکان را می‌دهد. وقتی می‌گویم دِهِشِ شعر گاهمند است در واقع می‌گویم شعر در اینجا و اکنون رُخ می‌نماید و مرا از آنِ خود می‌کند، نامِ مرا از من می‌رباید و بر خود می‌زند. روی از حجاب برون می‌آورد و بر من می‌تابد، و در این تابندگی، شعر خود را به نام من پدیدار می‌کند.

گفتم اول شعر او بر من پدیدار شد و بعد شاعر را کشف کردم. یک دهه‌ای را که دوست او بودم از بهترین سال‌های عمرم می‌دانم. همچون برادری برایم عزیز بود و هرگز اقبال در آغوش کشیدنش را نداشتم. برادری‌مان را شعر، نه شعرِ من (که به سادگی قابل چشم‌پوشی است)، که شعر او که فراموش نشدنی است و تسخیرگر، تنیده بود. ما برادرانی در ساحت شعر بودیم.

نام برگزیده‌اش وارون نام تولدش بود. حس می‌کردم همیشه دوست داشت او را به نام وارونش بنامم که هرگز نتوانستم. برای من نامی که با آن زاده شده‌ام مقدس است درست از آن رو که مَنَش نگزیده‌ام، درست از آن رو که مادرم ــ که «هستی من ز هستی اوست» ــ این نام را بر من نهاده است. اما در اینجا چیزی شگفت روی می‌دهد. شعر می‌آید و نام او را وارونه می‌کند. شعر می‌آید و نامش ناگهان باژگونه‌ی نامی می‌شود که پیش از شاعر بودن داشته است. و این نیز از شگفتی‌های شعر است.

باری، در هر چیز دیگر، در گفتگوهای دراز تلفنی‌مان زود پرده‌ی منیّت به کنار زده شد و من و او به زبان «محرمی» رسیدیم. یا به قول مولانا:

ای بسا هندو و ترک همزبان
ای بسا دو ترک چون بیگانگان
پس زبان محرمی خود دیگر است
همدلی از همزبانی بهتر است

- ئەمەیان ڕێگایەکی ماقووڵترە.

- بەڵام ناو و پێناسەی خۆم بە تەواویی لەبن یاداشتەکەدا دەنووسم، با وانەزانێ باکێکم لێی هەیە.

سارا هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا و سەری خۆی بە ئارامی ڕاوەشاند؛ لەو سەر ڕاوەشاندنانە کە زۆرجار مانا و مەبەستێکی لە پشتدایە، وەکو «ئاخ لەو کەللە پووچەڵەی تۆ» یان «توخوا ئەوە ئەقڵە تۆ هەتە؟!»

ئینجا کشایەوە تا بێمە ژوورەوە.

پرسیم: «ماژیکی ڕەشمان هەیە؟»

گوتی: «لەناو قوتووی دەرزی و دروومانەکاندایە»

کاغەزێکم هێنا و بە ماژیکێکی تۆخی ڕەش، یاداشتێکم نووسی، بەم ناوەڕۆکە:

«جەنابێ کە ناویشت نازانم. لای خۆت وا بیر نەکەیتەوە ئێمە گێل و گەوجین و ئاگامان لە هیچ نییە! باشتر وایە بە زووترین کات ماشێنەکەت کە جێگەی سێ ماشێنی تری داگیر کردووە ببەیتە شوێنێکی تر. لە کوێی تری دادەنێی کەیفی خۆتە. لە درێژەشدا دەبێ بنووسم ئەو کەسەی ئیجازەی ماشێن لێخوڕینی پێ داویت، باشترە توزێک بەو گێلێتییەی خۆیدا بچێتەوە.»

لەبن یاداشتەکەشدا ناوی خۆم نووسی و پێم زیاد کرد:

«دراوسێی تووڕە و ناڕازیی نهۆمی دوو!»

چاوێکم بە یاداشتەکەدا خشاندەوە و لە بینینی دەستوخەتەکەم بە پیتی لاتینی هەستم بە جورێک لە گێلێتیی خۆم کرد، بەو ئیمزا قەبە و ناشرینە کە کەمترین ناسکی و زیرەکایەتیی تێدا بەدی نەدەکرا. هەر ئەمە خۆی دەیتوانی بیانوویەک بێ، بۆ سووکایەتیکردن پێم. بڕیارم دا ئەمجارەیان یاداشتەکە بە پیتی قەڵەوی ڕەش تایپ بکەم. یاداشتەکەم تایپ کرد و پرینتم لێی گرت.

دوابەدوای نووسینی یاداشتەکە جۆرە هەست بە ڕەزامەندیکردنێکی ئاوێتە بە ئازایەتی، خوێنمی لەناو دەمارەکانمدا وە جووڵە و گەڕان خست. بە پێپلیکانەکاندا ڕووەو نهۆمی سێ سەرکەوتمەوە. ئەمجارەیان پێپلیکانەکانم جووت جووت تەی دەکرد، بە دڵنیایی و پشتئەستوورییەکی ئەوتۆوە. کاغەزەکەم دووقەد کرد و لە کەلێنی تایبەت بە نامە خستنە ژوورەوەی دەرگاکەیانەوە، خستمە ژوورەوە.

نا، بەڵام... بەڵام پێم وابێ پێویست بوو پێش خستنە ژوورەوەی کاغەزەکە، تۆزێ بیرم لەم کارەی خۆم بکردایەتەوە. دوای تایپکردنی ئەو یاداشتە، تەنیا جارێک، ئەویش زۆر بەخێرایی خوێندبوومەوە. دوور نەبوو کە پڕ بێ لە هەڵەی ڕێنووسی. چەندە گێلم من.

دووریش نەبوو ئەو ڕیشبزنە لە وەڵامی یاداشتەکەی من، یاداشتێکی تر بنووسێ، بۆ نموونە بەم ناوەڕۆکە:

«جەنابێ کە منیش ناوت نازانم، بەداخەوە لە مەبەستی یاداشتەکەت بەهۆی گرفتە زمانەوانییەکانی ناویەوە تێنەگەیشتم.»

ئەوسا دەبوا چم گوتبایە، یاخود چۆن بمتوانیبایەت تۆڵەی ئەم ئیهانە بێ بەخشینەوەی ئەوم سەندبایەتەوە. ”بەهۆی گرفتە زمانەوانییەکانی ناویەوە!“، توخوا ئەمە قسەیە! کەری کەرباب، نەمدەزانی چۆن ئەم قسەیە بەو مێشکە نەفامەیدا هاتبوو. ئەڵبەتە ئەو هێشتا ئەم قسەیەی نەکردبوو، بەڵام هیچ دوور نەبوو لە وەڵامی یاداشتەکەمدا، لەبەر تۆڵەسەندنەوە ئەو یاداشتە بنووسێ و بەو جۆرە بیەوێ سووکایەتیم پێ بکات.

بۆ ساتێک نووکی پەنجەکانم سڕ بوو و بەستی. دەبوا هەرچۆنێک بوایە، هەمدیسان ئەو یاداشتە پێکەنیندارەم بە دەست کەوتبایەتەوە. قەپاغە ئاسنەکەی سەر کەلێنی دەرگاکەیانم هەڵدایەوە و دەستی ڕاستم بردە

ژوورەوە تا کاغەزەکە دەربکەم. دەستم گیری خوارد. لەو کاتەدا هەستی تاوانبارێکی ناشارەزام هەبوو. دەستم بە پەلەپرووزکێ کشاندەوە. خوارەوەی مەچەکم بەهۆی خشین لە تیژایی تەختەی کەلێنی دەرگاکە، رووشا و چینێکی ناسکی خوێن ڕووبەری پێستمی داپۆشی. دەبوا بە دەستی چەپم کە بچووکتر بوو تاقیم کردبایەتەوە. دەستی چەپیشم کارێکی لەدەست نەهات. باشتر وابوو شتێک وەکو تەل، یان ئاسنێکی درێژم دەست خستبایە. شتێک کە بمتوانیبایە لە درزەکەوە بیبەمە ژوورەوە، کاغەزەکەی پێ کون بکەم و لەگەڵ خۆیدا دەریکێشم. بە پێپلیکانەکاندا هاتمە خوارەوە. لەناو دەرگای نیوەکراوەی ماڵەکەمانەوە دەنگم هەڵێنا و بانگم کرد: «سارا، سارا!»

سارا گوتی: «ئا؛ چییە؟ من لە ئاودەستدام!»

لە پشت دەرگای ئاودەستەوە پرسیم: «تەلێکی درێژم دەویست. هەمانە؟»

گوتی: «چی؟ تەل؟! تەلت بۆ چییە!»

- پرسیارەکانت دانێ بۆ دوایی. تۆ ئێستا پێم بڵێ هەمانە؟!

- نا، نازانم. پێم وانییە.

حەپەسابووم و شوێنم بە خۆم نەدەگرت. گوتم: «تکایە؛ تۆزێ باش بیر بکەوە. کورتیش بێ، هەر باشە. هەمانە یان نا!»

- نە. نیمانە. ئێستا ڕازی بوویت؟!

ڕۆیشتم بە خێرایی سەیرێکی ناو دۆڵابی تایت و گسکی ئەرزسرینەوە و وردەواڵەکانی ترم کرد. شتێکی وا کە بە کەڵکی ئەو کارە بخوا، نەکەوتە بەر چاوم. ئینجا لەپڕ وەکو شتێک کە تازە بیرم کەوتبێتەوە، لە ڕاڕەوەکەم ڕووانی: شوێنی هەڵواسینی جلوبەرگەکان. چاوم کەوتە ڕیزێک تەلی جلهەڵواسین. یەکیانم هەڵگرت و گرێی دووسەرە لیکئالاوەکەیم کردەوە و تەلەکەم لەناو قەپاغە نایلۆنەکەی دەرکێشا و لاروخێچییەکانیم بەدەست ڕێک کرد و لەژێر لێوەوە گوتم «خۆیەتی!»

گەڕامەوە بۆ شوێنی ڕوودانی تاوانەکە. تەلەکەم لە کەلێنی دەرگاکەوە بردە ژوورەوە، تۆزێ کاغەزەکەم پێی جووڵاندەوە. خۆشبەختانە دەرگای دووهەمیان لە ژوورەوە داخستبوو و کاغەزەکە لەنێوان هەردوو دەرگادا گیری خواردبوو. خۆی ئەم شتە کارەکەمی ئاسانتر دەکردەوە. نەمتوانی کاغەزەکە کون بکەم، بەڵام بە وردی کاغەزەکەم لە نێوان نووکی تەلەکە و دەرگا دووهەمەکە گیر خست و هەتا نزیکەی کەلێنی دەرگاکە هێنامە سەرەوە. کاغەزەکەم بە چاو دەبینی. هاتم بە دوو پەنجەی دەستی چەپم دەری بکەم. بەڵام کاغەزەکە دیسانەوە بەربووەوە. دیسانەوە تاقیم کردەوە؛ ئەمجارەیان تەنانەت پێم نەدەکرا کاغەزەکەش گیر بخەم. لێم دەخزایە خوارەوە. بە تووڕەیی و داماوییەوە، تەلەکەم بەناو کەلێنەکەدا توندوتوند دەهێنا و دەبرد. لەئاکامدا کاغەزەکە لە نووکی تەلەکە گیر بوو و بە بێ ئەوەی پێویست بکات دەستەکەی ترم بەکار بێنم، مۆجزەئاسا بە تەلەکەوە هاتە دەرەوە. ئارەقەی ناوچەوانم بە قۆڵی کراسەکەم سڕی و هەناسەیەکی ئاسوودەییم هەڵکێشا. لەوەی کە توانیبووم ئەم عەمەلیاتە خەتەرناکە بە ئەنجام بگەیەنم و سەرکەوتنی تێدا وەدەست بێنم، هەستم بە بایی بوون و سەربەرزییەکی سەیر دەکرد؛ هەستێک کە کەمتر لەم ساڵانەی ڕابردوودا تووشی هاتبووم. پارچەکاغەزەکەم بە ڕقێکی زۆرەوە لەناو مشتمدا گرمۆڵە کرد. کاتێ بە پێپلیکانەکاندا دەهاتمە خوارێ، بەسەرمدا هات وەکو هەندێ لە سەربازانی سەردەمی شەڕ، بەر لەوەی بکەونە دەستی دوژمن؛ نەخشە

یان کاغەزێکی نهێنییان قووت دەدەا، هەمان کار بکەم، کە ئەڵبەتە هەر زوو پێکەنینم بەم بیرەی خۆم هات و ئەو کارەم نەکرد.

چوومە ناو مەتبەخەوە، لە پشت مێزی نانخواردندا دانیشتم و دەمودەست پارچەکاغەزە گرمۆڵەبووەکەم لەناو ژێرجگەرەکەدا ئاگر دا. سارا  کە دیار بوو خەون دایگرتبوو و پێڵووی چاوی بەتەواوەتی قورس بووبوو، هاتە ژوورەوە و گوتی: «ئەوە چی ئاگر ئەدەی، ئاگات لە پەڕۆی سەرمێزەکە بێ، ئاگر نەگرێ!»

گوتم: «ها؟!»

گوتی: «پەڕۆی سەر مێزەکە!»

گوتم: «ڕاستت دەگوت؛ چ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە!»

کۆکی. گوتی: «من دەڕۆم بنووم. تۆ نایەیت؟»

چاوەڕێ بوو وەک هەمیشە بڵێم «تۆ بنوو، من دوایی دێم!»

گوتم: «ماندووم. منیش ئەوە هاتم.»

لەسەر سیسەمەکە سارا لێوی هێنایە پێشەوە ماچی بکەم. لێوی خواروویم بە هەردوو لێوم گرت. ئەویش لێوی سەرووی نایە سەر لێوی سەرووم. ئینجا هەردووکمان لێومان جووت کرد هەتا دەنگێک وەکو "شڵپە" لەناو ژوورەکەدا بزرنگێتەوە و دەنگێک وەکو "شڵپە" لەناو ژوورەکەدا زرنگایەوە.

گوتی: «سەری خۆتی پێوە مەیەشێنە»

گوتم: «هیچ پەیوەندیی بە ئێمەوە نەبوو. ئەسڵەن چیمان لە ماشێنی کابرای نەفامی ڕیشبزن داوە؟»

گوتی: «لەهەرحاڵدا خۆشحاڵم کە بڕیارت گۆڕی.»

گوتم: «بەڵام دەزانی چییە؟ ـ ئەو سەگبابە دەبوا ئاگادار بکرایەتەوە کە ماشێنەکەی...»

سارا دەستی بە بەر دەمییەوە گرت و جارێکی تر کۆکی. دیار بوو بە ئەنقەست دەکۆکێ. گوتی:

«سەبارەت بەو قسەیەیش پێم کردی داوای لێبووردن دەکەم. ئێستا کە باش بیر دەکەمەوە، هەست دەکەم هەق نەبوو وات پێ بڵێم. تۆ هیچ هەڵسوکەوتت لە فینلاندییەکان ناچێ!»

دەستی ڕاستم نایە سەر مەمکی چەپی. هەستم کرد چیتر توندوتۆڵیی ڕۆژانی پێشوویان نەماوە. ئەویش دەستی ڕاستی خۆی نایە سەر دەستی ڕاستی من و پشتەدەستی ڕاستی منی تۆزێک بە لەپی دەستی ڕاستی خۆی نەوازش کرد و ئینجا دەستی ڕاستی کشاندەوە.

گوتم: «خۆ خۆت دەزانی، منیش لەو قسانەی کردم هیچ مەبەستێکم نەبوو.»

بزەیەکی کرد. ڕیزێک لە ددانە سپییەکانی و تۆزقاڵێک لە پووکە پەمەییەکەی دەرکەوت.

دەستی ڕاستم لەسەر مەمکی چەپی هەڵگرت و قۆڵی هەمان دەستم نایە سەر ناوچەوانم و لەژێر لێوەوە گوتم: «شەوشاد!»

سارایش باوێشکێکی دا و دەستی چەپی کێشایەوە و بە هەمان دەستی گڵۆپی پشتی سیسەمەکەی کوژاندەوە.

ژوورەکە تاریک داهات و من چیتر نەمزانی سارا کامە دەستی لە کوێ دانا.

گوتی: «شەوشاد!»

# چاویلکەی چاڵ

و. م. ئایرۆ

لە ژووری نووستنی هەرکەسێکدا چاڵێکی قووڵ هەیە، کە بۆ دیتن و پەی پێبردنی دەبێ هەندێ چاویلکەی تایبەت بەکار بهێنرێت. من خۆم دانەیەکم لەو چاویلکانە کڕیوە، بە نرخی ٢٠٠٠٠٠ دۆلار. ئەڵبەتە بە شێوەی قیستی (مانگانە ٣٥٠ دۆلار، بە بێ پێشەکی.) ئێستاکە هەرکاتێ بمەوێ بنووم، تەنانەت ئەگەر گڵۆپی ژووری نووستنیش هەڵ نەکەم؛ دەتوانم بە ئاسانی ئەو چاڵە نادیارە بدۆزمەوە و بە جۆرێک هەنگاو هەڵێنم، کە لەپڕدا خوانەخواستە پێم هەڵنەخلیسکێ، هەتا بە سەرەوە تێی بکەوم. شیاوی ئاماژە پێکردنە، کە ئەم چاڵانە شەو نا شەوێ جێگۆڕکێ دەکەن، ئەگینا پێویستی بە کڕینی ئەو چاویلکانە نەدەکرد، واتە لەو حاڵەتەدا هەرکەسێک لەگەڵ یەک جار بەربوونەوەی بۆ ناو چاڵەکە، ئیتر دەیزانێ ئەو چاڵە لە کامە بەشی ژووری نووستندایە و هەوڵ دەدا جارێکی تر پێی نەنێتە ئەو نزیکانەوە. مەبەست لەم هێنان و بردنانە ئەوەیە، کە بڵێم دوێنێشەو، لە شیرینە خەودا، لەو کاتەدا کە ئێوەش خەوتبوون، پێکەوە خەونێکی هاوبەشمان بینی. خەونمان بینی هەمووومان کەوتووینەتە چاڵێکەوە. چاڵەکە لە ژووری نووستنی جەنابی "ق. خ" (وەزیری شارەزای دەردانی زێراب)دا بوو. قووڵایی چاڵەکە بۆ هیچ کەس روون نەبوو. خۆشبەختانە خودی جەنابی بەڕێز "ق. خ"یش لەوێدا بوو. لەناو ئەو چاڵەدا، کە ئێمەیش تێی کەوتبووین. دیتنی کەسایەتییەکی وەکو بەڕێزی، لە شوێنێکی وەهادا؛ بە وێنەی دەرکەوتنی فریشتەی ڕزگاری بوو. بەم بۆنەیەوە، پاش ڕاپرسییەکی کورتخایەن، چەند کەسێکمان وەکو دەستەی نوێنەران لەناو خۆماندا هەڵبژارد، کە داخوازیی ئێمە؛ جەماوەری بەڕێکەوت کەوتووە ناو چاڵەکە، سەبارەت بە دەردانمان لەو شوێنە پیسە و گواستنەوەی دووبارەمان بۆ خاکی پاکی سەرئەرز، بە حوزووری جەنابی وەزیر ڕابگەیەنن. جەنابی وەزیر کۆڵی نەدا و فەرمووی: «ئازیزانم، بیلاتەشبی؛ ئێوە خۆ گەنوگوو نین کە دەربدرێن، "دەردان" چییە!» کارەکەمان سەختتر بووبووەوە. دەبوایە بە شوێن مانای "دەردان"یشدا بگەراینایە. «دەردان چییە؟!» کەس بیری لەوە نەکردبووەوە، پێش نووستن، قامووسێکی بچکۆلانەی گیرفانیش بخاتە باخەڵییەوە و لەگەڵ خۆیدا بیهێنێ. هەرکەسێکمان لەو ناوەدا بەرچاو کەوتبایە، بە داماوییەوە مانای "دەردان"مان لێ دەپرسی: «ئەرێ خاڵۆ، کاکە، مامە، خاتوو، دایە، خوشکە، ڕۆڵە، کچی خۆم، کوڕی باش "دەردان" چییە؟!»، بەڵکو یەکێک هەڵکەوێت و مانایەکی قامووسپەسەند سەبارەت بە کرداری "دەردان" بخاتە ڕوو. لە هەرکەست دەپرسی، واقوڕماو سەیری پەنادەستەکەی دەکرد، پەنادەستەکەی ئەویش سەیری پەنادەستەکەی تری دەکرد، تا نۆرە گەیشتە من، کە لەو کاتەدا واقم وڕ و دەمم تاق و چاویشم زەق مابوو و هەرچەندە ماتۆڕی مێشکم خستبووەوە کار، نەمدەتوانی مانایەکی پڕبەپێستی بۆ بدۆزمەوە. ئاساییش بوو؛ تازە مرۆڤ دەبێ شانس ڕووی تێکردبێ هەتا لە بارودۆخێکی ئاوهادا و لە بەرامبەر کەسایەتییەکی وەکو جەنابی "ق. خ"دا، کە هەم وەزیر بوو، هەم پسپۆڕ و بابەتناس، نەبووڕێتەوە؛ دەنا دەستەپاچەبوون مەرجی یەکەمی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر کاربەدەستێکی پایەبەرزدایە. لەم ڕووەوە شانسێکی گەورە، ڕووی لە هەمووومان هێنابوو. ناوەڕۆکی وەڵامی جەنابی "ق. خ"، پاش گوێگرتن لە داخوازیی ئێمە، ئەوە بوو کە کاتێ ئێمە خۆمان لە مانای ئەو شتە ناگەین، کە داوای لێ دەکەین، چاوەڕێین ئەو چمان بۆ بکات! گوتمان: «ئێستا ئێوەش لەم شڵەژاوییەدا ناکرێ ئەوەندە پرسیاری قورس قورسمان لێ نەکەن؟ واتە دەکرێ حیسابی گەنوگوومان بۆ بکەن. ئا، وابزانن گەنوگووین. ئەمەیان خۆ ئیتر ئاسانە!» مانای گەنوگوو ئاسان بوو. زۆربەمان دەمانزانی. کەچی دیسانەوە ملی نەدا و ئێمەش دانیشتین و سەرپەنجەی شایەتیمانمان بە مەبەستی ڕامان و بیرکردنەوە گەست و ئینجا بیرمان کردەوە: ناشێ هەمووی ئەمانە لە ژێر سەری خودی خۆی بێت و ئێمە لێی بێئاگاین! ئەڵبەتە ئەمە تەنیا وەکو بیرکردنەوەیەکی کاتی بوو و هەر زوو پەشیمان بووینەوە و تەنانەت حاشامان لەوەش کرد، کە شتی وامان بە بیردا هاتووە. ئەوسا هەمووومان کەوتینە لالانەوە و پاڕانەوە و گوتمان: «دەستمان بەداوێنت بەڕێز، ئێمە هەمووومان خاو و خێزاندارین و نەگبەتی و نەهامەتی لەسەر ڕوومان دەباری. خۆتان چارەسەرێکی ئەم گرفتەمان بۆ بکەن!»

گوتی: «تەنیا ڕێگەیەک هەیە. ئەویش ئەوەیە هەمووتان سوار کۆڵی یەکتر بن، هەتا من بەسەرتاندا سەربکەوم و لە دەرەوەی ئەم چاڵەدا بیرێ لە حاڵتان بکەمەوە.»

گوتمان: «پیاوی چاک بن؛ ئاخر ئەگەر هەمووومان سوار کۆڵی یەکتر بین، ئەوانەی بنەوە هەر دەمودەست دەپلیشێنەوە. کارێکی گەلێ ئەستەمە. زۆر کەس تیا دەچێ. ناکرێ ڕێگەیەک پێشنیاد بکەن، کە کەمترین کوشتەمان لێ بکەوێتەوە؟!»

ئینجا لەبەر ئاسانکاریی خۆی؛ پێمان گوت:

«بۆ نموونە ناکرێ لە مۆبایلەکەتانەوە لەگەڵ خانمەکەتان قسە بکەن و پێی بڵێن ئەگەر بە ئەرکی نازانێ گوریسێ موریسێ ـ شتێکمان بۆ بخاتە خوارەوە؟!» تووڕە بوو. دەبوایە پێشبینیمان بکردایە. هەر لەو دەمەوە پۆستی وەزارەتی بە هەزار منەت و تکاکاری گرتبووەوە ئەستۆ، ئاکاری هەر بەم چەشنە بوو. ئاکار و خەسڵەت، بەشێک لە بنەمای غەریزیی هەموو مرۆڤێکە. مەگەر کەسێک مێشکی کەری خواردبێ، کە بیر بکاتەوە دەشێ ئاکار و خەسڵەتی بنیادەم بە پێی زەمەن، یان بارودۆخ گۆڕانی بەسەردا بێت. مەبەست؛ ئەگەر پێمان وابێ، کە ڕەنگە ئەم خەسڵەتەی جەنابی "ق. خ"، لە دوای کەوتنە ناو چاڵەکەوە تووشی ئاڵوگۆڕ هاتبێ، لە هەڵەداین. نە، هەرکات، هەرکەسێک، بە هەر هۆیەکەوە تەنانەت ئاماژەیەکیشی بە هاوسەرە خۆشەویستەکەی کردبایە، دەموچاوی هەزار ڕەنگی دەگۆڕی و پاشان هەڵدەچوو و لە تووڕەیی خۆیدا هەموو گەنداوە پڕ و نیوەپڕەکانی ناوشاری دەردەدا و قڵمی دەدایەوە سەر هاووڵاتییان.



لەو دەمەیدا گەورە و بچووک، پیر و لاو، پیاو و ژن بە لایەوە یەکسان بوون. واشی قلّم دەدایەوە، کە ئەگەر هەتا مانگێک، بگرە دوو مانگیش هەموو ڕۆژێ بە سابوونی "لووکس" لەشت بشۆردایە و پاش شۆردنیش سێ جار، سێ جۆر بۆنی جیاوازت بەکار بهێنایە، هێشتایش بۆنی گەنوگوو لە لەشت نەدەبووەوە. لەم ئانوساتانەدا بوو کە تەنانەت ئێوە خوێنەرانی بەڕێزیش هاتنە پێشەوە و لە بن گوێمدا بە چرپەچرپەوە ڕێنوێنیمتان کرد، تا بەڵکو لە ڕێگەی تەکنیکێک لە تەکنیکەکانی چیرۆکنووسییەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان، جەماوەری ناو چاڵەکە لەم کێشەیە ڕزگار بکەم؛ لە حاڵێکدا کە نەتاندەزانی کۆکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی ڕستە و دێڕەکانی ناو ئەم چیرۆکە چیتر لە دەستی منیشدا نەماوە؛ تاکەکەسێک کە دەیتوانی کارێکی لە دەست بێت، هەر خودی جەنابی "ق. خ" وەزیری بەڕێزی دەردانی زێراب بوو و نە هیچ کەسیتر. ڕۆیشتمە لای، بەڵکو بتوانم هەر هیچ نەبێ تۆزێ دڵی نەرم بکەم و بەڕێزی بەم بارودۆخە ئاڵۆزە، کە ئێمە و خۆیشی دووچاری بووبووین، کۆتایی بێنێت.
گوتم:
«ئاخر جەنابی وەزیر، تەنیا ڕزگاربوونی ئێمە کێشە نییە. گرفتی سەرەکی، بە سزاگەیاندنی هەندێک لەو کەسانەیە، کە کێ دەزانێ لەم چاڵەدا و لە نێوان ئێمەدا نەبن. ئەو کەسانە کە یان چاویلکەیان نییە، یان چاویلکەکەیان لەناو فرۆشگەدا دزیوە. دەستەی یەکەم دەبێ بە زووترین کات چاویلکەیان پێ بکرێ و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێ، کە بۆچی تا ئێستا چاویلکەیان نەکڕیوە؟. دەستەی دووهەمیش دەبێ چاویلکەکانیان لێ وەربگیرێتەوە و زەوت بکرێ، چونکە ئەو چاویلکە بەنرخانە مافی خوراو و بەشی دزراوی نەتەوەیەکە. دواتریش پێویستە تاوانەکانیان بخرێتە سەر تەرازوو و بە گوێرەی قورسایی تاوانەکانیان؛ سزا بدرێن. دەشێ گرام بە گرام و کیلۆ بە کیلۆ ئەو تاوانانە لێکبدرێنەوە. ئەم کارەش گەلێ ئەستەمە و ڕاگەیشتن بەو بابەتە لەناو ئەم چاڵەدا مەحاڵە. ئەگەر پێتان وایە بە هەڵەدا چووم، بفەرموون هەتا بکەومەوە سەر ڕێگەی ڕاست. بەڵێ، دەمگوت: وڵاتیش شوکر بۆ خوا، وڵاتی سەروەریی یاسایە. هەڵسەنگاندنی هەمووی ئەو تاوانانەش کاری هەمووکەس نییە، دەنا خودی جەنابتان کە پسپۆڕ و لێهاتووی ئەم جۆرە کارانەن، دەتانتوانی لە ماوەیەکی کورتی چەند دەقەییدا ئەم بابەتە بە ئەنجام بگەیەنن، بەڵام چی بەسەر چارەنووسی ئەم هەموو مرۆڤە یاسادۆستانەدا دێت، کە مانگەومانگ خەریکن پارەی چاویلکەکانیان بە ڕێکوپێکی دەدەن؟ هەمووی ئەمانەش بە لایەک: من خۆم لە کەتەلۆگی چاویلکەکەدا خوێندوومەتەوە: ئەو چاویلکانەی هەر لە سووچێکدا کەوتبێتن و بەکار نەهێنرێن، لەگەڵ تێپەڕینی زەمەن، تایبەتمەندیی چاویلکەبوونی خۆیان لە دەست دەدەن.»
هەمووومان هەستمان کرد قسەکانی من توانیویانە کاریگەرییەکی ئێجگار قووڵ لە سەر "ق. خ" درووست بکەن. پاش ئەمە و کاتێ کە دوابەدوای بینینی گۆڕینی شێوەی دەموچاوی "ق. خ" بە باشترتان زانی پێکرا لە چەپڵە بدەن بۆم، "ق. خ" زۆر بیرمەندانە و لەسەرخۆ کەوتە قسە و ئەمری کرد:
«بەڵێ... بەڵێ. تێگەیشتم، کەواتە چاوەڕێـــی چـــی دەکەن؛ هــەمــووتــان سواری کۆڵی یەکتر بن!»
نە، وا دیار بوو قسەی پیاو هەر یەکە و ناشبێ بە دوو. ئێمەش کە چیتر لە پێشکەشکردنی داخوازییەکی تر سەبارەت بە وەدەستهێنانی ڕێگەی ئاسانتر بۆ ڕزگار بوون لەو چاڵە، ماندوو بووبووین، بە یەکجاری چاوپۆشیمان لەو مەسەلەیە کرد و بیلامانا سوار یەکتر بووین (واتە: سوار کۆڵی یەکتر!!!) هەتا بەڵکو بەڕێزی لە دەرەوەی چاڵەکەدا بیرێک لە حاڵمان بکاتەوە. ئێستا کارمان بەسەر ئەوەوە نییە، کە چەند کەسمان، بەتایبەت ئەوانەی بنەوە، هەر هەموو ئێسکوپرووسکی گیانیان بەسەر یەکدا تێکشکا، بەڵام نەگبەتیی ڕاستەقینە ئەوکاتە بەرەوڕووومان بووەوە، کە پێی جەنابی "ق. خ" گەیشتە سەر مووکێتی ڕووری نووستنی خۆی و دەرکە خڕە ئاسنییەکەی چاڵەکەی بە تەواوی نایەوە و دوایین کونەڕۆچنی ئومێدیشمان تاریک داهات. بەڵام هەر دوابەدوای تاریکداهاتنی کونەڕۆچنی ئومێدمان، لە خەون ڕاچەنیین و وەخەبەر هاتینەوە و وەکو بەشی کۆتایی زۆربەی چیرۆک و فیلمە سینەماییەکان تێگەیشتین کە خۆر هەتا سەر لەودیوی هەورەوە نامێنێتەوە. منیش خێرا دەستم بردە ڕوور سەری سەرینەکەم، هەتا بزانم چاویلکەکەم لە شوێنی خۆی ماوە؛ یان نا، کە خۆشبەختانە بینیم هیچی بەسەر نەهاتووە و هەر وەک خۆی ماوەتەوە، ئیتر خەیاڵم ئاسوودە بوو. بەسەرهاتی ئێوە نازانم و پەیوەندیشی بە منەوە نییە. من تەنیا لە بەشی خەونەکەدا هاوڕێتان بووم. ماقووڵە لە بەشی بێداریشدا بەرۆکی من بەر نەدەن؟! لە کۆنەوە گوتوویانە: «نووستن لە خۆت و هەڵسانەوەت لەسەر خوا!» بەڵام تا لە بیرم نەچووە دەبێ بنووسم هەمان ڕۆژ، لە ڕۆژنامەدا خوێندمەوە، کە بە ئەمری جەنابی "ق. خ" نرخی هەر یەک لەو چاویلکانەی تایبەت بە بینینی چاڵی ژووری نووستن، پێنج ئەوەندە بەرز بووەتەوە. چی لەمە باشتر؟! من هەر لە سەرەتاشەوە هەستم دەکرد، کە "ق. خ" لەو مرۆڤە چاک و دڵسۆزانەی ڕۆژگارە. ئێستا دەکرێ بە پارەی فرۆشتنی ئەو چاویلکەیە، لەناو چاڵێکی شاهانەدا بۆ خۆم خانوویەک پێکەوە بنێم. خانوویەک؛ دوو یان سێ ئەوەندە گەورەتر و خۆشتر لەم خانووە ٥٢ مەترییە، کە بناغەکەیان وا داڕشتووە تا بەردەوام چاڵی تیا بڕوێت.





# مالاوایی له تفەنگ

## و. م. ئایرو

جەنابی ”هێمینگوەی“ لە پڕ چاوی بە دەستوپەلی خۆی کەوت. دلێری و سەرسوورمان بە جووت پلانێکیان داڕشت و دەستیان نایە قورگی. دەستوپەلی هەڵکێشرابوو لە گریس و ڕۆنی ستۆپ. لە چاوەکانییەوە زەلیلییەک و زەبوونییەکی خوێنشیرینانە دەباری. ڕووی کردە من. ئەوەندە پێکەنینم، کە چاوم داخرا.

ئەی پیرە گورگ، هێمینگوەی!

بریا لەباتی ڕۆنی ستۆپ دەستوپەلت لە گوو هەڵکێشرابایە. هەڵنەکێشرا. ئێستا ناچارم لەباتی ئەوەی ببمە نووسەری دەقێکی ئەدەبی، بڕۆم و ببمە شۆفێری تاکسی؛ یان لۆری. بۆ؟! وەڵامەکەی دژوار نییە؛ چونکە لە سەرەتای ئەم چیرۆکەدا خۆم تووش کرد و بە هەڵکەوت دەستی هێمینگوەیم لە گریس و ڕۆنی ستۆپ هەڵکێشا و ئێستاش بەرامبەر بەم حاڵەتە، کە بۆم خولْقاندبوو، هەستم بە بەرپرسایەتی دەکرد. ئەوەندە چووم و چووم، هەتا بوومە شۆفێری تاکسی. سوار تاکسییەکەم بووم و بردم یەکسەر نامە سەر چاڵی تەعمیرگا. قیڕاندیان: «وەرە دواترەوە... وەرە، دەی دەی. زۆر چاکە. هۆی!» تاکسییەکەم هێنایە دواترەوە. هێمینگوەیی ێیرەمێرد سەری لە چاڵەکە دەرکرد. ێێم گوت:

«بەیانی باش، زۆرت لێ دێ!»

گوتی: «چی؟!»

گوتم: «جلوبەرگەکانی بەرت و پیشە تازەکەت.»

چاوی لێ مۆڕ کردمەوە. ئیسپانەکەی وەکو هەڕەشەکردن بە دەستی ڕاستی هەڵێنا و بە دەستی چەپیشی هێمای پێ کرد. هەر زوو، ڕووم کردە خۆم و بە خۆمم گوت: «دەمت داخە!» و دامخست.

-یەک دوو ڕۆژێکە ماتۆڕی ئەم ماشینە دەنگێکی عەجایبی دێت! بە دەستە چەورەکانی جگەرەیەکی دەرکێشا و دایگرساند و گوتی:

-«دەنگی عەجایبی وەکو چۆن؟!»

لەکاتی قسەکردندا حاڵەتێک لە هەناسەبڕکێ و لرخەلرخ لە سییەکانییەوە بەر گوێ دەکەوت. ویستم بڵێم «ڕێک وەکو دەنگی تۆ»، نەمگوت. گوتم: «وەکو دەنگی خوڕەی شەپۆلەکانی دەریا!»

-من دوو ساڵی تر «ێیرەمێرد و دەریا» دەنووسم. هێشتا دەنگی دەریا بە گوێم ئاشنا نییە.

ناچاری کردم ستارت لێ بدەم تا دەنگی ماشینەکە ببیستێ. ستارتم لێ دا. دەنگی هەناسەسواری و لرخەلرخ بەرز بووەوە.

- گاز، گاز، گاز!

چیتر خەریک بووم دەخنکام.

گوتم: «بەسە!»

گوتی: «دەبێ چەند ڕۆژێک ماشینەکەت لێرەدا بەجێ بێڵی.»

ماشینەکە چاکبووەوە.

لە خەون هەڵسامەوە. دەنگی تەقەتەقی حاجەتەکان بەر گوێم کەوت. سارا وەخەبەر هاتبوو و خەریکی شۆردنی قاپوقاچاخەکانی دوێنێشەو بوو. نازانم چۆنی زانی، کە وەخەبەر هاتوومەتەوە. یەکسەر خۆی بە ژووری نووستندا کرد. بە ئەنقەست چاوم نایە سەر یەک و خۆم لە نووستن دا. ماچێکی سەر گۆنای کردم. نەمدەویست وەکو زۆربەی جار و بە پێی عادەت شوێنی ماچەکەی بسڕمەوە. سڕیمەوە. ئەو کارە وا سارای تووڕە دەکرد. کەچی ئەمجارەیان بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕێم دەکرد، تووڕەی نەکرد. گوتی: «دوێنێشەو کتێبی ”ێیرەمێرد و دەریـا“م بۆ شەستوهەشتەمین جار خوێندەوە.»

گوتم: «باشە ئەم هەموو کتێبی ڕۆمان و چیرۆکە لە دنیادا هەن، ئەوانە بۆناخوێنیتەوە؟!»

سارا مێزی قاوەڵتیی ڕازاندبووەوە. ئەی دەستەکانت خۆش بێ سارا. کە خەریک بووم یەکەم پارووی نان و پەنیرم دەبردە نزیکی دەممەوە، بەدیتنی سفرەکە بیرم کردەوە؛ سفرەش هەندێ جار لە دەقێکی ئەدەبیی نەخوێندراوە دەچێ. سارا ڕوو لە هێمینگوەی گوتی:

«لەم ماوەیەدا وای لێ هاتووە، هەرچی بەرچاوی دەکەوێ، دەیەوێ بە جۆرێ لە جۆرەکان پەیوەستی بکا بە ئەدەبیات و ئەم شتانەوە.»

هێمینگوەی ڕووی کردە سارا و گوتی:

«نیگەران مەبە. هەنووکە شیعر و ئەدەبیات تووشـی قەیـرانێکی سەیـر هاتووە.»

ویستم قسەیەکی ناخۆشی بۆ فڕێ بدەم. بیرم نایە لە وەڵامدا هیچم پێی گوت؛ یان نا. وەکو ئەوەی سارا گوتبێتی «نا، واز بێنە!» قاوەڵتی خورا. چاوەڕێم کرد تا بزانم کەی جەنـابی بەڕێزی، تەشریفـی ناموبارەکی دەڕواتە دەرەوە، تاکـوو منیش بەو «نـا، واز بێنە»ـی سـارا گوتبووی، بڕۆم و خەریکی تاکسی لێخوڕینی خۆم بم. نە، دیار بوو تازە قسەی خۆش کردبوو.

ئەی گورگی پیر، هێمینگوەی!

دیارە نیازت پاک نییە. خۆ ناشێ لای خۆت بیرت کردبێتەوە گەر سارا لە ڕێگەی ڕاست لا بدەیت و هەڵی بفریوێنی، دەتوانی پلەی قەیرانی ئەدەبیاتیش بەرەو نزمبوون ببەیت. ئا، خۆم چاک دەزانم؛ هەمـووی ئەم کارانەت لـێ دەوەشێتەوە، پیرەگورگ! هەڵسام. سارام ماچ کرد و خێسەیەکم لە هێمینگوەی کرد. لەماڵەوە چوومە دەرێ، سواری ئەو تاکسییە میراتییەی دەقی ئەدەبی بووم و... دوێنێشەو پیاوێکم سوار کرد، کە دەیگوت دوانزە جار ویستوویەتی خۆی بکوژێت و هیچ جارێکیش نەیتوانیوە ئەم ویستەی خۆی بهێنێتە دی. بە ڕەگەز خەڵکی ئامریکای لاتین بوو و بە زاراوەیەکی ئیسپانیۆلی، فینلاندی قسەی دەکرد. لە ماوەی ئەو بیست دەقەیە وا لەناو تاکسییەکەدا بوو، بە قەدەر چل دەقەی قسە کرد. من گوێم لێی نەدەگرت. تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە چۆن دەبێ کەسێک دوانزە جار هەوڵی خۆکوژیی دابێ و هیچ دەرەنجامێکیشی دەست نەکەوتبێ؟! دەشێ چ مرۆڤێکی نەگبەت و بێ شانس بێ ئەم کابرایە. ئافەرین لە تۆ هێمینگوەی! ویستت کاری خۆت یەکسەرە بکەیت، دەسبەجێ تێیدا سەرکەوتیت؛ هەتا چیتر ناچار نەبیت نیوەشەوان سەرخۆش و ئەقڵ تێکچوو، مێشکی شۆفێرەتاکسییەکانی دەقە ئەدەبییەکان کون بکەیت. دەبێ ددان بەم ڕاستییەشدا بنێم، کە نیگەرانیی من سەبارت

بە نێوانی هێمینگوەی و سارا لەخۆڕایی بوو. تۆزێ درەنگ تێگەیشتم. واتە ڕێک ئەوکاتە پەیم بەم مەسەلەیە برد، کە هێمینگوەی دوایین ڕستەی ڕۆمانی "ماڵاوایی لە تفەنگ"ی نووسی. ئەی هێمینگوەیی داوێنپاک!

خۆزگا لوولەی تفەنگی ڕاوە دوولوولەکەت خاوێن نەکردبایەتەوە، هەتا خەڵک ئەو هەموو وتەوتەیان نەخستبایەتە شوێنت.

سارای ئازیزی خۆمان چۆنە! ئەو خۆشەویستەی هەمیشە لە بناگوێیەوە بۆنی پنگ و شنگ و ڕێواس دێت. خۆی لە ڕاستیدا، سارا ئیتر لەم پیشەیەی دۆزیومەتەوە، ماندوو بووە.

– ئەوەیە ئیتر؛ کاتێ خۆت بدەیتە دەست هەڵکەوتەکانی نووسین، هەڵکەوتەکانیش بە حەز و کەیفی خۆیان دەسووڕێنەوە و لەم هەموو پیشەیە، ڕێک دەست دەنێنە سەر شۆفێرایەتیی تاکسی بۆت.

هەرچۆنێک بێ ڕاستی دەگوت. ئەوجار، چارەنووسی خۆم دایە دەست سارا:

– باشە سارا گیان، تۆ پیشەیەکم بۆ بدۆزەوە!

– دەبێ یەکەمجار بە کتێب فاڵت بۆ بگرمەوە.

– نەمزانیبوو بڕوات بە فاڵ و ئەو شتانەش هەیە!

– وسسسس!

ئینجا بە کتێبی «پیرەمێرد و دەریا» فاڵی بۆ گرتمەوە.

گوتی: «دەبێ ببیتە میکانیکی ماشێن!»

گوتم: «میکانیکی و شۆفێرایەتیی تاکسی، جیاوازییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نییە ها!»

گوتی: «کەواتە دەبێ ببیتە ماسی!»

– ماسی؟!!!!

– ئا

– ئاخر خۆ ماسی پیشە نییە!

– هەیە!

– نییە!

– هەر ئەوەی گوتم!

– ئـ ...

– وسسسسس!



# کرم

و. م. ئیرو

کرمێک شەو تا بەیانی لەناو ئەم دیوارەدا جووڵەجووڵەتی، تا بینووسم. نازانم لە کەنگێوە ئەم کرمە لەناو دیوارەکەدایە. یاخود چۆنی توانیوە بچێتە ناو دیوارێکی وا ئەستووری کۆنکریتەوە. هەرچەندە بیری لێ دەکەمەوە دەبینم ئەم بابەتە لە هیچ ڕوویەکەوە ناچێتە ئەقڵەوە. هەر ئەم شتەش ناچارم دەکا درێلێک هەڵبگرم و بکەومە گیانی دیوارەکە. لە ماوەی کونکردنی دیوارەکەدا، سێ جار نووکی درێلەکە لەبەر ڕەقی و ئەستووریی دیوارەکە دەشکێ. نا، بە درێل نابێ. دەچمە ئەنبار و قوڵنگێک دێنم و بەر دەبمە گیانی دیوار و دەیکوتم. چینێک لە گەچی دیوارەکە بەردەبێتەوە، بەڵام کۆنکریتەکە لە شوێنی خۆی جووڵە ناکا. چ خۆڕاگرییەک!

دەڕۆمە لای دراوسێی دیواربەدیوارەکەمان، کە شۆفێری بۆڵدوزێرێکی کرێیە، هەتا بەشکەم ڕازیی بکەم تا بۆ ماوەی نیو سەعات یان بەلای کەمەوە بیست خولەک، بۆڵدوزێرەکەم پێ بدات بە قەرز.

بە نابەدڵییەوە قەبووڵی دەکات.

بۆڵدوزێرەکە دەبەمە پشت ساختمانەکەوە، کە یاریگەیەکی تەقریبەن بچووکی تایبەت بە منداڵانە. دیوارەکە لە سێ جاری یەک لە دوای یەکدا وێران دەکەم. هەموو ئاپارتمانەکە دەست دەکات بە داڕمان.

دیمەنێکی سەرسووڕهێنەر و پڕشکۆ:

بەڵێ، کەمتر لە دە خولەک هەمووی ئەو حەوت نهۆمە دادەڕوخێتە خوارێ.

پاش چەند ساتێک، دەنگی ئاژیری ماشینی پۆلیس و ئاگرکوژاندنەوە دەبیسترێ.

لە لای خۆمەوە بیر دەکەمەوە ئاخر گونجاو نییە نووسین لە بارەی کرمێکەوە؛ کرمێکی بێبایەخ، ئەم هەموو وێرانییە پاش خۆی بە جێ بێڵێت. کێ دەبوو وەڵامدەرەوەی ئەم هەموو زیانە بەبارهاتووە بوایە! پێکەنیندارە. باشە ئایا کرمێک ئەوە دەهێنێ، کە پیاو خۆی بکاتە گاڵتەی دەستی هەمووان و بێتە بنێشتە خۆشەی سەر زاری ئەم و ئەو... دواتریش کەلەپچە لە دەستت بنێن و بە تاوانی ئەوەی تێکدەرێکی چەپەڵی کارکوشتەیت، بتخەنە زیندانەوە؟! ئەوساش هەرچەندە بقیڕێنی و هاوار بکەیت، کە وەڵڵا و بیلا من نووسەرم، ئەویش نەک نووسەرێکی کارکوشتەی ڕیالیست و سەد جار بۆیان شی بکەیتەوە، کە هەمووی ئەمانە پەیوەستن بە خەیاڵکردنەوەیەکی توڕڕەهاتی چیرۆکنووسیی ئەزموونگەرایانەوە، کە لەوانەیە لە سووڕریالیسمیش چێژێکی پەنهانیی وەرگرتبێ، کێ لەو ناوەدا گوو بە کڵاوت دەپێوێ؟!

لە بیری ئەوەدام؛ ناشێ هاوڕێیان و ناسراوانیشم سەبارەت بە من هەمان بیر...

کە لە پڕ هەست بە جووڵەجووڵکردنی شتێک دەکەم لەناو کاڕەڵاکمدا. خۆیەتی!

هەر ئەم شتە وەکو تیشکە هیوایەک، دەتوانێ ڕووناکییەکی ساتی بخاتە سەر گۆشەیەک لە پانتایی تاریکی ئەم زەینە تووشهاتووەی من. ئەی بۆ ئەم ئایدیایە زووتر بە مێشکمدا نەهاتبوو، تا خۆمی پێ دەرباز بکەم؟!

بەڵام نا...؛ لەم هەلومەرجە قەوماوەدا، جووڵاندنەوەی ئەم کرمە لە ناو کاڕەڵاکمدا، دەتوانێ چ شتێک لەم چیرۆکە بگۆڕێت!

کرمێک، ئەویش لەناو کاڕەڵاکی مندا؟! نا. من دەبێ لەمە زیاتر ئەقڵم بەسەر هەستمدا زاڵ بکەم. من لە حاڵی حازردا، تەنیا پێویستیم بە ژمارە تەلەفۆنی بریکارێکی لێهاتووە، کە بەلای کەمەوە کرم لە کاڕەڵاکیدا نەجووڵێتەوە.



## لە سەرەتای جادەی مەرگدا

تۆ نەڕۆیشتیت
تۆ
تەنیا
بە دڵ
ڕاوەستایت و
مردیت.
تۆ ڕاوەستایت و من ژمارەی پێڵاوەکانتم نەزانی
تۆ مردیت و من دەستم پێ‌کرد
دەستم پێ‌کرد بە "هیچ" و
ئێستە من
لە سەر عەرزی دیارێکی نادیارەوە
لەپی دەستم دەکەم بە بنی پێڵاوێک و
جێ پێی هەنگاوە نەڕۆیشتووەکانت دەپێوم!

چەند شیعرێک لە کتێبی

# هیچ

و.م. ئایرو




١

بێدەنگی
جیهانێکی دەنگاودەنگ بوو لە ژوورێکی تەسک و بچووک
بێدەنگی کاسەی سەری زرنگاو بوو
فریا نەکەوت تەنانەت دەنگێکی بەستەزمانمان پێبدات

هاوار زریکەیەکی خنکاو بوو
بە درێژایی بێدەنگییەوە دەڕۆیشت
وەکوو خەتی سپی ڕاوەستانی دڵەکوتە
فریا نەکەوت تەنانەت دەنگێکمان بڕإێنێ

ئێمە ڕۆژان و ساڵانی زۆر ژیاوین و هیچ نەمردووین
یەک ڕۆژ دوو مانگ سی ساڵ
لە ساڵ و مانگ ترازاین و کەوتینە خوار
لە سەدەکانیش تێپەڕ بووین و
خۆمان لە سەر پشتی مەرگ دیتەوە
لە سەر ”پشتی“ مەرگ پاڵمان دایەوە
نە مردین هیچ و نە ژیاین-
لە ساڵ و مانگ ترازاین و کەوتینە خوار
لە ترساندا بەڵام
خەریک بوو دڵمان ڕاوەستێ؛
بە پەتی پچڕاوی دڵمان
بە خەتی سپی ڕاوەستانی دڵەکوتە
لە نەخۆشخانەی ئاسمانەوە
خۆمان بە پەلە گرتەوە و
بە ئارامی کەوتینەوە سەر پشتی پشیلەی ئەرز و
ئیتر
دڵمان
لێی
نەدا
تەپەی دڵمان لە نێو مستماندا دەیمراند
کە مستمان کردەوە دیمان
دەنگێ هەتا ئەبەد بەم وتەیە گیانی ئەدا:
”هەروا کە مەرگ
فریا نەکەوت
بمانژیيەنێت،
ژیانیش
فریا نەکەوت...
ئێمەی نەمراند.“

٢

## ژیانێکی تر

لە ناوەرۆکی ڕقەکانی مێژوودا
دەبیت بە دەسگیرانی زگ‌پڕم و
چەن چرکەیەک
چۆک لە سەر ئەرز
دائەدەیت و
دەچیتە ژووری بێچرکەی تاریکی و ئیش و زریکە.
لەو کاتەدا وەک فیلەسۆفێکی زمانی خۆ پەیا کردوو
پێم دەڵێی:
”زەمەن ژنە و
پێک هاتنی
ژین و ژانە!“
لە هەمان کاتیشدا
بە مەقەسی دڵدانەوە
ناوکم دەبڕێت و هەر وەکوو شاعیرێکی زمان لە دەس‌چوو
وام پێ دەڵێی:
”بەڵام ئیتر ئەی کۆرپەی ساوای هاوسەرم!
چی لێدەکەی ئەمە ژیانە!“

٣

## ئەم خەفەتە پشیلەیە، بۆیە نەرمە

گۆڕێکی بەرەڵڵا لە ڕشانەوەکانی دنیا
گەورە؟
نا گەورەتر
تەنیا لە بەر ئەوە
خەففەتەکان پێشە و ئێسقانی بە دان‌گرتووی سەگەکانن
لە کۆشکە هەڵچووەکانی کەلاوە
تەشتێ لە بێ‌نانییە چەورەکانی دنیا
چەور؛
بۆ باوێشکدانی پەنجەرە بێ‌شووشە چاوەڕوانەکان
لە تەنیشتی سمێڵە شۆڕەوبووەکانی پشیلە
دانیشتووەکانی ئافریقا
بۆ پەراسووی سەدەمی نهەنگێکی شەرمنۆکی
هیچنەخۆر
لە سەدەی بیست‌ویەکەمدا

وەرە ئێستە خۆشەویستم!

گەر ڕۆژێ خۆت لە سەر شەقامێکی "پاریس" بدۆزیتەوە و
وەکوو کوڕێکی سەر شەقامەکان
لە تەنیشتی تەزبێحەکەت هەڵسووڕێیت و
دەنکەدەنکە خەونە نەبینراوەکانت بێنیتە پێش چاو.

چی دەبێ گەر من بەهارێکی‌تر نەبم و
تۆ هەتا زستانێکی تر بژیت

چی دەبێ گەر بەیانییەک هەڵسیت و هیچ بیر نەکەیتەوە
کە لە نێو بیرەکانی خۆت خنکاویت و
لە نێو خنکاوییەکانی خۆتدا مەلە دەکەی
کەچی کە بیر بکەیتەوە
هەمووی خەون بێت و خەون و خەون و خەون...
چیش دەبێ
گەر هەمووی خەون و خەون نەبێت و بشخنکێیتو
هیچ مەلەشت نەزانیبێ!



وەرە و لە سەر کەلاوەی کۆشم دانیشە و
هەر بیست
و
یەک
ئێسکی گیانم
دا
کرۆ
ژە،
تۆ و من لە گۆڕەپانی زگی ئەم نهەنگە گەورەدا
بە شوێن گۆڕێکی خاوێن دەگەڕێین
خاوێن؛
هەتا
لە نێویدا دابنیشین-
یان نا:
دامرکێین و ئێسقانەکانی لەشمان
بۆ سەگەکان فڕێ بدەین و
پشیلەکانمان لە باوەش بدوێنین.

## ئەمساتێکی ناکاوە[4]

بۆ هاوسەرم: لەیلا!

چی دەبێ

چی دەبێ
گەر هەست نەکەی بە تەمەنت و
دیسانەوە
لە نێو ڕەحەمی دایکتدا
ئەمجارە
بتلێسێتەوە و
لە دوا ڕۆژدا
ڕەحمی ئامێزی تلیساوەی کەس، تۆ لە خۆ نەگرێ

چی دەبێ گەر بڕۆیت و گرێ‌گرێی هەموو ژیانت بکەیتەوە و
لە گرێ پووچکەی دێڕێکی بچووکدا ئیست بکەیت و
بڵێی: "نەمویست!
ژیان و گرێ و دێڕ و هیچم نەویست!"

چی دەبێ گەر سەروەنەوزی ماندوویەتی ئەشقێک
بتشکێنێ و
وردت بکا و
بتکاتە نێو کاڤاریۆمی خۆشەویستییەکی بەسراوە
چی دەبێ گەر ڕقت لە وێنە شێعرییەکانیشت هەڵسێت و
ئەو شووشەش
ورد و خاش کەیت!

چی دەبێ گەر لە سەرگەردانییە پووچەکانتدا و لە ناکاودا
فڕێ بدرێتە ئاسمان و تەنانەت

بایه‌كی پووچه‌ڵیش هه‌ڵنه‌كات و هه‌ڵتنه‌گرێت و نه‌شت‌با

چی ده‌بێ گه‌ر له‌ ناكاودا
هه‌ڵسیت و له‌ به‌رامبه‌ر ئاوێنه‌دا
هه‌ست بكه‌ی هیچ نابیسیت و هه‌ر دوو گوێت
پڕ كراوه‌ له‌ زمانی گۆشتنی سوور
یان چی ده‌بێ گه‌ر له‌ پڕدا هه‌ڵسیت و بمریت و بنووسیت:
"ئه‌مه‌، ساتێكی ناكاوه‌!"
یان "ناكاو"یش له‌ پڕدا پڕ ببێ له‌ هیچ-

چی ده‌بێ؟
-هیچ!

۵

## شیعرێكی كوبیستی له‌ پیكاسۆ و
## تابلۆیه‌كی پیكاسۆ دوای مردنی،
## له‌ من!



پیكاسۆ گه‌ر بیزانیبا
ده‌سه‌ڵاتی به‌ سه‌ر ده‌موچاوی
خۆیدا هه‌یه‌
به‌ مردن ده‌س‌بڵاوتر ده‌بوو و
.................................
كه‌واته‌ نه‌یزانی و
پێش ئه‌وه‌ ده‌س له‌ دنیا بشۆرێ
ده‌سه‌ چه‌وره‌كه‌ی به‌ سه‌ر ئێمه‌دا كێشا.

حه‌یف نه‌یزانی و
ده‌موچاوی خۆی نه‌دی له‌م شێعره‌دا
ده‌با
به‌ تایبه‌تی له‌ "من"
ڕه‌سمێكی لار و خێچی بێ ده‌سه‌ڵاتی سه‌رچه‌وری
ده‌كێشا.

۶
....
له‌ ده‌ریاكانی پیاوه‌تی
ماسیێكی سووریان به‌ قولاپ گرت و
لێی گه‌ڕان تا بگه‌نێت و بۆنه‌كه‌ی
سێ گه‌ڕه‌كی ئه‌ولاتره‌وه‌ش هه‌ڵبگرێت و
له‌ ده‌ور سه‌ری خۆیدا بیسوورێنێت و
زرم
بیدا به‌ سه‌ر ده‌ریاكاندا.
زرم
زرم
زرم
تۆ له‌ گه‌ڕه‌كی چواره‌م –نهۆمی۲- له‌ ژووره‌كه‌ت نووستوویت
پاش گان‌كردنێكی زۆر به‌تام
كه‌ پێخه‌ف به‌ سه‌ر هه‌موو ده‌نگێكدا ده‌كێشێ؛

جگه‌ له‌ ده‌نگی ماسییه‌ ورده‌ سووره‌كانی
نێو ئاكڤاریۆمه‌ بچووكه‌كه‌ت

۷

## شیعرێكی دیواری، بۆ سه‌ركه‌وتن

دیواره‌كان چه‌كدارن
هه‌ر چوار پشتت ده‌گرن و
ده‌یانه‌وێ تۆ له‌ خۆت بدزن!

دیواره‌كان ڕۆژنامه‌ن
ده‌یانه‌وێ بۆ سه‌ردێڕی هه‌واڵه‌كانی
تازه‌ی ئه‌وڕۆیان
تۆ له‌ نێو دێڕه‌كانیاندا
نوقم بكه‌ن!
تۆش دیواری دیوار،
من و تۆی دیواریش
به‌ سه‌ر یه‌كدا هه‌ڵده‌زه‌نین،
به‌ نووكی په‌نجه‌ی پێ ڕێ ده‌كه‌ین و
هه‌نگاو به‌ هێوری ده‌نێین و
خشته‌كانی ماڵی خۆمان تالآن ده‌كه‌ین.

ئێمه‌ ئاوا
خشت
له‌ سه‌ر
خشت
سه‌رده‌كه‌وین؛

# سێ شیعر لە کۆمەڵە شیعری "فکرهای فلزی"

وەرگێڕانی: ڕێبوار کەریمی

## شیعرێک بۆ دۆن کیشۆت

هەتا ئەو پێنگۆئێنە لەو دارە نەیاتە خوارێ من شێعر ناڵێم
هەتا ئەو دارە، نەبێت بە پێنگۆئێن، ببڕای ببڕ دیسان شێعر ناڵێم
"-کۆتا بێ، واز بێنە، یان هیچ نەبێ بڕێک هێواش!"
ئەمە وتەی فیلسووفێک بوو کە بە دۆن کیشۆتی گوتبوو: تۆ ئیتر چ شەیتانێکیت!
دواتر، فیکەی سمێڵی هاتبوێ و بەکەناری جادەکەدا ڕەت ببوو
جاربەجارێکیش دەست لە ناو گیرفان، فیکەیەکی لێ دابوو، و
سەرەتای ناوەکەیشیم لەبیر نەماوە چبگا بە ئاخرەکەی.

دوای ئەوە ئیتر کەس هیچی نەگوت
نەک ئەوەی کە پێت وابێ، بێدەنگی هاتبێ – بۆ وێنە قیژاندبێتی و تاڵ
بە تاڵ مووەکانی قژی هەڵکێشابێ،
نا...
ئەوە من بووم کۆتا هاتم و شێعرم نەوت
هەتا
پێنگوئێنەکەش هێواش هێواش لە کەری شەیتان
داگەڕا و
درەختەکە، لە پێنگوئێنەکە زیاتر شێوەیی خۆی گرت.

## کۆترەکان

دوێنێ لە ناو پارکەکەدا هەروا
چاوم لەو پۆلە کۆترانە بڕیبوو کە
نیشتبوونەوە و
ئەو پیرێژنەی بە داوێنە درێژ و چرچ و دلۆڤانەکەی
نانەورکەی بۆ دەڕشتن
ئەو هەموو کڕی و کپیە بۆ ساتێ جاڕزی کردم
پیرەپیاوێ کە تەمەنی هەروا شەست و دووساڵ دەبوو،
نزیکم بووەوە:
"لە وەڵاتی ئێوەش کۆتری لێ یە؟"
وتم: "ئەی چۆن لێی نیە، بەڵام تۆ گوێت بێنە پێشێ؛
ئێمە ڕێژەی کۆتربازەکانمان لە ڕێژەی کۆترەکانمان زۆرترن!"
پێکەنی و ڕۆی...
پێکەنیم و منیش هەستام:

لەو پارکەدا، هیچ کۆترێکی لێ نەبوو
ئەو پیرێژنەش ساڵەها بوو کە مردبوو!

## بیرەوەرییەکی شەڕلێدراو

...ئیدی شەڕ خزییە بن لێفەکانمان و، شتێکیشی سرتاند بە گوێماندا کە ڕوون نەبوو. شەڕ لە نێو جێوبانەکانماندا مایەوە، بە مەزندە زانیمان مەبەستی سرتەکەی چی بوو، دەیویست جێوبانەکانمان بەگەرمی بۆ ڕابگرێ. ماوەیەک شەڕ هەروا لە کنمان مایەوە، لە نێو پێخەفماندا. بەربەیانان مریشکەکانی خۆمان ناچار دەکردن هێلکەی زلتر بۆ میوانەکەمان هەڵبێنن. مریشکەکانیشمان، مەمنا ڕەسەن بوون و دەستەمۆ، هەموو بەیانییەک هێلکەکانی خۆیان کە هێندەی هێلکەی وشترمرێک دەبوون، لە سەبتەیەکدا ڕیز دەکردن و دەیانهێنان لەو دیو دەرکە دایان دەنان. شەڕ بەو هۆیەوە کە کەسێکی یەکجار ڕێکوپێک و تەکووز بوو، دەشیانگوت چۆتە سەربازی، خوێندەوارە و هەڵبەت دنیاشی بە فشە نەگرتووە، بێگومان بەو پرژوبڵاوییانەی ناو ژوورەکە هەستیار بوو بۆیە بە نیگایەکی پڕلەمانا ئێمەی لە شپرێویی ناو ماڵ ئاگادار دەکردەوە، ئێمەش لە سۆنگەی ئەوەی کە وەک مریشکەکانمان ڕەسەن بووین و دەستەمۆ، دەمودەست ماڵمان هەڵدەپەڕاشت و ناو ژوورەکانمان پاک و خاوێن دەکردەوە.

تا شەوێکیان کاتێ خزاینە ناو جێوبانە شەڕلێدراوەکانمانەوە و هەستمان کرد شەڕ لە بن لێفەکەوە هاتۆتە دەر و لە ناو ژوورەکەدا دێ و دەچێ و سەر بە هەموو کون و کەلێنێکدا دەکا، ئێمەش کە وامان دەنواند چاومان لە خەو ڕاچووبێت، هەر بەڕاستی هەستمان کرد چاومان چووەتە خەو. ڕاستەکەی ئەوە بوو کە چاومان نەچووبووە خەویش واتە لە بنەڕەتدا، ئەوە خەو بوو کە گەلێ ڕێگەی دوور و درێژ بەسەر ئێمەدا چوو بوو، دیارە ئێمەش دواتر بەم باسەمان زانی.

دواییش، هەرکە چاوەکانمانی بە خافڵی بینی، شەڕ بە کۆتایی خۆی گەیشت.




# دو شعر از مجموعه‌شعر «اعتراف‌های گریز» (شعرهای 2000 ـ 2001)

رس
تا
خیز

جایی میانِ همین‌جا که فرش‌ها، رقص‌هاشان را برچیدند،
و عرب‌ها از روی خاک
گل‌های شیپوری را
برای تحفه‌ی سنت‌شدنِ کودکانشان جمع کردند ـ
بر شاخه‌ی کهنه‌ی درختِ سِدر (شاید مربوط به صدر اسلام)
از نافِ بریده‌ی آن‌کس که داشت گرامی می‌شد
دوباره خون تازه چکید.

انگار، مریم در باغ
شکوفه‌های ریخته‌ی اندام یوسف را
برای آینه‌ی باکره به‌ارمغان می‌بُرد.

جایی شما همین باغ را دوباره به‌خاطر آوردید ـــ
که او با اندامی پوشیده از شکوفه‌های سیب،
عضلاتِ آن کتابِ نخوانده را برای شما می‌گشود
و شما داغ‌دار مادران‌تان بودید:
مادران مقتول
با شکوفه‌هایی که هنوز بر پستان‌شان نخشکیده بود

چند سال گذشت که تو هی نمرده زنده شدی؟
و چندین درختِ نافمُرده
گناهِ ارتباط را با شکوفه‌های سیب
ریختند؟

میزان اطلاع من از تو فقط پستانت بود
(راست یا چپ) فرقی نمی‌کند
پستانت

که تنها شایسته‌ی بوسه‌ی گل‌های شیپوری بود
و گل‌های شیپوری ـ دریاندیده ـ در سرابِ کویر
تصویر مضاعف‌شده‌ی کلاهخودِ جنگجوی بی‌خودی می‌شد
که در زمان جوانی‌ش
بسیار با تو معاشقه کرده بود،
و دیگر نه جنگجو بود تا با ما در جاده‌ی ابریشم
بر فرش‌های ابریشم‌تر
به‌سماع برخیزد.

ما در زمانی
به‌موازاتِ همین زمانِ ایستاده در کنارش ـــ
که به‌سرعت
به‌پایین
می لغزد
از تکانِ آخرِ لمبرهایمان
به‌خنده می‌افتیم.

دلوها را
به چاه
بیفکن!
که آه اگر من با من
که در دو زمانِ عمودی به‌موازاتِ هم‌اند ـ
شلنگ‌انداز
از روی قالی سراب بپرند
تا یکی شویم...

آه، ای عزیز
عزیز گرامی نگشته!
می‌خواستیم که بمیریم
اما از بالای هر درختِ سِدر
عرب‌هایی نابالغ (با شیپوری پُرِ شال)
آویزان بود



و رستاخیز
هم‌خوابه‌گی دختران جوان را با پدرهامان
ترساند.

و
بستر
از
من
بر
خاست.

## این روزها من و توفان

باید مراقب توفانی که بر صندلی نشسته است بود
توفانی که تشنه نیست
تنها گاه‌گاهی از سر اتفاق نگاه می‌کند
به‌لیوان‌های ته‌کشیده از آبجو.

پس دیگر از من توقعی مدار!
قسم به همین چند چنگکِ آویخته
که بر دیوار بوسه می‌زند ــــ
تأنی رفتارهای ما
گردابی از آفتاب می‌گیراند.

این آهنگ « مرا ببوس» را هم بردار!
لبت را بیار
تا شاعرانه زبانی بر ذهن یادگاری‌ات به‌جابگذارم،
که دیگر از این‌به‌بعد خودت می‌دانی
من که نیستم می‌گریزم لباس‌هایم را هم درمی‌آورم
بادپا ــــ با تار و پودِ پوشالی‌م فریاد می‌زنم
با دهانی که برایت بر گوشه‌ی لبش نوشته‌ام:
« پیشکش به‌دوستی گرامی،
که دور لب‌های باد لیسیده شد!»
می گویی:« توفان شده‌ای»
دور لب هایت را بمک!
روی خیال زبانم چند خطِ درشت بکش!
من دیگر اعتراف های درشت ناکی را به دوش نمی کشم،
تو الک شده‌ای
به خدا اگر نسپارمت ــــ

به چشم‌هاش می‌پاشمت
به خواب‌های خیانت،
به خواب‌های خیانت که از درونشان
همیشه غبارهای هندویی با شمایل تو
سر خواهد رسید
چنگک به‌گلویم خواهد بُرد
و از گوش‌هام
توفانی که بی صدا می‌زاید
کرــ ام نمی‌کند،
تنها کاری که می‌کند این است که دیگر
مراقبِ توفانی نباشم
که لال در خود نشسته است بر صندلی

و این صندلی، دیوار
که هی با چهره‌ات توفیده‌ی خیالی از باد است.

از آن پس من همیشه با چند خانم زیبا نشسته‌ام
و آبجو سرکشیده‌ام
و سرنکشیده هیچ‌کس به خواب‌هام
و دیگر توفانی که از نگاه کردن خسته است ــــ
بعد از تو
کسی را الک نکرده است
تنها کاری که می‌کند این است که گاه‌گاهی بیاید سر میز ما و
دست بر شانه‌ام بگذارد
به‌شوخی بگوید که گوش‌هایم غبار گرفته است
من حرفِ او را که « گوش‌هایت غبار گرفته است» نمی‌شنوم
و از این جهت بی‌خودی می‌خندم

این روزها من و توفان، هر دو
به یک اندازه
الکی شده ایم.



# سێ دەق لە ''کتاب مشاهیر''

و: ڕێبوار کەریمی

## جەک کێرواک، ئالین گینسبێرگ و بەرۆژ ئاکرەیی

کێرواک و گینسبێرگ لەو دنیاوە
من و بەرۆژ ئاکرەییش لەم دنیاوە
لە ناو شۆقەی کچە هاوڕێکەی بەرۆژدا لە ستۆکهۆڵم
سەعات دوانزدەی شەو، چواربەچوار، بۆ یەکەمجار
تریاکمان کێشا و، بە دوای ئەویشدا کۆکائین.
بەرۆژ وتی بیستوویەتی ئەو دوو مادە هۆشبەرە، لەگەڵ یەکتری ناگونجێن کەچی ئەوان پێیان وابوو کە هەموو شتێک لەگەڵ هەموو شتێک دەگونجێ.
بەرۆژ هەواڵی کارڤەری پرسی
ئەوان وتیان: کارڤەر پێوەندیی نیە بە ئێمەوە، نەکا مەبەستی تۆ براتیگان بێت
بەرۆژ وتی حەز بە براتیگان ناکات، کارڤەر و هەمینگوایی پێ باشترە
هەروەها وتیشی خۆزگە ئێستا کارڤەریش لێرە دەبوو
بەئاستەمێک هەستم کرد، هەرتکیان تۆزێک پێی ڕەنجان
کچەهاوڕێکەی بەرۆژ کە شەو نۆرەکاری بوو
کلیلی سووڕاند و هاتە ژوورەوە بۆ لامان:
وتی ''ئەوە ئێوە ئێستا لە گەڵ کێدا دەدوان؟''
وتمان ''ئێمە؟! لەگەڵ هیچکەس. لەگەڵ یەکتر. بۆ ئێرە کەسی کەی لێیە، ئەم دوانەمان نەبێ؟!''
وتی ''وادیارە من خەیاڵ هەڵی گرتووم. بابڕۆم بنووم. شەوتان خۆش!''
وتمان ''شەوخۆش!''
لەپڕێکدا ڕوخساری دەمبەپێکەنینی گینسبێرگ بەو چاویلکەیە و سەرە تاسەیەوە بۆ ساتێک لەو دیو پەنجەرەی بالکۆنەوە بەدەرکەوت.
کچەهاوڕێکەی بەرۆژ کە ئەم دیمەنەی بینی، قریشکاندی: بسم الله!

## باب دیلێن

ئەری باب!
تۆ ئەزانی بە گیتارەکەت کەمانچە بژەنی؟
دەنا من شاعیرانێ دەناسم
هەر بە وشە شێعری وەها دەسازێنن کتومت وەکوو کەمانچە
ئەوجا وەرە و گوێ ڕادێرە
گیتارێکت بۆ دەژنن نەبێتەوە
گیتارێکت بۆ دەژنن هەر مەپرسە..

## ژان پۆل سارتر

لەسەفەرێکما کە بۆ چارەسەروەرگرتن چوومە پاریس
لە چێشتخانەیەکدا بینیم وێنەی بە دیوارێکەوە هەڵواسرابوو
هەروا کە چاوم بڕیبوو لە وێنەکەی، بینیم
وێنەکەی ناو چوارچێوەکە گیانی تێ ژیا،
بە دەسماڵێکی سپی چاویلکەکەی پاک کردەوە و
دەستی لە چوارچێوەکەڕا هێنا دەر و، پێمی وت:
''بۆنژووغ، مسیۆ ئایغو!''
دەستمان لەگەڵ یەک لێ داوە و تێروپڕیش قسانمان کردن پێکەوە
پێی سەیر بوو
کە لاوێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیی کورد، بەتەمەنی شانزدە ساڵی ''هێڵنج''ی ئەوی خوێندبێتەوە
وتی لە جێی ئەوە چ خواردنێکم حەز لێیە داوای بکەم
منیش داوام کرد بیفێکی ستڕۆگانۆڤم بۆ بێنن.
هەڵبەت حیسابەکەی، بەناچاری هەر بۆ خۆم دام
ئاخر ئەگەر ئاماژەم بە وێنەی ناو چوارچێوەکەی بکردایە
بێ ئەملاوئەولا بە شێتیان دەزانیم و
بۆ توریستێکیش هیچ شتێک
قەباحەتتر نیە لەوەی لە چێشتخانەیەکدا بە شێتی لەقەڵەم بدەن.

هەڵبەت ئەمن تا گەیشتمەوە بە هوتێلیش، بیرم لەوە دەکردەوە،
دەبێ بەڕاست مەبەستی ئەو چی بووبێ کاتێک وتی ''لە جێی ئەوە...



# آخرین کامنت

## کامنتی از آیروبر شعری از عباس صفاری در سایت رندان

RENDAAN رِ ن د آ ن

CONTEMPORARY POETRY OF IRAN

ادبیات حاضر ایران

**THURSDAY, JANUARY 1, 2009**

**Abbas Saffari**



عباس صفاری

قفس

------------

پرنده
نیستم
اما از قفس بدم می آید
دلم می خواهد آفتاب که سر می زند
پرنده گان از شادی بال در بیاورند
و مرا هم که خواب صبحگاهی ام بی شک
در بسته و تکراری ست بیدار کنند .
پرنده ی قفس نشین نه با طلوع آفتاب
شاد می شود و نه از غروب آن دلگیر.

AT 10:18 PM

**3 COMMENTS:**

A Quarterly on Arts and Literature
A gathering of freethinkers
focused on contemporary poetry
and poetics

صفحه ی اصلی
Main Page

E-mail

Language Poetry

آدم های مستند
The Document People

روزگار یادگار
People of Literature

قلندری

صدا خانه
Poetry Speaks

رود و رباب و فغان
Muspo

بآمده گان
Artist Birthdays

**V. M. Airu said...**

دو روز است که این «شعر» را می خوانم (گفتم شعر، چون تا وقتی که هیچ توافقی بر سرِ تعریف شعر وجود نداشته باشد، این لفظ عجالتاً می تواند به هرنوشته ای که تحت نام شعر منتشر می شود اطلاق شود) . به نظر من این شعر در هدفِ غایی خودش، شعری ست موفق که باعث دواندنِ لبخندی زیرپوستی می شود. آیرونیِ جالبی درخود دارد که کمتر در شعر و هنر ایرانی معمول است. برعکسِ لیلا، من از این شعر خوشم آمد. به چنددلیل: در این شعر از خودِ کلیشه برضد کلیشه استفاده شده، یعنی همین قلمبه آوردنِ یک موضوعِ دمِ دستی و کمی تا حدودی مضحک، یعنی موضوعِ تشریحِ احساسِ یک پرنده ی زندانی، آن هم با لحنی چنین حکیمانه و جدّی؛ موضوعی که به گمان من خود شاعرِ "رند"، این شعر را بیش تر به خنده واداشته. به عبارتی دیگر چه چیز می تواند مسخره تر از توضیحِ جدی احساسِ مثلاً یک پرنده ی گرفتار در قفس باشد. و بعد، اصراری طنزآلود در نوعِ تقطیعِ سطرها برای رسیدن به شکلِ دلخواه یا معمولِ یک شعر!! نوعی پرداختِ طنزی که دست مایه اش درگیری، پوچ بسیاری از شاعران با فرمِ شعرشان است. شاید جالب باشد که این را هم بگویم: خواندن این شعر مرا ناخودآگاه به یاد نوعِ برخوردِ "تارنتینو" با مقوله ی تصویر و سینما انداخت. اگرچه ممکن است مقایسه ی چندان به جایی نباشد، اما بی ربط نیست: «تارنتینو» در فیلم هایش مثلاً در هردو «کیل بیل» اش که احتمالاً بیش ترمان دیده باشیم خشونت جریان آمریکایی را با

استفاده از جلوه های ویژه ی فیلم های اکشن. غالباً هالیوودی به تصویر و به طنز می کشد. راه بردن به طنزِ فیلم های او برای یک بیننده ی "اتفاقی" دربرخورد اول ممکن است چندان کار آسانی نباشد، چون بیننده ی کیل بیل تصور می کند که واقعاً مشغول تماشاکردن یک فیلم کاملاً اکشن آمریکایی ست. اگرچه خودِ فیلم هم از اول تا آخرش به شکل اغراق آمیزی اکشن است، اما هدف تارنتینو ساختن یک فیلم اکشن یا بهتر است بگویم پرداختن به یک فیلم اکشن نبوده، او فقط از جلوه های ویژه ی فیلم های اکشن به نفع فراهم آوردن یک موقعیت طنزآمیز درخصوص مقوله ی همه گیر خشونت در جامعه ی آمریکایی سود برده است. و نیز دستمایه ی آیرونیِ فیلم های تارنتینو درگیریِ مستمر بیننده ی نرمال آمریکایی با فیلم اکشن است. او نیامده مثلاً با گنجاندنِ پیام های آرامش طلبانه در فیلم به جنگ خشونتِ جریان آمریکایی برود. این شعر هم با قراردادنِ یک مفهوم کاملاً کلیشه ای به یک نوع ضدکلیشه می رسد. یعنی من گمان می کنم یا دوست دارم گمان کنم که شعرِ آقای صفاری با علم به این که تمامی مفاهیم با چند یا با چندین بار تکرارشدن و جاافتادن در بین عموم، خود کلیشه می شوند به هجو کلیشه راه برده است. و همین طور از این جهت، پیام هنرمندان یا شاعران آوانگارد که پیشروی در حذف ابزه های سنتی ("کلیشه") و نوگردانی یا نوآوری مداوم را دستور کار خود قرار می دهند یک ادعای کاملاً بیپایه و واهی ست، که آگاهانه یا ناآگاهانه بیش تر به مُدگرایی شباهت دارد. چون براساس همین دید، تمام ابژه های بکر و بدیعِ آن ها هم به مرور زمان و با جاافتادن آن، خود تبدیل می شوند به کلیشه هایی بِمُده.

از موضوع زیاد دور نشویم و برسیم به پانوشتِ شعر، یا متن دوم. (من با فرض این که متن دوم پانوشتِ متن بالاتر است آن را خواندم و نه یک متن جدا. پس براساس همین پیش فرض هم جلو میروم) در این متن دوم، یا پانوشت، شعر به ریشخندی جدی بدل می شود. پانوشتِ شعر به ظاهر هیچ ربطی به متن "اصلی" ندارد. و نکته ی اصلی هم درهمین بی ارتباطی یا بهتر است بگویم "کم ارتباطی" پنهان است. یعنی این شعر نه از راه معنی مستتر در کلمات و نه از راه بارِ استعاری کلمات یا تشبیهات، بلکه از طریق جایگزینی یا جابه جایی موقعیت های کارکردی متن (در این جا به طور اخص: دو متن ناهمگون) به طنزی پارادوکسیکال می رسد.

این پانوشت هم تاحدودی همان کارکردِ متن بالایی اش را دارد. با این تفاوت که درباره ی متن بالایی نیست. پانوشت یک جور تظاهر به ارجاعی بودن متن بالا می کند. اما متن اولی متنی آن چنان واضح است که پانوشت گذاشتن بر آن خودبه خود به موقعیتی طنزی می انجامد. دراین جا دستمایهی طنزِ پانوشت (دستمایه! و نه هدف غایی) به نوعی بازنمایی درگیری و اصرار شاعران در توضیح شعرِ خود و ارجاع پذیری متنشان است از طریق. مثلاً به کارگیری نقل قول دیگران (اینجا مثلاً "شمس قیس") و تنها برای برجسته جلوه دادن متن خودشان...

به برداشت من، این دو متن باهم یک چنین موقعیت آیرونیکی به جود می آورند که درلابه لای حرف هایم به آن اشاره کردم. و این بود دلیل طولانی من در موفق خواندن این شعر، یا قطعه، یا به قول دوستم ناتام: «کار» (بسته به این که آدم با خودش به چه توافقی برای نامگذاری رسیده باشد. یعنی قضیه، قضیه ی امضاکردن یک قرارداد دوجانبه است بین خودت و خودت) که من کلاً به جای اصطلاحِ "شعر"، عبارت "متن شعری" را برمی گزینم که دلیلش به احتمال زیاد در حوصله ی کامنت دانی یک وبلاگ نیست، ـ اگرچه همین متن هم نیست. اما چه "شعر"، چه "کار"، چه "قطعه"، چه "متن شعری" ـ به هرحال به قول یک دوست در این جا (البته خود به نقل قول از تروتسکی در جواب به یکی از منتقدانش): «به کلمه و اسم گیر نده، به مفهوم حرفم گیر بده!» ــ آیرو

**JANUARY 9, 2009 AT 11:50 PM**

Babak Salimi Zadeh